www.pertwk.com

# دیالۆگێك لەمەڕ عەلمانیەت

نووسینی: د.فەرج عەلی فودە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی

سلێمانی/ 2003

حوار حول العلمانية

د. فرج علي فودة

رقم الايداع 93/8875

I.S.B.N

977-5130-17-4

www.pertwk.com

**وەزارتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

. orgwww.roshnbiri

khanaywargeran@yahoo.com

**ناوی کتێب: دیالۆگێك لەمەڕ عەلمانیەت**

**نووسینی: د. فەرج عەلی فودە**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی**

**تایپ: رزگار عبدالرحمن**

**نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: بەهرە عزەدین**

**نەخشەسازیی بەرگ: فەرهاد مەلا حەسەن**

**زنجیرە:** 21

**تیراژ:** 1000 **دانە**

**ژمارەی سپاردنی:** 215

**چاپی یەکەم:** 2003- **سلێمانی**

www.pertwk.com



# پێشەکی

ئەمە کتێبێکە زۆر شانازی پێوەدەکەم, چونکە سیماکانی ئەو شەڕگە لێکیفیکری بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە کە دووساڵ بەردەوام بوو, لەوانەیە زۆر مەسەلە بۆ خوێنەر شیبکاتەوە, بەڵام ڕازی ئەو تاڵە مووە سپیانە بۆ خۆم شیدەکاتەوە کە دزەیان کردۆتە نێو سەرمو ئەو پتەوییەم بۆلێکدەداتەوە کە لەهەڵویستەکاندا دەرکەوتنو ئەو روونییەی لەهزردا بوونی هەبوو, هەروەها ئەوە دیاردەیەکی باشە لەکەشو هەوای گشتی هزرماندا, چونکە شەڕە فیکرییەکانی سالانی بیستەکانو سیەکانو چلەکانمان دێنێتەوە یاد, پاش ئەوەی خەڵکانێکی زۆر کەخۆشم یەکێك بووم لەوانە پێیان وابوو هەندێکە لەسیماکانی زەمەنی بەختەوەری کە ناگەڕێتەوە, لەوانەیە پەیوەندیی ئاشکرای نێوانی ئەم کتێبەو سێ کتێبەکەی پێشووم (الوفد و المستقبل), (قبل السقوط)(الحقيقة الغائبة), لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەسەرجەمیان کتێبی هەراسانکەرن, خەڵکانێکی زۆر دەورووژێنن, دونیا سەروبن دەکەنو هەندێك جار وام لێدەکەن نەفرەت لەو رۆژەبکەم, تیایدا قەڵەمم بەدەستەوەگرت, ئەگەر مەسەلەکە ئەرك نەبوایەو مەسەلەی راستگۆییی لەگەڵ خودانەبێتوبڕوا بەدوارۆژ نەبێت, لەوانەیە ڕاشکاوانە لەگەڵ خوێنەردا بدوێمو پێی بڵێم ئەم کتێبە لەلام خۆشەویستترو ئازیزترە, تەنها لەبەرئەوەنا دواکتێبە , بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرەنجامی ئیجتهادو کوششو سەرسەختییە , سەبارەت بەئیجتهادە کەم ئەوا ئەمەیان بۆخوێنەر جێدەهێڵم, هەرچی جیها دە کەشە لەبەرئەوەیە کەزۆربەی ئەو وتارانەی تیایدا بڵاوکراونەتەوە, وەك وەڵامدانەوەو بەدەنگەوە هاتنی ئاگادارکردنەوە یاساییەکان بوون, کەسێك کەپێیگەیشتبێ دەزانێ من ئامادەیی تەواوکردنی گێمەکەم تێدایە جاهەرچەندەیش لەرووی ماندووبوونو پارەوە لەسەرم بکەوێت, گونجاویشە ڕاشکاوانە بەخوێنەر ڕابگەیەنم من لەهەندێك حاڵەتدا چاوپۆشیم لەوەکردووە





کەپەنابۆ ئەم شێوازە بەرم, هەرچەندە مافی خۆشمە, ئەوەش دوای ئەوەی بۆم ئاشکرا بوو (هیچ شێخێك لەژێر گومەزەکەدا نییە), ئەوەشە خوێنەر لەگفتوگۆم لەگەڵ هەندێك کەسدا دەرکی پێدەکات, لەنموونەی ئەوەش گفتوگۆم لەگەڵ مامۆستا فەهمی هوەیدی کەڕۆژنامەی (الاهرام) هەرسێ وتارەکەمی بۆ ڕەوانەکرد, ئەویش خستیە چەکمەجەی مێزەکەیەوەو نەیهێشت بڵاوببنەوە, ئەگەرمنیش لەشوێنەکەی ئەوبوومایە هەروامدەکرد, هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی خوای گەورە فەرمانی بە داپۆشینو نهێنی پارێزی کردووە..

دوای ئیجتیهادو جیهادەکە, هیچ نامێنێت تەنها مەسەلەی سەرسەختییەکە نەبێت, ئەمەشیان رونو ئاشکرایەو لەپێداگرتنو سوور بوونم لەسەرنووسین وێڕای ئەوەی زۆر لەوتارەکانم ڕەت کراونەتەوەو بڵاونەکراونەتەوەو, خوێنەریش بۆی هەیە لەگەڵمندا لەهۆکاری بڵاونەکردنەوەیان سەری سووربمێنێتو بۆی هەیە مەسەلەکەبە هەستی (ترسان)و لێکدانەوە (ئەمنیەکان)و پێویستیەکانی (هەستیاری)ی لەڕۆژنامە نەتەوەییەکاندا لێك بداتەوە, یان بەو چاولێکەریە باوەی لەڕۆژنامەکانی دیکەدا پەیڕەو دەکرێتو خۆی لەو پەندەباوەدا دەبینێتەوە کەدەڵێت "لێگەڕێ با کەسی ناکۆك لەگەڵتدا سەری خۆی- مەبەستم ڕاو بۆچوونەکەیەتی- لەدیواربد" ئەگەر مەسەلەکەتەنها ڕێگرتن بوایە لەبڵاوکردنەوە, جاچ بۆ راوبۆچوون یان بۆوەڵامدانەوە, ئەوە بەلامانەوە ئاسایی دەبووو بە شایستەی لێدوانو قسەلێکردنیشمان نەدەزانی, بەڵام بوو بەشەڕگەلێکی بچووك, نامەوێت خوێنەری کتێبەکەی پێوە سەرقاڵ بکەم چەند شەڕێکی بچوك, کەخوێنەرم پێوەخەریك نەکردچونکە شەڕی فیکری نەبوو, بەڵکو شەڕی تاکەکەسی بوو, نزمترینو بێزراوترین شێوازی تێدابەکار هات لەسەرویشییانەوە شێوازی سووکایەتی پێکردنو لایەنی بەرامبەر هیچ شەرمی لەوەنەکرد چەپەڵترین چەك بەکابهێنێت, ئەویش چەکی درۆیە, ئەوەی ڕۆژنامەی(الوفد)ودواتر ڕۆژنامەی(الاحرار) بڵاویان کردەوە نمونەی ئەو حاڵەتەن سەبارەت بەوەی گوایە من هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرانیمو, بەپێی قسەکانی

www.pertwk.com



ڕۆژنامەی الوفد (تەنانەت لەزانکۆی –بخ بخ–یش ئەو بڕوانامەیەم وەرنەگرتووە), بەڵکو ڕۆژنامەی (الاحرار) لەشێوەی مەتەڵ لەژێر ناونیشانی (ئەوکیٚیەدا)دایرشت, لەجۆری ئەومەتەلەی کەدەڵێت (سەری تەسکەو بنی بلاوە, کەرەکلاوە,کەرەکلاوە)دا بوو, لەکۆتاییدا دەڵێ, (ئەمەچییە), ڕۆژنامەی (الشعب)یش, لای خۆیەوە, مەسەلەکەی قۆستەوەو ناوەکەمی, بەراشکاوی بیٚپێش گری (دکتۆر) یان پیتی (د), نووسیبوو, چونکە وەك لەهەواڵەکەدا هاتبوو من کابرایەکی تەڵەکەبازمو ناوێکم لەخۆم ناوە, کەبڕوانامەکەیم بەدەست نەهێناوە, ئیدی لەچەند هەفتەی بەرودوادا ئەم مەسەلەیە لەڕۆژنامەکەدا دووبارەبوویەوەو وێنەکەشمیان لەگەڵدا بلاودەکردەوە. بۆیە خۆم لەهەڵوێستێکی گرانو ئاڵۆزدا بینییەوە, چونکە ئەگەر وەلامی ڕۆژنامەی (الشعب)م بدایایەتەوە بەناردنی وێنەیەك لەبڕوانامەکەم بۆ ڕۆژنامەی(الشعب) ئەوا لەپایەیانم بەرزدەکردەوەو گرنگیەکم پیٚدەدا کەشایەنی نییە, دواتر لەکەیەوە هەڵگری بڕوانامە داوای لێکراوە بڕوانامەکەی بخاتە سەرشانی تاوەکو بۆ خەڵکی بسەلمێنێت شایەنی ئەو نازناوەیە دواتر ڕووبەڕوو بوونەوەی من لەگەڵ توندڕەوی‌و تیرۆری ئاینیی سیاسیی چ پەیوەندییەکی بە وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە ئابووریی کشتوکالیێ هەیە, لەکۆتاییدا هیچ کەلەگەڵیدارێگەیەکم لەپێش نەبوو ئەوەنەبێت کەلە (أخر ساعة)دا بەوتارێك وەلامی بدەمەوە کەلەگەڵیدا وێنەیەکی بڕوانامەکەم بلاوکرایەوە, سوپاس بۆخوا ئەو دکتۆرایەم لە زانکۆی (عين شمس)ی میسری وەرگرتووە, تاوەکو کەس بەوە تاوانبارم نەکات کەلەدەرەوەوە کڕیومە, لەگەڵی ناوی سەرپەرشتیارانی تێزەکەو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ کەشم نوسیبوو, کە هەمووشیان لەژیاندا ماون, خوێنەریش مافی خۆیەتی پرسیاربکات سەبارەت بەوەسفێکی گونجاوی ئەم تەرزە شەڕانە, ئەوەنەبێت باجێکە خەڵکانی بەشەرەف دەیدەنو بەهایەکە دڵسۆزانی خوداو نیشتمان بەدڵفراوانەیەوە دەیبەخشن. لەهەمان کاتدا ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەو دواکەوتنەی کەکەش‌و هەوای فیکری لەولاتی ئێمەدا



دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

پێیگەیشتووە, ئەوەش ڕۆژنامەی (الشعب), بەدرێژایی چەند هەفتەیەکی بەرودوا بلاوی کردەوە, بریتی بوو لەهەواڵی جۆراوجۆر سەبارەت بەهاوکاریی توندوتۆڵی زانستی‌و ماددی لەگەڵ ئیسرائیلدا, بیٚ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەو بەڵگەنامەیەکیان بەدەستەوە بێت بۆ پاڵپشتی‌کردنی قسەکانیان–چونکە ڕاست نین– بەلام بریتیە لەو دیماگۆگیەتەی کەباڵی بەسەر کەش‌وهەوای کلتوریماندا کێشاوەو بالادەستەو ڕێك‌و هاوشانە لەگەڵ توندڕەوی‌و دواکەوتوویيدا. کەهەردووکیان هاوواتای یەکترن‌و هەوڵێکە بۆ پەلکێش کردنی خەڵکە ڕەشۆکیەکەو دورخستنەوەیان لەشەڕە بنەڕەتیەکەیان. ئەوەش لەهەست کردن بەبیٚتوانایی لەڕووبەڕووبوونەوەو شکست هێنان لەوەلامدانەوەو کورتهێنان لەبەرپەچدانەوەوە سەرچاوە دەگرێت‌و لەکۆتایشدا, ئەوەو شتەپڕوپوچەکانی دیکەی هاوشێوەی, گوفتاری خراپ‌و بێخێرن‌و هیچ سوودێکیان نییە, شایستەی ئەوەش نین وەلام بدرێنەوە, دابەزینێکە ئێمە ناچینە ئاستی, لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا باس لەنزمبوونەوە دەکەین, مەسەلەیەك نیە ئەگەر نموونەیەك پێش چاوی خوێنەر بخەم کەلەکتێبەکەمدا وەلامم داوەتەوە, ئەوەش قسەکانی شێخ (صلاح أبواسماعيل)ە,لەچەند لاپەڕەی تەواو لەچەند ژمارەیەکی یەك لەدوای یەکی ڕۆژنامەی (الاحرار)دا, خستیەروو, ئەوکاتە شێخ وای بەخەیاڵدا هاتبوو خەیاڵکردنیش مافی خاوەنەکەیەتی کەمن لەکتێبی (قبل السقوط)دا, بانگەشە بۆ خراپەکاری‌و داوێن پیسی دەکەم, بۆیە داوای لێکردبووم (کەژنەکەم‌و کەس‌وکارمی بۆ بەرم, ئەگەر بەقسەم بکردایە ئەوا مرۆڤێکی بیٚکەرامەت دەبووم, ئەگەر واشیم نەکردایە, ئەوا کەسێکی خۆپەرست دەبووم) توخوا, خوێنەری بەڕێز ئەمە ناودەنێی چی؟ توخوا ئەگەر تۆ لەشوێنی من بوویتایە چیت دەکرد؟ پرسیاری ئەوەشم لیٚمەکە کەبۆچی ئەوانەم خستنە پێش چاوت, چونکە بەشێکە لەئەرکی خۆم بەوەی‌کە لەکاتێکدا ئەم کتێبەت پێشکەش دەکەم ئەو کەش‌وهەواو پێشینەیەت بۆ ڕوون بکەمەوە کەتیایدا چاپکراوەو ئەوپێشینەی شەڕو هەرایەی لێیکەوتەوە, لەوانەیە داچڵەکیت گەر پێت بڵێم ئەوەی پێشتر بۆم باسکردی

www.pertwk.com



هەرزۆر ئاسایی و سانابوو, ئەوەش كەبۆم باسنەكردووی زۆر خراپتروتاڵتربوو, بەڵام ئەگەر لایەنگری منی دڵنیات دەكەمەوە كەپیاوی وەك من پاشگەز نابێتەوە, ئەگەر دژیشمی ئەوا بزانە كەبەچۆكدا نایەم, هەموو ئەوانەش, تەنها ڕژدی و پتەویی وعیشقی نیشتمانیان لام زیاتر كرد..

ئاساییە داوای لێبوردن بكەم لەهەڵەیەك كەتێیكەوتبووم و لە چەند وتارێكدا دووبارە بوو بۆوە, ئەوە بوو مامۆستای گەورە (مصطفی مرعی) ئاگاداری كردمەوە, كاتێك وەڵامی هێرشی هەندێك كەسم دابوەوەو وتبووم من ترسم لەدەقی ماددەیەك لەدەستوور هەیە دەڵێت (شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەكی یاساكانە) و هەمان ئەو قسەیەم وتبۆوەو شیكردنەوەم بۆ كردبووو لەكاریگەرییەكەیم كەم كردبۆوە, كەچی لەڕاستیدا دەقی دەستوور باسی لە (شەریعەتی ئیسلامی) نەكردووە, بەڵكو باسی (پرەنسیپەكانی شەریعەتی ئیسلامی)دەكات, جیاوازیی نێوان ئەو دووانەش فراوان و بەربڵاوە, بەڵكو دەقەكە بەم شێوەیە, شتێكی وەهاناگەیەنێت و ئاكامی كاریگەری لێناكەوێتەوەو هیچ پاساوێكی وەهاش نادا بەدەستەوە بۆ بانگەوازكردن بەمەبەستی گۆڕین و دەسكاری كردنی یاساكانی ئێستا, چونكە سەرجەم ئەو یاسایانە لەگەڵ پرنسیپەكانی شەریعەتی ئیسلامدا ناكۆك نین و كەم و زۆر هیچ لەناوەڕۆكی ئەویاسایانە ناگۆڕێت ئەگەر سەرچاوەكەی ئەوبنەمایانە بێت, یان تاكە سەرچاوەش بێت, وەك هەندێك كەس هاواری بۆ دەكەن و موزایەدەی پێوە دەكەن, لەوانەشە هەندێك لەئاكامی سۆزێكی ئایینی خرۆشاوەوە, یان لەنەزانین و تێنەگەیشتن لەیاسا یان لەشەریعەتەوە, یان لەهەردووكیانەوە سەرچاوە بگرێت..

لەبەر ئەوەی , ئەوەی بڵاوكراوەتەوە, تازە بڵاوبۆتەوەو ئێستا خوێنەران مافی خۆیانە كەوەك خۆی و بێ دەسكاری بۆیان بڵاوبكەمەوە, سەبارەت بەخۆشم هێندە بەسە لەپێشەكییەكەو لەگەڵ داوای لێبوردندا ئاماژەی بۆبكەم.

لەكۆتایشدا..

ئەوەخەم و نەگبەتیە كەدەڕەوێتەوە...





ئەوە ئاستەنگێكی مێژوییە, پەنا بەخوا تێیدەپەڕێینی, ئەوە هەڵگەڕانەوەیەكی شارستانییەو بێ گومان بەسەریدا زاڵ دەبین..

ئەوە تاقیكردنەوەیە بۆ ئازایەتیی شەرەفمەندان و هەلپەرستیی ترسنۆكان.

ئەوە چارە نووسی هەندێك كەسە, بەرنگاری هەموان ببنەوە, لەپێنا و هەمووواندا..

بەوشێوەیەش بوو..

وبەلێكدانەوەی من دەبێ هەر بەوشێوەیەبێت..

(14ی دیسەمبەری–1986)

مصرالجدیدة

www.pertwk.com







## دەروازەی یەکەم
## هەڵگەڕانەوەی ژیاری

www.pertwk.com



# بەشەیەکەم

## دیالۆگێك لەمەڕ عەلمانیەت

کاتێك مامۆستای ئەم نەوەیە (ئەحمەد لوتفی ئەلسەید) خۆی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵاوت، رکا بەرەکەی بیری بۆ فێڵێکی سەیر چوو،ئەوەبوو کەوتە گەڕان بەگوندەکانداو ئەوەی رادەگەیاند کە ئەحمەد لوتفی سەید –پەنا بەخودا– دیموکراسیخوازە..

ئەوکاتەش چونکە نەزانین و درك نەکردن بەم چەشنە زاراوانە باو بوو، ئەوانەی گوێیان لەم قسانە دەبوو بەدوایدا دەستەواژەی (پەنا بەخودا، خوایە تۆبە) یان دووپات دەکردەوە، کەچی لایەنگرانی ئەحمەد لوتفی ئەلسەید راست بوونەوەو مەسەلەکەیان رەتدەکردەوەو جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کەنێوبراو لەخێزانێکی باوەڕدارەو کەس ئەوەی لێ نەبیستوون کەلەڕیزی باوەڕداران دەرچووبن یان لەئایین لایاندابێت.

هەڵوێستی داکۆکیکاران لە لوتفی ئەلسەید زۆر دژوارو لاواز بوو لەئاست دەستەواژە یەکلاکەرەوەکانی رکابەرەکەیدا: بەگوێی خۆم گوێم لێبوو وای وت، بەخوا ئەگەر ئەوەم لەکەسێکی دیکە ببیستایە سەبارەت بەو باوەڕم نەدەکرد، ئەوەتا مەسەلەکە دەخەمە پێش چاوی خۆتان ئەگەر دەتانەوێ دەستبەرداری ئیسلام بن و بن بەدیموکراسیخواز ئەوا ئەو هەڵبژێرن، خۆتان سەرپشکن و رامگەیاند، خوایە خۆت ئاگاداری.

ئەم رووداوە چەند رۆژێك پێش ئەوەی (ئەحمەد لوتفی ئەلسەید)کۆنگرەیەکی جەماوەریی لەبارنەی هەڵبژاردنەکەی خۆیدا ببەستێت روویداو لەبەرئەوەی نێو براو لەقاهیرە نەبوو، هیچ قسەیەکی رکابەرەکەی پێنەگەیشتبوو، هەر بۆیە لەڕۆژی





دیاریکراودا خەڵکی ئاپۆرەیان بەستو، کۆبوونەوە، ئەحمەد لوتفی سەید وتەیەکی کورتی پێشکەش کردو ئامادەیی خۆی راگەیاند وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە کەسەرجەمی سەبارەت بەیەك مەسەلە بوون ئەویش ئەوە بوو: ئایا راستە باس لەوە دەکەن کەتۆ پیاوێکی دیموکراتیخوازیت؟

بەهێمنی و لەسەر خۆیی زانایانە ویقاری مامۆستایانەوە ئەحمەد لوتفی ئەلسەید وەڵامی دانەوەو وتی بەڵێ من کەسێکی دیموکراسیخوازم و تا کۆ ماوم هەر باوەڕم بەدیموکراسیەسی دەبێت.

پاشماوەی چیرۆکەکەش ئاشکرایە، قوربانیەکانیش ناسراون، وردتر بڵێین هەردوکیان ناسراون، ئەوانیش بریتی بوون لەو سندوقانەی کەسووتاو ئەو بیمەی خۆ پاڵاوتنەی نەگێڕدرایەوە.

ئەم مەسەلەیە لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا روویداو بووە نوکتەو سەربوردەی خۆشی سیاسی لەمیسردا، بەتایبەتی پاش ئەوەی دیموکراسی بوو بە داواکارییەکی جەماوەری، ئەحمەد لوتفی ئەلسەید لەدەروازە پان و پۆڕەکەی دیموکراسییەتەوە چووە مێژووی رامیاریی میسرەوە، لەکاتێکدا مێژوو ناوی رکا بەرەکەی پشتگوێ خست و فەرامۆشی کرد، و ئەگەر لەیەکێك لەدەرگاکانییەوە رێگەی دا بچێتە ئەویش لەدەرگای نوکتە سیاسییەکانەوە بوو..

ئەم دیالۆگەی ئەمڕۆش سەبارەت بە عەلمانیەت لەئارادایە زۆر لەم مەسەلەیە دەچێت، ئەو ناوو ناتۆرانەش کەلایەنگرانی رەوتی سیاسی ئایینی دەیخەنە پاڵ عەلمانیەت و ئەو وەسف و سیمایانەش کە دەری دەبڕن کە(پەنا بەخوا) عەلمانیەت بەڵایەکی شەیتانی هێنراوەو بیرۆکەیەکی خوانەناسی نامۆیە،و کاریگەرییەکی مەبەستداری ئیمپریالیزم یا زایۆنیزم یا هەردووکیانە پێکەوە، لای میانڕەوەکانیش خوا نەناسییەکی شاردراوەیە، لای کەسانی دیکەش خوانەناسییەکی ئاشکرایە، بەڵکو لای توندڕەوەکان گەندەڵییە لەسەر زەوی، لای میانڕەوەکانیش هەڵگەڕانەوەیەکی بێگومانە، کە هیچ چارەسەرێکی نییە جگە لەکوشتن نەبێت دوای تۆبە کردن یان بەلایەنی کەمەوە، پارچە پارچە بکرێت یا

www.pertwk.com



چوار مێخە بکشێرێت, لەبەرامبەردا سیاسەتمەداران لەجاڕدانی زاراوەکەو دەستپێوەگرتن لەسەری پاشگەز بوونەوە, ئیدی لایەنگرانی عەلمانیەت یان ئەوانەی کەوا هەموان پێیان وابوو کەدەبێت لایەنگری علمانیەت بن, وایان بەباش زانی کە دارەکە لەناوەڕاستەوە بگرن  دوای ئەوەی سەرێکی دارەکەیان بەعەلمانی مەزەندە کردبو رەتیان کردەوە, سەرەکەی دیکەشیان بە ثیوکراتی واتە حوکمی پیاوانی ئایین دانا ئەویشیان هەر رەت کردەوە, وایان بەباشزانی بوو کەلەنێوان هەردوولادا بوەستن, بەلاّم مەغزای ئەم پەت پەتێنە شتێکی نادیارە رێك وەك دەرمانەکەی حاجی مەحمودە, کە دەلاکەکانی تەندروستی* لەگوندەکاندا بانگەشەی بۆ دەکەن‌و سەد سوێند دەخۆن کە بۆ کرم باشە نەخۆشی دەپەڕێنیٚ کولّم سوور هەڵدەگەڕێنیٚ.

ئەگەر بەڵگەیەکیشت دەویٚ بۆ پاشەکشەی کەش‌و هەوای فکری لەمیسردا, ئەوە پارتی وەفدی نویٚ‌و دەتوانی بەراوردێك بکەی لەنێوان ئەو رەتکردنەوەیەی مستەفا نەحاس بۆ دەوڵەتی دین‌و عەسکەرتاریەت‌و بانگەشەکردنی بۆ دەوڵەتی عەلمانیەت بکەیت, کە ئەم راگەیاندنە جێگیرەو ناکرێت حاشای لێبکرێت‌و سکرتێری گشتیی پارتی وەفدی نویٚ رایگەیاندوە کە ئەوە هەر هەمان کەسە کەبە (ابن النحاس) ناسراوەو ماوەیەك بەڕێوەبەری نوسینگەکەی بووە دواتریش بوو بەوەزیر لە(کابینەکەیدا) [] , وبەیاننامە نوێکەی وەفد کەدوای سی سالٚ رایگەیاندوە پاش ئالۆزبوونی رەوشەکەو گەڕانەوەی وێنەی ئەحمەد لوتفی ئەلسەید بۆ بیرەوەری سەرکردەکانی‌و سەربانەکەی‌و بیمەکەی, ئەوکاتەی بەنیازبوون لەدەرگایەکی نوێوە کەدەرگای راسوکییە بچێتە مێژووەوە, کەئەمەش هێندە جیاواز نییە لە دەست سووکی ئەوە نەبێت کە گیرفان بڕاوەکە لای کەسانی خاوەن بڕوای سووك بریتییە لەدەنگێك, لەلای گیرفان بڕەکانیش بریتییە لەبڕێك پارە..

---

[] ئیبراهیم فەرەج– حەسەنێن کەڕوم (ذکریاتي السیاسیة).





لێگەڕێین یا با بڵێین پێویستە تالاّوی ئەو زەمەنە نالەبارە بنۆشین‌و هاودەردی ئەحمەد لوتفی ئەلسەیدبین بەهۆی دووری نێوانمان لەگەڵ ئەودا, و ئێمە خەڵکانێك دەبینن گەل سەرپشك دەکەن لەنێوان ئیسلام‌و عەلمانیەتدا وەك بڵێی دوو جەمسەری دژ بەیەك بن, یا وەك ئەوەی موسوڵمان عەلمانی, یان عەلمانی موسوڵمان نەبێت.

هەڵوێستێکی لێکچوو لەکاردانەوەکەیداو دواتریش لەکارەکەشیدا لێکچوو دەبێت پاش ماوەیەك, چونکە مێژوو بزاوت‌و ریتمی خۆی هەیەو بزاوتەکەی هەرگیز بەرەو دوا ناگەڕێتەوە ریتمەکەیش هیچ پەیوەندییەکی بەنەزانینەوە نییەو هیچ هۆیەك نایبەستێتەوە بەهەڵگەڕانەوەی ژیاری‌و نەبوونی عەقڵیش پەیوەندی بەهیچ ئامرازێکەوە .نییە لەوانەیە خوێنەر پێی وابێت من زێدەڕۆیی لەوێکچواندنەکەدا, یا لایەنگیری نمونە هێنانەوە بووم, پاساوەکەش ئەوەیە کە ئێمە ئێستا لەهەشتاکانداین‌و ماوەی نێوان سالاّنی هەشتاکان‌و بیستەکان زیاتر لەنیو سەدەیە, ئەم ماوەیەش بەسە بۆ رۆشنکردنەوەی عەقڵ‌و کرانەوەی بیرو فراوانبوونی مەدایەك, هەموو ئەمانەش راستن ئەگەر, ئاخ بەدەست ئەم (ئەگەر)ەوە ..

دیموکراسی تەنها وشەیەکە هەموان لەسەری کۆکن‌و هەموانیش لەسەری ناکۆکن, بەهەمان شێوەی عەلمانیەت, بۆ نمونە بیٚ ئەوەی کەس ئەو مافەت زەوت بکات تۆ دەتوانیت باس لەوە بکەیت کەهەموو سستمێك لەجیهاندا پێی وایە کەخۆی نموونەی دیموکراسیی راستەقینەیەو کەهەندێك جار پێداگرتن‌و جەختکردنەکە وای لێدەکات کەناوی دەوڵەتەکەش بەرێت بۆ نموونە ئەڵمانیای رۆژهەلاّت خۆی ناودەنیٚ ئەڵمانیای دیموکراسی‌و ئەڵمانیای خۆرئاواش ئەوە پراکتیزە دەکات کە بەدیموکراسی جیهانی ئازاد دەناسرێت, و لیبیاش شتێك پراکتیزە دەکات کەخۆی بەدیموکراسیی گەلی یا راستەوخۆ ناوی دەبات, و لەهەموو حاڵەتەکانیشدا خۆت لەبەردەم ئاستەنگیەکدا دەبێتەوە کەگەڕانەوە بۆ فەرهەنگ‌و رووداوە مێژووییەکان‌و ئینسکلۆپیدیاکان هێندەی ئەوە دەربازت

www.pertwk.com



ناکات کەدان بەدوو راستیدا بنێیت, یەکەمیان ئەوەیە کەوشەکە بێگومان دەبێت پەیوەست بێت بەبیرۆکەیەك یان پێناسەیەکەوەو ئەویش کەباس لەدیموکراسی دەکات پێویستە ئەوە دەستنیشان بکات کەمەبەستیەتی و تەنیا لەبیرۆکە یان لەپێناسەکەی خۆی بەرپرسە, دووەمیشیان ئەوەیە هەموو دەوڵەتێك لەجیهاندا بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و مێژوویی خۆی هەیە, کەچەمکێك بە دیموکراسی دەدات بەدەستەوە کەبێگومان دەبێ جیاواز بێ لەچەمکی دیموکراسی لەوڵاتانی دیکەدا, بۆ نموونە مومارەسەی پراکتیزەکردنی دیموکراسی و حزب لەئەمەریکا, سەر لەبەر لەهاوشێوەکەی خۆی لەبەریتانیا جیاوازە, هەرچەندە هەردووکیان سەربەکۆمەڵەی جیهانی ئازادن..

ئەمە سەبارەت بەدیموکراسی, کە سەر لەبەر بەسەر عەلمانیەتیش پراکتیزە دەکرێتەوە..

عەلمانیەت لەفەرەنسا جیاوازە لەعەلمانیەت لەبەریتانیا, لەکاتێکدا بەتەواوی لەفەرەنسادا دەوڵەت لەئایین جیاکراوەتەوە, کەچی لەبەریتانیا سەرۆکی دەوڵەت هەر خۆی سەرۆکی کەنیسەیە, بەڵام لەبەریتانیادا خۆی لەپاشای وڵاتدا دەبینێتەوە.. ئەمەش کەرهەچەندە جیاوازییەکی رواڵەتییە بەڵام جیاوازییە, بێگومان عەلمانیەت لەمیسردا جیاوازە لەعەلمانیەتی هەردوو وڵات, چونکە لەمیسر عەلمانیەت دانانی جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت دەگەیەنێت نەك ئایین و دەوڵەت, لەکاتێکدا پانتاییەك هەیە بۆ تێهەڵکێش بونیان, ئەمەیش لەمیسردا جێگیر بووەو گەیشتۆتە پلەی بەنەریت بوون, چونکە دەوڵەت چاودێری دامەزراوە دەکات. گەورەکانیان هەڵدەبژێرێت و بەشێوەیەکی رەسمی یادی جەژن و بۆنە ئایینیەکان دەکاتەوە, ئاهەنگیان تێدا دەگێڕێت و پانتاییەکی فراوانیشی لە کەناڵەکانی راگەیاندن و دامەزراوە فێرکاریەکانیدا بۆ ئایین تەرخان کردووە, بەڵام ئەمانە سەرجەمیان لە چوارچێوەیەکی دەستنیشان کراوودیاریکراودا ئەنجام دەدرێت, کە نەمیسر لە عەلمانیەت دادەبڕێت و نەدەیخاتە چوارچێوەی دەوڵەتی ئاینییەوە.





لایەنگرانی عەلمانیەت, وای دەبینن کە جیاکردنەوەیەکی ئایین و دەوڵەتە, یان بەشێوەیەکی تەواو گشتگیر, یا بەئەندازەیەکی دیاریکراو کە جیاکردنەوەکە تەنها تایبەت دەکات بەمەسەلە سیاسییەکان وکاروباری حوکمرانی. لە بەرامبەریشدا دوژمنانی ئەم بۆچوونە, پێیان وایە جیاکردنەوەو مەحاڵەو تێکەڵکردن ئەرکێکی ئاینییە, ئیسلام ئایین و دەوڵەتە, کەسێکیش ئایینەکەی پەسەندکردو دەوڵەتەکەی ڕەتکردەوە ئەوە بێگومان سەلمێنراوێکی و لایەنێکی زانراوی دین ڕەت دەکاتەوە, کە مەبەستیان لەو زانراوەیە ئایین بەقسەی خۆیان ڕێکخستنەکەیەتی بۆ کاروباری حوکمرانی و سیاسەت, لەم ڕاگەیاندنەشیاندا هیچ بەڵگەو بەرگرییەکیان نیە, بەڵکو لە هەموو ئاشێك لێدەدەن, ئەوان دەتگەڕێننەوە بۆ قورئان, گەر وتت بەزمانیدا نەهاتووەو باسی شێوازی دەست نیشانکردنی حاکم یا سروشتی سیستمی حوکمڕانی نەکردوە, ئەوا ڕوبەڕوی شورات دەکەنەوە, ئەگەر پرسیاری ناوەرۆك و مەبەستی شورات لێکردن لە لێکدانەوەی ئەوانداو پرسیاری ئەوەت کرد کە ئاخۆ تا چ ئەندازەیەك فەرمانڕەوا پێوەی پابەند دەبێت, ئەوا جیاوازییان تێدەکەوێت تەنها لە سەر تۆ نەبێت سەبارەت بەتاوانبارکردنت بەخوا نەناسی, ئەوسا ڕووبەڕوی سوننەتی پێغەمبەرت دەکەنەوە, ئەگەر بڵێیت کە سەردەمی پێغەمبەر تەنها پەیوەستە بەخۆی ونابێت بەبەڵگە بۆ ئەوانەی دوای خۆی, کوا ئەوحاکمەی کەلەگیرفانی خۆیەوە قسە دەرناهێنێت و سرووشی بۆ دێت بۆ کردەوەکانی, ئەوا توڕت هەڵدەدەن بۆ لای حوکمڕانیی ڕاشیدییەکان, گەر هەر موناقەشەو مقۆمقۆیەکت لەگەڵدا کردن ویستت لێکدانەوە بکەیت ئەوا دەوروژێن و لێت رادەپەڕن و دەڵێن تۆ سنوورە یاساغەکانت بەزاندووە, ئەگەر بە لۆژیك بەرەنگاریان بیتەوە, ئەوا بە لۆژیکی بەتاڵکردنەوەی ئەقڵ مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن, گەر بەهەڵەولادانی هاوەڵانیش رووبەڕوویان وەستای هەندێکیان خۆیان بەدوور دەگرن و ئەوانی دیکەش دەڵێن ناشێ هەڵەی هاوەڵان ویاران لەسەر ئیسلام بکرێت بەبەڵگە, ئەمەش قسەیەکی پەسەندە, بەڵام کێ وتوویەتی ئێمە خۆمان لەقەرەی ئیسلام دەدەین, ئیسلام لەدڵ و مێشکماندایە, بەڵام ئێمە رەخنە لە شێوەی

www.pertwk.com



بانگهێشت کردنیان دەگرین بۆ ئیسلام کە شتێکی تا بڵێی جیاوازە چونکە بەڕای ئێمە ئیسلام ئایینە نەك دەوڵەت (بەماناو بونیادی نوێی دەوڵەت)، ویژدانە نەك شمشێر (بەمانای کۆنی شمشێر)، ڕووبەڕووی کەسێك دەبینەوە کەرەخنە لە ئیسلام دەگرێت وەکو ئایینێك ئەوا بەناچارییەوە دەبێ کەمل کەچ و گوێڕایەڵ بین، بەڵام بۆ ئایینەکە نەك بۆ ئەو، بۆ باوەڕەکە نەك ئەوەی بەناویەوە قسە دەکات، بەڵام کاتێك دێت و بەناوی حوکمکردن بەئیسلامەوە قسە دەکات، ئەوا ئەوکات بۆمان نییە داوای نموونەیەکیشی لێبکەین، چونکە ئەولەخۆیەوە قسە ناکات و ئێمەش لەخۆمانەوە وەڵامی نادەینەوە، بەڵگەو گەواهی ئێمە بەسەریەوە تەنیا ئەزمون و تاقیکردنەوەیە، لەو باوەڕشدا نیم کە لە مێژوویەکی زیاتر لە هەزار ساڵە توانای پێشکەش کردنی ئەزموونێکی نەبێت یا نەتوانێت نموونەیەك بخاتە ڕوو..

کەواتە مافی ئەوەیان نییە جارێکی دیکە بانگەشەی دەوڵەتی ئایینیمان بۆ بکەن، چاوبەستێکمان لێبکەن و مێژوو لێکبترازێنن و ڕاستیەکان هەڵاوگێڕبکەن و ڕووداوەکان دەستکاری بکەن و لەبەرامبەر ڕاستییە مێژووییەکاندا هاوار بکەن و بە مێژووی ئیسرائیلیی لەقەڵەم بدەن و داوای کارکردن بەلۆژیك بەدزەکردنی زایۆنیزم بزانن، لەبەرامبەر بەڵگەی بەهێزدا شمشێری سزادان هەڵبکێشن، نەخێر مافی ئەوەیان نییەو هیچ پەیوەندییەکیشی بە ئێمەوە نییەو هێندەی تاڵە مویەکیش ئەوباوەڕەمان لەق ناکات کە ئەوان لەسەر هەڵەن و یا ویست و تەماعی خۆیان هەیەو ئێمە لەسەر هەقین، و بۆمان نەبوو ئاوڕیان لێبدەینەوە ئەگەر، ئاخ لەو (ئەگەر)ە.

وتنی ئەوەی ئێستا دەیڵێین، ئازایەتی نییە، بەڵکو ئەرکی سەرشانە، ئەوەی باسی دەکەین ئەستەم کردن نییە بەڵکو ڕاستییە، و ئەوەی نکوڵی لێدەکەین پیاهەڵبەستن نییە، بەڵکو ڕاستگۆییە هێندەمان بەسە کە مافێکی نیشتمان لەبەرچاو دەگرین و چاودێری دەکەین و هیوایەك بۆ نەوەکانی دوارۆژ دەپارێزین و ئاخ هەڵدەکێشین کاتێك دەبینین جیهان هەناسەبڕکێی پێکەوتووەو لە کاتێکدا





بەرەو پێش رادەکات، لەکاتێکدا هەندێك بەرەو چۆڵەوانیی ناو چیاکان هەڵدێن و کاتێك رۆکێتێك دەبینن ئاخ بۆ حوشترەکەی جاران هەڵدەکێشن و لەوهەموو ژیاریەی رۆژئاوا تەنها بەرەڵلایی و بەدڕەوشتی لەشفرۆشییەکەی رابواردن و داوێن پیسی و خراپەکارییەکەی دەبینن، کاتێکیش بەردەوام ئەم وشەو دەستەواژانە دووپاتدەکاتەوە، سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کەخۆی گرنگیی پێ دەدات و هەستەکانی ختوکە دەدات و رۆژ تا ئێوارە زیندە خەونی پێوە ببینێت..

بمبورن ئەگەر دەستەواژەکە پەڕگیریی تێکەوت، چونکە کارەساتی ئێمە لەوەدایە کەزۆر دواکەوتووین و تا دوا ئەندازە بێئومێدو شکست خواردووین، بەردەوام بەرەو دواوە دەبرێین تەنانەت من پێموایە پێشەوەو پێشکەوتن بۆ ئێمە نەکراوەو بۆ خەڵکانی دیکەیەو دوا رۆژ بۆ کەسانی دیکە قۆرخ کراوەو هیوا دراوێکی دەگمەنەو ئاڵوێر پێکردنی قەدەغەیە، زۆرجار لەخۆم دەپرسم بۆچی؟ پێموایە وەڵامێکم پێیە کەڕاستییەکی زۆر لەخۆ دەگرێت، کەلەوەدا پوختە دەبێتەوە کە ئێمە لەخەڵکی دیکەمان وەرگرتووە بێئەوەی نرخەکەی بدەین، چونکە هەموو شتێك نرخی خۆی هەیە، دیموکراسی نرخی خۆی هەیە، عەلمانیەت نرخی خۆی هەیە، ژیارو شارستانیەت نرخی خۆیی هەیە، مافەکانی مرۆڤیش نرخی خۆیان هەیە، جیهانی شارستانی نرخی هەموو ئەوانە بەخوێنی ڕۆڵەکانی داوەو چەندین دەریا خوێنی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستای و بەسەر لاشەی هەزاران قوربانیدا تێپەڕیوە، هەر بۆیە بەدەست و بەدان گرتویەتی و دەستبەرداری نابێت وەکو کەسێك کە بەهەوڵ و ماندوبوونی خۆی شتێکی چنگ کەوتبێت و خوێن و ئارەقەی بۆ رشتبێت، بەڵام ئێمە سەرجەم ئەوانەی پێشوومان بێ ماندو بوون چنگ کەوتوە، پێشەنگەکان و بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە، بۆیە دەبوا بیپارێزین و کارێکی قورس بوو بەرگریی لێبکەین، زۆرو کەم بەلامانەوە گرنگ و جێی بایەخ نەبوو، ئەگەر بەشێکی یا هەمووی لەدەست بدەین، دڵنیام کە بەم زوانە نرخەکەی دەدەین، گەر بێتو هەموو خاوەن ویژدانێك و دڵسۆزێك بۆ نیشتمانەکەی بەئاگا نەیەتەوە بەتەنگ پێشکەوتنی وڵاتەکەیەوە نەیەت پڕ

www.pertwk.com



بەگەرووی هاوار نەکات (نا),نا بۆ دەوڵەتی ئایینی, نا بۆ رەتکردنەوەی عەلمانیەت, نا بۆ تێکەڵکردنی کاغەزەکانی ئایین و سیاسەت, ئەمانەش هەموو هاو واتای یەکترن..

لەخۆشەویستی و شکۆمەندییەوە دەڵێن کوفرە, ئەوان کێن تا حوکمی تەکفیر بدەن و خەڵکێك لەدین بێبەری بکەن کەباوەڕیان پێهێناوەو لەناخی خۆیاندا دڵسۆز بوون بۆی و تەنها خۆشەویستی و لێبوردنیان تێدا بینیوەو ئەوەیان رەتکردۆتەوە کە ئەو دینە وەك شمشێری هەڵکێشراو کفنی هەڵخراوو گۆڕ هەڵکەندراو ببینن..

ئەوان عەقڵیان هەیەو ئێمەش عەقڵمان هەیە, رابردویەکیان هەیە بەرەوپیری رادەکەن و ئێمە لێی هەڵدێین و ئەوان دوا رۆژێکیان هەیە کەپشتی تێدەکەن و ئێمە بەپیریەوە دەچین, لەنێوان ئێمەو ئەواندا تەنها نیشتمانێك هەیە کەئێمە خەونی پێوە دەبینین یەککگرتوو یەکانگیر بێت, بەڵام ئەوان خەونی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەبینن, تەنانەت دانیش بەبوونیدا نانێن, و مافی ئەوەیان نەبوو دانی پێدا نەنێن ئەگەر, ئاخ لەو (ئەگەر)ە چونکە دەرگایەك لەدەرگاکانی پەژارەمان بەڕوودا ئاوالا دەکات کەداخستنەوەی کارێکی قورسەو, سەرسوڕمان لەئاستیدا بۆ یەکەم سات کارێکی ئاسانە, کاتێکیش شکستی حوزەیرانی ساڵی 1967 لەپشت ئەو (ئەگەر)ەوە دادەنێین, هیچ سەرسووڕمان و خۆتێخستنێك لەئارادا نییە بۆ باسکردنی ئەم رووداوە یان ئەم کۆست و کارەساتە, چونکە ئەمە تەنها پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە بەڵکو ناوەڕۆك و پێکهاتەکەیەتی و هیچ کاتێك دۆڕان و شکستێکی سوپا یان, تەنها شکستی رژێمێك یان گەلێك نەبوو, بەڵکو شکستی هیوایەکی مەزن بوو, لەسنوور بەزاندنی کێشمە کێشی پێشکەوتنەوە, و لە وردو خاشکردنی سەرکردایەتیەك کە گەل ئەوپەڕی باوەڕو متمانەی پێدابوو و گوێڕایەڵانە دەستبەرداری زۆرێك لەمافەکانی ببوو بۆی, بەرامبەر بەخەونێك بۆ گەیشتن بەشارستانی و پەیمانێك بەژوان لەگەڵ چارەنووسداو بەر بەرەکانییەك لەئاست رۆژهەلات و رۆژئاوادا لەیەك کاتدا, و لەئامێز گرتنی کارگەو کێڵگەو ئۆپێراو ئەتۆم و گەردون بوو..





لەبەرئەوەی کە ویژدانی گەل هیچ فەرامۆش ناکات و ئاخ هەڵناکێشێت و, لەبەرئەوەی تالاوی شکستە مەزنەکان کورت ناکرێنەوەو ناسڕێنەوە, ئەوا مەسەلەکە پێویستی بە دە ساڵی تەواو هەبوو, تاوەکو گەل بەتەواوی شکست هەرس بکات و رەهەندەکانی تێبگات و لەدوا وێستگەدا بەم شێوەیەی ئێستا هەڵی بێنێتەوە کەلەم شێوازی مامەڵەی ئێستاماندا لەگەڵ شارستانیەتدا بەهەستی کەسێکی شکست خواردوو, لەگەڵ پێشکەوتنیشدا بەهەستی دواکەوتوییەك مامەڵە دەکەین, لەگەڵ زانستدا بەتوانای پەککەوتەیەك دەجولێینەوە, لەگەڵ گەردون و بۆشایی ئاسماندا بەلۆژیکی دەستبەسەراگیرو سەرکەوتوو دەجولێینەوە, لەگەڵ ئۆپێراشدا بەلۆژیکی (عدویە*,گۆرانبێژێکی میلای میسرە. کەبەلای خەڵکانی رۆشنبیرەوە هونەرەکەی هیچ مانایەکی نییە جگەلە رێزکردنی قسەی بازاڕی و بێناوەڕۆك وەرگێڕ) مامەڵە دەکەین, لەگەڵ عەقڵیشدا بەمەنتقی دڕدۆنگی و بێزاری هەڵسوکەوت دەکەین, لەگەڵ توندو تیژیشدا بەشەهوەت ئارەزوو دەجولێینەوەو لەگەڵ سەرکەوتندا بەگێڕانەوەی بۆ فریشتەکان, و لەگەڵ سستمی حوکمڕانیشدا بەبانگهێشتکردن بۆ داوای گەڕاندنەوەی خەلافەت و لەگەڵ برا (قیبتیەکان)یشدا, بە داوای سەپاندنی سەرانە (جزیە), لەگەڵ خۆشماندا بەڕاکردن بەرەو دواوە هەڵسوکەوت دەکەین..

گەر لەتواناماندا نەبێت بگەین بە(ئەنشتاین)بابەئیبن حەیان بگەین, و ئەگەر توانای تێگەیشتنی (ڤۆڵتێر) مان نییە با چەمکی کەوای(ئیبن تیعیە) بگرین و ئەگەر لەئاست رۆکێتدا هەڵدەلەرزین با لەبەردەم شمشێردا خۆگرتوو بین..

خۆ سەرکردەیەکی وەك وەلیدو حاکمێکی وەك رەشیدو شیر وەشێنێکی وەك مەسرورو کەنیزەکێکی وەك شەهرزادمان بۆ رەوانە بکات کەواقیعەکەمان بۆ بگۆڕێ بەخەون و مێشکمان بەچیرۆك و سەر گوزەشتەی قەلاو ژنە جادوگەرەکەو سندیباد بتەنێت و هەموو هونەرێکی شارستانیەت لەهزرمان بسڕێتەوەو گرێ و گۆڵی زانست و زانایانمان لەبیر بەرێتەوە, چونکە ئەوە ساف و لووسە وەك (دیمەشق), سپییەکی بێ خەوش و غەل و غەشە, وەکو شەهرزاد توانای

www.pertwk.com



رووبەڕووبونەوەی سپێدەی نییەو توانای هاوبەشیکردنی وتەکانی ئەم سەردەمەی نییە بۆیە قڕو قەپ لە وتەی ڕێگە پێدراویش دەکات..

کەواتە ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی نائاسایی داین, ناشێت هیچی لەسەر ئەندازە بگرین‌و لەبەرامبەر پاساوێکی بەهێزداین کەدەشێت ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کەدەیبینین‌و رەتی دەکەینەوە, ئێمە لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژووییداین کەپێم وانییە بەشێك بێت لەرێبازە راستەکەی, گومانیش لەوە نییە کە بەرەو کۆتایی دەچێت..

کەواتە هیچ سەرسوڕمانێکی پێناوێت گەر بگەڕێینەوە بۆ دووبارە خستنە رووی هەمان ئەو پرسیارانەی کەلەسەرەتای ئەم سەدەیەدا کردبوومان‌و پێمان وابوو یەکلایی بۆتەوەو مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووە.

کەواتە هیچ سەراسیمە بوونێکی پێ ناوێت, ئەگەر دووبارە خەونمان بە (سەعد زەغلول)ەوە بینی کە ببێتەوە بەپەیامبەری یەکبوونی‌و یەکانگیری نیشتمانی‌و (قاسم ئەمین) ببێتەوە بەڕزگارکەری ژن‌و (مستەفا کامل) بیری میسرایەتی بژێنێتەوەو (تەلعەت حەرب) ببێتەوە بەفریاد رەسی ئابووری‌و (محەمەد عەبدە) جارێکی دیکە وەك پێشەواو ئیمامێکی ئیجتیهادو (محەمەد فەرید) دووبارە ببێتەوە وەك ناودارێکی جیهاد بگەڕێنەوە..

هیچ مایەی سەرسووڕمان نییە, ئەگەر ئیجتهادی هاوچەرخ لەسەر دەستی (حافظ سلامة)بێتە بوون‌و جیهادی هاوچەرخیش (عومەر عبدالرحمن) پێشەوایەتیی بکات, و ئابووری هاوچەرخیش لەسەر دەستی بازرگانەکانی دراو بەڕێوە بچێت‌و سیاسەتی هاوچەرخیش (الصباحي) رزگاری ژنی هاوچەرخیش لەسەر دەستی (صافیناز کاظم)بێت.

هیچ سەرسوڕمان‌و سەراسیمە بوون‌و نامۆییەك لەئارادا نییە..

سەیر لەوەدایە دووچاری سەرسووڕمان بین..

ئەوە راستە کەسەراسیمە بین

ئەوە راستە کەڕابمێنین





حافیز سەلامە هاوار دەکات وای لەڕێبازەکە, و عومەر عەبدورەحمان هاوار دەکات, وای لەجیهادەکەو سەباحی هاوار دەکات فریاکەون‌و سافینازیش هاوار دەکات وای لە لەچك. و سیان لەسەرۆکی حزبەکان ریش دەهبڵنەوە بۆ پاڕانەوە, کە ئەم دێڕە شیعرەی (ابن مفرغ)مان دەهێنێتەوە یاد کەتیادا زەمی (ابن زیاد)دەکات. (الا لیت اللحی کانت حشیشا فنعلفها خیول المسلمینا), خۆزگە ریشەکان گیا بوونایە دەمانکرد بە ئاڵفی ئەسپی موسوڵمانان.

ئێمە لای خۆمانەوە هەموو بێدەنگین‌و بزە دەمانگریّ‌و بێدەنگین متەقمان لەخۆمان بڕیوەو خەریکی گەمەو گاڵتەی خۆمانین وەك ئەوەی کە رووەدا لەولاتێکی دیکەدا بێت نەك ولاتی خۆمان‌و کەبۆ سانێکی دیکە بێت نەك بۆ کەسوکاری خۆمان... وەك ئەوەی ئەو هاوارکردنە ئاراستەی گەلێك نەکرابێت کە بێئاگایە لەرابردوو, وەك ئەوەی رێپێوانەکان ئاراستەی گەلێك نەکرابێت کە ئەم ئێستا دەیهاڕێت, وەك ئەوەی ریش بۆ مزایەدەکردن نەبێت بەسەر گەلێکەوە کەلەخەمی دوا رۆژدایە...

هیچ کام لەئێمەش ئەرکی وەلامدانەوەیان لەئەستۆ ناگرێت, پێمانوایە بێدەنگی‌و قڕو قەپ بەسە, لەکاتێکدا بێدەنگی هەڵبژاردنی یەکێك لەدوو ئاسودەیی مەرگ یا خۆکوژیە..

لاوەکانی سەر بە گروپە ئیسلامییەکان بانگەواز بۆ روخاندنی سیستمی دەوڵەت دەکەن لەڕێگای توندو تیژییەوە , چونکە بەڕای ئەوان بریتیە لەگەندەڵی‌و گەندەڵکردن, نەفامی‌و نەزانین, خوانەناسی بیّ باوەڕی, نەیارانی سیستمی دەسەلاتیش لەناخی خۆیانەوە دەڵێن لێیانگەڕێن با چاك ئەو سیستمە دەرس دابدەن, خۆزگە دەشیان ڕوخاند, لایەنگرانی رژێمەکەش بەدەم زەردەخەنەوە بەوپەڕی خۆبەزلزانینەوە ئەڵێن ئەوانە گەنجی سەرەڕۆو سەر لیّ شێواون‌و لەراستیی باوەڕو نەگەیشتوون‌و لەتوانامانداییە لەڕێگای فلان‌و فیسارەوە قەناعەتیان پێبکەین, و نەیارانی دەسەلات ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە ئەگەر بێتو ئەو کەشتییە نقوم ببێت ئەوا هەموو لەگەڵیدا ژێر ئاو دەکەوین, لایەنگرانی

www.pertwk.com



رژێمیش درك بەو راستییە ناكەن كەوشە ناتوانێت لەبەرامبەر خەنجەردا خۆی بگرێت و فلانە كەسیش لەسەر خودی دەوڵەت ئەژمار دەكرێت ئابەم شێوەیە هەمووماں بەدەم زەردە خەنەوە لەبازنەیەكی بۆشدا دەسوڕێینەوە, بەچەكی بێدەنگی وەلامی نەزانین دەدەینەوە ئیدی لێرەوە دواكەوتن دەستپێدەكات, ئەوەش كەبەپەرتەوازەیی رووبەڕووی دەبینەوە توندو تیژیی لێدەكەوێتەوە...

ئەوەش كە بەپاشە كشە رووبەڕووی دەبینەوە زیادبوونی نەزانی و كەڵەكەبوونی دواكەوتوویی لێدەكەوێتەوەو گەلەكۆمەكە زیاتر دەبێت و توندوتیژییەكەش پەرەدەستێنێت...

هیچ چارەسەرێكیشمان لەبەردەمدا نییە, شكاندنی لایەكی بازنەكە نەبێت..

بێدەنگیش لەبەرامبەر نەزانیندا قەبوڵ ناكرێت..

سەلبیەتیش لەبەرامبەر دواكەوتوویيدا قەبوڵ نییە ..

پەرتەوازەییش لەبەرامبەر گەلەكۆمەكیدا قەبوڵ نییە..

پاشەكشەش لەبەرامبەر توندوتیژیدا قەبوڵ نییە ...

یەكێك لەلایەكانی ئەو بازنە بۆشەش ئەوەیە كەدووچاری دەبین, مەبەستم نەزانی‌یە.. چونكە رەتكردنەوەی عەلمانیەت واتە تێنەگەیشتن لە شارستانیەتی مۆدێرن... تۆمەتی كوفردانە پاڵ عەلمانیەتیش واتە تێنەگەیشتن لەعەلمانیەت, بانگەشەكردنیش بۆ دەوڵەتی ئاینی تێنەگەیشتنەلەمافەكانی مرۆڤ..

بانگەوازكردنیش بۆ گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی, تێنەگەیشتنە لەمێژوو..

حوكمڕانیش لەسەر ئەم دەوڵەتەی كەتێیدا دەژین, تێنەگەیشتن لەواقع چونكە ئەو دەوڵەتە, لەهەردوو رووی بونیادو سستەمەوە دەوڵەتێكی عەلمانییە, بانگەشەكردنیش بۆ ئەوەی كە گوایە دەوڵەتی ئاینی بەردەبازێك دەبێت بۆ لێبوردنی ئاینی تێنەگەیشتنە لەحەقیقەتەكان, چونكە سروشتی دەوڵەتی خۆی لەخۆیدا لەگەڵ بنەمای لێبوردنی ئاینیدا دژەو ناگونجێت, چونكە خودان ئاینەكە بەهەقی رەهای دەزانێت, ئەوانەش بەناهەقی دەزانێت كە لەگەڵ بیروباوەڕەكەیدا ناكۆكن بەئەركێكی پیرۆزی دەزانێت ئەگەر بتوانێت بەرەو دینەكەی خۆی





بەكێشیان بكات, ئەگەر نەكرا ئەوا ناچار كردنیان بۆ پەیڕەوكردنی باوەڕەكەی هەمان پیرۆزیی هەیە.

راستییەك هەیە كەلەوانەیە هەندێك زارەترەك بكات ئەویش ئەوەیە كە لێبوردنی ئایینی, هێندەی بیرۆكەیەكی شارستانییە هێندە ئایینی نییە, چونكە تەورات, یەهود بەگەلی هەڵبژاردەی خودا لەقەڵەم دەدات, ئینجیلیش پڕە لەلۆمەو تانەو تەشەر گرتنە جولەكە, قورئانیش راشكاوانە ئەوانە بەكافری تەواو لەقەڵەم دەدات كەمەسیح بەكوڕی خودا دەزانن و خوداش بەیەكێك لە سیانەكە,* كاتێكیش دەوڵەت دەبێت بەدەوڵەتێكی ئایینی, ئەوە هەرگیز لەگەڵ كافراندا لێبوردە نابێت, تەنها لەباردۆخی نەشونماكردن و جەنگدا نەبێت, وەك خۆپارێزییەك لەكاردانەوەی زۆرینە, پێویستیش ناكات زۆر قووڵ بینەوەو زۆر بەناو مێژوودا رۆبچین یان بگەڕێینەوە بۆ كتێبەكانی فیقە, كە پانتاییەكی فراوانی تەرخان كردوە بۆ مەرجە بەگەن كراوەكانی چۆنیەتی مامەڵەكردنی (أهل ذمة). كە ئەوانە مەرج گەلێكن نازانم لەكوێوە سەرچاوەیان گرتووەو بەڵگەی ویستن و بەگەند كردنیان چییە؟ بەڵام لەسەرمە گوزەریان بەسەردا بكەم و بیانكەم بەخاتری رۆحی لێبوردووی ئیسلام, بەڵكو بەخاتری روحی هەر ئاینێك كە لەناخی لاوە موجاهیدەكانی خۆماندا ماوە ئەو لاوەی جیهاد بۆ باوەڕەكەی دەكات (پشكۆی دینەكەی لەمشت گرتووە)و رۆژنامەكانی ئۆپۆزسیۆن پڕاوپڕن لەبەرگری كردن لێی و مزایەدە كردن لەسەری ئەمەی خوارەوەش دەقی ئەو نووسینەیە كە یەكێك لەو موجاهیدە موجتەهیدانە لەكتێبێكدا نوسیویەتی كە خانەی (الزهراء للأعلام العربي[1]) بۆی چاپكردووە, كەبەدەق دەڵێت (زۆر لەفەقیهەكان باسیان لەمەرجی دیكەی بەگەنكراو كردوە, كەدەخرێنە سەر ئەم مەرجانە وەك: پۆشینی جل و بەرگی جیاواز, كە رەنگی جیاوازبێت لەپۆشاكی موسوڵمانان, تاوەكو لەیەك جودا

[1] عبدالجواد یاسین (مقدمة في فقه الجاهلية المعاصرة– دار الزهراء للاعلام العربي, الطبعة الاولى عام 1986, ص 98–99).

www.pertwk.com



بکرێنەوە, هەروەها نابێت دەنگی زەنگی کڵێساو دێرەکانیان و خوێندنی کتێبەکانیان بەرزبێت و نابێت خانوویان لەخانووی موسوڵمانان بەرزتر بێت و بەئاشکرا مەی نەخۆنەوەو, یا خاچ و بەرازەکانیان نیشان نەدەن, دەبێ ناشتنی مردووەکانیان بەنهێنی بێت و نابێ بەئاشکرا شین و پرسەی بۆ بگێڕن, نابێ لێبگەڕێین سواری ئەسپ بن()..

پاشان نووسەر باس لەوە دەکات کە موسوڵمانان دەتوانن پابەند نەبن بەم مەرجانەوە, چونکە هیچ بەڵگەیەکی سەپاندن و پابەندبوونی نە لەقورئان و نە لەسوننەتدا نەبینراوە, بەڵام هێندە نابات خۆی دەڵێت: (ئەگەرچی لەقورئان و لەسونەتدا هیچ بەڵگەیەکمان بەرچاو ناکەوێت کە ئەم مەرجانە قەدەغە یان حەرام بکات)..

کارێکی خراپ نییە, ئەگەر هەندێك لەڕاکانی ئەو موجتەهیدە بۆ خوێنەر بخەینە ڕوو کە کتێبەکەی لەساڵی 1986 بڵاوکردۆتەوە, تاوەکو بۆ خوێنەر روون بێتەوە کەدەمارگیری و توندڕەویی تا چ ئەندازەیەك هەڵگرانی پەلکێش دەکات و ئیجتهادی هاوچەرخیش کە جەمسەرەکانی خۆیان بەئیسلامی ناودەبەن تا کوێ دەچن, لەگەڵ مندا ئەوەی خوارەوە بخوێننەوە(), (ئایین بۆ خوداو نیشتمان بۆ هەموان بۆتە یەکێك لەدروشمە پیرۆزەکانی هێز, کە (ئایین بۆ خواو نیشتمان و بۆ هەمووانە), ئەوە ئەو دروشمەیە کە یەکێك لەڕۆژنامەنووسان وەسفی دەکات و دەڵێت (بۆتە بەشێك لەپێکهاتەکانی کەسێتی میسری نوێی).

ئەوەش دروشمێکی ساویلکانەیە کە گوزارش لەنائامادەگی تەواوی وشیاریی خاوەنەکەی دەکات بە دۆزی ئیسلام, وێڕای نائاگاداری و نەزانی لەمەڕ راستییە سەرەتاییەکان(). چونکە لەدەوڵەتی ئیسلامدا, جا هەرناوێکی هەبێت خەڵك

() لەم سەردەمەدا, سواری ئەسپ گۆڕدراوە بەسواربوونی ئۆتۆمۆبیل.

() هەمان سەرچاوەی پێشوو.

() مەبەستی (سەعد زەغلول)ە.





بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت: موسوڵمانان و ناموسوڵمانان (غەیرەدین) سەبارەت بەموسوڵمانان, ئەوا ئەوان خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتن, کاروباری خەڵکی دادپەروەرانە هەڵدەسوڕێنن, جگە لەوانەش لەژێر دەسەڵاتی موسوڵماناندان, گەر رازیش نەبن ئەوا دەچنە خانەی ئەهلی شەڕو دوژمنکاریەوە).

ئاخۆ هیچ بەڵگەیەك لەمە رەوانترو ئاشکراتر هەیەکە بەئەندازەی (دەوڵەتی ئیسلام) بانگەشەی جیاوازیی رەگەزپەرستانەی تێدا بێت, ئەو دەوڵەتەی کەتەنها ماف بەموسوڵمانان دەدات کە ببنە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات و بەرپرس لە کاروباری خەڵك, بەڵکو من داوا لەخوێنەر دەکەم کەبەشێکی زیاتر لەرایەکانی نووسەر رابمێنێت کاتێك دەڵێت: (هەر بۆیە کەمینەی نەسرانی لەمیسردا زۆریان لا خۆشە باس لەیەکێتی نیشتمانی بکەن, چونکە ئەوان لەسایەیدا هاوشانی موسوڵمانن و شتێك نییە ناوی سەرانە بێت و گوێڕایەڵانە بیدەن و هیچ هەست بەکەمی و نزمیەك بۆ ئەوان لەچاو موسوڵماناندا لەئارادا نییە, بەڵام لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامدا, جا بەهەر ناوێك بێت, هیچ بوارێك نییە بۆ خۆ دزینەوە لەسەرانە (جزیە)دان, بۆشیان نییە لەحوکم کردندا بەشدار بن, بەهیچ شێوەیەکیش لەجیهاددا پشتیان پێ نابەسترێت, بەڵکو ئەوان دەبێت لەرەوشێکدا بن کەوا پێویست دەکات بەردەوام هەست بەهێزی ئیسلام, و بەمەزنیی و بالآیی و چاکەو خێرو بێرو بەخشندەیی و لێبوردەیی ئیسلام بکەن, واتە لەرەوشێکدا بن پاڵیان پێوە بنێن بەکۆو بەویستی خۆیان موسوڵمان بن)().

لەوانەیە لەخۆم بپرسم, وەك چۆن خوێنەری روناکبیر لەخۆی دەپرسێت, ئایا ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە؟ ئاخۆ ئەم نووسەرە لەسەدەی بیستەمدا دەژی؟و لێگەڕێ لەئەگەری روودانی هەندێ لەوەی کە ئاماژەی بۆ کرا روحی ئێمەی موسوڵمان بەر لەقیبتیەکان لەو کەمترە, ئەو چەرخەیش لەوە کەمترە کەهەندێ وای مەزەندە

[4] هەڵوێستەیەك لەسەر (بەویستی خۆیان)بکەو لەگەڵ پێشووی خۆیدا بەراوردی بکە.

www.pertwk.com



دەکەن کەدەتوانن لەدەستی هەڵبێین, و ئەو ژیارەی کەلەدەستی دەرچوون کەمترە لەو , بەڵام توانای ئەوەیان نییە لێمانی زەوت بکەن, یان ئێمەی لێ دابڕن,و لەو ڕۆشنبیرییەش کەمترە کەناوی دەنێن گەمارۆی بیر بۆ پاساو هێنانەوەی لاوازیی و کەموکوڕی لەبەزاندنی (الاغانی)ئەسفەهانی بەلای کەمینەی ڕۆشنبیرییانەوە,و گەڕانەوەی پیر بۆ سەردەمی لاوی بەلای زۆرینەوە, وماڤی مرۆڤ کەدەبێتە لەمپەر لەبەردەم خەیاڵاتە نەخۆشەکانیان کەمترە, ئەوەی پێشتر زۆر روون و ئاشکرایە, ناوەڕۆکەکەشی گوزارشت لەوە دەکات کە دەوڵەتی دینی دەبێتە دەروازەیەك بۆ لەبەریەك هەڵوەشان و پارچە پارچەکردنی نیشتمانی یەکگرتوو, بەواتایەکی تر ڕەوشێکی ناوخۆیی وەها دێتە ئاراوە کەئاژاوەی تایەفەگەری خەونێك دەبێت, بە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا کەدەشێت رووبدات کاتێك لایەنگران و هەوادارانی دەوڵەتی ئایینی لەمیسردا دەسەڵات بگرنە دەست, لەسایەی کەش و هەوایەکدا کەنمونەی ئەم بابا شارستانی و تێگەیشتووە بەفیڕۆی دەدات, هیچ چارەسەرێکیش نییە جگە لەعەلمانیەت نەبێت, کەتیایدا نموونەی لایەنگرانی ئەم بیرە دەبنە بەشێك لەقەوارەی هزری کۆمەڵ, ئەویش بیرەکەی خۆی دەخاتە ڕوو لەبری سەپاندنی بەرگری لەرێبازەکەی دەکات لەبری ئەوەی خەڵك ناچار بکات کەپەیڕەوی لێبکەن و لەبری ئەوەی خەڵکی دیکە ئاراستە بکات, رووبەڕوویان دەبێتەوەو بەئارەزووویستی خۆی بیر دەکاتەوە, بێئەوەی ماڤی بەکافر لەقەڵەمدانی کەسانی دیکەی هەبێت, تەنانەت ئەگەر ئەوەشی کرد, ئەوا دەبێ لەهۆڵی موحازەرەکانی خۆی و لەسنووری کۆڕەکانی خۆیدا بێت, لەنێوان خۆی و خۆیدا, بێئەوەی ماڤی ئەوەی هەبێت رای خۆی بەزۆر بسەپێنێت, ئەگەر واشیگرد بەر شمشێری یاسا دەکەوێت یا ئەوەتا پەنا بۆ توندو تیژی دەبات. ئەوکات شەریعەت و یاسا بەرامبەری دەوەستێت و لەکۆمەڵی دادەبڕێت بەمەبەستی پارێزگاری لەسستمی گشتیی, خراپترین مەسەلەش کە لەرووبەروو بوونەوەی ئەم رایەدا رووبدات ئەوەیە کەدەوڵەت دەوڵەتێکی عەلمانی بێت بەڵام شوێن و بیرو رەوشتی دەوڵەتی ئایینی هەڵگرێت لەئاکامی ترس و لێکدانەوە یا بێ توانایی, ئیدی گوێی خۆی





لەدەستدرێژیی کەمینە دەخەوێنێت کەدەیکەنە سەر سەیرانگە گشتییەکان لەژێر دروشمی گۆڕین و کردنی بەمزگەوت, لەترسی ئەوەی نەبادا دەوڵەت بەبێ دین یا بەبێ باوەڕی تۆمەتبار بکرێت, یا ئەوەتا نەرمی بنوێنێت لەئاست چەکی سپی و ناسپی و لەترسی ئەوەی نەبادا لەلایەن هەندێ کەسەوە تۆمەتی دژایەتی ئیسلامییەکانی بدرێتە پاڵ و بەمەبەستی بەرگریکردن لەبیروڕاکانی پەنا بۆ بەکارهێنانی پیاوانی ئایینی (رەسمی) بەرێت و بەرگرییەکەش بەبەڵگەو گەواهیی فیقهی بەهێز بکات, نەك بەپەنا بردن بۆ دەقی دەستووری یان راستییەکانی یاسا ئەو مەسەلانەی بەرژەوەندی بەڕوونی تێدا بەرجەستەیە..

ئەو (زیرەکانەی) پیاوانی ئاینییان هان دا فەتوای ئەوە بدەن کەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورادا, ئەرکێکی ئاینییەو کەمتەرخەمیش لەو بەشداریکردنە بەپێچەوانەی ئەوجەوهەرەیەکە ئیسلام داوای دەکات, ئەوانە بەتەواوی بەهەڵەدا چوون, چونکە ئەوانە بەڵگەیەکی روون دەدەنە دەست رەوتە توندڕەوەکان بۆ بەرگرییکردن لەبیرو راکانیان, کەواتە ئایین ناوبژیوانە نەك دەستورو یاسا , ئەو بلیمەتانەی کەبۆ بەرگریکردن لەپەیماننامەی ئاشتی هاتنە وەڵام, بە پەنابردن بۆ دەقەکانی قورئان و سوننە, بەهەڵەدا چوون و ئەوانەشیان تێوە گلاندووە کەدوایان کەوتوون و دڵیان پێیان خۆشەو لەواندا نغرۆبوون, کاتێك چەکێکیان دایە دەست نەیاران و دژەکانی خۆیان دیالۆگی پێبکەن و پشتی پێ ببەستن, مەبەستم قورئان و سوننە, چونکە لەئاییندا بەردەوام بوار بۆ ئەوپەڕی توندڕەویی هەیە, وەك چۆن بوار بۆ ئەوپەڕی لێبوردنیش هەیە, بگەڕێینەوە بۆ وتەکەی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کەدەڵێت: (ئیسلام هەڵگری چەند روویەکە)و بگەڕێنەوە بۆ رووداوەکانی مێژوو, روویەك لەڕووەکانی ئیسلام بەبیر خۆتان بێننەوە کەلەپشت سەرهەڵدانی خەواریج و نەبەردییان بوو لەشەڕوو رووبەڕووبوونەوەداو کوشتنی خودی عەلی کوڕی ئەبو تالیب..

نمونەکان زۆرن, دژ بەیەکی زۆر روون و ئاشکرایەو رەتکراوەتەوە, چونکە لەدەوڵەتی عەلمانیدا لەڕوانگەی داکۆکی کردنت لەبەرژەوەندیی گشتیی و

www.pertwk.com



تێگەیشتن بۆی، مەسەلەیەك قەبولْ دەكەیت یا رەتی دەكەیتەوە، بەتەنها یەك پێودانگیش ئەوكارە دەكەیت، كەئەویش دەستورو یاسایە، ئەگەر هاتوو ئەم دوانە كەمو كورتی تێدابوو ئەوا بەڕاستكردنەوە خۆتی لێ لادەدەیت بەلاْم گەر هاتوو پشت گوێت خست بۆ بەرگری كردن لە بڕیارەكانت پەنات بۆ ئایین و ئیجتهاد برد، ئەوا تۆ بەم كارەت چەكێكت دایە دەست بەرامبەرەكانت كەئاراستەی خۆتی بكەن، چونكە تۆ چەكەكەی ئەوانت خواستو بوارت بۆ رەخساندن كەپاساو بۆ كردەوەكانی خۆیان بهێننەوەو كارەكانی تۆش رەتبكەنەوە، خوێنیشت حەلاڵ دەكەن، چونكە ناتوانیت ئامبگریت بەرامبەر بەتوندڕەوییان و ناتوانێت رووبەڕووی داخرانی ئەوان ببیتەوە، كەسێكیشت لێ پەیدا دەبێت، وەك چۆن لەڕۆژنامەكانی ئۆپۆزسیۆندا رووی‌دا، كێ نكوڵی لەوەدەكات سەرۆكی دەوڵەت لەنوێژی هەینیدا پێشنوێژیی میسرییەكان ناكات( ) ، و ئەگەر بەڕاستی ئیسلامە راستەو بەكردەوە فەرزەكانی ئیسلام بەجێدەگەیەنێت با لەبەرچاوی موسوڵمانان جێبەجێیان بكاتو پێشنوێژو ئیمامیان بێت ، لەوانەیە لەسایەی دەوڵەتێكی ئایینیدا ئەم قسەیە لۆژیكێكی شیاو بێ، بەلاْم لەسایەی چوار چێوەی ئێستای حوكمڕانیدا ئێمە لەبەر ئەوە سەرۆكمان هەڵنەبژاردووە كەلەهەموومان ئیماندارترە یاخود لەبەر ئەوەی كەدەزانین لەهەموو زیاتر شارەزای ئایینە، یا چاكتر دەستنوێژ دەگرێت یا فەرزەكانی چاك جێبەجێ دەكات، بەڵكو لەبەرئەوەی ئێمە لەڕوانگەی خۆمانەوە پێمانوایە لەهەموومان زیاتر توانای بەرگریكردنی لەدەستوور هەیەو زیاتر پێوەی پابەندەو توانای پاراستنی یاساو ناچاركردنی پەیڕەوكردنی هەیە، ئەمەش ئەو پێوەرەیە كەئێمە لەسەر بنەمای لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكەین، نەك هیچ پێوەرێكی دیكە.

لێرەدا روونی و ئاشكرایی پێویستە، هەرچەندە بۆ كەسانێكیش توندبێت كەترسیان لەو زمانانە هەبێت كە شەرع دادەنێت، یان كوفر دەدەنە پاڵ خەڵك و

( ) لەگۆشەكەی مامۆستا محەمەد عەبدولقەدوس (ابناء البلد) لەرۆژنامەی (الشعب)دا هاتووە.



دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

گرژی و توندوتیژی و هەڕەشەیان پێوە دیارە، ئەوانەش هەموویان لەوە تێناپەڕن كە بریتین لەدیاردەكانی نەخۆشی دەروونی گەر مەزندەمان خراپ بێت، یان سیمای دواكەوتویی فكری و كلتورییە گەر مەزەندەمان باشبێت.

لەوانەیە بەر لەوەی بچمە سەر خاڵی داهاتوو، داوای ئەوەم لێبكرێت كە كەمێك بوەستم بۆ وەلاْمدانەوەی پرسیارێك كەبێگومان بەمێشكی خوێنەردا هاتووە، كاتێك سەرقاڵی خوێندنەوەی لاپەڕەكانی  پێشوو بووە، كەدەپرسێ ئاخۆ نهێنی ئەم حەماسەتەی من بۆ بەرگریكردن لەعەلمانیەت چییە، بۆ بەرگری لە یەكێتی نیشتمانی دەكەم، هەرچەندە خاوەن راو بۆچوونی موسوڵمان و قیبتی بەئەنقەست خۆیان لەقەرەی ئەم مەسەلەیە نادەن، چونكە بەلێكدانەوەی ئەوان مەسەلەیەكی ئاڵۆزەو بەڕای هەموانیش مەسەلەیەكی هەستیارە..

سەبارەت بەگەرمو گوڕی و حەماسەتەكەم، ئەوا هەرگیز حاشای لێناكەم بەلاْم چ نهێنییەكی لەپشتەوەیە، ئەوەیان خۆشەویستیمە بۆ میسرو ترسمە لێی، هەستكردنمە بەوەی میسر موسوڵمان و قیبتی ناناسێت، بەڵكو ئەو تەنها میسریەكان دەناسێت یەقینی تەواوم هەیە كەموسوڵمان بوونی من، هیچ جیاوازییەكم پێنابەخشێت كە لەقیبتیەكانم بەرزتر بكاتەوە بەپێو دانگی نیشتمانپەروەری، تەنیا لەیەكلایەندا نەبێت، ئەویش ئەوەیە كەمن لەوان بەتواناترم لەدەربڕین و گوزارشت كردن لەمەسەلەی یەكێتی نیشتمانی و پێویستە لەسەرم ئەوە بڵێم كەدڵنیام لەسنگیاندایەو بەنیازن بیڵێن سەبارەت بەیەكێتی نیشتمانی، ئەوەی كەلەهەمان كاتدا لەوتنی دەسڵەمنەوە وەك پارێزگارییەك لەیەكێتی نیشتمانی، باوەڕیشم بەوە هەیە كەكورتترین رێگا بەرەو چارەسەركردنی گیرو گرفتەكان روو بەڕووبوونەوەی روون و ئاشكرایە، لەوانەیە روو بەڕوو بوونەوە قورس بێت، بەلاْم لەڕاكردن چاكترە، دەشێ روون و ئاشكرایی بەئازار بێت، بەلاْم لەپشتگوێ خستن كەم زیانترە، پێموایە ئەوانەی نووسینەكانی منیان خوێندۆتەوە، بەلاْم بەدڵیان رەتیان كردۆتەوەو زمیانیان پێدا نەناوە، ئێستا وەلاْمێكی ئامادەكراویان پێیە بۆ قسەكانم، ئەو ئاكامانەش كەلەلای من گەلاڵە

www.pertwk.com



بوون، ئەوەیە ئیسلام بەم شێوەیە نییەو ئایەتو فەرمودەی زۆر دەگاتە گوێیەکانیان کەداوای چاك مامەڵەکردنی ئەهلی کیتابیان لێدەکاتو داوایان لێدەکات ئازاریان نەدەن، نابیٚ کەسانی وەك منیش ئەوە رەتبکەنەوە یان پشت گوێیی بخەن، نەدەبوایە ئەوانیش لەبەرامبەردا ئەوە رەتبکەنەوەو بڵێن لەدەوڵەتی ئایینیدا ئیسلام، تەنها لەسەر دەستی موسوڵمانان دەناسین، ئێمەش لەگەڵ ئەواندا باوەڕمان بەوە هەیە، کەئیسلام دوا پەیامەکانی خودا بووە، موحەمەدیش دوا نێردراوی خودابووە، ئەوانەش کەدوای هاتوون مرۆڤ بوون، ئەوانەش کەبنیادەم لەبەرامبەر خەڵکانی باوەڕ جیاوازدا کردویانە، ئەوەبوو کەپێیان وابووە ئەوە حوکمی خودایە، لەمەسەلەکەداو شایەنی سەرلەنوێ دووبارە بوونەوەشە، لەسەر دەستی ئەوانەی مەرجە بەگەنکراوەکان بەگوناه دەزانن و پێیان وانییە بەو کارەیان لەکرۆکی باوەڕ لادەدەن و لەڕاستیەکانی دین هەڵدەگێڕنەوە، بەئەندازەی ئەوەی کەئێمەو ئەوان دڵفراوانیو سنگفراوانی لەئاییندا بەدی دەکەین و بەهەمان ئەندازە هەست بەدەمارگیری دەکەین و پاساومان بۆ پەڕگیری بەرچاو دەکەوێت، چونکە لێبوردەیی لەئاییندا هەیە، هەموو ئاینێك، دەمارگیری لەحوکم کردن بەئایین هەیە، جا حوکمی هەر ئاینێك بێت، پێداگرتن و سنوور بەزاندیش هەیە، کاتێك رای حاکم تەنها راو بۆچوون نابێت، بەڵکو کارێکی حەڵاڵ دەبێت، کاتێکیش رای بەرهەڵستکار ناچێتە خانەی ئیجتهادەوە، بەڵکو بەحەرام لەقەڵەم دەدرێت، کاتیٚ کەسی جیاواز بەباوەڕ بەئەهلی کیتاب لەقەڵەم نادرێت، بەڵکو وەك گوناهبار تەماشادەکرێتو مومارەسەی سرووتە ئاینیەکان وەك تەحەدای هەستو سۆزی زۆرینە تەماشا دەکرێت، بەئاشکرا دەرخستنی باوەڕەکەش بەوروژاندنی جەماوەر دەزانرێتو وەك دەرچوون لەرەگەزنامەی نیشتمان تەماشا دەکرێت، کەلەگەڵ باوەڕدا دوو رووی یەك دراون، دەشیٚ لەوانە بپرسن کەدژی نووسینەکانمن و پاساوەکانم رەتدەکەنەوە کەهۆی چییە ئەو ئەندازەیەی بەیەکسانی لەئارادایەو تیایدا دەژین، لەنێوان موسوڵمانان و قیبتییەکاندا لەسەر بنەمای پەیوەستیان بۆ نیشتمان بۆچی رەتی دەکەنەوە، چی لەو مەسەلەیەدا





هەیە کەدووچاری دڵەڕاوکێیان دەکات، چی تێدایە کەپێیان وایە، لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆكو ناتەبایە؟ لەسایەی ئەو بارەدا چی هەیە کەدژو ناکۆك بێت لەبانگەوازکردنیاندا بۆ لێبوردەیی و لێبوردن و سۆزو یەکسانی، بۆ دادپەروەریو خۆشەویستی..؟

ئەگەر سنوور بەزاندنێکی تێدایە با نیشانمان بدەن لەوانەیە لەگەڵ ئەواندا بگەڕێینەوە سەر رێگای حەق، ئەگەر لادانێکی تیادا بێت لەباوەڕ، با شوێنی ئەو لادانەمان بۆ دەستنیشان بکەن، تا ئێمەش لەگەڵیاندا ئیلتزام بکەین و بەدەنگ بانگەوازەکەیانەوە بچین، ئەگەر هیچ لادانێکی تێدا نییەو تیایدا نابێت، با گوێم لێبگرن، من ئاگاداریان دەکەمەوەو دڵم پێیان دەسووتیٚ..

ئێمە زۆرینەین و ئەوان کەمینە، ئێمە دوا رۆژین و ئەوان رابردوو، ئێمە لەسەرخۆین و ئەوان بەهاتو هاوارن، پێموا نییە کردەوەکانیان جگە لە پاڵنەرێك بۆ وەڵامدانەوەی ئێمە هیچی تر بێت، پێش ناچێت قسەو گوفتاریان جگە لەهەڕەشەیەك بۆ روو بەڕووبوونەوەی ئێمە هیچی تر بێت، ئەوکاتەش نە هەراو زەنای وڕێنە بەکەڵکیان دێت نەزمان پاراوی، و نەتوندو تیژی گەنجەکانی، بەڵام مافی ئەوەیان بەسەرمەوە هەیە کەبەرچاو روونیان بکەمو دەستیان بگرمو بەرەو رێگای راست، رێنوێنیان بکەم، بەر لەبەسەرچوونی کاتو سیماکانی، کەمەبەستم بنەماو سیماکانی دەوڵەتی عەلمانییە، کەلەمانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنیٚ..

یەکەم: مافی هاووڵاتی بوون بنەمای سەرەکیی پەیوەستییە، بەو واتایەی ئێمە هەمووومان ئینتمامان بۆ میسر هەیە، بەو سیفەتەی کەمیسرین، جا موسوڵمان بین یان قیبتی..

دووەم: دەستوور بناغەی حوکمڕانی کردنە، کەیەکسانی لەنێوان هەموو هاووڵاتیاندا بەرقەرار دەکاتو بیٚ مەرجو کۆت ئازادیی ئایین و باوەڕ زامن دەکات...

سێیەم: بەرژەوەندیی گشتیی تایبەتی بنەماو بناغەی یاسادانانە...

www.pertwk.com



دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

چوارەم: سیستمی حوکمی مەدەنی، شەرعیەتی خۆی لەدەستورەوە وەردەگرێت (بەپێی بیرۆکەی پێشوو)و هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری دەدات، لەڕێگای پراکتیزەکردنی یاساوە (بەواتای پێشوو)و بەبەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤەوە پابەند دەبێت (بەناوەڕۆکە شارستانییە گشتییەکەی).

هێندەی نەماوە ئەوەم لا بچەسپێت کە ئەوەی پێشتر باسم کرد کرۆکی ئەو بارودۆخە پێکدەهێنێت کەئەمڕۆ تیایدا دەژین، ئەوەی کەهەندێ کەس هەوڵی چەسپاندنو زیاتر روونو ئاشکرا کردنەوەی دەدەن، ئەوەی کەهەندێکیش هەوڵی بنکۆڵکردنی دەدەنو دەیانەوێت بنەماو پایەکانی بڕوخێنن، چونکە سەرتاپا لەگەڵ بیرۆکەی دەوڵەتی ئایینیدا دژو ناکۆکە، دڵنیام کەسەردەمی ئێستا شوێنی ئەوەی تێدا نابێتەوەو نایگرێتە خۆ، دەشترسم کەهەندێك میسر بەو ئاقارەدا لار بکەنەوە، ئیدی هەمووما‌ن نرخەکەی بدەین، بەڕاستی نرخەکەشی گران دەبێت..

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵەی لێوەی دەستمپێکرد، ئەوەی بەسەر ئەحمەد لوتفی سەید هات، کاتێك بانگەشەی بۆ دیموکراسی کرد، ئەمڕۆش دیموکراسی باڵادەستەو بگرە بۆتە هیواو ئاواتێك..

ئەمڕۆش ئەمە بەسەر عەلمانیەتو هەوادارانیدا دێت، بەڵام لەپاشە رۆژدا باڵادەست دەبێتو ئەویش دەبێتە هیوایەك، بەڵکو دەشێ ببێت بەتاکە هیوا، چونکە وەك پێشتر باسم کرد، مێژوو جووڵەو ئیقاعی خۆی هەیە، هەر بۆیە هەرگیز جووڵەکەی بەرەو دواوە ناگەڕێتەوەو ئیقاعە نزمەکەشی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هەڵگەڕانەوەی شارستانیدا نییەو هیچ هۆیەکیش بەجەهالەتییەوە نابەستێت.

www.pertwk.com



## بەشی دووەم

## باسی یەکەم
## توندڕەویی سیاسیی دینی لەمیسردا...
## (گرفتەکە)

www.pertwk.com



## باسی یەکەم

## توندڕەویی سیاسی ئاینی لەمیسردا

## ( گرفتە )[1]

گرفتەکە توندڕەویی سیاسی دینی پێگەیەکی تاقانەی هەیەو لەسەرووی گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵگەی میسر دایە.. لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1-چونکە گرفتێکی هەنووکەییە, بەو مانایەی کەئێستا بەگەرمییەکی زیاد لەپێویستو ڕوو لەزیادبوونی زیاتریش خراوەتە ڕوو..

2-ئەم گرفتە گشتگیرە, کەتەنها تایبەت نییە بەبوارێك یا لایەنێك, لەلایەنەکانی ژیانی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی, بەڵکو هەموو ئەمانە تێدەپەڕێنێت, ئەگەر بمانەوێت لەم مەسەلەیەدا, وردتریش بین, ئەوا ئەم گرفتە سەرجەم ئەو بوارانە, پێکەوە دەگرێتەوەو ئامانجی بانگەوازێکی ئاشکرایە, بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی دەوڵەت, جا یا ئەوەتا لەرێگای توندو تیژییەوە کە لەرێبازی هەندێك لەو رەوتانەدا پەیڕەوی لێدەکرێت, یا بەرێگای ئاشتییانە کەهەندێکی دیکەیان باوەڕیان پێیەتی یا بەهەردوو رێگاکە لەیەك کاتدا, وەك ئەوەی لەمیسردا روو دەدات.

3-ئەم گرفتە ئاکامو بەرئەنجامی هۆکاری جیاوازو جۆراو جۆرە کە کۆکردنەوەیان یا رێکەوتن لەسەری کارێکی قورسە, چونکە ئەو هۆکارانە هەندێکیان رەگو ریشەی مێژوویان هەیەو هەندێکیش پەیوەستە بەسیماکانی

[1] ئەم توێژینەوەیە لەگۆڤاری (فکر), ساڵی دووەم, ژمارەی 7ی تشرینی یەکەمی 1985دا بڵاوکرایەوە, وەکو بەرنامەی کار بۆ کۆڕێکی فیکری خرایە روو, ولە ژمارەی (8)ی گۆڤاری ناوبراودا بڵاوکرایەوەو د. وەحید رەئفەت, د. فوئاد زەکەریا, لوتفی خولی, د.نور فەرەحات, د. یونان ریزق, د. رەئووف عەبباس, د. حەبیب جەنحانی (تونس)و د. فەرەج فودە بەشدارییان تیادا کرد.





ئەم قەیرانەی ئێستاوە کەرووی جۆراوجۆرو تێکچڕژاوی هەیەو ئەم مەسەلەیە وایکردووە کەتوانای وێناکردنی چارەسەری ئەم گرفتە لەماوەیەکی کورتدا, بەرووبەڕووبونەوەی سەرجەم هۆکارەکانو چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کارێکی ئەستەم بێت...

4-گرفتەکە کۆمەڵی میسری بەرەو هەڵوێستی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خوددا دەبات, ئەمەش مەسەلەیەکە عەقڵی میسری بەئاسانی قەبوڵی ناکات, کەلێرەدا مەبەست لەڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ خوددا داننانە بەقەبارەی کێشەکەو راگەیاندێکی راشکاوانەی هەندێك هەڵوێستی دیاریکراوو بانگێشتێکی رووتو بێپەردەیە بۆ هەر مەسەلەیەك کەویستراوبێت, لەهەمان کاتدا رەتکردنەوەیەکی ئاشکرای شتی نەویستراوەو دان پێدانانێکی راستگۆیانەیە, بەهەندێك گرفتی هەستیارداو ئاماژە پێکردنێکی بیٚ پێچو پەنایە بۆ ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە کۆمەڵ دەکەن, ئەمانەش هەموویان تێکڕا کۆمەڵە مەسەلەیەکن کەلەگەڵ ئەو بارەدا ناگونجێن کەرای گشتی لەسەری راهاتووە, ئەویش بریتییە لەبەرزکردنەوەی دروشمی (لەمەی ئێستا باشترمان لەتوانادا نییە).

5-ئەم مەسەلەیە تەنها کێشە یا مەسەلەیەکی تەواو ناوخۆیی نییە, بەڵکو دۆزێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەئاکامی دووبارە بوونەوەی سیماو دیاردەکانی لەسەرجەم ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەئەمەش مەسەلەیەکە گومانێکی زۆر دەوروژێنێت, لەمەڕ دەستێخستنی فاکتەر یا هێزی هەرێمی یان جیهانی, چ لەوروژاندنیدا, یا هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی, یا سوود وەرگرتن لەئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی...

www.pertwk.com



# باسی یەکەم

## پێناسەو سروشتی کێشەکە

1-**ناساندنی کێشەکە:** ناساندنی کێشەکە خاڵی دەستپێکی چارەسەرکردنی پێکدەهێنێت, ئاشکراشە ناساندنی ئەم کێشەیە, مەسەلەیەکە ناکۆکی هەڵدەگرێت..

أ-پێناسەی باو:

پێناسەی باو لەگۆشە نێگایەکی زەمەنییەوە سەرچاوە دەگرێت کەبۆی هەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە دەوڵەت لەئاست روو بەڕووبوونەوەی توندڕەویدا نوێنەرایەتی لایەنی بەرامبەر دەکات..

لەوانەشە پەیوەندی بەباڵادەستی بیرۆکەی ئاسایشەوە هەبێت بەسەر کەرتەکان‌و بوارەکانی راگەیاندن یا فیکری سیاسی هێزی دەسەڵاتدار, ئەو مەسەلەیەی کەبۆتە هۆی ئەوەی کەگرفتەکە بەوە پێناسە بکرێت کەبریتییە (لەبەکارهێنانی توندو تیژی, لەلایەن رەوتە سیاسیە ئایینییەکانەوە, بەمەبەستی هەوڵدان بۆ سەپاندنی بیرو ڕاو هەڕەشەکردن لەسیستمی گشتیی, ئەوەش لەرێگای بیرو راو هەڕەشەکردن لەسیستمی گشتی, لەڕێگای بڵاوکردنەوەو برەودان بەبیرێکی نەیارو دژ بەدەسەڵاتی حوکمڕانی کە کرۆك‌و پێکهاتەی ناواخنی بریتییە لەوەی ئەم دەسەڵاتە لەشەرع‌و ئایین لابدات).

ب-پێناسەیەکی دیکە.. نووسەر پەیڕەویی لەو پێناسەیەی گرفتەکە دەکات کەبریتییە لە (خستنە رووی مەسەلەیەکی سیاسی زۆر دواکەوتوو نارۆشن, لەرێگای بەکارهێنانی لۆژیکێکی ئایینی زۆر روون‌و قەبوڵکراو).

بۆ روونی‌و ئاشکرایی زیاتریش, ئەوا گرفتەکە خۆی لەپیشاندان‌و خستنە روویەکی ئایینی مەسەلەی پراکتیزە کردنی شەریعەتی ئیسلامیدا دەبینێتەوە کەلەناوەڕۆکدا, ئامانجێکی سیاسی لەخۆ دەگرێت, لەگۆڕینی میسر بۆ





دەوڵەتێکی دینیی کەسیستمێکی نزیك لەسیستمی خەلافەت حوکمڕانی بکات, لەگەڵ ئەو گۆڕانە ریشەییانەدا کەلەئاکامی ئەو هەنگاوەدا بەسەر هەیکەلی دەوڵەت‌و بنەماکانیدا دێت, ئەم تێزە راگەیاندراوەش روون‌و ئاشکرایەورەزامەندیشی لەسەرە, بەڵام ئامانجە شاراوەکە وێڕای نارۆشنی‌و ترسناکیشی کەسێك شك نابات بەخستنە رووی یا رەتکردنەوەو بەتاڵکردنەوەی بەرامبەری بگرێت...

ئەم پێناسەیەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی کەلای خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:

1-هاوسۆزیی سروشتی گەلی میسر لەگەڵ ئەم بانگەوازە ئاینییە راگەیەندراوەدا, لەکاتێکدا بەتەواوی لەرەهەندە سیاسییەکانی بانگەوازەکە بی ˇ ئاگان..

2-ئەم تێزە ئایینیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کەدەوڵەت بچێتە نێو بازنەی (دیالۆگێکی ئایینی)یەوە, کەسەرکەوتن تێیدا پشکی توندڕەوییە, لەئاکامی بێباوەڕی بەشی زۆری خەڵك بەراستگۆیی پیاوانی رەسمی ئایینی بەحوکمی ئەو گومانەی لێیان دەکرێت بەپەیوەستیان بەئامانجە دونیاییەکانەوە یا لایەنگیرییان لەدەسەڵات, لەهەموو بارێکدا, یاخود لەئاکامی لاوازیی ئەم بەرگرییە لەئاست مەنتقێکی یەکانگیریدا..

3-سەرکەوتنی توندڕەوەکان لەوەدا کەتوانیویانە ژمارەیەکی زۆر لەگەنجەکان بەلای خۆیاندا کێش بکەن‌و قەناعەتیان پیٚ بهێنن, بەپەیڕەوکردنی مەنتقێکی فیکری ئایینی پوختەو داخراو و رێکخستنیان بەچەند گروپێکی بچووکدا کەملکەچی رێکخراوەیی رەهایان بۆ میرو سەرکردەکانیان هەیە, هەروەها گەشەپێدانی ویستی هەڵگەڕانەوە لایان دژ بەکۆمەڵ لەئاکامی هۆی ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە, بەئەندازەیەك سەرکەوتوو بوون لەوەدا کەدابڕان‌و کەرتبوونێکی راستەقینە, لەنێوان ئەو گەنجانەو کۆمەڵدا دروست بکەن, لەگەڵ رەچاوکردنی پێداگرتن لەسەر سیماو ڕووکاری دەرەکی, وەك جل‌و بەرگ‌و شێوازی ژیان‌و ناوی کۆنباو لەخۆنان‌و گۆشەگیریی لەمزگەوتەکان‌و بیابانەکاندا, وەك

www.pertwk.com



پێداگرتنێك لەسەر ئەو دابڕانەو, ئامادەباشی بۆ ویستەکانیتوندڕەویی, ئەمەش هاوکات لەگەڵ شکستی ڕەوتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان لەکارکردنە سەر کەرتی گەنجان بەشێوەیەك کە لەشکستێکی ڕەهای ئاراستەکاریی لیبراڵەکان و شکستێکی ڕێژەیی ئاراستەکاریی چەپە مارکسیەکاندا خۆی دەبینێتەوە..

لێرەدا تێبینی ئەو لێکگرێدانەی نێوان سەرکەوتنی توندڕەوەکان لەراکێشانی توێژیلاوان ولە نێوان ناساندنی گرفتەکەدا دەکرێت, چونکە بەلای راکێشانەکە لەسەر بنەمای بەکارهێنان و قۆستنەوەی هەستە ئاینییەکەدا دەکرێت, بەمەبەستی تیۆریزەکردن بۆ ڕەتکردنەوەی بارودۆخەکە دواتر ئاراستەکردنی گەنجەکان بۆ گۆڕین وەك تاکە ئامانج و مەبەست لەگەڵ پەیڕەوکردنی توندوتیژی, وەك شێوازێکی تاك و تەنهاو بێ ئەلتەرناتیڤ لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو ئاکامانەی لێی دەکەوێتەوە کەسەرجەمی بەرئەنجامی سیاسییەو دەشێت لەژێر ناوگەلێکی گشتییدا کۆبکرێتەوە, وەك (حوکمڕانی بۆ خودا) یان (حوکم کردن بەوەی خودا هەناردوویەتی).. ئەمەشە کەپێناسەکە ئاماژەی بۆ کردووە, دۆزو مەسەلەیەکی ئایینی ڕوون و ئاشکراو کۆمەڵە ئامانجێکی سیاسی نەزانراوە..

4–حیزبە سیاسیەکان تەنانەت حزبی دەسەڵاتدار کە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لێدەکات و هەروەها حزبە عەلمانیەکانیش لەڕووی فیکرەوە وەك حزبی وەفدو تەجەموع.

دوای بەرزکردنەوەی دروشمی ئایینی کەوتوون, وەك هەوڵدانێك بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەهەڵبژاردنەکاندا لەنموونە ئاشکراکانی ئەم مەسەلەیەش ئەو ڕاگەیاندنەی سەرۆکی حزبی وەفد بوو کەلەوەڵامی هەندێك لەڕەخنەگرانی مەسەلەی هاوپەیمانێتی نێوان وەفدو ئیخواندا بەئاشکرا وتی (چی بکەم کەهەموو هەڵبژاردنەکانی سەندیکاکان و یەکێتییەکانی خوێندکاران ڕەوتی ئیسلامی سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنێت) ئالێرەدا بنەماو پێکهاتەیەکی دیکەی گرفتەکە بەدەردەکەوێت, کەبرتییە لەپەیڕەوکردنی شەرعیەت بۆ داواکارییەکانی ئەوانەی لەشەرعییەت لایانداوە..





2– سروشتی کێشەکە..

بیرمەندان سەبارەت بەسروشتی کێشەکە ناکۆکن, یا بەواتایەکی تر بڵێین بەپێی ئەو گۆشەیەی کەلێوەی دەڕواننە کێشەکە, بەسەر پێنج بەشدا دابەش دەبن:

**أ–گرفتێکی یاساییە..**

هەڵگری ئەم تێڕوانینە پێیان وایە مەسەلەکە گرفتێکی یاساییەو لەگۆڕینی هەندێك یاسای دانراودا چڕ دەبێتەوە, کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا ناکۆك و ناتەبایەو پێویستە بگۆڕدرێت بەیاسای هەڵێنجراو لەشەریعەتی ئیسلامی, لایەنگرانی ئەم گۆڕینەش هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدان کەوا گۆڕانێکی خێراو یەکسەری ئەنجام بدرێ, هەندێکیش پێیان وایە کە ئەم گۆڕانە لەسەرخۆ بێت و ناویشیان لێناوە (گۆڕانی پلە پلە), لەکاتێکدا نەیارانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە, پێویستە دەستپێك لەپێکەوەنانی کۆمەڵێکی موسوڵمانەوە بێت یا هەندێك لەلایەنگرانی ئەو ریفۆرمە تێکەڵی لەنێوان شەریعەت و فیقهدا دروست دەکەن, یان جیاوازی هەیە سەبارەت بەژمارەی حەددەکان و سەرچاوەکەیان و ئاخۆ تەنها پەیوەست و تایبەت دەبێت بەدەقی قورئان, یاخود ئەوە تێپەڕ دەکات, بۆ سوننەتی گوفتارو کرداری پێغەمبەر, یان ئەوەی خەلیفەکانی ڕاشدین پەیڕەویان کردووە, لەکاتێکدا هەندێکیش هەن پێیان وایە, ئەوەی ئێستا پراکتیزەو جێبەجێ دەکرێت لەسەرجەم وردەکارییەکانیدا هاوشێوەی شەریعەتی ئیسلامەو بەبیرۆکە ڕاستەکەی, هیچ پێویست بەگۆڕانکاریی یاسایی ناکات..

**ب–گرفتێکی ئایینیە:**

هەڵگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە گرفتەکە سروشتێکی ئایینی ڕووتی هەیە, لایەنگرانی ئەم تێڕوانینەش لەنێوان ئەوانەدایە کەپێیان وایە, شەریعەت جێبەجێ بکرێت وەك تەواوکردنێکی ئایین و لەنێوان ئەوانەدا کەجیهاد بەفەرز دەزانن, یان خەلافەت بە بنەمایەکی ئایین لەقەڵەم دەدەن, لەهەموو حاڵەتێکیشدا لەو

www.pertwk.com



بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرن کە ئیسلام دین‌و دەوڵەتە, لەگەڵ ڕەچاوکردنی فراوانی یان بەرتەسکی بەوێناکردنی سنوورێکی (ئیسلام – دەوڵەت)ی, ناسنووردار لەدەرەوەی چوارچێوەی مەسەلە گشتییەکاندا, و پەککخستنی دەقە قورئانییەکان بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەك یا بۆ خۆپاراستن لەزیانێك, بنەمایەکی جێگیرە لەسەردەمی پێغەمبەرەوەوفراوانکردنێکی سنوردار لە بواری پراکتیکی ئەم بنەمایەدا لەسەردەمی نوێمانداو پاساوی خۆی هەیەو پاساوی بەردەوام بوون لەسەریشی هەیە, بێئەوەی هیچ لەمەسەلەکان بگۆڕێت‌و لەئیسلامێتیی هیچ موسوڵمانێك کەمبکاتەوە یا ببێتە هۆی کەمکردن‌و کورتهێنانی شکۆمەندیی ئیسلام‌و پیرۆزی وابەستەیی پێوەی..

**ج-گرفتی ناسنامەیە:..**

هەڵگرانی ئەم بۆچوون‌و تێڕوانینە پێیان وایە ئەم گرفتە هاو سروشتێکە کەپەیوەندیی بەناسنامەوە هەیە لایەنگرانی ئەم بۆچوونەش پێیان وایە, ناسنامەی ئیسلامی تەنها چارەسەری ڕاستەقینەیە لەبەرامبەر شارستانیەتی هاوچەرخ کە سیماو ڕەگ‌و ریشەی نامۆی هەیە, و ژیاندنەوەی ئەم ناسنامەیە, واتە ژیاندنەوەی ڕەگ‌و ریشەیەك کەتوانای دەردان‌و دەرهاویشتنی شارستانیەتێکی هاوچەرخی هەیە, کەپەیوەندییەکی ڕاستەقینەی بەخاك‌و کەلەپوورو سروشتی گەلانەوە هەیە, ئیسلام ڕۆڵی خۆی لەوە تێپەڕاندووە, کەتەنها ئایین بێت, بۆ ڕۆڵێکی فراوانتری کلتوریی‌و شارستانی‌و مەسەلەی یەکگرتوویی ئیسلام کەلەئاکامی ژیاندنەوەو زیندووکردنەوەی ناسنامەی ئیسلامیدا بەرقەرار دەبێت, کارێکە ئەگەری ئەنجامدانی هەیەو پێویستیشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ململانێی هەردوو زلهێزەکەدا کەئەمڕۆ کۆنترۆڵی جیهان دەکەن..

بەڵام بەرهەڵستکارانی ئەم بۆچوونە بەریان لێدەگرن‌و بەوە بەرپەرچیان دەدەنەوە, کەتەنها ناسنامەی نیشتمانییەکە لەلایەن هەموانەوە پەسەند دەکرێت





ئەم دەمەتەقێیەش دەشێ لەنێو ئەو کۆمەڵگەیانەدا ئەنجام بدرێت کە کەمایەتی ناموسوڵمانی تێدا نییەو کەسێتی نیشتمانی ئیقلیمی لەئاکامی ململانێیەکی فیکری‌و خەباتیدا تێیدا گەڵاڵەنەبووە, وەك چۆن لەمیسردا ڕوویداوە, جگە لەم مەسەلەیە زۆر پاساوو بەڵگەی دیکەش دەوروژێنین کەدژی بیروباوەڕی ناسنامەی ئیسلامییە...

**د-گرفتێکی شارستانییە..**

هەڵگرانی ئەم تێڕوانینە لەگۆشە نیگایەکی شارستانییەوە لەم گرفتە دەڕوانن, لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە دەشێت لێکجیاکردنەوە لەنێوان دوو لایەنی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بکەن, لایەنی یەکەم لایەنی کلتورییە, لایەنی دووەمیش خۆی لەو داهێنانە ماددیانەدا دەبینێتەوە کە دەرهاویشتەی ئەو شارستانیەتەن, لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لەکاتێکدا لایەنی یەکەم ڕووندەکەنەوە پێیان وایە, گونجاندنێك لەنێوان کەمترین ئاستی پێویستی لایەنی دووەم‌و نێوان گێڕانەوەی تەواوو سەرتاپاگیری واقیعی شارستانیەتی کۆمەڵگەی سەردەمی یەکەم لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا بکەن, لەو مەسەلانەدا کەپەیوەستە بەفیکرو ڕەوشت‌و کانگەکانی کلتوورەوە, ئەوکاتە هەرچەندە ئەگەر کۆمەڵەکە, بەپێو دانگەکانی ڕۆژئاوا, کەمتر پێشکەوتوو بێت, بەڵام کۆمەڵێکی زیاتر یەکانگیرو بەختەوەرترو نزیکتر دەبێت لەسروشتی مرۆڤانەوە, بەڵام بەرهەڵستکارانی ئەم تێڕوانینە پێیان وایە ڕێبازی لایەنگرانی بۆچوونەکە, جگە لەدەربڕین‌و گوزارشت کردن‌و بێتواناییان لەئاست ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشبڕکێ شارستانییەی لەجیهانی ئەمڕۆدا بەرقەرارە چی دی نییە, لەهەمان کاتدا ڕاکردنێکە لەڕووبەڕووی شارستانێتەوە بۆ گەڕان بەدوای بەهەشتێکی وندا, هەندێك لەنەیاران لەم ڕەخنەیەش زیاتر پێهەڵدەگرن‌و دەڵێن خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆو وشیارانە بۆ مێژوو, ئەوە دەسەلمێنێت کە هەرگیز بەم شێوەیە نەبووە.

www.pertwk.com



**ﻫ-گرفتێکی سیاسییە..**

هەڵگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە, سروشتی سیاسیی گرفتەکە بنەڕەەو لایەنگرانی ئەم بۆچوونەش پەیڕەوی لەلۆژیکی گەیشتنە دەسەلاّت دەکەن, یا بەزۆر یا لەرێگای بەکارهێنانی شێوازە دیموکراسییەکان, بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕینێکی ریشەیی لەفۆرمی دەولّەت و سیستمی حوکمڕانی لەسەر ئەو بنەمایەی کەقورئان دەستورەو حاکمیەتیش بۆ خودا خۆیەتی, لەسەر ئەم بناغەیەش ئەوە رەتدەکەنەوە کە کەس ببێت بەوەکیلی تەشریع و یاسا دانان بۆ مرۆڤ لەهەمان کاتدا ئەو دیموکراسیەش رەتدەکەنەوە کەلەسەر بنەمای حوکمی زۆرینە چەسپاوە, بەلاّم بەرهەڵستکارانی ئەم بۆچونە پێیان وایە کە ئەگەر ئەو گروپە سیاسییە بەمافی خۆیانی دەزانن هەوڵی گەیشتن بەدەسەلاّت و حوکم بدەن, ئەوا پێویستە بەرنامەیەکی سیاسیی روون و ئاشکرایان هەبێت و بیخەنە روو, کەئەوەش رووینەدا هەروەها پێویستە پابەند بن بەشەریعەتەوە ملکەچی یاسا بن, ئەمەش بەدی نەهات, نووسەری ئەم کتێبەش پەیڕەوی لەتێڕوانینی بەرهەڵستکاران دەکات و, پێی وایە گرفتەکە سروشتێکی سیاسیی هەیە لەبنەڕەتەوەو لایەنەکانی دیکەی تەشریعی و ئایینی تەنها جۆرێکن لەگۆڕانکاریی لەجۆرە نەزمێکی بنەڕەتیی پارچە مۆسیقایەك کەخاوەن سروشتێکی سیاسی زۆر روون و ئاشکراو جودایە...

**3-ئەنجامەکان:-**

أ-بەپێناسەکردنی کێشەکەو ناسینی و شارەزابوون لەسروشتی گرفتەکەدا خۆ دەبینێتەوە وەك خاڵی دەستپێك و سەرەتای چارەسەرکردنی..

ب-دەولّەت وا پێناسەی کێشەکە دەکات, کەکێشەیەکی ئاینییە, کەلەئاکامی پەیڕەوکردنی ئەم رێبازەوە دەولّەت لەدیالۆگێکی ئاینییەوە گلاوە, لەگەڵ ئاراستەو رەوتی ئایینی توندڕەو کەهەردوولایەن لای خۆیانەوە دروشمی (ئێمە





ئیسلامی راستی یانن) بەرز کردۆتەوە, لێرەدا نووسەر پێی وایە شەڕەکە بەم شێوەیە شەڕێکی دۆڕاوەو توندڕەوەکان سەرکەوتوو بوون, لەوەدا کە ئەم شەڕە بگوێزنەوە بۆ نێو مەیدانێك کەخۆیان تێیدا سوارچاکن..

ج-نووسەر پەیڕەوی لەناساندنی کێشەکە دەکات وەك خستنە روویەکی ئایینی بۆ مەسەلەیەکی سیاسی و پێش لەسەر سروشتی سیاسی کێشەکە دادەگرێت و پێی وایە کەدەبێت روو بەڕوو بوونەوەکە سروشتێکی سیاسی تەواوی هەبێت, چونکە ئەگەر خستنەڕووی ئایینی مەسەلە سیاسییەکان بەدەستی ئەنقەست بێ لەلایەن توندڕەوەکانەوە, ئەوە بەشداری و چوونە نێو ئەو دیالۆگە ئاینییەوە لەلایەن دەولّەتەوە واتای سەرکەوتنێکی بێگومانی توندڕەوەکان دەگەیەنێت و لەهەمان کاتدا, بەدەنگەوە هاتنێکی سەیری دەولّەتە بۆ یەکێك لەئامانجە بنەڕەتەکانی توندڕەوەکان..

www.pertwk.com



## باسی دووەم

## واقیعەکە ( ئەریێتییەکان – نەرێتییەکان[*] )

1- **پێشەکی:**

ئەمە هەوڵێکە بۆ شارەزابوون لەواقیعی حاڵی ئێستای میسر, سەبارەت بەم گرفتەو خاڵە ئەرێتی و نەرێتیەکانی, لەگۆشە نیگایەکی بێلایەنانەوە بەپێی توانا..

2-**ئەرێتییەکانی واقیعی ئێستا:**

أ–دابەشبوونی ڕەوتی ئیسلامی بەسەر سێ ڕەوتی سیاسی جیاواز لەیەکتر کەبریتین لەڕەوتی تەقلیدی باوو, ڕەوتی شۆڕشگێڕ (بڕوانە بەشی پێنجەم لە کتێبی ((قبل السقوط))ی نووسەر) و نەگونجانی ئەم ڕەوتانە چ لە بیرو بۆچووندا بێت یا لەشێوازی کارکردن..

ب–ڕەوتی سیاسی ئیسلامی بەهەرسێ گروپەکەیەوە سەرکردایەتیەکی یەکانگیری نییە, بەواتایەکی دیکە لەسەر ئاستی گشتیی سەرکردەیەکی وەکو (حەسەن ئەلبەننا) شك نابات, کەتوانای هەبێت توندڕەوو میانڕەو لەخۆی رازی بکات و (الهظیبي)و (السندی) لەیەك کاتدا, لەژێر ئاڵاکەیدا کۆبکاتەوە (بیری هێمن و چەکدار پێکڕا)و بتوانێت ڕەزامەندییەکی جەماوەریی و ڕێکخراوەیی لەیەك کاتدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات, واتە ئەوکەسەی دەتوانێت هەر سێ ڕەوتەکە بگەیەنێتە کەمترین ئاستی ڕێککەوتن و پێکەوە گونجانی فکری و هاریکاریکردن و تەنسیق لەکارکردندا, نەبوونی ئەو کەسایەتییە وێڕای ئەوەی ڕێکەوتێکی خۆشە,

[*] دەربڕینی ئەرێتیەکان و نەرێتییەکان نوێنەرایەتی بیرۆکەیەکی ڕێژەیی دەکات کە لەسەر بنەمای پێگەی ئەو نووسەرە ناودارە دیاریدەکرێت لەبەرامبەر ئەم کێشەیە, بەواتایەکی دیکە ئەوەی نووسەرەکە بەپۆزەتیڤی دەبینێت ڕەنگە توندڕەوە ئاینییەکان بەنێگەتڤی لەقەڵەم بدەن.





بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی کاتە, بەڵام حاڵی حازر لایەنێکی ئەرێتی پێکدەهێنێت..

ج–هیچ یەکێك لەسەرکردەکانی ئەم سێ ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییانە ڕەزامەندییەکی جەماوەریی گشتییان نییە, ئەمە بۆ (عومەر عەبدولرەحمان) لە ڕەوتی شۆڕشگێڕ راستەو هەروەها عومەر تەلمەسانی لە ڕەوتی تەقلیدیش دەگرێتەوە, بەواتایەکی دیکە, ئەوەی لەئارادایە سەبارەت بەقەبوڵکردنی ئەم ڕەوتانە, بریتییە لەقەبوڵکردنێکی ڕێکخراوەیی ناوخۆ, ئەمە سەبارەت بەو سەرکردایەتیانەش راستە کە کاندید کراون بۆ جێگرتنەوەی سەرکردایەتییەکانی ئێستا وەك (الزمر) لەڕەوتی شۆڕشگێڕو (شادی) لەڕەوتی کۆن باودا...[*]

د–ئەو سەرکردە ئیسلامییانەی ڕەزامەندی و قەبوڵکردنێکی جەماوەریی فراوانیان هەیە, ئامادەی کاری ڕێکخراوەییان تێدا نییە, بۆ نموونە (شێخ متوەلی ئەلشەعراوی و بەپلەیەکی زۆر کەمتریش شێخ کوشك) ئەمانە کاری سیاسی ناکەن, بەپێچەوانەوە (شەعراوی) پۆستی وەزارەتی قەبوڵ کردوە, (کوشك) یش ئامادەیی دەربڕی بۆ نووسین لەڕۆژنامەی (اللواء الاسلامي)دا کە (الحزب الوطني) دەریدەکات و نووسینەکانیشی تیایدا سیمایەکی میانڕەویان پێوە دیارە, بەواتایەکی دیکە بەپێکەوە گرێدانی ئەم خاڵەو خاڵی پێشووتری دەتوانین بڵێین (سەرکردەی ڕێکخراوە سیاسییەکان جەماوەریی نین و سەرکردە جەماوەرییەکانیش ڕێکخراوی سیاسی نین).

هـ– ئەم سەرکردایەتییەی ئێستای ڕەوتی تەقلیدی (عومەر تەلمەسانی) لاوازترین بازنەکانی سەرکردایەتی مێژوویی پێکدەهێنێت, چ لەلایەنی فیکر یان توانای کارتێکردن, یان بەهرەمەندیی لەتوانای پێشەوایەتی کردن, ئەمەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای تەمەن کراوە بەپێودانگ نەك

[*] ئەم بابەتە بەر لەکۆچی دوایی مامۆستا عومەر تەلمەسانی, وەکو ڕێبەرێکی گشتی بۆ مامۆستا حامید ئەبونەسر مایەوە بەپێچەوانەی ئەوەی نووسەر چاوەڕوانی دەکرد.

www.pertwk.com



سەرکردەیەکی هەڵبژێردراو، چونکە تەلمەسانی بەوپێیەی لەهەمووان بەتەمەن تره، بۆتە سەرکردەی نووسینگەی رابەرایەتی، ئەمەش وەك لەدەستووری ئیخواندا هاتووە، لەغیابی کاری شەرعیدا پەیڕەو دەکرێت.

و-کێشەو گرفتی رەوتی تەقلیدی (ئیخوان موسلمین) بەدەست لەبەر یەك هەڵوەشانێکی فیکری توندەوە، لەئاکامی سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی (سید قطب) وەك سەرکردەیەکی سیاسی کەبەناوسەربەو رەوتەیە (لەکاتێکدا ئەو لەراستیدا تیۆرسینی فیکری یەکەمی رەوتی شۆڕشگێڕە) ئەو مەسەلەیەی کەبۆتە هۆی پیاهەڵشاخان لەنێوان دوو رێبازی فیکریی جیاوازدا، یەکەمیان مێتودێکی ئوسوڵییە کە حەسەن بەننا نوێنەرایەتی دەکات، دووەمیشیان میتۆدێکی شۆڕشگێڕانەی تەواو جیاوازە، هەرچەندە زیاتر یەکانگیرەو سەید قوتب نوێنەرایەتی دەکات. پێدەچێت شوێنەواری ئەو گرفت و ئازارەی ئیخوان موسلمین لەسەر ئەوەی ناوی (ئیمامی شەهید) بەرن، کە مەبەستیان حەسەن بەننایەو نووسینەکانی زیندوو دەکەنەوە، بەڵام ناو هێنانی سەید قوتب بەتەواوی پشت گوێ دەخەن هەرچەندە ئەویش (ئیمامێکی شەهیدە)، ئاماژەی پێناکەن، وەك خۆ بەدوور گرتنێك لەمیتۆدەکەی و لەنێو ریزەکانی رەوتی تەقلیدیدا بەدەرچو لادەر لەفیکرەکەیان دەیژمێرن، لەلایەکەوە، لەلایەنی دووەمیشەوە، بەقیادەیەکی ناشەرعیی لەقەڵەم دەدەن، چونکە لەئاکامی ئەو ڕێگایەوە نەگەیشتۆتە پلەی سەرکردایەتی کە ئەوانیش بریتین لەهەڵبژاردنەکانی نووسینگەی رابەرایەتی، یان تەمەن زۆری، کە جگە لەم دوو ڕێگایە لەنێو ئیخواندا رێگەی سێیەم بوونی نییە، ئیدی ئەم جۆرە لەبەر یەك هەڵوەشانە فکرییە، کار دەداتە سەر هێزی رێکخراوەکەو کارایی و توانای کارتێکردنی کەم دەکاتەوەو چەکێکی فیکری بەهێز دەداتە دەست ئەوانەی لەگەڵیدا ناکۆکن..

ز-بەرەبەرە رەوتە ئیسلامییە شۆڕشگێڕەکە، لەسەر ئاستی رای گشتی و جەماوەری دژە کاردانەوەیان بۆ پەیدا دەبێت، ئەم کاردانەوەیەش لەئاکامی بەرزبوونەوەی ئاستی توندڕەوییان هاتۆتە ئاراوە، ئەوەش لە خراپ بەکارهێنانی





بڵندگۆو پەنابردن بۆ شێوازەکانی توندوتیژیی جەستەیی دژ بە نەیارانیان لەنێو زانکۆکاندا، یان کارتێکردنی رەوشتی هەندێك لە کوڕان بۆ سەر خێزانەکانیان لەمەسەلەی بەرامبەرگرتن و رووبەڕوو بونەوەیان یان رەت کردنەوەی خوێندن و کارکردن، وێڕای ئەوەی ئەم بڕە کاردانەوەیە هێندە گەورە نییە بەپلەیەکی کاریگەر. بەڵام لەوانەیە لەئاست رێپێوانەکەی (حافظ سلامة)دابێتکە بەرپابوویان لەئاست لابردنی ئەو دروشمەو وێنە هەڵواسراوانەدا بێت، یانلە ئاست بە گەنکردنی ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەدا بێت کەدوا بەدوای رێپێوانەکەی (حافز سلامە) ئەنجامدرا، کەبەندەش کۆمەڵێك وتارم تێدانووسی، کەلەو باوەڕەدا نەبووین، لەو ماوەیەی رابردوودا، بێ کارێکی توندوتیژ شتێك بنووسرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی رووی‌دا.

ح- بەپێچەوانەی پارچە پارچەبوونی رەوتی سیاسی ئیسلامی، بەسەر چەند باڵێکی جیاوازو ناکۆك لەگەڵ یەکترداو دابەش بوونی گوێڕایەڵییان لەنێوان سەرکردایەتی جۆراو جۆرو جیاوازدا، لەبەرامبەردا دەبینین رەوتی قیبتی زۆر یەکانگیرو یەکگرتوو دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی وەها کەپێشتر وێنەی نەبووە، هەروەها هەمووشیان گوێڕایەڵی تەواویان بۆ یەك سەرکردایەتی شەرعی هەیە، ئەویش (پاپا)یە، وێڕای ناڕازیبوونی نووسەریش سەبارەت بەوەی کەپیاوانی ئایین سەرکردایەتی کاری سیاسی بکەن لەهەردوولای ئیسلامی و قیبتی بەڵام یەکگرتویی رەوتی سیاسی قیبتی لەژێر یەك سەرکردایەتیدا کە ناکۆکی لەسەر نییە، خاڵێکی نەرێتی روون و ئاشکرایە، چونکە ئەگەر کۆنترۆڵکردنی (کاری ئیسلامی) لەتوانادا نییە، ئەوا مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی (کاردانەوەی قبتی بەهۆی توانای لێکگەیشتن لەگەڵ سەرکردایەتیەکەیی و پانتایی و بواری لێبوردن زۆر فراوانە لەخاڵی هەست بەمەترسی کردنی کەمینە و هەوڵە پاساو کارییەکانی بۆ سنورداركردنی گیروگرفتەکەیان، دواتریش لەکاتی موناقەشەکردنی شێوازی چارەسەرکرندا، ئەم خاڵە بەدرێژی باس دەکەین.

www.pertwk.com



خ- کەمینەی قیبتی لە میسردا بەپێچەوانەی زۆربەی کەمینەکانی وڵاتانی جیهان، کەمینەیەکی هاتوو نییە، بەڵکو کەمینەیەکی رەسەنە، ئەمەش مەسەلەیەکە وادەکات بەچاوی کەمینەی هاتوو و بێگانە یا کەمینەیەك کەدەشێت پاڵیان پێوە بنرێت و بگێڕدرێنەوە بۆ زێدی رەسەنیان، یان مل کەچی و گوێڕایەڵی دەرەکییان هەبێت، سەیرکردنیان بەو چاوە، کارێکی ئاستەم و نەشیاوە هەروەها لەلایەکی دیکەوە، ناشێت بەهیچ شێوەیەك گومان لە گوێ رایەڵیان بۆ خاکی میسرو نیشتمان و مێژوو بکرێت، ئەمانەش هەمووی چەند هۆکارێکن وادەکەن پاساوەکانی ململانێی تایفەگەری کەمبکرێتەوە..

ی- پەیڕەوکردنی کەمینەی قیبتی بۆ هەندێك داواکاریی سیاسی لە باوەڕێکی ئایینیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، هێندەی ئەوەی لە لەچەمکی مافەکانی مرۆڤ لە جیهانی هاوچەرخدا سەرچاوە دەگرێت، بەواتایەکی دیکە، هەڵوێستەکەیان زادەی زەمینەیەکی سیاسییە، نەك زەمینەیەکی ئایینی، هەروەها ئەم هەڵوێستە بریتییە لەکاردانەوەیەك کەلەئاکامی سنوور بەزاندنی کارو کردەوەی بەرامبەر بۆ سنووری مەعقولیەت لەدایك دەبێت، ئەم مەسەلەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە رووبەڕووبوونەوەکە بەئاراستەی کەمکردنەوەو سنووردارکردنی کارەکە هەنگاو بنێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی ئیجابیە.

ك-زیادبوونی توندڕەویی سیاسیی ئایینی بووەهۆی سەرهەڵدانی رەوتێکی فیکری عەلمانی دیارو ئاشکرا، کە کۆمەڵێك لەبیرمەندان لەوتارو نووسینەکانیاندا پەیڕەوییان لێکردو توانیی دوای نائامادەگییەکی زۆر، خۆی لەگۆڕەپانی بنەما حزبییەکانەوە بسەپێنێت، دیارە لەبواری پەیڕەوی کردن لەعەلمانیەت و بانگەوازکردن بۆ پابەندبوون پێوەی، لێرەدا راستە رێگای ئەو دیالۆگەی لەئارادایە، ئەوەش بەشوێن گرتنەوەی رەوتی میانڕەوی ئایین لەلایەن رەوتی عیلمانییەوە لەو دیالۆگەی ئێستا لەگەڵ توندڕەوەکاندا لەئارادایە..

ل-لەگرنگترین خاڵە نەرێتییەکانی ئەوەیە، کە زۆرینەی هەرە گەورەی گەلی میسر،تا ئێستا لەدەرەوەی بازنەی دیالۆگەکاندان، ئەگەر بێتو وەك خاڵێکی





ئەرێتی بژمێردرێت لەوەدا کە هاوسۆزییان لەگەڵ توندڕەوەکاندا نییە، بەڵام وەك خاڵێکی نەرێتیش دەژمێردرێت لەوەدا کەئامادەی بەرسنگ لێگرتن و رووبەڕووبوونەوەی توندڕەوەکانیشیان تێدا نییە.

**3-نەرێتییەکانی واقعی ئێستا:**

أ- راگەیاندن:

**(أ-1) لۆژیکی دیالۆگی ئایینی:**

لۆژیکێکی هەڵە بەسەر راگەیاندندا زاڵە، ئەویش مەنتیقی دیالۆگی (ئایینی)یە، لەگەڵ ئەوانەدا کە توندڕەون لەبیروباوەڕی ئاینیاندا، هەڵەی ئەم لۆژیکەش بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1-ئەوە دیالۆگێکی (ئاینی - ئاینی)ە، لەهەموو بارێکدا هەردوولایەنەکە دەگەیەنێتە یەك ئاکام، کە لەناوەڕۆکدا بریتییە لەرازی بوون بەژمارەیەکی زۆر لەو تۆمەتانەی توندڕەوەکان دەیدەنە پاڵ کۆمەڵ. وەك لادان و دەرچوون لەئایین، هاوشانی ئەمەش لایەنی حکومەت کەلە دیالۆگەکەدایە، هەوڵی ئەوە دەدات، توندڕەوەکان لەبەکارهێنانی توندوتیژی پاشگەزبکاتەوە، لەماوەی ئەم هەنگاوانەشدا پێشینەی سیاسیی توندڕەوەکان بەژێر لێوەوە دەکرێت و پشت گوێ دەخرێت..

2-دیالۆگی (ئاینی - ئاینی)وا لەوکەسە دەکات کە بەدواداچوونی لەسەر دەکات، کە لەنێوان دەوڵەتێکی ئایینی توندڕەو یان دەوڵەتێکی ئایینی میانڕەودا، سەرپشك بێت کامیان هەڵبژێرێت، ئەمەش مەسەلەیەکی ترسناکە، ئەگەر بەئەنقەست بێت، لەوەش ترسناکترە ئەگەر بێتو بەئەنقەست نەبێت.

3-توندڕەوەکان خاوەنی مێتۆدێکی تەواو کامڵ و یەکانگیرن، بەچاوپۆشی لەهەڵەو راستی ئەو میتۆدە، لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەوانەی دیالۆگیان لەگەڵدا دەکەن لەبڕێك ئیجتهادی نارێك و نەخەملیو تێپەڕ ناکات،

www.pertwk.com



لەزۆربەی کاتەکانیشدا هەڵوێستیان زیاتر لەهەڵوێستێکی بەرگری و خۆپارێزی دەچێت، ئەمەش مەسەلەیەکە کاریگەرییەکی دەروونی زۆرو نەرێتی هەیە..

4–رای گشتیی لەمیسردا زیاتر کاریگەرێتیی ئینتیباعی لەسەرە نەك کاریگەرێتی قەناعەت و باوەڕ، بۆیە ئەو وێناکردن و بۆچوونەی لای ئەوانە دروست دەبێت کەتەماشای دیالۆگێکی نێو تەلەفزیۆن دەکەن، یا لەرۆژنامەیەکدا دەیخوێننەوە، ئەوەیە کەئەوان رووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو گروپ دەبینن، گروپێکی خاوەن باوەڕی راستگۆ، بەرامبەر بەگروپێکی دیکە کەتەنها ئەرکێکی رەسمی بەجێ دەگەیەنن، یان راستر بڵێین گروپێکی خاوەن ئینتمایەکی رەسمی راستگۆ.

5–زۆرجار دیالۆگ ئاکامی پێچەوانەی چاوەڕوانکراوی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە بەرنامەی (ندوة الرأي) لەتەلەفزیۆن میوانداری لەزانایەکی ئاینی پیاوچاك و زیرەك کرد کەبەمیانڕەوی بەناوبانگە، ئەویش (شێخ محمد الغزالی)بوو، کاتێك پرسیاری ئەوەیان لێکرد ئاخۆ رای بەرامبەر عیلمنایەت چیە؟ لەوەڵامدا وتی:

(هەرکەسێك داوای عەلمانیەت بکات و بانگەشەی بۆ بکات، بەهەڵگەڕاوە لەئیسلام دەژمێردرێت). کاتێکیش لەهەمان ئەڵقەدا پرسیاری ئەوەیان کرد، ئاخۆ راوبۆچوونی بەرامبەر بەڕای هاوڕێیەکی چۆنە سەبارەت بەکافر لەقەڵەم دانی حاکم و دەسەڵاتدار، وەڵامێکی وەهای دایەوە کەبۆنی ئەوەی لێدەهات گوایە ئەو لەهەمان بەرنامەدا، بەتوندییەکی زۆرەوە هێرشێکی پیَ پاساوی کردە سەر یەکێك لەئەندامانی گروپی (التبلیغ) لەوەڵامی خستنەڕوویەکی شێوازی کارکردنەی ئەو گروپە، کەتیایدا زۆر زیرەك و میانڕەوو ئایین پەروەر خۆی نیشان دا، ئەو مەسەلەیەی کەپاڵ بەبینەرەوە دەنێت بەئاراستەیەکی جیاواز لە ئامانجی بەرنامەکە، نموونەی ئەمەش زۆرە..

6–پرسیاری گرنگ و یەکلاکەرەوە، سەبارەت هەڵەی بەمێتۆدی دیالۆگ بەم شێوەیەی ئێستا ئەوەیە، ئاخۆ ئەو بەرنامەیە توانیویەتی چەند توندڕەو ساردو





پاشگەز بگاتەوە کەدەست بەرداری توندڕەویەکەی بێت؟ وەڵامەکەی بەمەزندە، هیچ کەسێك نییە، چونکە ئەودەم و چاوانەی لەمیانڕەوەکانن، ئەوەی ماوەی چوارساڵ دەبێت هەر ئەوانن، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو بەرنامەیە ژمارەیەکی زۆر لەو توندڕەوانەی لەگەنجە میانڕەواکنیش بەرەو توندڕەوی بردوە.

ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەنووسەر دژی دیالۆگە، بەڵکو ئەوەنووسەرەکە لەگەڵ دیالۆگدایە، بەڵام بەمەرجێك دیالۆگ بێت لەنێوان بیرۆکەی دەوڵەتی دینی و بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنی و لەسەر بناغەیەکی سیاسی ئەنجام بدرێت و هەموولایەنە راستەقینەکانی دیالۆگ تیایدا بەشدار بن.

(أ–2) **شێوازی هەڵمەتەکانی راگەیاندن:**

راگەیاندنی ئێمە وا راهاتووە، کەلەکاتی رووبەرووبوونەوە ئەمنیەکاندا، پەنا بۆ هەڵمەتی چڕوپڕی راگەیاندن بەرێت و بەتۆنێکی بەرزیش پیادەی بکات، بەمەبەستی چارەسەرکردن و رووبەڕووبونەوەی توندوتیژی سیاسی ئاینی، کەزۆرجار ئەم هەڵمەتانە لەکاتێکی هاوشانی ڕووبەڕووبوونەوەکان دادەبێت کاتێکیش رووبەڕوو بوونەوەکان کۆتاییان دێت، راگەیاندنەکە سارد دەبێتەوەو کەف و کوڵی هەڵمەتەکە دەنیشێتەوەو دەست دەکرێت بەنووسینی و وتارگەلێك کەتوندڕەوەکان بەنیازپاك لەقەڵەم دەدات، گوایە ناهەقییان بەرامبەر کراوەو دەوڵەت کەمتەرخەم بووە لەئەنجامدانی دیالۆگ لە گەڵیانداو بەدەنگ بانگەوازەکانیانەوە نەچووە کە داوای بەها راستەکانی ئایین دەکەن.

بەدڵنیاییەوە، ئەم شێوازی هەڵمەتی راگەیاندنە (ئەمنیە) لەناواخنیدا پشکێکی زۆر هەڵەی تێدایە، چونکە لەلایەکەوە لەبەرامبەر رای گشتیدا زیاتر لەهەڵمەتێکی ئەمنی دەچێت، نەك سیاسی یان فیکری، لەلایەکی دیکەشەوە زیادەڕۆیی کردن تیایدا هەندێك جار دەبێتەهۆی ئاکامی پێچەوانە، وەك هاوسۆزیی بۆ توندڕەوەکان پەیدا دەبێت، یان قەبارەیان لەبەرچاوی رای گشتیی گەورە دەبێت، بەدڵنیاییشەوە، پێویستە شێوازی هێڵی سیاسی جێگیر،

www.pertwk.com



لەبەرامبەر توندڕەویدا پەیڕەو بکەین, ئەویش ئەو ئەڵتەرناتیڤەیە کەپێویستە ڕێچکە هەڵگری بین..

(أ-3) **تەلەفزیۆنی ئایینی:**

سەرپەرشتیارانی تەلەفزیۆن کەوتوونەتە کۆمەڵێك هەڵەوە, کەلەئاکامدا کۆمەڵێك خاڵی نەریتی لێکەوتۆتەوە کە کاریگەریی هەیە, بۆ سەر توانای ئەو ئامێرە ترسناکە لەکارکردنە سەر رای گشتی, چونکە لەلایەکەوە تەلەفزیۆن پانتاییەکی فراوانی بۆ بەرنامە ئایینییەکان تەرخان کردووە, ئەمەش هاندەر بووە بۆبەرزبوونەوەی دەنگی توندڕەوەکان بۆ هێرش کردنە سەر بەرنامەکانی تەلەفزیۆن, کەبۆتە هۆی هەنگاوی زیاتر لەو ڕێگایەداو هەر ئامارێك بکرێت بۆ بەدیارخستنی ژمارەی کات ژمێرەکانی پەخشی ئاینیو ڕێژەکەی لەگەڵ سەرجەم سەعاتەکانی پەخشداو گەشەکردنی ئەم ڕێژەیە لەسێ ساڵی رابردوودا, جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەتەلەفزیۆن لەهێڵە باوەکەی خۆی پاشەکشەی کردووە, ئەوەش پاشەکشەیەکە کەهیچ سنوورێکی بۆ نییە, چونکە داواکاریی توندڕەوەکان بۆ دەست بەرداربوونو پاشەکشە سنووری نییە, , لەوانەشە باشترین نموونەی ئەم پاشە کشەیە, ئەوەبێت کە بانگ لەکاتی خۆیدا بەتەواوەتی پەخش دەکرێت, پاشان فەرموودەیەکی پێغەمبەریشی بۆ زیادکرا دوای بانگی نوێژ,بێ ئەوەی هیچ زەرورەتێك لەئارادا بێت, هەر لەهەمان بابەتدا, رۆژنامەی (النور) لەژمارەی رۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 29/ئازار/1985دا, داوای ئەوەی کردووە کەدوای فەرموودەکە, لێکدانەوەو شیکردنەوەکەش پەخش بکرێت, ئەمەش نموونەیپێشبڕکێ بەرەو دواوە بەرجەستە دەکات کە





تەلەفزیۆنیش تیایدا بەشدارە, بەواتایەکی وردتر, تەلەفزیۆن پێشبڕکێ لەگەڵ بیروڕای تونڕەوەکاندا بەرەو دواوە دەکات[]

لەنموونەکانی دیکەی هەڵەی ئاراستەی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی, ئەوەیە کەبەدیاردەی شێخ شەعراوی ناوزەدکراوە, کەتەلەفزیۆنی میسری لەئاکامی پێداگرتن لەسەریو بەخشینی پانتاییەکی رۆژانە پێی لەتەلەفزیۆدا, کردیان بە ئەستێرەیەکی تەلەفزیۆنیو گەورەیان کرد, تا ئەوکاتەی قسەکانی هەستی برا قیبتیەکانی بریندار کردو زیاتر لە جارێك لاقەی بیروباوەڕیانی کرد, تەلەفزیۆن نەیتوانی هیچ بکات بەرامبەریان, کاتێکیش ویستیان بەرنامەکەی لەکاتێکی کەمتردا شوێن بکەنەوە, بینەران وروژانو لەڕێگای لافاوێك نامەوە گوزارشی لەناڕەزاییەکەیان کرد, بەم شێوەیە سەرپەرشتیکاران ڕووبەڕووی ئاستەنگێك بوونەوە کە بەدەستی خۆیان دروستیان کرد, نموونەکانی هەڵەی تەلەفزیۆن زۆرنو باسکردنیان درێژە دەکێشێت, بەڵام لەهەموویان ناقوڵاتر, ئەو بەرنامەیە بوو کەلەمانگی رەمەزاندا پەخشکراو, نووسەرە خاتونەکەی گوتبووی گوایە نیوەی پاشا فیرعەونییەکانی موسڵمان بوون, ئەگەر تەلەفزۆین بەهەقی خۆی بزانێت کەموسوڵمان بوونی فیرعەونەکانی رابگەیەنێتو ئاشکرای بکات, ئەوا ئەوکات توندڕەوەکانیش ماڤ خۆیانە دروشمەکانیان هەڵبڕنو زیادەڕۆیی لەتوندڕەوییان بکەن, چونکە باوەڕی تەواویان هەیە کە لەڕووقایمیو توندرەویدا بە تەلەفزیۆن ناگەن.

[] لە رۆژنامەی (الاخبار) لە رۆژی1986/7/4 لەلاپەرەی (2)دا (واتە دوای 9مانگ لەبڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە, ئەم هەواڵە بڵاوکرایەوە (ئێستا تەلەفزیۆن لەبیری ئەوەدایە حەدیسە ئاینییەکان راڤە بکات کە راستەوخۆ دوای بانگ بڵاودەکرێنەوە بۆ سوودوەرگرتن لێیو تەنیا ئەوە نەبێت کە وتارەکە بە زەنگی هونەرمەند محەمەد سەبع بخوێنرێتەوە)).

www.pertwk.com



(أ-4) **سوپای نهێنیی راگەیاندن...**

کاتێك مانگی ئایاری ساڵی 1985 دەست نیشان کرا بۆ موناقەشەی یاساکانی شەریعەت, گەلی میسر لەناکاو لەمانگەکانی کانوونی دووەم‌و شوباتی هەمان ساڵدا, رووبەڕووی هەڵمەتێکی رێکخراوی راگەیاندن بوونەوە, کەسەرجەم ئەو رووداوو کێشانەی قۆستەوە کەلەماوەی ئەو دوو مانگەدا روویان دابوو, بەمەبەستی رێخۆشکردن بۆ پراکتیزەکردنی شەریعەتی ئیسلامی, کە لێرەدا هەندێك نموونەیان کورت دەکەمەوە:

*-شەش کوڕی گەنج, دەست درێژییان کردە سەر کچێك کەلەگەڵ دەزگیرانەکەیدا لەئوتۆمبیلێکدا بوون لەیەکێك لەشەقامە چۆڵەکانی گەڕەکی (معادی), کە پاشان پزیشکی دادوەری سەلماندی کەهێشتا کچە, ئیدی رۆژنامەکان تیشکیان خستە سەر ئەم کێشەیە, لەم کارەشیاندا کەباسیان لە رووداوەکان کردو دەیانخستنە روو یان دانیشتنەکانی دادگایان دەخستە ڕوو, هەوڵیان دەدا تەرکیز بکەنەسەر بانگەشە کردن بۆ پراکتیزە کردنی سزای شەرعی داوێن پیسی یان دەستدریژی) و هیچ وتارێك یان بابەتێك کەدەنووسرا سەبارەت بەرووداوەکە, بێ بەش نەبوو لە رایەکی ئاینی یان فەتوای پیاوێك لەپیاوانی ئایین, ئەو ئاراستەیەش سەرکەوتوو بووو لەوەدا کە کاربکاتە سەر بڕیارەکە (ئەو مەسەلەیەی کەقازییەکە خۆی لەلێداونێکدا بۆ رۆژنامەکان دانی پێدانا, کەنەدەکرا رای گشتیی لەکێشەکەدا پشت گوێ بخرێت), ئەوەبوو پێنج لە شەش گەنجەکە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو, بەلام لەکارکردنە سەر حوکمەکە ئەو کاریگەرییە بوو کە ئاراستەی رای گشتی کرابوو, کەناوەڕۆکێکی یاسا دانراوە مرۆڤ کردەکان کەڵکی ئەوەیان نەماوە پارێزگاری لە ناموسی خەڵکی بکەن, بەدیلەکەشی لەجێ بەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامدا خۆی دەبینێتەوە..

*-گەنجێکی دەروون نەخۆش (ئەمە سەلمێنراوە) باوك‌و دایکی خۆی کوشت, راگەیاندن ئەو مەسەلەیەی قۆستەوەو کەوتە راگەیاندنی ئەوەی کەئەو گەنجە





لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی (وجودی) رووخێنەردا بووەو بێ باوەڕییەکەی هۆکاری ئەو تاوانەی بووە, پوختەی ئەو هەراو زەنایەشیان ئەوەبوو کە گێڕانەوەی کۆمەڵ بەرەو ئایین, تەنها چارەسەرو فریادڕەسەو زۆر پێویستە کۆمەڵ لە(فەلسەفە لادەرە دانراوەکان) بپارێزرێت.

*-راگەیاندن رووداوی خۆکوشتنی کچێکی مەغریبی قۆستەوە کەلەماڵی ئاوازدانەرێکی بەناوبانگدا ئەوکارەی ئەنجام دابوو, بەمەبەستی ئەوەی وا لەخەڵکی بەگەیەنێت, میسر بۆتە هەوارگەی بەدمەستان‌و بۆتە مەیخانەیەکی گەورە کە کچە شۆخ‌و شەنگ‌و رووتەکان بەجامی مەیەوە بەسەر مەستەکاندا دەسوڕێنەوە, ناوەڕۆکی ئەوەش کەبە خوێنەران گەیشت, وەك پەیامێکی روون‌و ئاشکرای راگەیاندن, مەسەلەی زەرورەت‌و پێویستی جێ بەجێکردنی سزای شەرعی مەی خواردنەوەو زەرورەتی بونیادنان‌و دامەزراندنی کۆمەڵێکی ئیسلامی (نموونەیی) بوو.

*-چیرۆکی بەناوبانگی (الف لیلة ولیلة)حوکم دار بەتۆمەتی (رووتی‌و وشەی ناشرین) هەرچەندە کەئەو چیرۆکە سەدان ساڵە هەیەو کەسیش دژی نەبووەو قسەی لەسەر نەکردووە, راگەیاندنیش لەبری ئەوەی بەرسینگ لەو (ئاتونە فیکرییە)بگرێت, بەقەڵەمی کەڵە نووسەران پشتیوانی لێکرد, دەنگی بەرهەڵستکارانیش لەو نێوانەدا بوو بە حوکمدان لەسەر فیکرو ئەدەب‌و هونەر لەگۆشە نیگای ئاینییەوە, ئەمەش لۆژیکێکی یەکجار ترسناکە, بەلام هەنگاوێکی رێگە خۆشکەرە بەرەو ئەوەی کۆمەڵ بەرو رووی هەنگاو بنێت, یان راستتر بڵێین کۆمەڵ بەئاراستەی راپێچ بکەن.

*-بۆ جاری سێهەم, مەسەلەی بەهائی گفتوگۆی لەبارەوە کرایەوە (جاری یەکەم لەسەرەتای شەستەکاندا بوو, جاری دووهەم لەسەرەتای حەفتاکاندا بوو).دوای ئەوەی هەر دوو جاری پێشوو, وەك ئاینزایەکی لادەر لەئیسلام قسەی لێکرا, جاری سێهەم لەسەر حەقیقەتی خۆی خرایە روو, وەك ئاینێکی نوێ,

www.pertwk.com



مەسەلەکەش لەسەر بنەمایەکی فیکریو یاسایی قسەی لێوەکرا, بەئاراستەیەکی روونیش بەپێویستی پراکتیزە کردنی سزای (هەڵگەڕانەوە) بەسەریاندا..

*–راگەیاندن زۆر تیشکی خستە سەر کێشەی ئەو پێغەمبەرە ساختەیەی کەبە (بریقع) ناسراوە, ئەو مەسەلەیەی کەخەڵکی ئاسایی ئەو ئینتباعەی لادروست دەبێت کەئەوە کێشەیەکی تاکەکەسی یان رەوشتییە, بەڵام راگەیاندنەکان لەرێگای بیرۆکەیەکی دیکەوە خستیانەڕوو, ئەویش بیرۆکەیەکە, ناوەڕۆکەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵی عیلمانیی میسر, لەسایەی یاسا دانراوەکانیدا رێگا خۆش دەکات بۆ سەرهەڵدانی ئایینو پێغەمبەری دیکە, ئەمەش هۆیەکەی بۆ جیٚبەجێنەکردنی سزای (هەڵگەڕانەوە).

دەتوانین نموونەی زۆری دیکە بهێنینەوە, بۆ پێکهاتەکانی ئەو هەڵمەتە شەرعییەی راگەیاندن, کە راگەیاندن بەئاراستەی رێگە خۆشکردن بۆ چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام رایگەیاند, ئەمەش مەسەلەیەکە (مەتەڵێك) دەخاتە ڕوو, کە هەڵهێنانی کارێکی قورسەو ناوەرۆکەکەشی دەڵیٚ:

*دەوڵەت ئێستا پراکتیزەکردنی شەریعەتی ئیسلام بە زەرورەت نازانیٚ.

*ڕاگەیاندن پاشکۆی دەوڵەتە.

*ئێستا راگەیاندن هەڵمەتێکی بەئاراستەی جیٚبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام راگەیاندووە..

ئەم مەتەڵەش تەنها یەك وەڵام هەڵیدەهێنێت, ئەویش ئەوەیە کە سوپایەکی نهێنی راگەیاندن بوونیان هەیە, هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام دەدەنو بەرژەوەندییەکانی باڵادەستان بەسەر راگەیاندندا پێشێل دەکەن بەرەو بەرژەوەندیی دیکە, کەدەشیٚ لێی بکۆڵینەوە, یا لەدەرفەتیکیدیکەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین..

(أ–5) **ڕاگەیاندن و ئاسایش..**





سەرکردەکانی راگەیاندن پاساو دەهێننەوە بۆ خۆتێهەڵقورتاندنی دابینکەرانی ئاسایش سەبارەت بەو بابەتانەی تایبەتن بەم مەسەلەیە, یان پەخشو بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندە ڕەوی پەخش دەکرێت, بەوە پاساوی بۆ دەهێننەوە کە زۆر پێویستە هاوئاهەنگی لەنێوان لێکدانەوە سیاسیو ئەمنییەکاندا هەبێت, سەبارەت بەو مەسەلانەی پەیوەستن بە دیاردەیەك هەردوو رووی سیاسیو ئەمنی تێدایە, وبەچاوپۆشی لە ئەندازەی راستیو هەڵەی ئەم لۆژیکە, چونکە مەسەلەکە لەتەنها هاوئاهەنگی کردن تێپەڕدەبێت, ودەبێتە هۆی زاڵبونی لۆژیکی ئەمنی بەسەر لۆژیکی ساسیداو ئاکامی پێچەوانەشی لێدەکەوێتەوە, نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە زۆرە, کە زۆربەیان پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی دەنگو باسو هەواڵی پەیوەست بەو دیاردەیەوە, بۆ نموونە دەزگاکانی ئەمن نوێژکردنیان لە مزگەوتی (النور)دا قەدەغە کرد, دوای هەوڵی رێپێوانەکەی (حافظ سلامة) تاوەکو دەستکاریو چاککردنی مزگەوتەکە تەواو دەبێت, توند رەوەکانیش بەدەست درێژی کردنی چەکدار بۆسەر پیاوانی ئەمن بەرپەرچی حکومەتیان دایەوەو چەقۆو شتی لەو بابەتەیان بەکار هێنا, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەردوولا پێکراویان هەبێت, ئەوەبوو سەرجەم ئاژانسەکانی هەواڵی نێودەوڵەتی ئەم هەواڵەیان بڵاوکردەوە, بەڵام لە میسردا بەهۆی رێنمایی ئەمنیەوە بڵاوکردنەوەی قەدەغە کرا, ئەمەش پێناچێت مەسەلەیەکی شیاوی تێگەیشتن بێت, چونکە لە جیهانێکی والادا, نە هەواڵ دەشیٚ پەردەپۆش بکرێت, نە بڵاوکردنەوەش زیانی هەیە, بەپێچەوانەوە تا دوائەندازە سوودمەندە, ئەوەبوو دواتر ئەمن ڕێگای دا هەواڵی لەبارەوە بڵاوبکرێتەوە, لەکاتی نێوان ڕێگەپێنەدانو رێگا پێدانیدا دەستی مەزندەی ئەو کاریگەرە خراپەی دەست تێوەردانی ئەمن لە بواری راگەیاندندا بکەین..

(أ–6) **داوەکانی ڕاگەیاندن..**

www.pertwk.com



ژمارەیەکی زۆر لە پێشەنگان‌و سەرکردەکانی راگەیاندن‌و فیکر, بەلایانەوە پەسەندە کە وتارەکانیان بەدەستەواژەی لە جۆری (کەسێك نییە سەبارەت بە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام ناکۆك بێت, گەل قسەی خۆی کردووە, حکومەتیش پەیمانی خۆی داوە, حیزبە بەرهەلستکارەکانیش لایەنگیری خۆیان دەربڕیوە, ئەوە مەسەلەیەکە یەکلاکراوەتەوەو ناکۆکی لەبارەوە نییە).

(بەڵام) ئاخ لەم (بەڵام)ەو لەو دەستەواژانەی بەدوایدا دێن‌و ناکۆك‌و ناتەبان لەگەڵ دەستەواژەکانی پێش خۆیاندا تا دوائەندازەی نەگونجان‌و ناکۆکی, بەڵکو لەوانەیە وتارەکە بەرەتکردنەوەی پراکتیزەی شەریعەتی ئیسلامی کۆتایی بێت, لەژێر کۆمەڵە ناوێکدا کە لەسەرخۆترینیان مەسەلەی پلەپلەییەو توندترینیشیان ئەوەیە کە نووسەر رووی دەمی بکاتە توندڕەوەکان, پرسیاری لە جۆری ئەمانەیان لێبکات.. ئێوە جارێ پێمان بڵێن چیتان دەوێ؟ وەك ئەوەی گوێی لە قسەکانیان نەبووبێت, یان سەبارەت بەکوشتنیان هیچی نەبیستبێت, ئیدی بابای نوسەر یان بیرمەند پێی وایە, داوێکی باشی بۆ ناونەتەوەو دانە خۆرەیان دەکات, بەدانانی پارچە هەویرێك دەست پێدەکات, بەلای خۆیەوە هەویرەکە ئەو دەستەواژانەیە کە وتارەکەی پێ دەست پێکردووە و پێی وایە قوتدانی لای توند ڕەوەکان ئاسانە, بەڵام لە کۆتاییدا کاتێك هەست بە خۆیان دەکەن کە لەکۆتایی وتارەکەدا سەرسامی بەرئەنجامی پێچەوانە دەبن, بەڵام راستیەکەی ئەوەیە داواکە بۆ خوێنەر دانراوە ئەو رۆژنامەیەی ڕۆژانە یەك ملیۆن ژمارەی لێدابەش دەکرێت‌و پێنج ملیۆن کەس دەیخوێننەوە, لەسەر دەستی کاکی نووسەر یان بیرمەندی گەورە داوێکی بۆ ئەو ملیۆنان کەسە ناوەتەوە, هۆیەکەشی ئەوەیە کە لەم جۆرە مەسەلە هەستیارو چارەنووسسازانەدا (بەڵام) شوێنی نابێتەوە, رێك وەك ئەوەی شانۆگەرییە بەناو بانگەکە دەیڵێت, لە یاسادا (زەینەب)نیە, یان لەگەڵدای یان دژی, لەبەرئەوەی تۆ قسەکەت بەوە دەست پێدەکەیت کە مەسەلەی شەریعەت یەکلایی بۆتەوەو مایەی رێکەوتنی گشتییە, ئیدی هەر قسەیەك دوای ئەم قسانە بێت, سوودی نییەو هەر (بەڵام) یێکیش, هەبێ باوەری بەو قسەو دەستەواژانە





نییە, کە باسی کردوون‌و رۆژ لە دوای رۆژ لەبەرچاوی خوێنەرانی دووبارەی دەکاتەوە وەك ئەوەی بریاردەری راگەیاندن بێت, بە دڵنیایشەوە ئەوەی باسی کردووە, بەداخەوە راست نییە, چونکە مەسەلەکە هەرگیز رۆژێك لە رۆژان وەك (مەسەلەیەکی سیاسی), مایەی رێکەوتنی گشتی نەبووە, حکومەتیش هەرگیز راستگۆ نەبووە کە پەیمانی داوە شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ بکات, بەڵکو ئەوەی رایگەیاندووە, بەباوەڕی یەقینی تەواوەوە بووە کە (هەموو شتێك لە میسر دوای ماوەیەك بیر دەچێتەوە), حیزبەکانیش هەرگیز ئەو دروشمانەیان بەرزنەکردۆتەوە کە باوەڕیان پێیەتی, بەڵکو ئەوەیان بەرزکردۆتەوە کە موزایەدەی پێوەبکەن بەسەر حکومەتدا, لەوانەیە ئەمە لەوەوە سەچاوەی گرتبێت کە درك بە مەترسییەکانی توند رەویی ئایین ناکەن, لەوانەشە لە هەمان کاتدا لە زانین‌و هەوڵدانەوە سەرچاوەی گرتبێت تاوەکو حکومەت ئەوەی چاندوویەتی بی‌دورێتەوە..

ئەم نموونەیەی سەرەوە, رای نووسەرێك نییە, یان برگەیەك نییە لە وتاری بیرمەندێك, ئەگەر وەهابوایە, شایەنی ئەوەنەدەبوو من باسی بکەم یان قسەی لەسەر بکەم, بەڵکو ئەوە (ئاوازێکە) بەسەر راگەیاندنی میسریدا زاڵ بووەو شێوازێکە گەورە نوسەرەکان لەسەری‌و راهاتوون مێزەرێکە سوورن لەسەر ئەوەی بیکەنە سەر ئەوانەی باجەکەی دەدەن (مەبەستم گەل)ە, بەردێکی قورسە پێدادەگرن کە بیماڵن بەتەوقی سەری ئەوانەی مووچە دەدەن, مووچەکانی خۆیان, مەبەستیشم (حکومەتە).

**( ب ) دیموکراسی لە نێوان رێگە پێدان‌و کەش‌و هەوادا...**

ئەستەمە رای گشتی میسر قەناعەت بە هەڵەی مومارەسەکانی رەوتی سیاسیی ئایینیی توندڕەو بکات, تاوەکو مومارەسەی دیموکراسی لە میسردا بەم شێوەیەی ئێستای بێت‌و تاوەکو لە بازنەی رێگەپێدانی دیموکراسیدا بخولێننەوە, کە لە رێگای دەسەڵاتی حوکمرانەوە, یان لە حیزبی حوکمڕانەوە

www.pertwk.com



دێت, بێ ئەوەی ئەو مەسەلەیە, بەرەو کەش و هەوایەکی دیموکراسی هەنگاوبنێت, کە ڕێگا خۆش بکات بۆ هەموو ئەوانەی حەزیان بە مومارەسەی کاری سیاسی هەیە, کە ڕۆڵیان هەبێت و حیزب و مینبەری ڕاگەیاندنیان هەبێت, بەپێچەوانەوە هەندێك جار ڕای گشتی لەگەڵیاندا هاوسۆز دەبێت و بەلای پاساو هێنانەوە بۆ دیاردەکانی توندو تیژی لە بزووتنەوەکەیاندا دەیشکێنێتەوە, بە بیانووی ئەوەی کەوا لە ئاکامی ڕێگەپێنەدانیان بۆ مومارەسەی کاری سیاسی پەنایان بۆ توندو تیژی بردووەو شێوازی ناشەرعیان بەکارهێناوە, یا بەواتایەکی دیارترو روون و ئاشکراتر, ڕێگایان پێنەدراوە حیزبی سیاسی بۆ خۆیان پێك بهێنن..

تاکە بیانوش کە بەرهەڵستکارانی ڕێگەدان بە ڕەوتە ئیسلامیەکان بۆ دامەزراندنی حیزب ئەوەیە, گوایە ئەگەر ڕێگا بەمان بدرێت, ئەوا لەبەرامبەردا حیزبی سیاسی مەسیحیش دروست دەبێت, ئەم مەسەلەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە میسر دووچاری بارێکی هاوشێوەی ڕەوشی لوبنان ببێت, بەڵام ئەم بیانوەش بەم خاڵانەی لای خوارەوە وەڵام دەدرێتەوە..

1– ڕێگەدان بە دروست کردنی حیزبی سیاسیی ئیسلامی, هیچ شتێکی تازە ناخاتە سەر گۆڕەپانەکە, چونکە ئەو ڕەوتە سیاسییە ئیسلامیەی کە ئەوە قەبوڵ دەکات (ڕەوتی ئیخوان موسلمین)ە, کە پێگەوبنەمای خۆیان هەیەو سەرکردایەتی خۆشیان هەیە کە نووسینگەی ڕێبەرایەتی گشتی نوێنەرایەتی دەکات و سەرۆکی خۆی هەیە کە عومەر تەلمەسانییە, کە ئێستا پۆستی ڕێبەری گشتی لەدەستدایە, لەوەش زیاتر ئەندامیان لە پەرلەماندا هەیەو کەپەیوەستەگی ئاشکراو ڕاشکاوی خۆیان بۆ ئەو ڕەوتە نەشاردۆتەوە..

2– پەیدابونی ئەحزابی سیاسی ئیسلامی – لەلایەکەوە دەبێتە هۆی ڕاوەستانی ڕاگرتنی موزایەدەی حیزبە سیاسیەکان لەسەر دروشمە ئاینییەکان و لەلایەکی دیکەشەوە, سنورێکی بەرچاوو بۆ موزایەدەی ئیمامی مزگەوتەکانی دادەنێت کە





ئەوانیش بەدروشمە ئاینییەکانەوە دەیکەین, چونکە بەو شێوەیە دەبن بە لایەنگیری حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەبانەکەدا.. کە ڕکابەری حیزبەکانی دیکەیە..

3– ئەم حیزبە نوێیانە ناچار دەبن بەرنامەیەکی سیاسی بۆ خۆیان دابنێن و چارەسەری گرفتە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵی تێدا ڕیز بکەن, وەك گرفتی نشتەجێبوون و نرخ و قەرزو ..هتد.

ئەمەش بوارێکی فراوانی تێدایە بۆ ناکۆکی نێوان خۆیان و جیاوازیی بۆچوونیان لەبارەی ئەو کێشانەوە, هەر تەنها ئەوەندە نا, بەڵکو ئەمە بوار بۆ هەموان دەڕەخسێنێت, بەمەبەستی دیالۆگ و گفتوگۆکردن لە گەڵیانداو ڕێگا بە بەتاڵ کردنەوەی ڕاو بۆچوونەکانیان دەدات, چونکە ئەو کاتە گۆڕەپانی موناقەشەکە ڕاست دەکرێتەوەو دەبێتە گۆڕەپانێکی سیاسی, نەك گۆڕەپانێکی ئاییني و ئەو کات هەموو لایەنەکانی ئەم دیالۆگە, دەبنە کۆمەڵە کەسانێك کە هەوڵ بۆ گەیشتنە دەسەڵات دەدەن, نەك لیژنە, ئەوانەی لەگەڵەوە نزیکن, نەك لەخواوە, ئەوانەی نیازی گەیشتنە دەسەڵاتیان هەیە, نەك شەهید بوون..

4–مەترسیش لە دروست بوون و پێکهاتنی حیزبی سیاسی مەسیحی, هیچ پاساوێکی نییە.. لەبەر چەند هۆیەك کە ئەمانەن:

أ– ئەزموونی مێژوویی ئەوەی سەلماندووە کە قیبتییەکانی میسر بەردەوام لەگەڵ حیزبە عەلمانیەکاندا هاوسۆزن, ئەوەش لە درك کردنێکی ڕاستەقینەیان بەوەی کە دوارۆژ بۆ پێکەوە ژیانە, نەك بۆ لێك دابڕان, بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە, کۆبوونەوەیان بوو لە ژێر ئاڵای وەفددا و گوێڕایەڵیان بۆی بەر لەشۆڕشی ساڵی 1952و مانەوەشیان لەسەر ئەو دڵسۆزییە تەنانەت دوای جیابوونەوەی گەورەترین سەرکردەی سیاسییان کە (مکرم عبید) بوو.

ب– ئەزموونی دامەزراندنی حیزبی مەسیحی ئاییني, پێشینەی هەیە لە مێژووی میسردا, کە خۆی لە حیزبی (میسر)دا ناساند, کە (أخنوخ فانوس) پێکەوەی ناو, کەمینەیەك نەبێت کەس پەیوەندی پێوە نەکرد, پاش چەند ساڵێك بەبێ دەنگی لەناو چوو, وەك چۆن بەبێدەنگی دروست بووبوو, بێ ئەوەی هیچ

www.pertwk.com



کاریگەرییەکی هەبێت بۆ سەر ڕەوتی ژیانی سیاسی لە میسرداو, بیٚ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی نەریتی هەبێت بۆ سەر کەش‌وهەوای یەکێتی نیشتمانی تیایدا...

من پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرم, کە ئەم رەوشەی ئێستا کە خۆی لە (رێگە پێدانی) دیموکراسیو سنووردارکردنی ئازادیی پێکهێنانی حیزبی سیاسیو کورتکردنەوەی ئەزموونی حیزبی لەو حیزبانەدا کە ئێستا هەن, کاریگەریەکی نەریتی ترسناکی هەیە, لەسەر واقیعی توندڕەویی سیاسی ئاینی لە میسردا, بەتایبەت کە ئەوکارە تەنها لە سنووردارکردنی رۆڵی ئەم رەوتە لە ئامادەگی سیاسیدا خۆی نابینێتەوە, بەڵکو بەرەو سنوردارکردنی حیزبە عیلمانیەکانیش درێژ دەبێتەوە, جا چ چەپ بن یا لیبڕاڵی..

ج– دەمارگیریی ئاینیی:

پێویستە هەمومان بەئاشکرا دان بەوەدا بنێین کە میسر بڕێك لە دەمارگیری ئاینیی تێدایە و ئەم بڕەش بوونی هەیە, بەڵام سنوورداره‌و هەندێك تایبەتمەندی هەیە کە لەگەڵ لۆژیکدا دژو ناکۆکە, چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریو پیشەییدا بەرز دەبێت زیاد دەکات, بۆ نموونە لە هەندێك بەش لە زانکۆکاندا بوونی بەرچاوی هەیە, بەڵام لە گوندو شارۆچکەکاندا زۆر کەمترە, داننان بە دیاردەی دەمارگیریدا, توانای لێکۆڵینەوەی شێوازی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەخاتە روو, ئاخۆ چارەسەرەکەی بە سەپاندنی سزای توند دەبێت بەسەر ئەوانەدا کە دەرکەوت بریارێکی لە ڕوانگەی دەمارگیرییەوە داوە یان چارەسەرەکە, بە نوێنەرایەتی کردنی رێژەی سیاسی دەبێت بۆ کەمینەکان, یان هەرچارەسەرێکی دیکە.

**چارەسەرەکە دەمێنێتەوە..**

ئەوەی پێشتر کە باسمان کرد, خستنە ڕوویەکی کورتی گرفتەکە بوو (پێناسەکەی– سروشتەکەی– نەرێتیو ئەرێتییەکانی واقعی ئیسٚتا) ئەوەش





ئەوەیە کە دەشێت بە مەبەستی موناقەشەی گشتی بخرێتەروو بەئومێدی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەر, ئەوەش بابەتی قسەیەکی دیکەیە.

www.pertwk.com



# شەڕە فیکرییەکان





## سندوقەکەی شێخ سەلامە*

ئەمەموژدەیەکە بۆ گەلی میسر, لەکاتێکدا لەهەموولایەکەو دەنگ بەرزدەبێتەوە بۆ پشت بەخۆ بەستن وبەدیهێنانی خۆ بژێوی لەخۆراکدا, و ئەمە موژدەیەکی بلاٚوکراوەیە لە نامیلکەیەکی قەشەنگی چاپ کراوو هەزاران بەهادا,[1] گەنجێك نووسیویەتی کەنازناوێکی زانستیشی هەیە زیاتر واپێدەچێت دکتۆرای هەبێت, ئەم بەرهەمە سالێك بەسەر چاپکردنیدا تێپەڕیوە, بێ ئەوەی نووسەرەکەی یان ئەوەی لەبارەیەوە نووسیویەتی لەخۆی ڕاببینێت ناوەڕۆکەکەی ڕاست بکاتەوە, ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت, هەردووکیان کۆك وتەبان سەبارەت بەناوەڕۆکەکەی, ئەوەش بوو کە لەسەرەتای وتارەکەمدا ناوم لێنا موژدە. ئەو موژدەیەی ئێمە لێی بێئاگاین و ئەویش لەبەردەستماندایە خۆمان بەقسەکردن لەبارەی ئابوورییەوە خەریك کردووە,ئەویش لەبەردەستماندایە, مێشکی خۆمان بەزانست وئیجتهادەوە ماندووکردووەو ئەویش لەسندوقەکەدایە پێم وایە ئەوەی باسمکرد کفایەتە بۆ وروژاندنت, منیش مەبەستم ئەوەیە تاوەکو تۆش لەگەلٚ مندا سەرت بسووڕمێت کاتێك چیرۆکێکی ئەو دکتۆرە گەنجە دەخوێنیتەوە کەچەندین جار لەمێشکیدا هێناویەتی و بردویەتی بەرلەوەی بینووسێت وبەرووناکبیرییە زانستییە کەشی شەن وکەوی کردووە ئینجا بەلێشاوێك لەرەوان بێژیو تاس ولوسەوە ئاراستەی ئێمەی کردووە, دوای ئەوەی بەکۆمەلێك کاریگەریی هەست وسۆز رازاندویەتییەوە. ئەگەر دەربڕینەکەم شیاو بێت, کورتییەکەشی بۆ ئەوەی رەزای خۆم قورس نەکەم, ئەوەیە کە شێخ(حافظ سلامة) لە ئابلۆقەی شاری

---

* نێردراویبۆ (الاهرام) و بلاٚونەکرایەوە.

[1] کتێبی( الشیخ بەخۆنتی عەرەبی)ی دکتۆر محەمەد مۆرۆ.

www.pertwk.com



(سویّس) لەنێو مزگەوتەکەدا رادەوەستێت سندوقێکی پڕلە کولیچەی جەژنی لەنێو دەستدایە, مزگەوتیش لەبەر نوێژکەران جمەی هاتووە, یا شێخ دەستی کردووە بەکولیچە بەخشینەوە, هەموو وەریان گرتووە بەئەندازەیەك هەمووان تاتێربوون خواردوویانە,بەلاّم سندوقەکە هەر بەپڕی مایەوە بزەی یاشێخیش لەرزەی نەدەکرد ئەو بزەپێکەنینەش هەزارو یەك واتای خۆی هەبوو..

بێگومان ئەمە موعجیزەیەکی مەزنە,وپێشکەشی ئەوانەی دەکەم کە ناڕازی بوون لەوەی رەخنەم لەرێپێوانەکەی یاشێخ گرتبوو, پێشیان رادەگەیەنم من ئەوپەڕی بڕوام پێیەتی. بەلاّم داواکارم ئەوموعجیزەیە بەردەوام بێت و چیرۆکەکەشی بەرەو خەملێن وکاملّ بوون بچێت, موعجیزەکە تەنها پەیوەست نییە بەکولیچە یان بەجەژنەوە, بەڵکو پەیوەستە بەتوانای یاشێخ لەبەرامبەر بێ توانایی ئێمەدا کەکارێکی هاوشێوەی کارەکەی ئەو ئەنجام بدەین هەروەها پەیوەستە بە پێویستی میللەتەوە_ میللەتەکەی من ویاشێخ _بۆشتێك کەسکیان تێربکات, تەنانەت گەر گەنم بێت یان نانی جۆ چ جای ئەوەی ئەگەر کولیچەیەك بێت رۆنی لێبتکێتەوەو لەنێو قامکی دەستدا هەڵوەرێت لەناسکیدا, ئەمەش مژدەیەکە بەهەموو ئەوانەی دەدەم کەبرسێتی برستی لێبڕیون, یان خواردنی نانی رەق ماندووی کردوون, یا ئەوەتا سەرقاڵی پەیداکردنی نانی منداڵەکانیان بێت بۆ ئەمڕو یاسبەی, هیچ خەمتان نەبێت چارەسەرەکەی لای مامە شێخەوبێگومان سندوقەکەش ئامادەیە, گەواهیەکەی دکتۆریش جێباوەڕو متمانەیە, هێندەمان لەسەرە هەلێك بۆ شێخ سەلامە بڕەخسێنین, ئیدی بەدرێژایی وپانی میسردا, دەنگی گۆرانی لێ هەڵبڕن و بلێن ((شیرینی بخۆن گاتۆ بخۆن چی دڵتان ئارەزووی دەکات بیخۆن)). هەمووما‌ن بەهەڵەداچوین کاتێك رەخنەمان لەکابرا گرت, سەلماندیشمان پسپۆڕەکانی ئازوخە هیچ کەراماتێکیان نییە لەولاّتەکەیاندا, ئەوەتا ئێمە هەل لەدوای هەلمان بۆ جەنابی وەزیری ئازوخەو خۆراك رەخساند





نەی توانی وەك ئەو پیاوە بکات, هەر خۆی بەسەردان وراپۆرت وبەدواچوندا, خەریك کرد, کەچی شێخ سەلامە بێ ماندووبون وخۆ ڕەنجاندن لەمزگەوتەکەی خۆیدا ئەو کارەی کردو هەودارانی خۆی بە بزەکەی خۆش مژدە کردبوو, بەو خودای کەعبەیە وایکرد, من ونموونەی خەڵکانی سادەو ساویلکەی وەك منی بۆڕ داکە تەنها باوەڕمان بەئەقل هەیەوئالاّی رێزگرتنی ئەقڵمان هەڵکردووە, ئەگەر مەسەلەکە ئەوەنەبوایە کە لەسەر نەریتی رەخنەی نەرم راهاتووم. ئەوا یەکسەر خۆم دەگەیاندە لای وەزیری خۆراك وداوام لێدەکرد شوێنەکەی خۆی بۆ شێخ سەلامەو سندوقەکەی چۆڵ بکات, کە دۆزینەوەی رێگەچارە نەك خۆبەزل زانین,ورزق نەك بەرهەمهێنان, وموعجیزە نەك کارکردن, وزەردەخەنە نەك بریار,وکێك نەك نانی جۆو, شێخ نەك وەزیر لەئارادایە.

خوێنەرنی ئازیز حەزدەکەم لەگەڵ ئێوەدا درێژە بەکۆمیدیایەك بدەم کەخۆی جددیاتە, وپێکەنینێکە لەخەم ودڵتەنگی هەڵکێشراوە, وبە گاڵتەیەك کەخۆی لەخۆیدا دڵتەنگییە, بەلاّم توانای درێژدادڕیم نیە, چونکە زۆر لەبارەی شێخەوە وترا, لەکاتێکی هاوسەردەمی رێپێوانەکەیدا, مەبەستیش لێی تاج لەسەرنانی شێخ بوو نەك رووخاندنی, بەرزکردنەوەی شوێن وپێگەی بوو نەك دابەزاندنی شان و شکۆی, ئەم کارەش خۆی لەخۆیدا گاڵتەکردنەبە ئەقڵی ئێمە, بەلاّم چۆن گاڵتە پێکردنێك لەوەش ئاسانتر نییە کە مێردمنداڵێك لەجگەرگۆشەکانمان نامیلکەکە بەدەستەوە بگرێت وباوەڕی پێبکات ودەست بەرداری خوێندن و فێرکردن بێت و رێزگرتن لەخورافات و بەکەم زانینی ئەقڵ لەمێشکیدا بچەسپێت, رێشی تێدەچێت خەڵکانی سادە وساویلکە باوەڕی پێبکەن, گەر ئێمە لەوەلاّمدانەوەو بەدرۆخستنەوەیدا کەمتەرخە میمان کرد, چونکە قسەکان هەموو ئاراستەی ئەو خەڵکە رەشۆکییە کراوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێکە لەهەڵمەتێکی ئەنقەست بەومەبەستەی, بەخەڵکی بلێن ئەگەر کابرانەیتوانی

www.pertwk.com



بەفیکرەکەی قەناعەتتان پێ بهێنێت, ئەوا قەناعەت بەکەراماتی بکەن وئەگەر لەتواناشیدا نەبوولەرێگای ئیجتهادەوە, چارەسەرتان پێشکەش بکات, ئەوا لەخوداوە ویست ومەبەستەکانتان بۆ جێبەجێدەکات.

ئەیخوێنەران, ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن سەرکردایەتی گەلی میسری بکەنو خۆیان بەشایستەی ئەو شوێنە دەزانن ولەخۆشیان ڕادەبینن وبەمەبەستی پێشڕەوی کردنی هەموومان بەرەو سەدەی بیست ویەك خۆیان بەخشیوە, چاوەڕوانی ئەوەشن دوایان کەوین, چونکە سندوقەکەیان لایە پەنا بەخوا, ناهێڵین ئەقڵت ماندووبکەیت,یا تەنانەت بەکاریشی بهێنیت ولەسەر دەستی ئەوان بەرێگای ئیستیخارە راست وهەڵەبەیەك جودا دەکەینەوە.

بەڵام ئەو جیهانەش کەسەرقاڵی نەوەنوێکانن بەدەست ئەم خێوەی کەپێی دەڵێن کۆمپیوتەر, یان ئەوەی تریان کەناوی(ڕۆبۆت)ە, یان وێستگەکانی بۆشایی ئاسمان, ئەوانە هیچ نین لەگاڵتە جاڕیو کات بەسەر بردن بترازێت, ئێمەش هێندەمان لەسەرە قسەکانی ئەوان دووپات بکەینەوە, ڕۆژهەلات دەلەرزێ ورۆژئاوا دانە چۆقەی پێکەوتووە لەترسی بەئاگاهاتنەوەی گروپە ئیسلامییەکان وداواکارییەکان بۆ دەربازبوون لەکۆمەڵ یان هەڵسان لەدژی وجیهان هەمووی دەلەرزێ کاتێك شێخ سەلامە ئەندێشەکانیمان بۆ دەهێنێت وبەمەبەستی گێڕانەوەی کۆمەڵ بۆ سەردەمی پێش داگیرکردنی بەریتانی وسندوقەکەی کەمیسر پڕدەکات لە کولیچەو پسکیت هەردوو هێزە مەزنەکەی دونیاش لەسەر هیچ کۆك وتەبانین, تەنها لەسەر ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو رەوتە نەبێت کەشێخ وهاوشێوەکانی سەرکردایەتی دەکەن.

## لەنێوان تەکفیرو تەفکیردا*

* لە(الاهرام, لە1985/7/8 دا بلاوکرایەوە.





ئەمە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی پەیوەندیی نێوان دوو ڕووداو, کەبۆیەکەم سات پێکەوە گرێدانیان قورس دێتەبەرچاو, بەڵام لەدووەم ساتدا رێی تێدەچێت, جەخت یانیمچە جەختە گەر بەوردی لێی بڕوانێت یان بیرت ماندووبکەیت, خوێنەریش مافی خۆیەتی لەکۆتایی وتارەکەدا, باوەڕبکات یان دڕدۆنگ بێت, یان گومان بکاتو سەراسیمە بێت, یان تەنها بە وەرزشێکی زهنی رازی بێتو رەتی بکاتەوە, چونکە رێگابەرەو هەقیقەت بەگومان دەست پێدەکات, بۆیە من راشکاوانە بەخوێنەر رادەگەیەنم کەبەگومانم لەبوونی پەیوەندییەك, لەنێوان ئەو هەوڵە سوورە بۆ بۆتیرۆرکردنی میری کوەیت, لەسەردەستی ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی (ئێرانی)و هەوڵی رێکخستنی رێپێوانی سەوز بەسەرکردایەتی شێخ (حافظ سلامة), بەلایەنگرییو پشتیوانی دەستو پێوەندەکانی رێکخراوی جیهادی ئیسلامی (میسری), چونکە ئامانجی کۆتایی, یەك ئامانجە ئەویش زیندەبە چاڵ کردنی ئەزموونی دیموکراسییە لەهەردوو ولاتدا, وئامانجی تاکتیکیشیان یەکە, ئەویش دەست وەشاندنو لێدانی شەرعیەتە, بەتوندوتیژیو پاکتاوکردن لەرووداوەکەی کوێتدا, بە دوگمایی و موزایەدە لەپرۆژەی رێپێوانەکەدا,

بەشمشێر هەڵکێشان بەرووی حاکمی کوەیتداو بەبەرزکردنەوەی قورئان بەرووی حاکمی میسردا, ئەگەر بێتو مەسەلەیەکی ئاشکرا بێت کەشمشێر خوێن بڕێژێتو قوربانی لێبکەوێتەوە, ئەوا واچاوەڕوان دەکرێت قورئانیش ئاژاوەو پشێویی بخاتەوەو هەڕەشە لە سیستمێك بکات.

مافی خوێنەریشە, رووەکانی وێنەکەی بۆ بگوازمەوە, وەك چۆن لەمێشکمدا کۆبۆتەوە, داواکارم لەخودا بەهەڵەدا چووبم, لەوانەشە هەڵەبم.

### رووی یەکەم.. لۆژیکی مێژوو:

www.pertwk.com



خوێنەربۆی هەیە پرسیار لەقەبارەی ئەو ڕێکەوتە بکات, کەلوبنان بسوتێت و گڕبگرێت لەکاتێکدا ئەو مێرگی دیموکراسیبوو لەناوچەی عەرەبیدا. لەئاکامی ئاگری ئاژاوەو پارچەپارچەبوون, میسریش هەمان سزا وەربگرێت لەئاگر کەوتنەوەکەی قاهیرەدا. دوای سی ساڵ لەمومارەسەرکردنی دیموکراسییەکی دەگمەن و بێوێنە لەناوچەکەدا, لەهەردوو حاڵەتەکەشدا پەنجەی تۆمەتبارکردن ئاراستەی کەسێکی نادیارو نەناسراو بکرێت و دەنگدانەوەی تەقینەوەکەی کوەیت ببێت بەتەکفیر لەقاهیرە, وەك ئەوەی هەڵبژاردنی هەردوو پایتەختەکە تەنها ڕێکەوت بووبێت و تەنها ڕێکخستنێکی قەدەر بووبێت تیایدا توندوتیژی بەکرانەوە دەگات, تەکفیر بە تەفکیر دەگات و دواکەوتنیش بەشارستانیەت و ئیرهابیش بە دیموکراسی.

## ڕووی دووهەم.. لۆژیکی جوگرافیا:

لەدەمەتەقێیەکم لەگەڵ سیاسەتمدارێکی ئەمریکیدا, پێی ڕاگەیاندم پێنج تانکی شیوعییەکانی کۆریا, لەپێنج ڕۆکێتی ئەتۆمی ئاراستەکراو لە ئۆکرانیاوە, زیاتر بێزارو ماندووم دەکات, وەك سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی.کاتێکیش بەگاڵتەوە پێم گوت, ئەی ئەگەر دەستیان بەسەر مەکسیکدا گرت,بەجدیەتەوە وەڵامی دامەوە.. ئەمە شتێکە کەس ڕێگای پێنات, لەوانەیە بتوانیت مێژوو بەجوگرافیا لێکبدەیتەوە یان شیبکەیتەوە, یان بەهەرشتێکی دیکە, بەڵام ناتوانی واقیع بگۆڕێت تەنیا بە (جوگرافیا) نەبێت.

کاتێك ئەوەم بیرکەوتەوە بەراوردم لەنێوان باردۆخی کوەیت دەکرد, لەبەرامبەر ئەوەی لە ئێرانی خومەینیا ڕێگەی پێدراوە, کەدەروازەی کوەیتە بەرەو ئاسیای ناعەرەبی و, لەگەڵ باردۆخی میسر لەبەرامبەر ئەوەی ڕێگەی پێدراوە لەسودانی (نومەیدا). دەروازەی میسربەرەو ئەفەریقیای ناعەرەبی, لەگەڵ ئەو هاواری





خۆشییە ڕانەگەیەندراوەی سەر زمانی هەندێك شیعەی توندڕەو لەکوێت و ئەو هاواری خۆشیە ڕاگەیەندراوەی سەر زمانی سەرکردە ئیسلامییە میسرییە ڕەسمی و نارەسمییەکان, لەخۆم پرسی و خوێنەریش بۆی هەیە لەگەڵ مندا پرسیار بکات, ئاخۆ ئەزموونەکەی خومەینی لەئێران, ئاکامی دیارو کاربۆ کراوی هەبوو لەکوەیتدا, وئایا ئەزموونەکەی (نومەیری) لەسودان, ئاکامی ویستراوی مەبەستداری هەبوو لەمیسردا, یان مەسەلەکەتەنها ڕێکەوتێکی جوگرافییە.

## ڕووی سێهەم.. تەڵەو بەرژەوەندی..

دانا خورپێم, ئەگەر هاتوو شێخ (حافظ سلامة) هەوڵەکەی دووبارە کردەوە, یان کەسانی دیکە بەهەمان شێواز, یابەشێوازێکی دیکە چاویان لەوکرد, هەرلەسەرەتاوە وا دەردەکەوێت, کابرا خۆی نیازی باشە, چونکە لێدوانە ڕاگەیاندراوەکانی ئاماژە بەقاڵبوونەوەی سیاسی ناکەن.. هەر لەوەوە کەلەگۆڤاری (المصور)دا ڕیگەیاند دەیەوێت میسر بگێڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا لەکۆتایشدا بەو ڕاگەیاندنەی کەلە گۆڤاری (روز اليوسف)دا بڵاوی‌کردبۆوەو باسی لەزەرورەتی سەپاندنی (جزیە)ی کردبوو بەسەر قبتییەکاندا. ئاشکراشە ئەم پیاوە بەدرێژایی تەمەنی, سەرقاڵی بانگەوازکردن بوو بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئایین و بیروباوەڕ, بێ ئەوەی ناوبانگی لەبازنەی خزم و ناسیاوو گوێگرەکانی تێپەڕبێت, بەڵکو پێدەچێت کابرا لەگەڵ ئێمەدا, سەری سووڕمابێت کاتێك بینویەتی هاوڕێکانی لەپڕێکدا بوون بەخەڵکی بەناوبانگ و بوون بەئەستێرەی کاسێت و وتارو, نامیلکەیان لەسەر نووسراوەو خێرۆ بەخششیان بەسەردا داباریوە, کەهەندێکیان لەپێشدا هەربۆ ئارەزوو قورئانیان خوێندووە, کەچی لەپڕێکیدا بوون بەئەستێرەیەك, ململانێ لەگەڵ قورئان خوێنەگەورەکاندا بکەن, هەرچەندە ئەوان هەموویان لەو زیرەکترنین, یان لەوشارەزاترنین لەئایندا, تەنانەت دەنگیشیان لەو خۆشتر نییە, لەوانەیە کابرا

www.pertwk.com



جارلەدوای جار پرسیاری هۆی ئەو حاڵەتەی لەخۆی کردبێت و وەڵامی دەست نەکەوتبێت، بەڵام لەوانەیە ئێستا وەڵامەکەی زانی بێت، کاتێ لەپڕێکدا ئەویش بوو بەئەستێرەیەکی راگەیاندنەکان، کۆنگرەی رۆژنامەنوسی دەبەستێت و لەچواردەورییەوە پرسیاری لێدەکرێت، جارێك بەزمانی عەرەبی، جارێکی دیکە بەزمانی عەجەمی، هەرچرکەی فلاشەو پێیدەکەوێت، رووناکی ڤیدیۆیەو لەچاوی دەدات، ناوی تایمزو لۆمۆندی بەرگوێ دەکەوێت لەبری(طبری و زمخشري)، وئێستا بۆتە ئامانجی پرسیاری خەڵکانی دیکە، دوای ئەوەی سەردەمێك پرسیاری لەخۆی دەکردو هەندێك جار لەگەڵ خۆشیدا دەدوا، لەنێو ئەم هەموو هەرایەدا، کابرا هەلێکی بۆ هەڵنەکەوت بۆ ئەوەی پرسیارێکی سادە ئاراستەی خۆی بکات، ئاخۆ هەموو ئەمانە مەسەلەیەکی سروشتین؟

ئاخۆرێی تێناچێت لەکاتێکدا (بەدگومانی، لەسیفەتەچاکەکانە)، ئەو هەموو هەراو زەنایەی چوار دەوری (بەئەنقەست) بێت و زیادە رۆیی لەقەبارەکەیدا کرابێت (بەیەقینەوە)، تەڵەو داوێك بۆ خەڵکانی نیهاد پاکی لە وێنەی ئەو نرابێتەوە، پاڵنەرێکیش بێت بۆیان تاوەکو بەردەوام بن لە خزاندن و ئاراستەکردنی سەرتاپای نیشتمان بەرەو لێواری ناجێگیری و نائارامی و هەرئەوانەی خاوەن تەڵەکەن، هەرئەوانیش خاوەن بەرژەوەندی بن، لەوەی کەلەکوەیت و لەوەی لە میسردا ڕوودەدات.

لەخوا داواکارم وەڵام دانەوەی پرسیارەکە وا لەکابرا بکات بکەوێتە گومانەوە، لەنێوان وێژدانی نیشتمانی میسری و لەنێوان تەڵەی تەواوکردنی ڕێپێوانەکەدا.

**تائێستاش دیالۆگەکە بەردەوامە.** *

* لە(الاهرام) لە1985/7/22دا بلاۆکرایەوە.





ئەمەبانگەوازێکە بۆ سەرۆك پارت و سیاسەتمەدارانی میسر، بۆئەوەی کتێبێکی جوان چاپکراوی هەرزان بەها بخوێننەوە، کەشێخ عومەر عەبدولرەحمان نووسیویەتی و مورافەعەکەی لەکێشەی (الجهاد)دا خستۆتە روو، تاوەکو هەمووان بزانن کەمیسر روویەکی دیکەشی هەیە، تەنها یاشێخ و دەستوپێوەندەکەی دەیبینن، لەو رووەدا حوکم، حوکمی جەهالەتەو شەریعەت، شەریعەتی هەوەسەو رێبازی کۆیلەیەتی پیادە دەکرێت و فەرمانڕەواکان کافرن، ستەمکارو خراپەکارن و یاساکانیشیان، یاسای دانراون، مەسەلەکەش (وەك رۆژی ڕووناك ئاشکرایە، کفرێکی ڕەهاو راشکاوو بێ پێچ و پەنایە، یاساویش بۆ هیچ موسڵمانێك نییە، گەر بەهەر بیانوویەك کارلەوحکومەتەدا بکات، یان گوێڕایەڵی بێت، یان کار بە بڕیاری بکات، باهەرکەسەو ئاگاداری خۆی بێت، هەموو مرۆڤێکیش بەرپرسی خۆیەتی)–ل74– لەترسی ئەوە نەبادا کەسێك وەڵامی بداتەوەو بڵێت زۆربەی یاساکان، رێك وەك شەریعەتی ئیسلام هاتووە، یان لێوەی وەرگیراوە، دەست پێشخەریی دەکات و دەڵێ (بەش بەش کردنی شەریعەت و کارکردن بەبەشێکی و دەست بەرداربوون لەبەشەکەی دیکەی، کارێکی ناڕەواو نەشیاوەو، هەرکەسێك بیکات هەڵگەڕاوەیە)–ل117 – بەم شێوەیە هەرکەسێك گەر مەبەستی پرسیارکردنیش بووبێت، دەبێ توند دەستی بخاتەسەر دەمی، لەترسی ئەوەی نەبادا پرسیارێك لەدەمی بترازێت سەبارەت بەحوکمی شێخ و تێڕوانینی سەبارەت بەوەی کە خەلیفە عومەر، دەست بڕینی دزی دواخستووە لەساڵی نەهاتی و برسێتیداو قەدەغەکردنی دابەشکردنی، پشکی (المؤلفة قلوبهم) هەرچەندە دەقی ئاشکرای قورئانیش پشتگیری لێدەکات، باشە مرۆ چۆن نەترسێ، لەکاتێکدا یاشێخ بەراشکاوی و ئاشکرا رایدەگەیەنێت کەرێبازەکەی بریتییە لە(شەڕکردن لەپێناو سەرخستنی ناوی خودا لەسەر رووی زەوی و چەسپاندنی میتۆدەکەی، تاوەکو موسڵمانانی پێبپارێزێت و نەهێڵێت لەئاینەکەیان بێ بەری بن و

www.pertwk.com



تاریکی وگەندەڵی رایان بماڵێت )–ل123– تەنانەت هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ وشەو رێگابە ئامۆژگاریی چاك نادات و باوەڕی بەگفتوگۆی ئاسایی نییەو دیالۆگی ئەقڵ و مەنتیق هیچ ناگەیەنێت لای ئەو, بەڵكو وشەی لەشێوەی (دەبێ شەپۆلەكە هەڵچێ و بەنداوەكان بڕوخێن و دەبێ مەیموونەكان شەپۆل وپاشماوە دایان پۆشێت, ئەوكات باسوورەتەكانی قورئان دابەزنە خواریٚ كەلەجیهاد دەدوێن و, باتوڕەییان ببیستریٚ و دوای ئەوەش بانالەی تفەنگەكان بێت و خراپە بەخراپە چارەبكات و ناهەقی بەتۆڵە چاربكات, غەزەب بەسەرئەوانەدا بباریٚنێت كە دەستكاریی ئایین دەكەن و گورزی وەهایان لێبوەشێنن, ترس بخاتە دڵەوەو هەڵویستی یەكلاكەرەوەی ئیسلام لەئاست دوژمنەكانیدا نیشان بدات و جاڕی جەنگ دژبە پارتە جیٚ گومانەكان راگەیەنێت و ئاووهەوا كە لەشوێنەواری كوفرو كافران و خراپەكاری ئەهلی كتێب و پەت پەتێنی دووڕووەكان پاك بكاتەوەو شتێك بۆ موسڵمانان وێنە بكێشیت كەبیكەن بەبنەمای دەوڵەتەكەیان و ڕێبازی بانگەوازەكەیان) ل123–124 . ئابەم شێوەیە,بانگەشەی ئیسلامی لێبوردە, لەسەر دەستی شێخ دەگۆڕێت بەشەپۆلێكی بیٚئامان و كۆمەڵە ئایەتێكی پڕلە تووڕەیی و نالەی چەك و غەزەبێكی داباریوو. گورزێك كەدەوشێنرێت و ترسێك كەدەورژێندرێت و جەنگێك رادەگەیەندرێت, ئەوانەش كەبەرهەڵستكاری ئەو رێبازەن دەبن بەمەیموونی نوقم بوو, بەنداوی رووخاو, ڕاڕاو موشریك, خراپەكار, بەكورتییەكەی بەكافریان لەقەڵەم دەدات, پێویستە شەڕلە دژیان بكرێت وكوشتنیان حەڵاڵ دەكات و بەرای شێخ دەرگای كوفر فراوانە, ئیدی چەند ئاسانە, هەر ناڕەزاییەك لەقسەكانی بخرێتە قاڵبی بەدرۆخستنەوەو بەرهەڵستنی و دووڕوویی و گومان و گاڵتە پێكردن و بەكەم زانین, یان خۆبەگەورەزانین, كەسەرجەمیان كۆمەڵە وشەیەكی لاستیكین, شوێنی هەموو شتێك و هیچ شتێكی تێدا دەبێتەوە, ولەگەڵ مندا ئەم وشانەی یاشێخ بخوێننەوە (هەر كەسێك





كوفرێكی گەورەی كرد, جاچ كوفری بەدرۆخستنەوە بیٚ, یان پشت لێهەڵكردن بێت, یان دوو ڕوویی, یان گومان, یان بەكەم زانین, یاخۆبەگەورە زانین, هەركامێكیان بێت, ئەوا لەرەگەوە باوەڕوئیمانی خۆی هەڵوەشاندۆتەوەو لەئۆمەتی ئیسلام دەرچووە) ل130, یاشێخ تەنها بەقسەكردن لەئایین و باوەڕ واز ناهێنێت,بەڵكو دەچێتە سەرمەسەلەی سیاسەت و رادەگەیەنێت كە (گەل سەروەری نییەو سەرچاوەی دەسەلاٚتەكانیش نییە, وەك لەدەستووردا هاتووە, ئەمەش وەك پێویستییەكی ئایین گەورەو بچووك دەیزانیٚ و ئیسلام لەسیستمی دیموكراسی بێبەرییە, بەواتای حوكمڕانی گەل بۆگەل, چونكە ئەمە مانای وایە, حوكمڕانی بۆگەلەنەك بۆ خودا),ل147–.

كابرا, خۆی لەوەبەگەورەتر دەزانیٚ موسڵمانان لەگەڵ خەڵكانی دیكەی ئەهلی كیتاب یەكسان و هاوشان بن“ بەڕای ئەو یەكێك لە تاوانەكانی سادات ئەوەبوو (ئەو پیاوە نەوەی مەیموون و بەرازو گومڕاكانی هاوشانی موسڵمانان كردبوو, ئەوانەی كوفریان بەخوای خۆیان كرد بوو وسیفەتی كەم و كورتیان دابووەپاڵی, نەك هەرئەوەندە بەڵكو كردبوویانی بەدەسەلاٚتدارو هاوڕیٚ و خۆشەویستی خۆی)–ل150– و تاوانە هەرگەورەكەی كە لەئۆمەتی ئیسلامی بەریكرد ئەوەبووكە (پڕبەدەمی, قسە بەناوبانگەكەی دووبارە دەكردەوە. سیاسەت لەئاییندا نیەو ئایینیش لەسیاسەتدا نییە, بەم قسەیەش گریٚی ئیسلامی لەملی داكەن ),ل151– ئەم خستنە رووەی پێشتری كتێبەكە, كۆمەڵێك تێبینی دەوروژێنێت كەلەم خالاٚنەی لای خوارەوەدا كورتیان دەكەمەوە:

**یەكەم:** ئاخۆ ئەركی سەرشانمان نییە كەپەند لەكتێبی (الفريضة الغائبة)ە وەربگرین, كە (محمد عبدالسلام فرج) نووسی و, هیچ كام لەپیاوانی نێو دەسەلاٚت یان پیاوانی ئایین و بیر مەندان و سیاسییەكانمان ئەو ئەركەیان نەخستە ئەستۆی خۆیان, وەلاٚمی بدەنەوە, كاتێكیش هەموو بەئاگاهاتن, درەنگ بوو, كارلەكار

www.pertwk.com



ترازابوو, وشەکانی کتێبەکە گۆڕابوو بەفیشەك و ژمارەی قوربانییانی لەکوژراوو برینداری هەردوو رووداوەکەی سەکۆکەو (لێرەدانووسەر مەبەستی لەرووداوی کوشتنی سەرۆك (أنور السادات)ە, کەخۆی و ژمارەیەکی زۆر, لەئامادەبووان لەسەر سەکۆیەك کوژران و رووداوەکەی (أسیوط) هێندەی نەمابوو بگاتە ئاستی ژمارەی خوێنەرانی کتێبەکە, کەژمارەیان کەمەوهێندە زۆرنین.

من داوای ئەوەناکەم بلاْوکردنەوە یاساغ بکریٌ و دەستی بەسەردا بگیٌریٌ, چونکە بەمەنتیقی دیموکراسی کەهەمووماں پێی رازین و قەبوڵمانە, ئەوە مەسەلەیەکی نەگونجاو دزێوە, بەلاّم من لەهەمان کاتدا وای دەبینم وەلاّمنەدانەوەی ئەم بیرە مەترسییەکی گەورەیە, هەرچەند من قەناعەتم بەوە هەیە کەمەسەلەکە سەرتاپای مەسەلەیەکی سیاسییە, بەلاّم ئەوەی لەبارەی بەکافر لەقەڵەم دانی موسڵمان و حوکمدان بەهەڵگەڕانەوەی, بێبەریکردنی لەئیسلام و قەبوڵنەکردنی هیچ جۆرە دەسەلاّتدانێك بەئەهلی کیتاب, پێویستی بەوەلاّمدانەوەی خەڵکانی پسپۆڕە لەئاییندا, ئەم کارەش دوو ئاکامی لێدەکەوێتەوە, یان ئەوەتا جەماعەتەکەی شێخ و هەڵگرانی بیروڕاکانی ئەو نوێنەری ئیسلامی راستەقینەن, بەمەش ئێمە هەمووماں دەبین بەو موسڵمانانەی, باوەڕیان بە لێبوردەیی ئیسلام و توانای ئیسلام هەیە, بۆ لەخۆگرتنی سەرجەم گۆڕانکارییەکانی سەردەم و بەم قەناعەتەشمان لەراستییەکانی ئایین دەرچووین و لاماںداوە, یان ئەوەتا شێخ و جەماعەتەکەی لەبنەما لێبوردەکانی باوەڕ دەرچوون و لایانداوە, یان لەباشترین گریمانەدا کەسانێکن ئیجتهادیان کردووەو هەڵەبوون لە ئیجتهادەکەیانداو سزای هەڵەکەیان وەردەگرن, لەم حاڵەتەشدا رێگرتن لەوەی شێخ سەرکەوێتەسەر مینبەر بۆ بلاْوکردنەوەی بانگەوازەکەی و لەمزگەوتێکەوە بچێتە مزگەوتێکی دیکەو هاوار بۆ راپەڕین و تەکفیر بکات, بەرلەوەی لێپرسراوێتییەکی سیاسی هەبێت, ئەرکێکی ئاینیە.





دووەم: لێپرسراوێتی رووبەڕوونەوەی تیرۆر تەنها لێپرسراوێتی حکومەت نییە لێپرسراوێتی هەمووماںەو ئەرکێکی نەتەوەییە, دەبیٌ هەموو تیایدا بەشدار بین,بەڵکو دەبیٌ دان بەوەدا بنێین هەمووماں بیٌمەبەست بەشداریمان کردووە لەگەشەکردنی ئەم دیاردەیەدا, هەندێك لەسەرکردەی پارتەکان تیایدا بەشداربوون, کاتێك رووداوەکانی تیرۆری سیاسییان بەپاڵەوانێتی وەسفدەکردو سەرکردەکانیشیان بەشەهیدو پاڵەوان لەقەڵەم دەدا, هەندێك نووسەریش دەنگیان لێهەڵبڕیبوو, داوای دەوڵەتی دینییان دەکرد, وەك تاکە چارەسەر, منیش داوا لەوانەدەکەم کتێبەکە بخوێننەوە, تاوەکو بزانن کەخۆیان دەبنە یەکەم قوربانیی ئەوەی داوای دەکەن, دەزگاکانی راگەیاندنیش بەشداربوون, کاتێك رووداوی دەست درێژیی سێکسیان کرد بەمەسەلەیەکی نەتەوەیی, لەبری ئەوەی هەواڵەکە لەدوو دێڕ یاسیٌ دێڕدا بلاْوبکەنەوەو ئاماژە بەوەبکرێت کە (شەش گەنج, دەست درێژییان کردۆتە سەر کچێك کەلە ئۆتۆمبیلی دەزگیرانەکەیدا دانیشتبوو, لەیەکێك لەشەقامە چۆڵەکانی گەڕەکی (معادی), و دواتر پزیشکی دادوەری دەریخست کەهێشتا کچە) لەبری ئەوەی هەواڵەکە بەم شێوەیە بلاْوبکرێتەوە, کەنەکەس دەوروژێنێت و نەسەرنجی کەسیش رادەکێشێت, کەچی قەڵەمی نووسەرەکان پێشبڕکێیان بوو لەوەسف کردنی وردترین وردەکارییەکانی و بەدواداچوونی دادگایی کردنەکەو وروژاندنی هەستی جەماوەر, بەشێوەیەك کەپێشتر رووینەدابوو, هەندێك لەرۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەمەدا چاویان لێکردن, ئەو مەسەلەیەی کەبووە هۆی ووروژاندنی گومانێکی زۆر لەوەی کەئەوە مەسەلەیەکی ئەنقەست بوو, بەتایبەت ئەوکاتە پێش موناقەشەو لێدوانەکان بوو, سەبارەت بە یاساکانی شەریعەت لە (مجلس الشعب)دا, ئەمەش وایکرد پرسیارێك بخرێتە روو, سەبارەت بەئەگەری ئەوەی کەمەسەلەکە هەرهەمووی هەوڵێك بووبێت, بۆ سەرکردایەتی کردنی رای گشتی بەرەو ئاکامێکی ناڕاست, ئەویش

www.pertwk.com



بێ توانایی یاسا دانراوەکانە (کەکەسانی پسپۆڕ چاك دەزانن لەبنەماکانی شەریعەتی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە) و بێتوانایی دەوڵەتی (مەدەنی) لەپاراستنی هاوولاتیانی, هەرهەمان شت سەبارەت بە رووداوی خۆکوشتنی کچێك لەماڵی یەکێك لەمۆسیقارە بەناوبانگەکان راست دەردەچێت, ئەویشیان کرد ,بەبابەتی وەرز.

گەورەکردنی مەسەلەکان, وێنانەکردنیان, بەهێزترین چەك دەداتە دەست گروپە تیرۆریستەکان, ئەویش چەکی تەکفیرو حوکمدانی هەموو کۆمەڵە بەجەهالەت و لادان لە ئایین, لەکاتێکدا شتەکەجگە لەکۆمەڵە هەڵەیەك تێپەڕنابێت کەلەهەموو کۆمەڵێکدا روودەدات و لەهەموو سەردەمێکیشدا روودەدات, کەسیش ناتوانێ نموونەی کۆمەڵێکمان بداتێ کەئەندامەکانی فریشتەبن و هەڵە نەکەن.

**سێهەم**: کتێبەکە پێشەکییەکی هەیەو بەبەرئەنجامێکیش کۆتایی دێت, هەردووکیان (پێشەکییەکەو بەرئەنجامەکە) ئیمزای کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرەوەیە, ئەوەش هەرهەمان ئەو کۆمەڵی (الجهاد)ەیە کەلەمەسەلەو زیندانەکەدا هاوبەشی یاشێخ بوو, پێشەکییەکەش بێپێچ و پەنا ئەوە رادەگەیەنێت کەئەندامانی کۆمەڵ گوێڕایەڵی شێخن و لەژێر ئالاکەی ئەودا کاردەکەن, ئەوەش ئەو مەسەلەیەبوو کەداواکاری ماندووکرد, بۆ سەلماندنی بەلام بێسوود بوو, لەکاتێکدا بەرئەنجامەکە, پرۆگرامی ئەم گروپ و کۆمەلانە دەخاتەڕوو, بەلام لەدەستەواژەگەلێکی زۆر گشتی و لەهەمان کاتدا زۆر هەڵخەڵەتێنەریشدا. هەموو ئەمانەش پرسیارێکی راستەوخۆ دەخەنە روو, سەبارەت بەئەندازەی شەرعیەتی ئەم کۆمەڵەیە کە پرۆگرام بلاودەکاتەوەو کتێب چاپ دەکات, وئەگەر چالاکی کۆمەڵەکەبەشێك نییە, لەچوارچێوەی شەرعیەت لەکۆمەڵدا, ئیدی چ پێویستمان بەو ژمارە زۆرەی یاسا رێکخراوەکان هەیە, بۆ





پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئایینەکان و بلاوکردنەوەی بلاوکراوەو رۆژنامەکان.

پێویستە ئێمە لەم مەسەلەیەدا زۆر ئاشکراو ڕوون بین. دەبێ دیالۆگ قەبوڵ بکەین لەسایەی شەرعیەتدا, تاچەندیش سنووری بەزاند یا ناکۆك بووین لەگەڵیدا, و لەهەمانکاتیشدا دەبێ دیالۆگ لەدەرەوی چوارچێوەی شەرعیەتدا رەت بکەینەوە, هەرچەندیش لەگەڵیدا هاوسۆز بین, بەلام ئەگەر وشەگۆڕابە فیشەك, و باوەڕ گۆڕا بەتەقینەوە, ئەوکات ئەرکی هەموومانە لایەنگیری بەرسینگ لێگرتن و رووبەروو بوونەوەبین تادوا پلەکانی توندوتیژی و یەکلایی کردنەوەی کەمەرشکێن بێمۆزایەدەو خۆپارێزی, چونکە لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە, مەسەلەی ئاسایش کۆمەڵ و بێترسی هاوولاتییانەو ئەو تاڵەباریکەشە, کەمەنتیقی دەوڵەتی شارستانی, کەئێمە بەلامانەوە پەسەندەو مەنتیقی دارستان بەتەواوی لێك جودا دەکاتەوە, کەپێویستە کەس مەنتیقی دارستان پەسەندنەکات..

هەرچەندە بابەتەکە وروژێنەرە بۆنووسین, بەشێوەیەك کەباردۆخی بلاوکردنەوە رێگای پێنادات, ئەوا من تکام وایە پەیامەکەمم گەیاندبێ و لەمەترسییەکە ئاگادارم کردبنەوە, تەنها دواقسەم دەمێنێت کەئاراستەی شێخ عومەری دەکەم:

یاشێخ تەقوتۆقی چەکەکانت و تەقینەوەی بۆمباکانت کەس ناترسێنێت و رێگا لەهیچ هاوولاتییەك ناگرێت وەلامت بداتەوە, بێئەوەی لەوە بسڵەمێتەوە کەبەکافر لەقەڵەمی بدەیت و بەهەڵگەراوە دایبنێیت, چونکە شێخی بەڕێزمان, باوەڕوئیمان چەکێکی بانك نییە شێخ عومەر بیبەخشێت و شەهادەیەکیش نیە لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامییەوە دەرکرێت, مادام لەدەرگای قسەو لێدوانی سیاسیت داوەو رێگای گەیشتنە دەسەلات و حوکمت گرتۆتەبەر, ئەوا لەوتاری داهاتوودا قسەیەکی دوورو درێژم لەگەڵتدا دەبێت و ئامرازەکەشم لەووتارەمدا شتێك دەبێت کەهیچ

www.pertwk.com



شوێنەوارێکیشم لە کتێبەکەی تۆدا بەدی نەکرد, لەوانەشە ڕازو پەنهانیت بۆ ئاشکرانەکەم ئەگەر پێت بڵێم, ئەوە مەنتیق و دیالۆگی هێمنانەو بانگەوازی ئاشتییانەیە..

## مەزراکاری سیاسی و ئەندام پەرلەمانی ناولولە.*

ئەم ناونیشانەیسەرەوە هیچ هەڵەیەکی چاپی تێدانییە, چونکە مەزراکاری سیاسی. ڕێك ترین و شیا وترین گوزارشتە بۆ ئەم وەزعەی کەپارتەکانی میسری تێکەوتوون–بەوکەمییەیانەوە– کاتێك حاڵەکەگەیشتۆتە ئەندازەیەك, کاروباری پارتایەتی چون کاروباری کێلگەو مەزراکانی جاران بەڕێوە دەبرێت و کاتێك سەرۆکی هەندێك لەو پارتانە وەك خاوەن کێلگەو مەزرا کاروباری پارتەکەیان رایی دەکەن, چونکە لیژنەکانیپارتەکە لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەلایەن سەرۆکی پارتەوە دەست نیشان دەکرێن نەك بەهەڵبژاردن, دامەزراندنی حیزبی پەیتاپەیتا بەردەوامە, قەدەرو پێشهاتی ئەندامەباڵاکانی حیزب و پۆستە حیزبییەکان پەیوەستە بەئیرادەی سەرۆکی حیزب یان خاوەن مەزراکە, گەرحەزبکات هەندێك دەگەیەنێتە کەشکەلانی فەلەك و ئەگەر بشیەوێت کەسانێکی دیکە بە ناخی زەویدا دەبات, حەزیش بکات هەندێکی دیکە رووبەڕووی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە دەکات کەخۆی فەرمانی دەرکردووە بۆ پێکهێنانیان.

کەواتە هیچ سەیرنییە, ئەگەر پارتەکان بگۆڕێن لەبیرێکەوە کەسەرکردایەتی بکات, بۆ سەرکردەیەك کە بیربکاتەوە, هیچ مایەی سەرسووڕمانیش نییە کاتێك سەرۆکی حیزب[1] ئاماژەیەك بۆدەست لەکارکێشانەوە دەکات هەربابایەو

* لە (الاهرام)لە 22/7/1985 دا بلاوکرایەوە.

(1)



پەلەیەتی زوو گوێڕایەڵی و مل کەچی بنوێنێت, چونکە یەقینیان هەیە, چارەنووسی دەست لەکارکێشانەوەکە, پاشەکشەو پەشیمانیە, چارەنووسی سەرۆکیش مانەوەیە, چارەنوسی ئەوانەش کە ناڕەزایی دەردەبڕن وقسەیان هەیە لەسەر ڕێبازی پارتەکەچەند زۆرن–هەر سزادانە, ئەوەی ناڕەزایی دەربڕێت رووبەڕووی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکرێت, لیژنەکەش سەرۆك پێکی دەهێنێت, تۆمەتەکەش لەلایەن لیژنەکەوە ئاراستە دەکرێت, بڕیارەکانیش سەرۆك ئیمزای دەکات, ئیدی بەم شێوەیە سەرجەم مەسەلەکە دەبێت بەدارشتنەوەیەکی نوێی چیرۆکی بەناوبانگی مریشکەکەو دەنکەگەنمەکە.

ئەمەی باسمان کرد هیچ سەیرو سەمەرەیەکی تێدانییە, چونکە مەنتیقی مەزراکاری سیاسی پاساوی بۆدەهێنێتەوە, بەڵام سەیروسەمەرەکە لەوەدایە, ئەم پارتانە دەنگی بانگەشە بۆ دیموکراسی هەڵبڕن, ئەوەیان فەرامۆش کردووە, کەکەسێك شتێك شکنەبات چۆن دەیبەخشێت, ئەوپارتانەش کەبانگەشەی دیموکراسی دەکەن, دەبێ جاریٚ بەرلەهەموو شتێك لەنێو خۆیاندا پیادەو مومارەسەی بکەن, ئەگەرنا لەچاوی جەماوەردا ئەم کارە بە هەڵخەڵەتاندن تەماشا دەکرێت و کارێکی پێویستیش دەبیٚ, ئەم حیزبانە شوێن بۆ پارتی نویٚچۆڵ بکەن" بانگەشە بۆدیموکراسی بکەن و لەهەمان کاتدا, خۆشیان پیادەی بکەن, لەوانەیە ئەم هەلەش بقۆزمەوەو لێرەوە رووی دەمم بکەمە ئەندامانی (مجلس الشعب) و داوایان لێبکەم دەستکاریی یاسای حیزبەکان بکەن, بەجۆرێك ڕێگا بەدروست بوون پێکهاتنی پارتگەلێکی سیاسیی نویٚ بدات, بەدەقیش, پێویستی ئەوە بخرێتە روو کەئەم پارتانەی ئێستا کۆبوونەوەیەکی گشتی, بەلایکەمەوە دووساڵ جارێك ئەنجام بدەن و ئەوەش بچەسپێندرێت کەپێویستە دەست نیشانکردنی سەرکردایەتی پارتەکان بەهەڵبژاردنی راستەوخۆ بێت, ئەگەرنا دواجار ئەم پارتانە پاساوی بوون و مانەوەیان لەدەست درێژی کردنە سەر

www.pertwk.com



دیموکراسیی و کۆتکردنی ئازادی مومارەسەی سیاسی پارتەکان نییە, بەڵکو لەراستیدا گێڕانەوەی پارتەکانە بۆ شوێن و بنکەکانی خۆیان و جەخت کردنەوەیە بۆسەر مومارەسەی کاری سیاسی جەماوەری و چەسپاندنی بنەماکانی مومارەسەی دیموکراسی، کەتاکە پاساوە بۆ پێکهاتن و بەردەوامی پارتەکان.

ئەگەر مەسەلەی مەزراکاری سیاسیمان جێهێشت و, چوینە سەر مەسەلەی ئەندامانی ناو لوولەکان، ئەوا ئەمەشیان بەهەمان شێوە هیچ هەڵەیەکی چاپ, یان هەڵەی تەلەفزیۆنی تێدانییە، بەڵکو بەمەبەستی تەئکیدکردن لە سەرمانا نووسراوە، چونکە وشەی (مندالآنی نێو لوولە) بەو مندالآنە دەوترێت کە لەدەرەوەی زاروکی دایك دروست دەبن و دواتر دووبارە لەنێو زارۆکدا دەچێنرێنەوە، هەر هەمان ئەم حاڵەتە لەئارادایە, سەبارەت بە ژمارەیەکی کەم لەئەندامانی (مجلس الشعب)، کەئەوان بەئاشکرا چوونەتە پاڵ رەوتێکی سیاسیی ئاشکراو ناسراو– ئەمانەی بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە، لەنێو قەوارەیەکی پارتی دیکەدا دەچێنرێن، کاتێکیش دەبنە ئەندام لەپەرلەماندا، هیچ بەنەنگی نازانن بگەڕێنەوە سەر گوێڕایەڵی رەسەنی خۆیان و ئاشکرای بکەن، ئەو پارتەش کەئەمانە لەژێر ئالآکەیدا لەهەڵبژاردندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەلایەوە شەرم نییەکەلەئۆرگانەکانی خۆی دووریان بخاتەوە ئەگەر, دامەزراوە دەزگا زانستییەکانی جیهانی پێشکەوتوو بەمافی خۆیانی دەزانن, خۆیان بەسەرکەوتن لەچاندنی مندالّی ناو لوولە هەڵبکێشن و بەشاکاری بزانن, وەك جەختکردنەوەیەك لەپێشکەوتنی شارستانییان، ئەوا خاوەنی ئەم ئەزموونی چاندنی ئەندام پەرلەمانی نێو لوولانەش بۆیان هەیە کەلەبەرامبەر هەموو جیهاندا خۆیان رابدەن کەسەرکەوتووبوون لەئەزموونی دەگمەنی، چاندنی ئەندام پەرلەمانی نێو لوولە لەنێو ریزەکانی پەرلەمان, وەك جەختکردن و پێداگرتنەوەیەك لەسەر ئاستی





دواکەوتوویی و کورت هێنانی ئەزموونی دیموکراسی و ژیانی پارتەیەتی لەمیسردا.

مادام ئێمە، لەبارەی ئەم ژمارە کەمە لەئەندامانی نێو لوولە دواین، کەخۆی لەرەوتێکی سیاسی ناسراودا دەبینێتەوە، ئەوا قسەقسە رادەکێشێ، چونکە بلآکراوەیەکم خوێندنەوە کە (کۆمەڵی ئیسلامی لەمنیا) بەبۆنەی جەژنەوە بلآویان کردبۆوە، وەك خوی بەردەوامیان ئەم بلآوکراوانە لێوان لێوکرابوو، بەهاوارو سنگ کوتان و ئێخە دادەڕین بۆ ئەو نەگبەتییەی دووچاری موسڵمانان و ئیسلام بووە و تیایدا کەتبوونە تۆمەتبار کردنی حاکمەکانی موسڵمانان بەهەڵگەڕانەوە و پاڵپشتیکردن لە جولەکە و مەسیحی و داوای لە موسڵمان کردبوو, کەخوێن و سەرومالّیان لەپێناوی ئیسلامدا ببەخشن" ئەم قسانەش, سەرجەمیان کۆمەڵە قسەیەکن راڤە کردنیان قورسە قسەش لەوەلآمدانەوەیان ناکەم. هێندە نەبێت هەست دەکەم کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی چیرۆکە بەناوبانگەکەی (دۆن کیشۆت), کە بەخۆی و ڕمەکەیەوە, بەرەنگاری ئاشی بایەکانی کردووە و ڕمەکەی لەبارە پوش و کادا چەقاندووە" ئەویش, وەك ئەمان دوژمنێکیان وێناکردووە کەبوونی نیە, چونکە نەدەوڵەت کافرە و نەئایین سووکایەتی پێکراوە و نەپیاوانی ئاینیش ستەمیان لێکراوە و نەحاکم و فەرمانڕەوایانیش هەڵگەڕاوەن, بەڵام مەسەلەکە تەنها بەلآی دواکەوتویی فیکریی و نەخۆشیی دەروونییە کاتێك پێکەوە کۆدەبنەوە و دیاردەی (شێتی ئاینیان) لێدەکەوێتەوە, کەیەکێك لەنیشانەکانی ((وڕێنە)) یە, هەندێك جار بەبلآوکراوە و هەندێك جاریش تیرۆری ئاشکراو راشکاو گوزارشت لەخۆی دەکات, وەك چۆن دۆن کیشۆت لەگەڵ ئاشی بایەکەدا کەوتۆتە قسەکردن, ئەمانیش لەکۆتایی بلآوکراوەکەیاندا, (جەژن) دەدوێنن و پێی دەڵێن (لەکۆتاییدا, دەڵێین ئەی جەژن, موژدە بدە, پێبکەنە بەدەم ئەوانە وە کە ناخۆشییەکان کاری تێنەکردوون و هیچ ناخۆشییەك لەوتنی راستیی دووری نەخستۆونەتەوە,

www.pertwk.com



پێبکەنە بۆ ئەوانەی, ڕێگاکەی (خالیدئیسلامبولی و عەتا حسین و عەبدولحەمید) یان گرتووەو بەرینادەن کاتێك ئەوەم دەخوێندەوە ئەوەم بیرهاتەوە, کەبۆ کۆڕێك بانگهێشت کرابووم, کۆڕگێڕەکە دەستی بەقسە کردوو, کاتێك کابرای خاوەن کۆڕی بەئێمەناساند وتی, فەرموون ئێوەو برای موجاهید (فلأنەکەس) کەدەست پێشخەری کردووەلە بەرگریکردن لەشەهیدی مەزن (خالید ئیسلامبولی). کاتێك ئەوقسەیەکرا, تەماشای مامۆستا (فلأن)م کرد بینیم, سنگی دەرپەڕاندبوو, سوور هەڵگەڕابوو, کاتێکیش نۆرە قسەی من هات, بینیم بەپێی پێویست قسەی خۆم کرد, وپێم راگەیاندن کەناکۆکییەکانتان لەگەڵ سادات شتێکەو, هەڵوێستتان لەتیرۆری سیاسی مەسەلەیەکی دیکەیە" کەسێکیش تیرۆری سیاسی ئەنجام دابێت, ناکرێ وەك شەهید وەسف بکرێ, بەڵکو دەبێ بەتیرۆریستوەسف بکرێ, جاڕایەکان هەرچییەك بن, سەبارەت بەکارەکەی, کەسێکیش کەپاساوی ئاینی بۆ تیرۆرکردنی سادات بدۆزێتەوە, بێگومان پاساوێکی ئاینیش بۆ گوشتنی سەرۆکی ئەو حیزبە دەدۆزێتەوە کەمن لەبارەگاکەیدا قسەم دەکرد, و ئێمە هەموومان ئەگەر هەڵوێستێکی روونمان نەبێت لەئاست تیرۆردا, ئەوا کۆمەڵ بەرەو پاشە رۆژێکی رەش دەبەین, میسریش دووچاری ئاژاوەیەك دەکەین, تەنها ئەوانە دووچاری دەبن کە ستەمکارن.

ئەو قسانەم لەبارەگای یەکێك لەحیزبەکاندا کردو ئەمڕۆ لێرە دووبارە بلاویان دەکەمەوە, تاهەمووان بیخوێننەوە, چونکە رووبەڕووبوونەوەی ئەوشێتییە ئاینییە, لێپرسراوێتی هەموو پارتەکانە, هەقە لەبری دەمەتەقێ لەگەڵ جەژنداو لەجیاتی پیاهەڵدان بەبالأی یادەوەری تیرۆردا, پێکەوە بەرسینگ لەگرفتەکانی کۆمەڵ بگرین, گرفتی نرخەکان و کرێ, نیشتەجێکردن و قەرزی دەرەکی, هەرکەسێکیش توانای چارەسەری لایەو دەکارێ کۆمەڵ بەرەوپێش بەرێ, بابفەرموێ ئەوەی هیچیشی لەدەست نایە, بابێ دەنگ بێت, ئەوەشی کەسووربوو





لەسەر موزایەدەی ئایینی لەمەسەلە سیاسیەکاندا, بەلۆژیك لەروویدا بوەستینەوە بەبێ ترس و دوودڵی.

سەبارەت بەوانەش کەلەبلأوکراوەکەیاندا, رایان گەیاندبوو, کەئەو رێگایە بەرنادەن, ئەوا موژدەی ئاکام و کۆتاییەکی هاوشێوەی ئەوانەی پێش خۆیان پێدەدەم.

## وەلأمێکی هێمن بۆ مامۆستایەکی بەڕێز*

کاتێك وەلأمەکەی مامۆستا (خالد محمد خالد)م خوێندەوە, کەلەهەمبەر دکتۆر (یوسف ئیدریسدا)دا نووسیبوی, هەستم کرد ئەم مامۆستا بەڕێزەمان, شێوازێکی پەیڕەو کردووە, شێوازی (السهل الممتنع)ەو, هیوایەکی قەشەنگ و مەزنیشی هەیە, ئەویشیان هیوای دەوڵەتی ئیسلامییە, کەخەیاڵ ویژدانی تەنیوە, بەلأم لەخەونێك زیاتر نییە, چونکە پەیوەست نییە بەواقیعەوەو پاڵپشتێکیش شك نابا لەمێژوودا, خەونێکە مامۆستا هەوڵدەدات قەناعەتمان پێبکات قبوڵی بکەین و جەختیش لەسەر ئەوە دەکات کەئیسلام دین و دەوڵەتەوە.

رەنگە هەر ئەو بەڕێزەکە هەردەم شەیدای دیموکراسییە, بەئەنقەست نەیویستووە دەستەواژەکە تەواوبکات و وبڵێت ئیسلام شمشێرو قورئانە, لەوانەیە بەحوکمی ئەوەبێت بەڕێزیان زانیاریی هەبێت لەوەی شمشێر چی کرد– شمشێری مسوڵمانان– بەملی مسوڵمانان، وەك پێداگرتنێك سەبارەت بەزۆرداری ئەوانەی بەناوی ئیسلامەوە حوکم دەکەن بەدرێژایی چەندین سەدە، ئەستەمە بتوانین نموونەیەکی لێوەربگرین، لەسەردەمی حوکمی پێغەمبەر خۆی و سەردەمی هەردوو خەلیفە عومەردا نەبێت، کەنموونەیان کەم بوو.

مامۆستا خالید، پێی وایە, میسر لەولأتە باشەکانی ئیسلامە، منیش پشتگیریی دەکەم، بەڵکو من زیاتریشی دەکەم و دەڵێم باشترین ولأتی ئیسلامە،

* لە(الاهرام)ی1/7/1985دا بلأوکراوەتەوە.

www.pertwk.com



ئەو هەموو سیماو دیاردەکانی توندڕەویی ئاینیی ڕەت دەکاتەوە، منیش لەئاست ئەو قسەیەیدا دادەچەمێمەوە، جەختیش دەکەم کەلەوە زیاتر چاوەڕوانی هیچی دیکـەم لێنـەدەکرد، ئـەوێك هـەموو تەمـەنی بەرگریکـەرێکی ڕەسـەن بـووە لەدیموکراسی و ئەو پەڕی هەوڵیداوە لەگەڵ خەونی جوانی دەوڵەتی ئیسلامیدا پێکەوەیان گرێبدات، دەوڵەتێکی ئیسلامی بیرۆکە هاوچەرخەکانی پەسەندبکات، ئـەوەش دەوڵەتێکـە کاتێـك ئـاوڕ بـۆ دواوە دەدەمـەوە بـەنێو پـەڕەکانی مێـژوودا شوێنەوارو ئاسەوارێکی لێبەدیی ناکەم، تەماشای دەوروبەری خۆم دەکەم ((لەژێر کاریگـەریی ئـەو ریکلامـە کاریگـەرەدا )) بـەڵکو چـاوم بەدەوڵـەتێك بکـەوێت ئـاڵا هـەڵبکات, بـەڵام بەدی ناکـام، زۆر شتی ئەوانـە دەخوێنمـەوەو دەبیستم کەباسی دەوڵـەتی ئیسـلامییان کردۆتـە بنێشـتە خۆشـەی ژێـردا نیـان لەمیسـر، بـەڵام مـن جگەلـە شـەڕێکی نـاقۆڵا زیـاتر لەچـاوانیاندا بـەدی ناکـەمو لەهەرەشـەو گوڕەشـە بترازێ, گوێم لەهیچی دیکەیان نابێ، لەئاسۆشدا چاوم تـەنها دواکـەتنو بـەجێمان لـەرەوڕەوەی شارستانیی بـەدی دەکاتو تارمایی ئاژاوەیـەك دەبینێت کەیـەکێتی ئەم نیشتمانە پڕ لەئاسایشە, پارچەپارچە دەکات، من تـەنها هەست بەتاریکییەك دەکـەم کەپـەردە بەرووی هونـەرو فیکـرو کلتـوردا دادە داتـەوە، لەوباوەڕەشدانیم, مامۆسـتای بـەڕێز بەشـێك لـەم مەسـەلانە بەمێشـکیدا هاتبێـت، کاتێـك لەبڕگـەی دووەمدا دەڵێت ((کاتێك لـەوڵاتی ئێمـەدا شـەریعەت پیادا دەکرێـت، نەشـەریعەتی خومـەینی دەبێـت نەشـەریعەتی نومـەیریو قـەزافی، چـونکە هـەق بـەپیاوان ناناسـرێت، بـەڵکو پیـا و بەهـەق دەناسـرێت)) ئەمـەش قسـەیەکی مـەزنو راسـتو ئەمینە، بەڵام ئەو پرسیارە لەمێشکماندا دەوروژێنێت, ئاخۆ لەماوەی هەزار ساڵی رابردوودا, بۆ ئـەو پیـاوە هەڵنەکـەوت کـە بەهەقـەوە بناسـرێت. ئـاخۆ ئەمـە وامـان لێناکات لەباشترین حاڵەتدا, کـەمێك لەسـەر خۆبین(پـێم وانیـە وەسفکردنی حـاڵی

دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

خۆمـان بـەباش کـارێکی شـیاوبێت) یـان، لـەخراپترین حاڵەتـدا ئـەو مەسـەلەیە ڕەتبکەینەوە (پێشم وانییە حاڵی خراپی خۆمان لەمامۆستا شاراوەبێت).

مامۆسـتای بـەڕێزمان دەپرسـێت، بۆچـی شـەریعەت؟ خـۆی وەڵام دەداتـەوەو دەڵێ، چونکە ئیسلام دینو دەوڵەتە، ئەگەر دینمان قبوڵ کرد، لەئاکامدا پێویستە دەوڵتـی ئیسـلامیش قبـوڵ بکـەین، لەوباوەڕەشـدانیم داڕشـتنەوەی دەسـتەواژەکە بەپێچەوانەوە ئاکامێکی راست بەدەستەوە بدات، تەنانەت هـەرگیز لـەوباوەڕەدانیم کـەس هـەبێت ئامـادەیی تێـدابێت, گونـاهی ئـەو قەسـەیە لەئەسـتۆ بگرێـتو بڵێـت قـەبوڵ نـەکردنی دەوڵـەتی ئیسـلامی, هـیچ موسـڵمانێك لـە ئـاین بێبـەری دەکـات, بەڵگەشـم بـۆ ئـەو قسـەیەم ئەوەیـە کەلـەو بـاوەڕەدانیم، هـیچ کاتێـك سیان لەوانـەی باس لەدەوڵەتی ئیسلامی دەکەن، لەنێوان خۆیاندا لەسەر بیرۆکەیەکی یەکگرتووو یـەکانگیر ڕێکـەون, سـەبارەت بەدەوڵـەتی ئیسلامی، مامۆستا خالیدیش زۆر چاك لـەمن شـارەزاترە، کەزۆربـەی فەقیهـەکانی ئیسـلام لەسـەر ئـەوە کـۆکن کـەحاکمو فەرمانڕەوا دەبێ پرسو ڕابکا، بەڵام پابەندنییە بەوەی کار بەو پرسو رایە بکاتو بـەگوێی قسـەی زۆرینـە، یـان کـۆی موسـڵمان بکـات، ئەمـەش پێچـەوانەی ئەوەیـە کەمامۆستا خالید بانگەشـەی بـۆ دەکـات، لەهـەمان کاتـدا پێچەوانەو دژی گیـانی دیموکراسیو کرۆکەکەیەتی.. ئەوەش پاڵمان پێوە دەنێت بپرسین، ئاخۆ دەوڵەتی ئیسلامی بەشێکە لە باوەڕ، تاوەکو یەکێك لەدوو لایەنەکە خوانەخواستە بەلادەرو دەرچـوو لـەئایین تەماشـابکرێ، ئـاخۆ ئـەوە بەپێویسـت زانینـی مەسـەلەیەکی ناپێویستە، تاوەکو ئێمەش لەئاست مەسەلەی دینو دەوڵەتدا دوودڵو راڕابین..

مامۆستا خالیـد، زۆر چاکتر لـەمن ئاگـاداری ئەویـە، کەدەسـت نیشـان کردنـی خەلیفـە (ئەبوبـەکر) بـەکۆی دەنگـی موسـڵمان لـە(السـقیفة)، زۆر جیـاوازو ناکۆکـە لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردنی خەلیفە عومـەری کـوڕی خـەتاب لەلایـەن ئەبوبـەکرەوە، لەهەمان کاتدا جیاوازو ناکۆکیشە لەگەڵ دەست نیشان کردنی خەلیفە عوسمان

www.pertwk.com



کەبەدوو قۆناغ ئەنجامدرا، قۆناغی یەکەم لەلایەن (أهل الحل والعقد)ەوە، عوسمانو عەلی کوڕی ئەبوتالیب کاندیدکران، بەڵام دواتر لەقۆناغی دووەمدا عبدولرەحمانی کوڕی عوف، تای تەرازووەکەی بەلای عوسماندا شکاندەوەو ئەو کرا بە خەلیفەی موسڵمانان، ئەمەش جارێکی دیکە شێوازێکی جیاوازو ناکۆکە لەگەڵ شێوازی بەیعەتی خەڵکی مەدینە بۆ ئیمامی عەلیو دەست نیشان کردنی بەخەلیفەی موسڵمانان، ناکۆكو دژە لەگەڵ شێوازی بەخەلیفە بوونی موعاویە بەزەبری شمشێر، ناکۆکە لەگەڵ خەلافەتی یەزید بەمیراتو پشتاوپشت، ناکۆكو نەگونجاوە، لەگەڵ شێوازی بەخشینی خەلافەت لەلایەن هارون رشیدەوە بە (ئەمین)ودواتر بۆ مەئموونی برایو دواتر قاسمی برای. دووربێ خوایە، نەکا شێوازی هەڵبژاردنی حاکمو خەلیفە- کەگرنگترین پایەکانی سیاسیی دەوڵەتە- بەشێك بێت لە بروای ئیسلام، ئەگەر وابێ ئەوە، جیاوازییەکە دەبێتە هۆی لادان لەئایین، خواش لەوە گەورەترەو میهرو بەزەییو گەورەیی وای کردووە کە باوەڕ باڵاتر بکات لەسیاسەتو ئایین لەدەوڵەت بەدووربگرێت..

ماموستا خالید، باش دەزانێت ئەوانەی لایەنگیری هێڵی سەرمایەداری دەکەن لە ئیسلامدا، بۆ ئەم قسەیەیان پشتیان بەقورئانو سوننەت بەستووە, پاساوی رایەکەی خۆیانیان پێداوەتەوەو لەهیچ بنەماو بنەڕەتییەکی ئایین دەرنەچوونو بەناهەق ئایەتەکانیان لێکنەداوەتەوە، ئەوانەش لایەنگیری هێڵی سۆسیالیستی دەکەن لە ئیسلامداو پێیان وایە ئیسلام بەولایەدا دەیشکێنێتەوە، پاساوی رایەکانیان، قورئانو سوننەتەو لەئایینی ئیسلام دەرنەچوونو بەناهەق ئایەتەکانیان شینەکردۆتەوە. بەڵکو هەمووان ئەوەی بەدوایدا وێڵ بوون لەئیسلامدا دۆزیانەوە، چونکە ئیسلام ئایینی بەزەییو سۆزەو شوێنی پێشهاتو گۆڕانکارییەکانی کاتو شوێنی تێدا دەبێتەوە، لەهەموو سەردەمو زەمانێکدا،و هێندە نایەتەوە یەك کەتەنها پەیوەست بێت بەفۆرمێك لەفۆرمەکانی دەوڵەتو





سیستمە ئابووریو سیاسییەکەی, بەڵکو هەموویان لەخۆدەگرێت, ئەمەش بەزەییەکی خودایەبە بەندەکانی خۆیدا,و پێداگرتنێکە لەسەر ئەوەی کەئایین لەدەوڵەت گشتگیرترەو باوەڕو عەقیدە فراوانترو گشتگیرترە, لەبیرۆکەی بەرتەسکی سیستمی حوکمڕانیودەگەمە پرسیاری ماموستا بەڕێزەکەمان, پراکتیزە کردنی شەریعەت چی دەگەیەنێت؟ بێ ئەوەی خۆم تووشی گێژاوی شەریعەتوفیقهی ئیسلام بکەم, یان وەك زۆری دیکە پرسیار لەماهیەتی حەددەکان بکەم لەئیسلامداو ئاخۆ تەنها ئەوە دەگرێتەوە کەلەدەقی قورئاندا هاتووە, یان ئەوانەش دەگرێتەوە کە پێغەمبەر پیادەی کردوون, یان لەوەش فراوانترەو گشتگیرترە, کەکاروکردەوەو پیادەکاری خەلیفەکانی راشدین لەخۆبگرێت, یان لەوەش تێپەڕدەبێتو ئیجتهادی فەقیقهەکانیش لەقۆناغی زەمەنی دواتردا بگرێتەخۆ.. ئەوە مەسەلەیەکی فقهییە هەڵوەستەی لەسەرناکەم, چونکە من تەنها مەبەستم لایەنی سیاسیی مەسەلەکەیە, ئەولایەنەی وام لێدەکات وەڵامی ئەو ماموستا بەڕێزە بدەمەوەو بڵێم, پیادەکردنی شەریعەت وادەکات هاووڵاتیەکی مەسیحی لەم وڵاتەدا بەچاوی هاووڵاتی پلەدوو تەماشا بکرێتو گەواهیدانی قەبوڵ نەبێت, بەڵکو بەلای هەندێك لەتوندڕەوەکانەوە مافی ولایەتی نییە, پیادەکردنی شەریعەت دەبێتەهۆی ئەوەی گۆرانی وتنی ژن وەك بانگەشەیەك بۆ داوێن پیسی تەماشابکرێت, سەما دەبێ بەبەرەڵایی, نواندن وەك بێڕەوشتیو لادان تەماشادەکرێت, خۆ رازاندنەوەی ژن دەبێتە خۆ دەرخستنی سەردەمی جاهیلی, داتاشینی پەیکەر وەك کوفر لێی دەڕواندرێت. تەنها ئەگەر شوێنی دڵ یان جگەریمان کوێرکردەوە, هەرخواش دەیزانی چارەنووسی پەیکەرەکانی فیرعەونییەکان چی بەسەر دەهات, کە خواوەندەکانی میسری کۆن نیشان دەدات, ئەوەش زانیاریەك بووە بەسەر فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە ئیسلامییەیەك لە دوای یەکەکاندا تێپەڕیوەو درکیان پێنەکردووە, ئەوەش هەر

www.pertwk.com



بەزەیی یەزدان بووە بۆ مێژوو, ئیرادەی مەزنی خودا وای ویستووە کە ژێرگڵ بکەون و بەخۆگری بۆمان بمێننەوە, تەنها کنەکردنێکی مەئموون نەبێت بۆ هەرەمەکان و, دەستی وشکە سۆفیەکیش گەیشتۆتە سیمای پەیکەری مەزنی ئەبی هۆل و شێواندویەتی..

بەڵام سەبارەت بەوەڵامی مامۆستای بەڕێزمان, بۆ پرسیارەکەی, ئاخۆ شەریعەت چۆن حوکمی کۆمەڵ دەکات... بەڕێزی لەم وەڵامەیدا کەوتۆتە گێڕانەوەی جوانترین ئەو بابەتانەی کەدیموکرسییە مودێرنەکان دایان هێناوە, وەك ئەوەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو ئازادی فرە حیزبی, دەرکردن رۆژنامەو هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان و مافی نوێنەران لەنەیاری و بەرهەڵستکاری و روخاندنی حکومەت, ئەم قسانەی مامۆستا لەوەڵامێکدا هاتوون کەبڕێك لەسەرسووڕمان و سەراسیمەبوونێکی زۆر هەڵدەگرێت, سەراسیمە بوونەکەمان لەئاست ئەو پیاوەدایە, بەڵام سەرسووڕمانەکەمان, سەرچاوەکەی ئەوەیە کەتەنها یەك دەقی قورئان, یان سوننەت نیە بەراشکاوی جەخت لەسەر بەندێك لەوبەندانەی پێشووبکات, بەڵام دەتوانین بڵێین کەلەمەنتیقەوە نزیکترە ئەگەر بڵێین, ئەوە روحی ئیسلامە نەك شەریعەتی ئیسلام, ئەو روحەی نەلەگەڵ هەق و نەلەگەڵ دادپەروەریدا دژە, بەڵام مەسەلەکەش بەم شێوەیە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاستەنگێك و وروژاندنی پرسیارێك و ناچاری ئەوەشمان دەکات نزاو پاڕانەوە یەکیش لەخودابکەین, هەرچی ئاستەنگەکەیە, ئەوا پەیوەستە بەلادانی سیستمی حوکمە (ئیسلامییەکان)ی دراوسیّ ونادراوسیّ, لەرۆحی ئیسلام وەك من ناوی دەبەم و لادان لەشەریعەتی ئیسلام وەك مامۆستا پێی وایە.

پرسیارەکەشمان سەبارەت بەپێداگرتنیمامۆستایە لەسەر ناونانی ئەوانەی پێشتر لێیدواین بەناوی ئیسلام کەهیچ پەیوەندییەکیبە ئیسلامەوەنییە, ئەگەر لەگەڵ رۆحەکەشدا یەکبگرێتەوە, چونکە لە شوێنێك هاتۆتە کایەوە کەشوێنی





ئیسلام نییەو ناوێکی لێنراوە کەدوورە لەناوەکانیەوە, نزاو پاڕانە وەکەشمان لەخودا ئەوەیە کەمامۆستا لەزمان و قەڵەم و لەوانەیە–خەنجەر–ی ئەوانە بپارێزێت کەئالآی ئیسلامیان بەرزکردۆتەوەو پێیان وایە تەنها حزبی خودایە کە دەمێنێت و حیزبی شەیتانیش سەرنوگم دەبێت, لەچاویاندا مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك مافی یاسادانانی نییە, هەندێك زیاتر پێی لێهەڵدەگرن و مافی ئیجتهادیشی پێڕەوا نابینن, تەنانەت ئازادی بیرکردنەوەو بیروباوەریش بەمرۆڤ رەوانابینن, لەم دونیای پێشکەوتن و سەرقاڵ بەجەنگی ئەستێرەکانەوە, ئەوان خەریکی هەقایەتی مێشن و مێشکی هاووڵاتییانی خۆیان بە لێدوان و قسەوباس لەمەڕ قوڕی ئەرمەنی خەریك دەکەن, لەکاتێکدا خەڵکانی دیکە خەریکی دامەزراندنی مۆزەخانەن بۆ بەردەکانی سەر رووی مانگ..

لەکۆتایشدا دەگەمە ئاستی دواپرسیام لەمامۆستای بەڕێزمان و داوای لێبوردنی لێدەکەم, کەمن هەموو تەمەنم سەراسیمەبووم لەئاست ئەوپیاوەداو بەردەوام دڵخۆش بووم پێی, دەپرسم ئاخۆ سەیرنییە مامۆستای بەڕێز, وەڵامەکەت بۆ پرسیارەکەی خۆت, تەنها لەوەدا کورت بکەیتەوە, کەمادام. ئەگەری ئەوە لەئارادایە, رۆژێك لەرۆژان ئەم رەوتە, نزیك یان دوور, بگاتە حوکم و دەسەڵات, بائێمە دەست بکەین بە پراکتیزەکردنی شەریعەت, وەك یاساو سیستمی حوکمڕانی لەئێستاوە, باهەرئێستاش بیخەینە راپرسییەکی گشتییەوە, تاوەکو دواتر کەس لێی لانەدا, ئاخۆ هەست ناکەیت ئەمەلەوە دەچێت, خاوەن خانوویەکی کۆن سەرتاپای خانووەکەی گڕبداو بیسوتێنێت, لەترسی ئەوەی کەرۆژێك بەسەریدا بڕوخێت, سەبارەت بەو قسەیەشت کە شەریعەت داواکارییەکی جەماوەریە, ئەوا ئەمەیان دەرگایەك لەدەرگاکانی پەژارەم بەڕوودا ئاوەڵا دەکات, لەبەرئەوە نا کەمن رەتی دەکەمەوە, یان بەڕاستی نازانم, نەخێر, بەڵکو لەبەرئەوەی من دڵنیام, لەبەرئەوە بەم شێوەیە دیاردەکەوێت چونکە وەك

www.pertwk.com



مەسەلەیەکی ئاینی خراوەتە بەردەم رای گشتی, لەبەرامبەر ئاینیشدا کەس بۆینییە, منیش بۆم نییە, ناکۆکبم یان بەرهەڵستی بکەم, بەلاّم ئەگەر بێتو مەسەلەکە, بەرووە راستەکەیداخرایە روو, واتە وەك مەسەلەیەکی سیاسیو دونیاو حوکمڕانی, ئەوائەوکات مەسەلەکە دەگۆڕێت, هەرئەم خاڵەش هۆکاری خەمو پەژارەکەم نییە, بەڵکو سەرچاوەکەی تڕۆبوونی سیاسییەکانمانە, کاتێك بۆ دەنگێك لێرەو لەویٚ دەپاڕێنەوە. لەرێگای موزایەدەکردن لەسەر ئاسایشو دوا رۆژی نیشتمان, هەقمان بەسەرەوە نییە مامۆستای مەزن, دەشیٚ شەڕبیٚو خێری لێبکەوێتەوە, چێژمان وەرگرت لەوەی گوتتو دڵخۆش بووین بەدەمەتەقیٚ کردن لەگەڵتدا.

## لەنێوان ئەقڵ ونەقڵدا (*)

لەم ماوانەی دوایدا رۆژنامەکان فەتوای حەرام کردنی ماددەسڕکەرەکانیان بلاّوکردەوە کە لەسەر بنەمای قیاس کردن بەحەرام کردنی جۆرەکانی مەی وخواردنەوە ئەم فەتوایانە دەردەکران. بۆ نموونە ئەو هەواڵەی کەلەلاپەڕەی ئاینیی رۆژنامەی (الاهرام)دا لەرۆژی هەینی رێکەوتی 29\11\1985 دابلاّوکرابۆوە, بەدەق تێیدا هاتبوو((هەموو ئەوشتانەی کەمرۆڤ سەرخۆش دەکەن جاچ شل بێت یارەق یان گوشراو یان لێنراو.دەچنە خانەی حوکمی مەی خواردنەوەوە, هەربۆیە وەرگرتنیان حەرامە جا چ بەخواردنەوەبێت یان لەرێگای دەرزییەوە بێت یان بەبۆن کردن,یان هەر رێگایەکی دیکە)). ئەوەش کەلەم دەقەدا تێیدەگەین , مانای وایە هەمووجۆرەکانی ماددەسڕکەرەکان بەهێرویین وکۆکاینیشەوە دەخرێنە لیستی مەیەوە, چونکە بیٚگومان کاتێك باس لەدەرزی لێدان وبۆن کردن دەکەن مەبەستیان ئەوانەیە, چونکە هەرگیز باس لەوەنەکراوە کەبەدمەستێك ویسکی بۆن کردووە یان بینیویانە بەدەرزی

(*) ئەم بابەبەتە درابە( الاهرام) بەلاّم بلاّونەکرایەوە.





ڤۆدکا لەخۆی بدات, هەرلەهەمان لاپەڕەدا هاتووە کەفەقیهەکان فەتوایان داوە((وەك چۆن مەی خواردنەوەو فرۆشتنی وکۆکردنەوەی حەرامە, ئەوا ئەم حوکمە بەهەمان شێوە بەسەر هەموو جۆرەکانی ماددەسڕکەرەکاندا پراکتیزە دەبێت,لێرەدا تێدەگەین کەسەرجەم حەرام کردن وسزاکانی جۆرەکانی مەی وخواردنەوە لەگۆشەنیگای ئیسلامەوە, بەسەر هەموو جۆرەکانی ماددەسڕکەرەکاندا دەچەسپێت )) بەمەزندەی من ئەوەی باسمانکرد پێودانگێکە هەڵەیەکی زۆری تێدایە, چونکە ئاکامێکی مەنتیقی ئاشکرای لێدەکەوێتەوە, ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کەئەگەر هاتوو هۆی حەرام کردن لەهەردووحاڵەتدا یەك شت بێت, ئەوەیش مەسەلەی ئەقڵ لەدەست دان وبیٚ ئاگاییە, ئەوکات دەبیٚ سزاکەش هەرهەمان سزا بێت, ئەمەش ئاکامێکی زۆرترسناکە, چونکە سزای مەی خواردنەوە لای توندڕەوەکان, بریتییە لە دارکاری کردنی کەسێك کە ئەقڵی لای خۆی نەمابێت, لەئاکامی مەی خواردنەوەوە (بەئەندازەیەك کە جیاوازیی لەنێوان زەوی‌وئاسمان وژن و پیاو)دا نەکات, ئەودارکارییەش ژمارەی لەنێوان چل تا هەشتا دار تێپەڕناکات...

دەشێت خوێنەر سەری سووڕبمێنێت لەم ئەنجامە, بەتایبەتی کەدەبینین لەرووی دەرەوەیدا لێك دەچن, بەپێی ئەو گریمانەیە زۆربەی بانگەوازکاران پیٚ لەسەرئەوە دادەگرن کەراستە لەوانەشە وایان بەمێشکدا بێت, ئەوانەی ئەو فەتوایەیان داوە, تەنها باسیان لەحەرام کردنی کردووەو لەگەڵ سزاکەدا پێکەوە گرێیان نەداوە, بەلاّم زۆربەداخەوە وانییە, چونکە یەکێك لەو بانگەوازکارە ئیسلامییانە لەکۆڕێکیدا کە رۆژنامەی(النور) بۆی بلاّوکردۆتەوە, باس لەوەدەکات کەژمارەیەکی زۆر لەوانەی سزای هەتا هەتایی بەسەردەبەن, بەهۆی تاوانی مادده سڕکەرەکانەوە, نامەیان بۆ ناردووە داوای لێدەکەن پەلەبکات لەجێبەجێکردنی شەریعەتدا, تاوەکو لەبری حوکمی هەتا هەتایی, بەدارکاری کردن رزگاریان بێت ولەزیندان ئازادبن, بۆ درێژەدان بەکارو بەرژەوەندییان.

www.pertwk.com



لێرەدا دەگەینە ئەنجامێك كەویژدانی ئاینی قەبوڵی ناكات وهیچ بانگەواز كارێك شەرم لەراگەیاندنی ناكات, ئەویش ئەوەیە كە شەریعەتی ئیسلام وپراكتیزەكردنی لەلایەنێك لەلایەنەكانیدا ببێتە داواكارییەكی پەلەی دەستەیەك لەخەڵكانی لادەرو دەرچوو لەكۆمەڵ, ئەمەش وەك روونی دەكەمەوە راستیەكانی ئیسلام دانی پێدانانێت, بەڵكو لەئاكامی نەزۆكیئیجتهادەوە دروست دەبێت, ئەوانەی كەئەركی ئەقل تەنها لەگواستنەوەدا كورت دەكەنەوەو ئەوە رەت دەكەنەوە كەیاسا لەعەباكەی شانی مالیك وشافیعی وئەبی حەنیفەو ئیبن حەنبەل بترازێت و بەنەنگی وشەرمی دەزانن, وەك ئەوانەی پێش خۆیان ئەمانیش ئیجتهادێك بۆ حاڵی خۆیان بكەن.

ئێمە لێرەدا لەبەردەم دوو میتۆدی بیركردنەوەداین, میتۆدی یەكەم لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كەهیچ شتێكی نۆی لەئارادانییە. هەرچییەك كەلە سەردەمی پێشوونان راست بووەو هەرچییەك لەوانەوە گوێزراوەتەوە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ هەموو بارودۆخەكانی ئەو كۆمەڵە نوێیەی كە موسڵمانی پاشینە تیایدا دەژین‌و پێویستە لەسەرمان, كۆمەڵەكەمان گوێڕایەڵ وملكەچی حوكم‌و بڕیارەكانی فەقیهە كۆنەكان بكەین, ئەگەر هاتوو چوار ئیمامەكەباسیان لەمەی كرد بوو, بەڵام بەهیچ شێوەیەك قسەیان لە مادده سڕكەرەكان نەكردبوو, بائێمە ناوی مەی وخواردنەوە لەو مادده سڕكەرانە بنێین. تاوەكو كەسمان لێ ڕاست نەبێتەوە وبڵێ ئێمە لەبەرامبەر گرفتێكی نوێداین كەپێویستی بەئیجتهادێكی هاوچەرخە, یان هەندێك بەناوی كاروكردەوەی ئەقڵەوە بكەونە فەلسەفەلێدان یان عیلمانییەكان داوای ئەوەمان لێبكەن كەبەیاسا دانراوەكان رازی بین ولاریمان نەبێت, بەڵكو پێویستە جێ بەجێكردنی سزای یاسا دانراوەكان رابگرین كە یاسای (نامرۆڤانەن)و بێستانی ناكۆكییە فقیهیەكان ئاوەڵا بكەین, سەبارەت بەوەی ئاخۆ مەی تەنها بابەتی خۆلێبە دوورگرتنەیان حەرام كردن, ئەگەر حەرام





كراوە ئاخۆ سزایەكی شەرعی لەبارەوە هەیە كە بەدەقێكی قورئانی یەكلاكرابێتەوە, یان تەنها سزایەكە كە ئەویش بۆ حاكم یان گەورەو بەرپرسەكان دەگەڕێتەوە, بەواتایەكی دیكە ئاخۆ ئەویش سزا یان حەدێكی زانراوە وەك هەندێك لەفەقیهەكان بۆی دەچن, یان سزاو حەدێكی لەسەرنییە وەك ئیمامی هەرەگەورە (محمود شلتوت) لەكتێبی (الاسلام عقیدة وشریعة).(ل295)دا باسی دەكات ئەگەر مەی خواردنەوە سزای لەسەربێت, بەڵام سزایەكی یەكلاكەرەوەوحەددێكی دیار نەبێت, ئاخۆ سزاكە چل دارە یان هەشتا؟!

ئابەم شێوەیە لەبری ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەكە, بەگەڕان بەنێو فایل و دۆسێكاندا, سەرقاڵ دەبین, ئەگەر موناقەشەكەشمان درێژەی كێشاو یەكتریمان بۆڕداو ماینەوە سەر جێ بەجێكردنی سزای خراپەكارییەكان لە دونیادا, وەك ئەوەی باشترین دەروازە مان بێت, بۆ خۆ رزگاركردن لەم ئاستەنگە, نەك سزایەكی دیاریكراو بۆ كردەوەیەكی دیاریكراو.

ئەمە سەبارەت بەمیتۆدی یەكەم ,بەڵام میتۆدی دووەم زۆر ئاسانترو نزیكترە لەلۆژیكەوە, واتا كەشی بریتییە لەوەی دان بەوەدا بنێین كەئێمە رووبەڕووی كۆمەڵێك مەسەلە دەبینەوە, ئیمامەكان لەسەردەمی خۆیاندا رووبەڕووی نەبوونەتەوەو بنەماو ڕێسایەكی دیاریكراویش لەومەسەلانەدا بوونی نییە, چونكە لەسەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەكانی راشیدیدا هێرۆیین وكۆكایین نەبووەو نەشزانراون ئەمەش خۆی لەخۆیدا بوارێكی فراوان وبێ كۆت و بەند ئاوەڵا دەكات بەڕووی ئیجتهادكردن سەبارەت بەم تاوانانە, ئەوەش ئیجتهادێكە لەژێر عەبای ئاینەوە دەرناچێت, لەهەمان كاتیشدا دژو ناكۆك نییە لەگەڵ ئایندا, چونكە بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵ بەدیدەهێنێت وبنەمایەكی ئیسلامی راستیشە كاتێك رووبەڕووی ئەوتاوانانە دەبێتەوەو بەرسنگیان لێدەگرێت, بەسزای وەها

www.pertwk.com



کەتائەندازەی لەسێدارەدان دەچێت, ئەگەر هاتوو کۆمەڵ هەستی بەوەکرد کەتەنها ئەوسزایە ڕێگردەبێت.

ئەمە لەئاین لادان نییە, بەڵکوڕێزگرتنە لەناوەڕۆك وگیانی ئاین, هێندەی خۆپاراستنە لەتێوە گلاندنێکی بێبەڵگەوبێ پاڵپشتی ئاین, هێندە دوورکەوتنەوە نییە لێی, لەهەمان کاتدا نارەزایی دەربڕین نییە لەئاست فەرزێکی لۆژیکیدا, بەڵکو ئاگادار کردنەوەیەکە لەئاکامێکی نالۆژیکی,

لەکۆتاییشدا ئەم قسانە داوا کارییەکە بۆ بەکار هێنانی ئەقڵو کورت نەکردنەوەی لەنەقڵدا..

## کەس نیە بۆ میسر بگری(*)

هەندێك وادەزانن هەموو شتێك لەمیسردا حەلاڵە, ئەگەر نەکاران هێرش بکەنە سەر سیستمی حوکمڕانی لەوڵاتی خۆیان,هێرشەکردنە سەر رژێمیمیسر بەحەلاڵ دەزانن, تەنانەت گەرڕێگایان پێنەدرا شتە گشتییەکانی ژیانی خۆیان بخەنە روو ڕێگابەخۆیان دەدەن دەست بخەنە نێو وردترین تایبەتمەندییەکانی ژیانی میسرەوە, هەر لەسیاسەتی ئابوورییەوە تا بەرووداوەکانی دەست درێژی سێکسیدەگات, ئەگەر نەشیان توانی هیچ پارتێك لەپایتەختی وڵاتەکانی خۆیان دابمەزرێنن. لەبری ئەوە (کۆگای) * سیاسی لەقاهیرە دەکەنەوە, وبۆ بەڕێوەبردنی پشت بەهەندێك نەفس نزم دەبەستن, ئەوانەی کەزۆریان لاخۆشە باس لەئاشتبوونەوەی سیاسی بکەن, لەگەڵ ئەو رژێمانەدا کە ئامادەن جەنگ دژ بەمیسر رابگەیەنن, جارێك لەرێگای راگەیاندنەوە, جارێکی دیکە لەرێگای تیرۆرەوە ,ئەوەش کەزیاتر هانیان دەدا بۆ ئەم هەڵوێستانەیان, دڵفراوانیو

(*) لە1985/12/4, لە(هلاهرام)دا بلاْوکرایەوە.



دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

لێبوردەیی میسرە ,و جار لەدوای جار ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەو دایکێکی بەسۆزە.لەوە گەورەترە وەلاّم بداتەوە, لەوە بالاْ زراڤ ترە کەتیرۆربەتیرۆر چارەسەر بکات , لەوەش سەنگینترە کە توندوتیژی دژ بەخەڵکی بێ گوناە بەتوندوتیژییەکی هاوشێوە چارەسەر بکات, ئەمەش مەسەلەیەکە لەبەرژەوەندییمیسردایە نەك دژی.

داوا لەوانە دەکریت کە پشتگیریی هەموو هێرشبەرێك دەکەن, ئەمڕۆ هەڵوێستی خۆیان رابگەیەنن و رای خۆیان دەربڕن لەئاست ئەوەی دوێنێ رویدا یان پێشتر رویدا یان دەشێت روبدا,کاتێك خوێنی میسرییەکان بەدەستی ئیسرائیل وهاوکارانی ئیمپریالیزم دەڕژێ, نا بەڵکو بەدەستی ئەوانەی لەسەر عەرەب دەژمێردرێن وئەوانەش کەهەموومان بەدەنگ ورەنگ لەرووداوەکەی(لارنکا) بینیانمان. بە(ئەبومازنو ئەبو سوئدودو ئەبو هەوڵ) ناودەبران کەچی فیشەکەکانیان پیاوانی کۆماندۆی میسری دەپێکێ, پێشتریش بەکوشتنی (یوسف سیباعی) خاکی داگیرکراویان ئازاد دەکرد. رۆژی دوێنێش لەکاتێکدا سەرقاڵی قسەی خۆش ونوکتەو گۆرانیو سەمابوون, هەرلەهەمان کاتدافیشەکەکانیان سەرنشینە بێ گۆناهەکانی فڕۆکەکەیان دەپێکا.

وا رێکەوت ئەو رووداوە, لەرۆژی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەردا رووبدات, بۆیە پێغەمبەری مەزنم هاتەوە یاد کاتێك کوژراوەکانی شەڕی بەدری بەسەردەکردەوە. لاشەی حەمزەی مامیشی لەنێویاندا بوو, دەنگی گریان وشین وشەپۆڕ بۆ شەهیدەکانی دیکە بەرز دەبۆوە, بەلاّم کەس نەبوو فرمێسکێك بۆ جەستەی شێوێندراوی مامی بڕێژێت, ئیدی فرمێسك بە گۆنای پێغەمبەردا هاتنە خوارەوە, کاتێك لەبەر خۆیەوە وتەغەمناك وگریاناوییەکەی دەوتەوە (( بەلاّم کەس نییە بۆ حەمزە بگری)).

www.pertwk.com



ئەوەم کاتێك بیرکەوتەوە کەلەیەکێك لەرۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن مانشێتێکم لەلاپەڕەی یەکەمدا خوێندەوە, دەقەکەی دەڵێ(پرسیارگەلێك سەبارەت بەرۆڵی ئەمریکا لەئاست رفێنەرەکاندا) و بەدوای یەك دیڕدا دەگەڕام رفێنەران تۆمەتبار بکات, یان پەنجەی تۆمەت بۆ ئەوانە درێژ بکات کەلەپشتیانەوەن, بەڵام بەداخەوە نەمدۆزییەوە, ئەوکات بینیم زمانم لەبەر خۆیەوە دەڵێت (کەس نییە بۆ میسر بگری).لەکاتێکدا هەر دەنگی بەرزە بەرگری لەکەسانی دیکە دەکات وسەرکەوتنی وەهمییان دەداتە پاڵ وململانێیانە لەسەر پاساو هێنانەوە بۆ هەڵەکانیان وموزایەدە دەکەن لەسەر خۆ نزیك کردنەوە لێیان, هەوڵی بەرزکردنەوەی دروشمەکانیان وپیادەکردنی راگەیاندنەکانیان دەدەن. تەنانەت گەرویستییان لەرێگای کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی میسرەوە قودس رزگار بکەن, ئەوان هەر لایەنگیریان دەکەن داواش دەکەن لەبەرامبەر تیرۆردا دان بەخۆدا گرتن پەیڕەوبکرێت, بەردەوام گومان لەهەموو هەنگاوێك دەکەن کەمیسر هەڵیدەنێت ودەیانەوێت وا لەخەڵکی بگەیەنن کەبڕیاری هەڵکوتانە سەر فڕۆکەکە, بڕیارێکی ئەمریکی بووەو ئەمریکا لەپشتییەوە بووە, وەك ئەوەی میسری سەربەرز بۆ هەموو کەسێك حەلاڵ و والابێت, خوداش ئاگادارە کەبەدەستی ژمارەیەکی کەم لەرۆڵەکانی خۆی, ئاوەها ئاوەلاکراوە وحەلاڵ کراوە کەرەچاوی هیچ پیرۆزی وحورمەتێکی نیشتمانەکەیان ناکەن و دەرەکی وبێگانە پێش رۆڵەی خۆیان دەخەن..

ئەمانەش چون هەندێك لەموسڵمانانی سەردەمی پێشینەو سەلەف بەراورد لەنێوان وشەیەکی هەقی سەرزمانی ئیمامی عەلی وخواردنێکی بەتامی سەرخوانی معاویە دەکەن, بەڵام خواردنەکە هەڵدەبژێرن.





## تکام وایە راستی کەیتەوە(*)

مامۆستا (صلاح منتصر)

وتارەکەی بەڕێزتانم زیاترلەجارێك خوێندەوە کە بەناونیشانی (ئەوپیاوە باشەی لەسێدارەیان دا),

هەمووجارێك پرسیاری مەبەستی ئەو وتارەم لەخۆم دەکردو ئەوەم لەمێشکیخۆم وەدەرنا کە ئەو وتارە, بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ بڕیاری لەسێدارە دانێك هێنرابێتەوە, لەمەسەلەیەك لەمەسەلەکانی راو بۆچووندا, جا ناوەڕۆکەکەی هەرچییەك بووبێت. هەڵوەستەیەکیشم لەسەر ئەو ئاخ هەڵکێشانەی بەڕێزت کرد کەلەکۆتایی وتارەکەتدا بۆ ئەوانەت کردووە کەخۆت بە بانگەوازکارانی راستەقینە ناویاندەبەیت کەلەمیسر لەسێدارە دراون وتەنها وشەیەکیشیان شك نەبردووە, نووسەرێك نووسیبێتی وداوایمیهرو بەخشندەیی بۆ کردبن, هێندەی من ئاگاداربم و(تکام وایە بۆم راست بکەیتەوە) هەموو ئەوانە بەهۆی ناکۆکیی راو بۆچوون, یان رەت کردنەوەی بانگەواز نەبووە, بەڵکو رووبەڕوو بوونەوەی کۆمەڵەو رێکخراوی چەکدار بووە کەکار بۆ روخاندنی سیستمی حوکمو دەسەلات دەکەن, یا تیرۆرێکی چەکدارییەوهەوڵی سەپاندنی رای خۆیان دەدەن لەرێگای بەکار هێنانی هێزەوە, تەنها تێبینیەك دەمێنێتەوە کە پەیوەندیی بەکرۆکی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە. کەخۆی لەدادگاییکردنێکی یەك سەعاتیدا دەبینێتەوە ولەماوەی سێڕۆژیشدا حوکمی لەسێدارەدانەکە جێبەجێدەکرێت ورەچاوی تەمەنی پیاوێك ناکەن, کەهەشتاساڵ تەمەنی هەیەو حوکمەکەشی لەبەرچاوی هوتاف کێشانی هەزاران کەس جێبەجێدەکرێت وچوار لەهاوڕێکانیشی ئامادە دەبن, کەئەوانیش بەلەسێدارەدان حوکم دراون, وەك رێگە خۆشکردنێك بۆ ئامادەکردنیان, لەکۆتایشدا من نەتەجەموعیم ونە مارکسیشم

(*) لە1985/2/5,لە(الاهرام)دا بلاوکرایەوە.

www.pertwk.com



,بەلاّم پێشوازیی لەو کەسەدەکەم کەلەگەڵیدام. یائەو لەگەڵ مندایە, لەخانەی مافەکانی مرۆڤدا. کەمن جاران وئێستاش بەڕێزت بەیەکێك لەوانە لەقەڵەمدەدەم کە لەوخانەیەدان.

## بەدواداچونێکی دیکە**

سەرەتا سوپاست دەکەم بۆ بلاّوکردنەوەی تەواوی بابەتەکە, دووەمیش بۆ نووسین وبەدواداچوونێکی هێمنانە, روخسەتیشت لێ دەخوازم بۆ روونکردنەوەی چوار خاڵ کەلە وەلاّمدانەوەکەتدا بۆم تێبینیم کردوون, یەکەمیان پەیوەستە بەوەی کەبەمن دەڵێیت لە (خانەی مافەکانی مرۆڤدای),ئەو هەقەت بەحاکم وفەرمانڕەوا داوە ئەوکەسە لەسێدارەبدا کەهەوڵی داوە کودەتای لەدژ بکات, منیش لەوەلاّمدا دەڵێم ئەوەمافی کۆمەڵە نەك هی حاکم وفەرمانڕەوا, کەسێکیش نارنجۆکێك بهاوێژێت بەبزەوپێکەنین وەلاّم نادرێتەوە, کەسێك پشتێنی بەبۆمب چێنراو لەخۆی بئاڵێنێت, کەس باوەشی پێدا ناکات وئامێزی بۆ ناگرێتەوە, ئەمەش وەك بەسەرگروپی جیهادو ئالاّسوورەکاندا پراکتیزە دەبێت, بەوهەمان شێوەیە دەستەی ئیخوان ناگرێتەوە, هیچ پەیوەندییەکیش لەنێوان ئەم مەسەلەیەو مەسەلەکەی(مەحمودتەها)دا نییە, کەهیچی وای نەکردووە, هێندە نەبێت کۆمەڵێك بلاّوکراوەی فڕێداوە وتەنها دەنگی هەڵبڕیوە .

خاڵی دووەمیش کەبووەمایەی سەرسوڕمانم, ئەومەسەلەیەیە کەپەیوەندیی بەدەعواکەی مەحمود تەهاوە هەیە کەگوایە لەئیجماع دەرچووە لە ناوەڕۆکی عەقیدەو باوەڕدا, بەلاّم ئەم دەرچوونە هەقە بەراوبۆچوونی راست ودروست وبەڵگەی سەلمێنەر بەری بگیرێت. لەخوابەزیاد بێت ئیسلام مامۆستاو زانای ئاینی زۆری هەیە. بەلاّم ئەگەر بەکوشتن وەلاّم بدرێتەوە ئەوا لەمەیاندا لەگەڵتدا

** ئەم وەلاّمە نێردرا بۆ مامۆستا(صلاح منتصر), دوای پەیوەندییەکی تەلەفونیو پێشوازیی لێگردو بلاّوینەکردەوە, وبۆ خوێنەر ئاسان دەبێت دەرکی هۆکەی بزانێت, ئەگەر وەلاّمەکە بخوێنێتەوە.





نیم وپێویستیش ناکات بیخەمەوە یادت کەسەرجەم رووداوەکانی تیرۆرو غافڵ کوژیی سیاسی لەمیسر, لەژێر چەترو مەزەندەی تەکفیردا روویداوە .
خاڵی سێهەم: تۆ باس لەخانەی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئیسلام دەکەیت, بەشێوەیەك کەوا تێبگەین ئەو دوانە لێك جودان, جەختیشت کردووەکە مافەکانی مرۆڤ گشتگیرترو لە پێش ترن, بەوەی کەبۆیهەیە کەسانێك هانبدات وەلاّم بدەنەوە کەبوونی مرۆڤ لەپێش ترەو هەموو موسلمانێك مرۆڤە , بەلاّم هەموو مرۆڤێك موسڵمان نییە, بەلاّم من وای دەبینم کەئیسلام لە جەوهەریدا بەهیچ شێوەیەك دژو نەگونجاو نییە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا .

خاڵی چوارەم ئەو ئاوات و هیوایەیە بەوەی کەمنیش یەکێك بم لەوانەی کەهاوشانت دەوەستن لە خانەی ئیسلامدا , کەلەوانەیە مەبەستت خانەی (تیڕوانینی خۆت بیّ بۆ ئیسلام ).بەلاّم خانەو کامپی خودی ئیسلام خۆی, ئەوا من بەشێکم لێی, بەلاّم دیدو بۆچوونی من بۆ ئیسلام رووی زۆرو پڕمیهری هەیە, روویەکیان پەیوەستە بەم دیالۆگەمانەوە, روویەکیشیان باوەڕی بەمافی رەسەنی ئیسلام هەیە, لە گوزارشت کردن لەهزرو بیروباوەڕی خۆی بەوشە نەك بەفیشەك, بەرووبەڕووبونەوە بەمەنتیق نەك بەلەسێدارەدان, ئەگەر هاتوو هەردوو تێڕوانینەکە وەك یەك بوون, ئەوا خۆشحاڵم بەوەی کەپاڵپشتی کردنی خۆمت بۆ رابگەیەنم .

## سوپاس بۆ خوا(*)

مامۆستا (صلاح منتصر) لەستوونە رۆژانەکەی رۆژنامەی (الاهرام)ی دا. لەرێکەوتی 25/کانوونی دووەمیدا/1986 , رایەکیبلاّوکردۆتەوە لە ژێرناونیشانی (الکفاح الحقیقی). تیایدا گوزارشتی لەراوبۆچوونێکی خۆی

(*) لە 1986/2/17, لە(الاهرام)دا بلاّوکرایەوە.

www.pertwk.com



کردووە, بەوەی کە باوەڕی تەواوی بەحەتمیەتی ئەوەیە هەیە کەژن پەنا بۆ داواکردنی گەڕانەوە بۆ ماڵ دەبات, بەمەرجێك دەوڵەت کرێیەکی پێبدات بۆ یارمەتیدانی لەپەروەردەکردندا. مامۆستا مەبەستی خۆشی لە پەروەردە رونکردۆتەوە, کەبەلای ئەوە وەپەروەردەی منداڵ و مێردەکەی دەگەیەنێت , ئەم داواکارییەی خۆشی بەنامەی ژنێکی ئەندام لە (مجلس الشعب) پشت بەستووکردووە نامەکە لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەدا هێندە جیاواز نییە..

لێرەدا جێی خۆیەتی کە سەرنجتان بەلای گوزارشتی (پەروەردەی مێرد) دا رابکێشم, ئەم دەستەواژەیە هێندەی سووکایەتی هەڵدەگرێت, هێندە ناچێتە خانەی گاڵتەو قسەخۆشییەوە, زیاتر مایەی سەرسووڕمانە نەك پێکەنین ,ئەگەرپێکەنین لە پەناوپێچی ئەم بانگەشە خەماویەدا شوێنی ببێتەوە.لەوانەشە هەلێکی باش بێت کەلەگەڵ خوێنەراندا ئەم خەمە بەهەموو دیوەکانیدا هەڵوگێڕ بکەین, روویەکیان ئەوەیە ئاخۆ ئەم بانگەشەیە لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستە مدا دەگونجێ,دەشێ نیو سەدە دوای ئەوە ڕابگەیەندرێت کە ژن خۆی گەیاندۆتە بوارەکانی ژیانی گشتی, یا وردتر بڵێین سەرجەم بوارەکاندا ئەوانە نەبێت کەیاسا رێگرە لەبەردەمیاندا, روویەکی دیکەی ئەو خەمە ئەوەیە کە کرۆك وپێکهاتەی ئەو بانگەوازە ئاراستەی هێزێکی کاریبەرهەمهێنەربێت کەژمارەیان لەپێنج ملیۆن زیاترە, لەکاتێکدا ئێمە ئەوپەڕی پێویستیمان بەوەیەکە توانای بەرهەمهێنان لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زیاتر بکەین, بەڵام خەمەکەلەوەدایە ئامرازی نووسەر بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوڕەوەی گەشەکردن لەمیسردا, گۆڕینی بێکاری رووپۆشکرا بێت بۆ بێکاری تەواو, رووی سێیەمی ئەو خەمە ئەوەیە کەدەبێ ئازادیی نووسین لەبەرامبەردا رەچاو کردنیشی تێدابێت,بەڵام ئەمە چ رەچاوکردنێکە, نووسەر هەندێك بیروباوەڕی تایبەتیخۆی دەربخات کەئەوبیرو رایانە کۆتو بەندبخەنە سەرئازادیی کەسانی دیکەو مافی مرۆڤانەیان ومافی دەستوورییان زەوت بکەن ولەهەمان کاتدا ململانێکردنە لەگەڵ بزاوتی بەرەو پێشچوونی مێژووی مرۆڤایەتی, رووی چوارەمیش, ئەوەیە خۆمان





بەبانگەوازێکەوە خەریك بکەین کەپێشتر لە هیچ شوێنێك روویندەداوەو نموونەی نەبووە, چونکە مەسەلەیەکی شیاوی جێبەجێ کردن نییەوجگە لەسەرقاڵکردنی رای گشتی بۆ ماوەیەك, هیچ سوودێکی دیکەی نییە, لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی زیاد بەکاربردنی بڕێکی زۆرتر لەدەرمانی شەکرەو گوشاری خوێن وخەمۆکی لەکاتێکدا ئێمە لەهەمووکات زیاتر پێویستمان بە کەمکردنەوەی بڕی بەکاربردن وهاوردەیە,بەڵام دوارووی ئەم خەمە, ناوەڕۆکی ئەونامەیە یەکەخانمی ئەندامی (مجلس الشعب) ناردوویەتیو هەمان ئەم بانگەشەیەی دووپات کردۆتەوە, لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ (ئیسلام)لە پێشەکی داواکارییەکەیدا,کە پێم وانییە پاڵپشتێکی لەئیسلامدا دۆزیبێتەوە بۆ قسەکانی.

لەوباوەڕەشدام بەکارهێنانی ناوی ئیسلام لەئاوەها مەسەلەیەکدا بۆ لاوازیی پاساوو بەڵگەکانی دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا ئاینی ئیسلام بێبەرییە, لە هەموومەسەلەیەك کەدەبێتەئاستەنگ لەبەردەم بزاوتی کۆمەڵ لەپرۆسەی پێشکەوتنیدا, وەك جەخت کردنەوەیەك لەسەر بەهاکانی ئازادی وبەرهەم هێنان وکارکردن, دەشێ حەزیش نەکەم ئەم قسانەم کۆتایی پێبهێنم, بەر لەدەربڕینی سەرسووڕمانی خۆم, لەوەی کەئەم بانگەشەیە لەسەرزاری ژنێکی ئەندام لەو ئەنجوومەنە دەربچێت, نەك ئەندامێکی پیاو. خانمیش لەبری ئەوەیبەرگری بکات دژی بانگەشەیەکی لەو چەشنە پشتگیریی لێدەکات, بەڵام پێدەچێت موتەنەبی شاعیر راستی وتبێت:

سوپاس بۆتۆ, ئەوەی خوازیاری دیدارین, نایبینین
ئەوەی حەزبەبیستنی ناکەین, بەرگوێمان دەکەوێ..سوپاس بۆتۆ..
لەهەمووبارێکیشدا هەرسوپاس بۆخوا..

**قسەی بێسەروبەر** (*)

(*) بۆ رۆژنامەی (الاهرام) نێردرا, بەڵام بڵاونەکرایەوە

www.pertwk.com



ژمارەیەکی زۆر لەنووسەران وبیرمەندانمان, لەسەرئەوە راهاتوون کە وتارەکانیان بەدەستەواژەی لەجۆری ((کەسێك نییە, ناکۆك و ناڕازیی بێت, سەبارەت بەپیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام, جاچ حکومەت بێت یا ئۆپۆزسیۆن, موسڵمانان بێ یاقیبتیەکان, ئەوەمەسەلەیەکە کۆتایی هاتووەو ناکۆکی لەسەرنییەو قسەکردن لەبارەیەوە یەکلایی کراوەتەوە)), بێگوێدانە ئەوەی, ئاخۆ خۆیان لایەنگیری پیادەکردنی شەریعەتن یادژین, بەردەوام وتارەکانیشیان بەوەکۆتایی دێت. کە داوادەکەن هەنگاوی یەکەم یاساکان پاك بکرێنەوە وتەتڵەبکرێن, یان پلەپلە شەریعەت پیادەبکرێت. یان هەندێك جار بەناڕاستەخۆ مەترسیی دەردەبڕن لەکاریگەریی پەلەکردن لەپیادەکردنی شەریعەت, بەرای من دووپات کردنەوەی ئەم چەشنە دەستەواژانە لەباشترین گریمانەدا هەڵەو لەخراپترین گریمانەشدا, دەچێتە خانەی موزایەدەوە. چونکە خودی دەستەواژەکە, هەڵەیە, لەبەرئەوەی نەهەمووان پاڵپشتی لێدەکەین, نەکێشەکەش کۆتایی هاتووەو نەموناقەشەکەش یەکلایی بۆتەوەو نەبابەتەکەش مایەی رێکەوتنێکی گشتییە, نەخۆشەویستیی نیشتمانیش رێگا بەترس دەدات, نەخۆشەویستی پۆست و پلەش پاساوە بۆموزایەدە, نەنووسەریش لەخوێنەران زیرەکترە, نەخوێنەرانیش بێئاگان تاوەکو بەئاسانی بەرەو رەت کردنەوەیەکی قەناعەت پێکراوبەرەزامەندی بەکێش بکرێن, هەموو ئەمانەش هیچ ئاکامێکی نییە لەوروژاندنی تەم ومژێك زیاتر, بەمەبەستی شاردنەوەی بینینی راستەقینە, چیترنیە, ئەم بابەتە دەستەواژانە وادەکات کەس نەزانێت, ئاخۆ کێ بەم ئاراستەیە هەنگاو دەنێت و کێش بەئاڕاستەی پێچەوانەدا دەڕوات, کەسانێکیش بواری وروژاندنی پرسیارێکی تێدا دەدۆزنەوە, پرسیارەکەشیان پاساوی هەیە, کەئاخۆ کۆسپ خستنەڕێگاو وروژاندنی مەترسیچ حیکمەتێکی تێدایەو لەکاتێکدا گفتوگۆو قسەکە بەملدان و قەبوڵکردن دەستی پێکردووەو





موناقەشەکەش بەدەربرینی رەزامەندیی یەکلایی کراوەتەوە, لەوانەیە دکتۆر (عبدالمنعم النمر) مەبەستی هەموو ئەونووسەرانە بووبێت لەوتارەکەیدا کەلەرۆژنامەی (الاهرام)دا بەناونیشانی (وتەیەکی لەسەرخۆ لەمەڕپیادەکردن شەریعەت) بڵاوبۆوە, کاتێك بەسەرسووڕمانەوە دەڵێت (( ئەوانەی گوتارەکانیان دەڕازێننەوەو دەڵێن. ئێمە لەگەڵ پرەنسیپداین, واتە پرەنسیپی پیادەکردنی شەریعەت لەگەڵ ئەوناکۆکییەش کە هەندێکییان پێی دەناسرێن) بەڵام دەبینین دواتر بەردوخشت فڕێدەدەنە سەر رێگاکە)) دەشێ سەرسووڕمانەکەی دکتۆر بڕەوێتەوە, کاتێك خۆمی پێشکەش دەکەم, بەڵام بەنواندنی مەنتیق نەك بە بەردوخشت فڕێدان, لەسەرەتاشەوە ئەو بەردە قورسە لادەبەم کەدکتۆر فڕێیداوەتە وتارەکەیەوە, کاتێك باس لەوەدەکات, کەمەترسی هەیە لە (کاردانەوە, کاردانەوەی وروژاندنی دژ بەشەریعەت. بەوروژاندێکی گەورەتر لەلایەن ئەوانەوە کەدڵگەرمن بۆشەریعەت, ئاکامەکەش ئاژاوەیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە) سەرم لەوەسووڕماوە, دکتۆر بەکەسێکی گوتارهێمن ناسراوە, کەچی لێرەدا شمشێری هەڕەشەی ڕاشکاوانە, دزەی کردۆتە نێو وتارەکەیەوەو ئاخۆ چ مانایەك دەگەیەنێت, کەدیالۆگەکە لەبازنەی دیموکراسی و ئازادی بترازێنێت و, چونکە بانگەشەکەی زۆرئاشکراو ڕاشکاوە بۆ ئاوەلاکردنی دەرگاکان بەڕووی بیروڕا لایەنگرەکانی و لەئامێزگرتنیان و خستنە سەرملیان, کەچی قسەکانی لەدیالۆگەکەدا خستۆتە سەرملی لایەنی بەرامبەر, ئەو لایەنەی ئەگەر زاری هەڵهێنایەوە, خەڵك دەوروژێنێ و ئەگەر رای خۆی دەربڕی, ئاژاوە دەگێڕێ و ئەگەر مەنتیقیشی خستەڕوو, ئەوەیان گەندەڵییەکی گەورەیە, لەوانەیە سەراسیمە بوونم لەئاست ئەو توانایەی دکتۆردا نەشارمەوە کەهێندە لە سروشتی دەروونیدا بەتوانایەو توانیویەتی ئەو بەهرەیەی خۆی بخاتە خزمەت بەرگریکردن لەمەسەلەکەی, چونکە ئەو وتەی, وەك (ئێمە کاتێك یاسادادەنێین, ناکەوینە ژێر

www.pertwk.com



باری توندڕەوەکان و ویستی کەسانی ئیدارییەوە). دەخزێنێتە نێو بڕگەکانی وتارەکەوە, یان کاتێك لەوەڵامی ئەوانەی مەترسییان هەیە دەڵێ ((بادڵنیا وبێ خەم بن وبزانن, ئەوانەی ئەوئەرکە دەخەنەئەستۆی خۆیان, لەشارەزاترین خەڵك دەبن, لەشەریعەت و بارودۆخی کۆمەڵ و ژیان)) هەموو ئەم قسانەش, کۆمەڵە قسەیەکن واپێشان دەدن کەمەسەلەکە هێندەی نەماوە و بەدیدێت و شەریعەت بەرەو پیادەکردن دەچێت, بەڵام لەبەرامبەر راوبۆچوونی کەسانی ناکۆك و ناتەبادا. وەڵامدانەوەیان ئەودەستەواژەیەی بۆ دەشێت کەلەوتارەکەیدا هاتووە و,دەڵێ(خراپە کارورداوێن پیس, بەدڕەوشتی دەنۆشێت) ئەمەش دەستەواژەیەکە بۆ گاڵتەپێکردن و سووکایەتی کردن بەویاسایانە هێناویەتەوە کەپەیوەستن بەمەسەلەی ناموسەوە و ئێستا پەیڕەو دەکرێن, بەبۆچوونی ئەو بەهایەك بۆهەقی کۆمەڵ و خێران دانانێت لەومەسەلانەدا کەپەیوەستن بەکێشەی ئەتکی ناموسەوە, بەڵکو وەك ئەو دەڵێ (مەسەلەکە تەنها مێرد دەگرێتەوە, گەرحەزیشی بەمەسەلەکەبوو, ئەوا دەرگا بەرووی بانگێشت کراوەکاندا دەکاتەوە و پێشوازییان لێدەکات) کەسێکیش دەستەواژەکانی دکتۆر بخوێنێتەوە و بەگاڵتەپێکردنەکەی پێبکەنێت, لەوانەیە وای بۆبچێت, کۆمەڵی میسری بۆتە بەرەڵاخانەیەکی گەورە, کەسانی داوێن پیس تەپاوتلی تێدا دەکەن و رابواردنی تێدا ئەنجامدەدرێت. چارەسەریش ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا پیادەکراوە, ئەو دەوڵەتەی کەسیازدە سەدە بەردەوام بوو, کەسانی داوێن پیس و بەرەڵا تادوائەندازەی تێربوون رایانبوارد تیایدا, رابواردنیش تیایدا جۆراو جۆر بوو لەنێوان حەڵاڵی شیاو, جارێك لەفرەژنی شەرعیدا خۆی دەردەخست و جارێك دەچووە قاڵبی سیغەوە (زواج المتعة),زۆرجاریش بریتی بوو لەدڵخۆش بوون لەگەڵ کەنیزەکەکاندا, هەندێك جاریش دەچوو قاڵبی حەرامەوە, کەکتێبەکانی مێژوو





ئەدەب, زۆریان بۆباس کردووین و هەواڵی غەرامیات و بەباڵاهەڵدانی کوڕی جوان وشیعرە غەزەلەکانی بۆیان وتراوە, لەوکتێبانەدا بەدوورودرێژی باسکراون, بگرە تەنانەت دکتۆر خۆشی لەتانەوتەشەرگرتنە باوەڕی ڕزگاری نەبووە وئەویشی گرتۆتەوە, کاتێك بەرگری لەیاساکانی پێشووی کاروباری کەسێتی کردووە بەو سیفەتەی خۆی یەکێك بووە لەداڕێژەرانی ئەویاسایانە, ئەو یاسایانەی کەسانێك وای وەسف دەکەن کە, ڕێگا بەژن دەدات لەیەك کاتدا دوو مێردی هەبێت بەواتایەکی دیکە دکتۆر لەچاوی ئەوانەدا کەبەرگری لەپیادەکردنی شەریعەت دەکەن, بۆتە فەرماندەیەك لەفەرماندەکانی سوپای داوێن پیسان..

ئێستاش دوور, لەگفتوگۆی هێمنی سەرمێزەکان, دەخوازم ئەوە بۆ دکتۆر روون بکەمەوە, ئەم قسانەی ئەمڕۆ لەبارەی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامەوە دەکرێ, لەراستیشدا قسەی سیاسەتە, چونکەئەوەڵ و ئاخر مەبەست گۆڕینی میسرە بۆدەوڵەتێکی دینی, ئەوەش مەسەلەیەکە بانگەوازکارانی شەریعەت نکۆڵی لێناکەن و هەرلێکدانەوەیەکی هێمنانەی ئاکامەکانی ئەو پیادەکردنە بەرەو دەوڵەتێکی دینیمان دەبات و سەلماندنی ئەم راستیەش کارێکی ئاسانە و دۆزینەوەی ئاماژەو بەڵگەکانیشی شیاوو ئاسانە, هەر بۆیە بەتەنها قسەکردن لەبانگەشەکاری, بۆ پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام, ئەوەمانای جەخت کردنەسەر ئامرازو خۆگێل کردنێکی ئەنقەست, لەخودی مەبەستەکە دەگەیەنێ و مادام مەسەلەکە مەسەلەی سیاسەت و سیستمی حوکمڕانییە, ئاخۆ راستترنییە پرسیارێکی ئاشکرا بکەین و بڵێین, ئایا ئێمە هەوڵ بۆدەوڵەتێکی دینی دەدەین یان ئامانجمان دەوڵەتێکی مەدەنییە, کەئایین تیایدا بریتی بێت لەوێژدانی کۆمەڵ و بنەمایەك لەبنەماکانی کولتورو مێژووەکەی؟ و مادام قسەکە,قسەی سیاسەت و دنیایە, کەواتە هیچ شەرمێکی تێدانییە ئەگەر قەبوڵی بکەین یان ڕەتی بکەینەوە, هیچ ترسیشمان لەشمشێری تۆمەتبارکردن بەیاخی بوون نیە, چونکە

www.pertwk.com



حەڵاڵکردنی یاخیبوون، بۆمەبەستی خۆپاراستن لەئاژاوە، بنەمایەکی شەرعییەو دکتۆریش زۆر لەکەسانی دیکە چاکتر دەزانێ کەدەوڵەتی دینی قەبوڵنییە، هەر لەکەمینەوە رەتی دەکاتەوە تادەگاتە زۆرینەی روناکبیرانی موسڵمان، بەڵگەشیان بۆئەم رەتکردنەوەیە مێژووە، سەرگوزشتەی مێژووش خەموناخۆشی زۆریتێدایە، چ جای واقیعی وڵاتانی دەوروبەر، ئەگەر دکتۆر نەمر حەزدەکات ئەوقسەوباسانەی بۆ بگێڕمەوە کەخۆی دەیزانێت، ئەوا زۆرم بۆباس دەکرد،[*] پاڵپیشتیشیان بۆرەتکردنەوەی ئەوەیە، کەخودی ئەوانەی دروشمی دەوڵەتی دینیان بەرزکردۆتەوە، بەرنامەیەکی حوکمڕانیو ریککەوتنێك لەبارەی تاکەکێشەیەك شك نابەن، هێندە بەسە، ئەوە بەبیر دکتۆربێنمەوەو باسی ناکۆکیی سەبارەت بەپەیمانی ئاشتی بۆبکەم کەچۆن لەنێوان دووبەرەدا دابەش بوون، هەندێك حاکم یان سەرۆك بەکافردەزانێو کەسانێکی دیکەش بەرزی دەکەنەوە بۆ کەشکەڵانی فەلەك، لەهەر دووحاڵەتیشدا نموونە بەقورئان دەهێننەوە، کەزۆر لەوە بەرزترو پایەدارترە، یان رووپۆش کردنی مەسەلەسیاسییەکان، بەبەرگێکی ئایینی، لەکاتێکدا ئایین زۆر لەوە بەرزتروگران بەهاترو ئازیزترە، حەزدەکەم ئەوەشت بەبیر بهێنمەوە، بەڕێزت لەسەردەمی ئەوپیاوەدا کەهەڵبژرانی ئالای ئیسلام تیرۆریان کرد، وەزیر بوویت، راشیان گەیاند کەکوشتنی ئەوپیاوە بەرگری بوو لەئیسلامو بەبەڵگەیەك لەرێنماییەکانی ئیسلام ئەو کارەیان کردووە، پێشم وانییە بەڕێزت ئامادەییت تێیدابووبێت ئەوپۆستە وەربگریتو بەشداری بکەیت لەگەڵیدا لەلێپرسراوێتی حوکمڕانیدا ئەگەر بێتو قەناعەتو باوەڕێکی ئایینی تەواوت بەچاکی ئەوپیاوە نەبووبێت لەحاڵەتێکدا ئەگەرپێت وابێ ئایین حوکمی هەیە، و هەروەها دەبێ قەناعەتت بەشیاوی ئەوپیاوە هەبووبێت لە حاڵەتێکدا، ئەگەر ئایین لەکاروباری سیاسەتو حوکم جیابکەیتەوە..

[*] بڕوانە کتێبی (الحقیقیە الغائبە)ی نووسەر.





بەڕێز، کێ زامنی ئەوەدەکات ئەوپیاو کوژانە نەبنەفەرمانڕەوای ئەو دەوڵەتە دینیەی بانگەشەی بۆدەکەنو شەریعەت دەروازەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆی، بەڕێز کێ زامنی ئەوەدەکات لەسایەی ئەو دەوڵەتەدا کەسانی ئاقڵو میانڕەو حوکممان دەکەن، بەڕێز ڕێگام بدە شەڕی (الجمل)ی بەناوبانگت بێنمەوەیاد، کەلەنێوان (عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبو هاوەڵانی، عەماری کوڕی یاسرو عەبدوڵڵای کوڕی عەباس. لەلایەكو عائیشەی خێزانی پێغەمبەرو زوبێروتەڵحە لەلایەکەی دیکەدا ڕوویداو، چۆن ژمارەی کوژراوەکانی گەیشتەنزیکەی دەهەزارکەس، ئەوەش کوژرا کەداوایکرد پەنا بۆقورئان بەرن بۆ ناوبژیکردن، لەمنیشو خۆشت بپرسە کێ لەسەر هەقبوو، کێش هەڵەو ناهەق بوو؟ لەمنیشو لەخۆشت بپرسە، ئاخۆئەمە فەرمانی ئایین بوو یان فەرمانی سیاسەتو حوکم بوو؟ ڕووی پرسیار ئاڕاستەی منیشوخۆشت بکە، ئاخۆ ئەگەر حاڵو بار لەسەردەستی نزیکترین کەسانی پێغەمبەرو شارەزاترین موسڵمان لەقورئانو سوننەتدا بەم شێوەیەبێ، ئاخۆ حاڵی موسڵمانان لەسەردەستی ئەوسێ گروپە چۆن بێ، کەگروپێکیان لەئیسلاممان دەردەکاو گومڕامان دەکات هیچ ڕوویەکی ئیسلام بەڕاست نازانێت ئەوە نەبێت خۆی دەیبێنیو بەرأستی دەزانێ، گروپێکیش کەپێیان وایە ئیسلام تەنها ڕێگاو ڕێبازی گەیشتنە حوکمو دەسەڵاتە، کەسیش لەم باوەڕو قەناعەتەی پاشگەزی ناکاتەوە، گروپێکیش کەهەردوو گروپەکەی یەکەمو دووەم بەئیسلامی رەسمی دەزانن کەپیاوانی ئاینیی خۆیان، بۆخۆشی دونیا فرۆشتووە، کەخوائاگادارە ئەوە هەرگیز راست نییە..

بەڕێزم ئەزموونی سودان بۆ هەردووکمان بەسە، و ئەوەش کەلە دەوڵەتێکی دیکە ڕوودەداتو تۆکەمێکت باس کردووەو زۆریشت لێ پشت گوێ خستووە، ئەگەر خۆت باسی بکەیت، یان من والێبکەیت باسی بکەم، ئەوا پێکەوە دەگەینە ئاکامێکی پێچەوانەی ئەو ئاکامەی تۆ پێیگەیشتوویت. بەڕێزم لەگەڵ ئێمەدا

www.pertwk.com



هەوڵبدە بۆ ئەوەی جێگیریو ئارامی بۆ سیستمی حوکمڕانی دابین بکەین,و گەشەکردنو بەردەوامی بۆ دیموکراسی زامن بکەینو چارەسەری زانستییانەو واقیعی بۆ کێشەکانی خەڵك بدۆزینەوە, گوناهە خەڵکی بخافڵێنیو بێئاگایان بکەیت لەگرفتە راسەقینەکانی, وەك نیشتەجێکردنو کرێو نرخو گواستنەوەو هاتو چۆو فێرکردنو بەبانگەوازێکەوە خەریکیان بکەیت کەبانگەشەکارانی هێشتا لەسەر ناوەڕۆکەکەی رێکنەکەوتوونو کۆك نین لەسەریو کەچی وەك چارەسەر بۆ ئەوانەی وێنادەکەن کەقەیرانەکە دەیانهاڕێ, گوناهە کەسمان لەم موزایەدەیەدا بەشداربین,و لەگەڵ مندا بیرێك لەچۆنێتی گواستنەوەی ئەو نێو ملیۆن مرۆڤە بکەرەوەکەلە گۆڕستانو کەلاوەکاندا دەژینو چۆن بیان گەیەنینە ئاستێکی باشتری بژێوی, بیرلەوەبکەوە چۆن دەتوانین بژێویی پێویستی ئەو نەوانە دابین بکەین کەلەسایەی داهاتی دیاریکراوو توانای کەموکورتدا, بێ ئەوەی دواڕۆژێك شك بەرن پێدەگەنو گەشە دەگەن. بەڕێزم. باسی کولێرەمان بۆبکەن, نەك رابواردن, لەگەڵمدا لەخوابپاڕێوە سەرمان بخات بۆ گێڕانەوەی وشەی هەقو بەرزکردنەوەی ئاڵای مەنتیقو بەرسینگ گرتنی راستەقینە, لەگرفتە راستەقینەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی ئەم خەڵکەدا.

## یان سەربەخۆییەیی تێکڕا یان مەرگی خێرا[*]

مامۆستا (فەهمی هویدی) لە وتارێکیدا کەلە رۆژنامەی (الاهرام)دا, بەناونیشانی (الشریعة والسیادة المنقوصة) بڵاوی کردۆتەوە, بەداهێنانی بیرۆکەیەکی نوێ هاتۆتە پێش، کرۆکی بیرۆکەکەیش بریتییە لەوەی کە پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام بۆ بەدیهێنانی دووئامانج پێویستو گرنگە، ئەوانیش بریتین لە، یەکەم: سەربەخۆیی نیشتمانی، دووەم: ئازادبوونی کلتورییو شارستانی، بەڵام ئەوەی وای لێکردوین هەست بەتازەیی ئەم بیرۆکەیە بکەین ئەوەیە، ئێمە بەردەوام لەسەر ئەوە راهاتووین کەپاساوی پیادەکردن شەریعەت، تەواوکردنی ئاینو یان گونجاندنی بووە لەگەڵ دەقەکانی دەستووردا، یائەوەتا بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی بووە. کەلەنێوان ویستی دەستگرتن بەسەر حوکم یا تەماعی بەشداریکردن لەحوکمدا خۆی بینیوەتەوە ، ئەمانەش هەمووی کۆمەڵە بانگەوازێکن کەلە کاتی خۆیدا وەڵاممان داوەتەوە.

بەڵام ئەوەی تازەیە، سەبارەت بەئێمە، ئەوەیە کەلە پڕێکدا, بۆمان دەرکەوێت کەئێمە داگیرکراوین، ئەو داگیرکەرەش کەلەسەردەستی مامۆستا هوەیدی ئاشکرامان کردووە، بریتییە لە یاسا هاوردەکان، وئەو داگیرکردنەش زۆر لەداگیرکردنی سوپای بێگانە قورسترە، کەبەپێی وتەکانی مامۆستا، داگیرکاریی سەربازی شەڕێکی رێژەییەو ناکرێت لەگەڵ شەڕی رەهای داگیرکاریی تەشریعیدا بەراوردی بکەین، ئەمەش قسەیەکە ئەگەر رەوانبێژیو رەوانیی وشەکانی لێدابڕێن، ناوەڕۆکەکەی هێندە لەقسەکانی (عبدالسلام فرج) جیاواز نییە کەلەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (الفریضة الغائبة)دا، بەتەتار ناوی بردووین، بەپشت بەستن بەلێکچواندنی یاساکانی ئێستامان بە یاساکانی دووتوێیی (یاسق)ی تەتاری، ئەو یاسایانەی بەبۆچوونی مامۆستا هویدەی بۆتە رێگیر لەنێوان ئێمەو لەنێوان ئازادبوونی کولتووریی و شارستانیدا، ئەمەش بەپێی بیرۆکەی جیاوازی، واتە ملکەچی کۆیلایەتی کولتورو شارستانیی رۆژئاواین، وەك ئەوەی دەیان سەدە لە کەڵەکەبوونی کولتورو شارستانییەکان بەس نەبووبێت بۆئەوەی باوەڕ بەکەسانێك بهێنێت کەکولتور رەگەزنامەی نییەو شارستانییش نیشتمانێکی دیاریکراوی نییە، تەنها لەوشوێنانەدا نەبێت کەمرۆڤی لێ دەژی، بەمەرجێك پێگەیەك لەمێشکیدا بۆخۆی بدۆزێتەوەو ئەوەندە لێبوردەیی لەناخیدا

[*] لە 1986/2/12دا بۆ (الاهرام) نێردراوە بڵاۆنەکرایەوە.

www.pertwk.com



بدۆزێتەوە کەبتوانێت درکی ئەو راستییەی پێبکات، کەچەند تێگەیشتنی ئاسانە، بەڵام لای کەسانێکی دیکەوە قەبوڵ کردنی قورسە.

**پەندێکمان لەسودان وەرگرتووە:.**

وەك پیادەکردنێك بۆ بیرۆکەکانی مامۆستا هوەیدی، دەتوانین بڵێین سودان لەمانگی ئەیلوولی ساڵی 1983دا, سەربەخۆیی تەواوی خۆی بەدەست هێناوە، کاتێك نومەیری سەرۆکی پێشوی سودان پراکتیزەکردنی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی راگەیاندو خۆشی بەئیمام ناوبرد، ئەوەبوو (ئیمام) نومەیری زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کەماددەکانی دەستوور دەستکاری بکات, تاوەکو لەگەڵ بیرۆکەکانی سەربەخۆیی نوێدا بگونجێت، کەمەسەلەی بەیعەت پێدانی (ئیمام) بەدرێژایی تەمەن لەگرنگترین ئەو دەستکارییانە بوو کەئیمام لەدەستووردا کردی، دوای خۆشی بۆی هەبێت کەسێکی دیکە لەشوێنی خۆی دابنێت, بەپێی نووسراوێکی مۆرکراوو داخراو، کەپێویستە ئەنجومەنی شورا بەیعەت بەم خەلیفەیەش بدات, بەدرێژایی تەمەن بێ‌ئەوەی ناوەکەشی بزانێت، هەندێك لەو دەسکارییانەی دیکەی دەستووریش بریتی بوون لە –نابێ کەس لێپرسینەوە یان دادگایی سەرۆك کۆمار بکات (دەست کاریی ماددە 115). سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لەلایەن سەرەك کۆمارەوە دەست نیشان دەکرێ (دەسکاری ماددە191). هەڵوە شاندنەوەی بەیعەتی ئیمام, خیانەتی هەرە مەزنە(دەسکاریی ماددە220). مەسەلەکەش بەوەندە کۆتایی نەهات, بەڵکو دەستکرابە پێکەوەنانی دادگای عورفی و خێرا کەئیمام مافی دروست کردنی بەخۆی دابوو, جگە لەمەش کەسانێك خرانە ریزەکەیەوە, کەهیچ پەیوەندییان بەدەستەی دادگاوە نەبوو, بەڵکو لەقازییەك و دووان لەپیاوانی‌پۆلیس یان هێزی سەربازیی پێکدەهات و مەسەلەی پەنابردنی تۆمەتبار بۆ پارێزەر کەبەرگریی لێبکات هەڵوەشێندرایەوە, تەنها لەو حاڵەتەدانەبێت ئەگەر هاتوو تۆمەتبارەکە دۆست دەرچوو, تەنانەت کەسی





تۆمەتبار لەوەش, بێبەشکرا کەسەرجەم قسەو لێدوانەکانی لەدۆسیەی هەنگاوەکانی دادگادا تۆماربکرێت, بەڵکو لێرەبەدواوە دادگا بۆی هەبوو, ئەوەی خۆی‌دەیەوێت لەوتەکانی تۆمەتبار ئەوەندە تۆماربکات و ئەوانی دیکە وازلێبهێنێت, سەرباری هەموو ئەوانەش, تۆمەتبار لەمافی تێهەڵچوونەوە بێبەشکرا, ئیدی ئەم سەربەخۆییە پڕبەختیارییە بووە هۆی نیمچەدابڕانێکی تەواوی باشووری سودان و ئازادبوونی گەلی سودان لەکۆتی بژێوی پێویستی رۆژانە, بەرەو ئاسۆی بەرفراوانی برسێتی و بەدوای یەکدا هاتنی ئاهەنگەکانی دەست بڕین و لەخاچ دان و شێوەکانی دیکەی بڕین و لەخاچ دان و لەسێدارەدان, و یەکگرتنی هەردوو بیرۆکەی سەربەخۆیی تێکڕاو مەرگی خێرا, نومەیری بێ‌لایەنگریش نەبوو, بەڵکو دەنگێکی زۆری لایەنگرانیشی بەسەردا دباری لەهەموو لایەکەوە, کەزۆر بەداخەوە بەشێکی زۆریان هی‌میسربوون, کاتێك هەندێك کەس درکیان بەوەکرد کەشنەبای سەربەخۆیی بەسەر دەروازەکانی باشووری میسردا هەڵدەکا و هیوای رزگاربوون و سەربەخۆیی چەند هەنگاوێك دووره, هەربۆیە کەوتنە لایەنگیرییەکی توندی نومەیری و داوایان لەمیسر دەکرد کەشوێن پێی نومەیری هەڵگرێ, هەموو ئەمانەش لەکتێبێکی بەڵگەداردا دەرکرا کەپەرلەمانی سودان چاپیکرد..

نامەوێ ناوەڕۆکەکەی بخەمەڕوو, تاوەکو کەس شەرمەزار نەکەم, بەڵام دەمەوێ بۆ ساتێك هاوشانی خوێنەر, لەئاست دەربڕینی مامۆستای گەورە (عومەر تەلمەسانی)ی رابەری گشتی ئیخوان موسلمیندا, بوەستین. کەبەردەوام واڕادەگەیەنێ بڕوای بەمومارەسەرکردنی کاری حزبی هەیەو بنەماکانی کاری سیاسیی پێ‌قبوڵە, بۆیە بەوردبینی خۆی درکی بەوەکردبوو کەکارەکانی نومەیری هەموو لایەنگیرانی دیموکراسی, لەنێوخۆی سوداندا دەوروژێنی و لەدەرەوەی سودانیشدا هەوادارانی مافەکانی مرۆڤ تووشی هەمان حاڵەت دەکا, لەگەڵ مندا

www.pertwk.com



لەم قسەیەی رابمێنیە کەلەلاپەڕە (138)ی کتێبی پەرلەمان چاپخانەکانی گەلدا, کردوویەتی و قسەکەی ئاراستەی سەرۆك (نومەیری) کردووەو دەڵێ (کەسانێك راست دەبنەوەو دەڵێن ئیسلام موسڵمانانی دووچاری ئەم چارەنووسە کردووە, بۆیە دەبێ سەرکردەی ئاقڵ و شارەزا, ئاگاداریان بکاتەوەو جڵەویان بکاتو رێگانەدات بەبیانووی ئازادیی بیروڕاو وشەوە, دوای گومڕایی و ئارەزوویان بکەون. چونکە ئازادیی لەوەدا دەبێت کە مرۆڤ خۆی بۆخۆی داناوە. بەڵام شەرعی خودا قسەی تێداناکرێ) ئەمەش قسەی میانڕەوترین کەسە کەئێمە لەنێو رەوتی سیاسیی ئاینییدا دەیناسین کە چەمکەکانی کاری سیاسی پێ قەبوڵە. کەچی ئەمە تێڕوانینیەتی بۆ ئازادیی, ئەوئازادییەی کەباوەڕی پێی'نییەو باوەڕی تەواویشی هەیە کەکرۆکی ئیسلام پێکدەهێنێت, نازانم ئێستا چی دەڵێت, دوای‌ئەوەی جیاوازیی کەوتە نێوەوە, سەری (ئیمام)ی پێشوو بۆتە داواکارییەکی جەماوەریی گەلی سودان, کەلەسەر دەستی ئەو سەربەخۆ ببوون..

## وەڵامەکەشی پێشتر زانراوە:

بێگومان, ئێستا وەڵام ئامادەیە بۆ ئەوقسانەی پێشتر کردم. سەبارەت بەنموونەی (سەربەخۆیی ئازادیی), وەڵامەکەش لەوە دەرناچێت, کەئیسلام بەڵگەیە بۆخەڵکیی, نەك بەپێچەوانەوە. ئەزموونەکەی نومەیریش پیادەکردنێکی راستەقینەی ئیسلام نەبوو, هێندەی لادان بوو لەئیسلام, ئەمەش وەڵامێکە, لەزاری کەسانێکەوە دەبیستری کەهیچ شەرم دایان ناگرێ, کاتێك دانی پێدادەنێنن, بەڵام کاتێك ئیمام لەدەسەڵاتدا بوو, هەموو پیشتگیریيان دەکرد. ئەوکاتەی گەل لەبرسێتیدا دەژیان و پسپۆڕە راهێنراوەکانی لەدەوڵەتێکی سەربەخۆی! دراوسێدا لەلوتکەی چالاکییدا بوون لەپرۆسەکانی بڕین‌ولەت‌وپەت کردنداو پیشەسازییەکەشیان رەواجی چاکی هەبوو.





لەبەرئەوەی من پێشبینی قەبوڵکردنی مامۆستا(هوەیدی). یان, ڕەتکردنەوەیم لانییە, سەبارەت بەم نموونەیە, بۆیە داوای لێدەکەم یەك نموونەی دیکەی واقیعیمان نیشان بدا, لەهەر دەوڵەتێکدا کەپێی وایە پەیڕەویی لەچەمکە سەربەخۆییەکەی ئەوکردووەو جیهادی کردووە, بەڵام چۆن جیهادێك بۆ ئازادبوون لەکولتوری بێگانەو شارستانیەتی هاوردە, هەربۆیە گەل نرخی ئەو سەربەخۆییەی لەئازادیی خۆی بەخشی و لەکۆیلایەتی کولتورو شارستانیەتی هاوردە ئازادبوو, و کەوتە ژێرباری کۆیلایەتی‌وە. ئەوانەی بەنێوی ئایینەوە حوکمڕانی دەکەن.

## تێکۆشانی نیشتمانی وشەریعەت:

مامۆستا هوەیدی لەوتارەکەیدا, باس لەوەدەکات کە (گەڕانەوە بۆ شەریعەت شوێنێکی دیاری لەتێکۆشان و خەباتی نیشتمانییدا داگیرکردووە, بەشێوەیەك کەکردنی شەریعەت بەسەرچاوەی بنەڕەتیی یاساکان, لەدەستووری میسردا شوێنی خۆی نەگرت, تەنها لەقۆناغی سەربەخۆییدا نەبێ) پێدەچێ مامۆستای بەڕێزمان یادەوەریی مێژوویيمان بەکەم بزانێت, یان پێی وابێت لەمێژووی گەلێك دەدوێت کەئێمە نایناسین و شارەزای نین. چونکە ئەگەر سەرەتای خەباتی نیشتمانی لەقۆناغی نوێی میسردا بگێڕینەوە بۆ(ئەحمەد عورابیی)ی سەرکردە, ئەوا نەلەدوورو نەلەنزیك شتێکمان بەرچاو ناکەوێت لەنێو دەقی وەکالەتی گەلی میسر بۆ (وەفد) کەئاماژە بۆ شەریعەت بکات, هەروەها کردارو گوفتاری سەرکردەکانی شۆڕش, بەهیچ شێوەیەك پاڵپشتیی قسەکانی مامۆستا هوەیدی ناکەن کەپێی‌وایەشەریعەت ئەو شوێنە دیارەی لەخەباتی نیشتمانیدا هەبووە, تەنانەت هیچ شوێن و پێگەیەك لەو خەباتەدا, ئەگەر دەستووری ساڵی 1923ش بەبەڵگەنامەیەکی تەواوکەری ئەم شۆڕشە لەقەڵەم بدەین, ئەوا بەپێی قسەی خودی مامۆستا هوەیدی لەوتارەکەیدا (ئاماژەی بەشەریعەت نەکردووە وەك سەرچاوەی یاساکان,بەڵکو تەنها وتویەتی

www.pertwk.com



ئاینی دەوڵەت ئیسلام)ە, تەنانەت ئەم دەقەش موناقەشەیەکی دووروودرێژی لێکەوتەوە, سەبارەت بەسوودی ناوهاتنی لەدەستووردا, ئەگەر چاوێك بەسەردەمی نێوان سالآنی1919–1952دا بگێڕین, ئەوا هیچ ئاسەوارێکی ئەوەمان بەرچاو ناکەوێت کەمامۆستا هوەیدی باسی دەکات, مەگەر مەبەستی لەخەباتی نیشتمانیی, خەباتی ئیخوان موسلمین بێت, ئەمەش قسەیەکە ڕێگە بەخۆم نادەم بیدەمەپاڵ مامۆستا, وئەگەر قۆناغی دوای شۆڕشیشمان وەرگرت, تاکۆتایی سالآنی شەستەکان, کەمامۆستا هوەیدی جەختی لەسەردەکات گوایە(پڕ بووە لەجەنگەکانی خەباتی نیشتمانی) ئەوا چاومان بەراستییەکی پێچەوانەی ئەوقسانە دەکەوێت کەناوبراو هەوڵی سەلماندنی دەدات, ئەویش خۆیلەهەڵوەشاندنەوەی دادگای شەرعیی و لابردنی ئەو دەقە دەبینێتەوە کەئیسلام بەئاینی رەسمیی دەوڵەت دەزانێت, لەدەقی دەستوریی یەکبوونی نێوان میسرو سوریادا, بەپێویستیشی نازانم بەبیری مامۆستا هوەیدی بێنمەوەکە گەلی باشی میسرمان, بەدرێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانیی خۆی. شتێکی نەزانیووە بەنیوی تیرۆرو خوێن ڕێژیی, تەنها لەسەردەستی لایەنگرانی ئەو( سەربەخۆیی و ئازادیی)ە نەبێت کەبانگەشەی بۆدەکات, هەر لەرێکخستنی نهێنیی ئیخوان موسلمینەوە تابە گروپەکانی جیهاد دەگات.

**<u>دوا قسەمان دەمێنێت..</u>**

ئەمە دوا قسەی مێژووە, بەرلەوەی هی هیچ کەسێکی دیکەبێت, چونکە مێژوو هەرگیز رەحممان پێناکات. کاتێك ئێمە لەدەروازەی سەدەی بیست ویەکەمدا بوەستین بۆ ئەوەی لەئازادبوون لەدیلیی شارستانیی نوێی مرۆڤایەتی بدوێین و خۆمان بەگوزارشت کردن لەبانگەشەی کۆن خەریك بکەین, بەوەی هەر ڕۆژەو جلێکی نوێی بەبەردا بکەین, جارێکی وەك ئایین, جارێکی دیکە, چاکسازیو ریفۆرم, جارێکی دیکە بەرگی دەستووریبەبەردابکەین, جارێك بەناوی





سەربەخۆییەوە, بەلآم لەکاتێکدا مەسەلەکە لەتەنها یەك واتا لانادا, ئەویش بریتییە لەداخران نەك کرانەوەو ئازادبوون, ئیستغلالە نەك ئازادیی و سەربەخۆیی, هەرچی داخرانە, ئەوا خوائاگادارە مەبەستم شەریعەت نییە, بەڵکو مەبەستم ئەو کەسانەیە کەدەیانەوێت واپێشانی هەمووان بدەن کەئێمە لەشەریعەت لامان داوە, یاسەرقاڵی پیلانگێڕیین لەدژی, لەکاتێکدا ئەولەزۆر بواردا پیادەکراوە, لەبەشێکی کەمدا نەبێت, ئەویش بەهۆی ڕێك نەکەوتنی لایەنگرانی ئەم بانگەوازانە لەسەریەك راوبۆچوون, هەروەها بەهۆی ئەوەی شارستانیی سەردەمیش هەندێك لەچەمکەکانی بەتاڵ کردۆتەوە وەك, کۆیلەو رابواردن بە کەنیزەکەوە, هەرچی مەسەلەی ئیستغلاکەشە, ئەوا مەبەستم خۆخافلاندنەو گوێ خەواندنە لەگرفتە ئابوورییە ئاڵۆزەکانمان,چ لەبواری قەرزەکاندا بێت یان لەبواری نیشتەجێکردندا, یان کرێو نرخ و خۆخەریککردن بەپرسیاری وەك, ئایائێمە سەربەخۆین؟ ئاخۆ ئێمە بەڕاستیی ئازادین؟ ئەمانەش سەرجەمیان کۆمەڵە پرسیارێکن, کەئەم ئاستەنگەی ئێمە دەقۆزنەوەو کۆمەڵ بەرەو خەونێکی پەمەیی راپێچ دەکەن کەتەنها لەخەیاڵی خاوەنەکانیدا دەژیوهیچ پاڵپشتێکی نەلەواقیع و نەلەمێژوشدا نییە, هیچ سودێکیشی نییە, ئەوە نەبێت کەخەڵکانی دیکە دەگەنە پێشکەوتنی زیاترو ڕێککەوتن لەسەر ئێمە, لەکاتێکدا ئێمە دەگەینە دواکەوتنی زیاترو ناکۆکیی زیاتری نێوان خۆمان.

## بەراستی دەست لەکارکێشانەوەیەکی سەیرە(*)

هەرجارێك ناوی دادگای میسر بەرگوێ کەوتبێت, دڵی مرۆڤ کەوتۆتە لەرزە بۆ ئەوکەلەپوورە دێرینو رەسەنەو جێ شانازییە, ئێستاش دەستم نەدەدایە قەڵەمو قسەم لەم بابەتەنەدەکرد گەر بهاتایەو سنووری دادگای نەبەزاندایەو, نەگەیشتایەتە

(*) لەرۆژنامەی( الاهرام) لە1985/10/3دا بلأوکرایەوە.

www.pertwk.com



نێو ئاسۆی مەسەلە گشتییەکان" مەبەستیشم پاراستنی ئەوکەلەپوورەیە لەزیانێکی کاتی و سەرپێیی، دەشێ پێی بکەوێت.

لەم ماوەیەی دواییدا چەند جارێك ئەوە دووبارە بۆوە، حوکم لەبارەی کێشەیەکەوە دەدرێت کە کێشەیەکی دیاریکراوەو هاوپێچ لەگەڵ وردەکارییەکانی حوکمەکەدا، قازیەکان ئەوە رادەگەیەنن ئەوان وابەستەی دەقی یاسابوون، بەحوکمی سوێندێك کەخواردوویانە، بەڵام هەست بەوەدەکەن کەزۆر دڵتەنگن، چونکە باوەڕیان وایە، لەدەقی ماددەی دووهەمی دەستوور لایان داوە، کەدەڵێ شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی سەرەکی یاساکانە، ئیدی بەڕای ئەوان، ئەوە شەریعەتێکی ناکۆکە، لەگەڵ دەقی ئەو یاسایەی حوکمیان پێدەرکردووە.

وەك چاوەڕوانیش دەکرێت، ئەم مەسەلەیە لەلایەن هەندێك و ڕۆژنامەی ئیسلامییەوە، قۆزرایەوەو وردەکارییەکانی ئەم حوکمانەیان لەمیحرابی دادگاوە گواستەوە بۆ نێوگۆڕەپانی موزایەدەی سیاسی و کەوتنە گشتاندی بەناونیشانی وروژێنەرو گشتی، وروژاندنەکە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کەئەمە راگەیاندنی رەتکردنەوەی سەرجەم یاساکانی ئێستایە، هەرچی گشتاندنەکەشە، ئەوا بریتیە لەوێناکردنی ئەو رەتکردنەوەیە، وەك ئەوەی لەزاری سەرجەم پیاوانی دادگای میسرەوە دەرچووبێت.

ئەوەی لەسەرشانی ئەوانە، ، وئەوەی لەئەستۆی ئێمەشدایەچاوە ڕوانکراوە. ئەوەیە کەپێویستە ئاماژە بەدوو رووی مەسەلەکەبکەین، کەدەشێ بڵێن بەلای کەمەوە مایەی تێڕوانینە.

رووی یەکەم ئەوەیە کەدەقی ماددەی دووەمی دەستوور ئاراستەی دەسەڵاتی یاسادانان کراوە، نەك دەسەڵاتی دادوەری، تائەو کاتەش کەدەسەڵاتی یاسادانان بڕیارێك دەدات، ئەوا پێویستە قازییەکان بەدەقی ماددەی یاساکان پابەندبن، وەك وەفاو ڕێزێك بۆ ئەو سوێندەی خواردوویانەو بۆ کەلەپورێکی میسری و جیهانی





کە بەڕێبازەکەیەوە پابەندبوون، بگرە لەوەش زیاتر وەك وەفایەك بۆ دەقەکانی دەستوور، کەسەرجەمی ماددەکانی رێکخراوەیەك پێکدەهێنێت بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

بەڵام رووی دووەمی مەسەلەکە، بریتیە لە بێلایەنیی قازی لەئاست کێشەکەدا، ئەوەش بێلایەنییەکە. ناچاری دەکات لەلایەکەوە بەپێی ماددەکانی یاسا حوکمی لەسەربدات، لەلایەکی دیکەشەوە، بەپێی وردەکارییەکانی کێشەکە کەلەپەڕەکاغەزەکانی نێو فایلی کێشەکەدا هەیە، ئیدی ئەگەر هاتوو ماددەکانی یاسا ناچارییان کرد سزای بدات، ئەوا وردەکارییەکانی نێو پەڕەکاغەزەکانی کێشەکە پاساوێکی پێدەدەن بۆ سووك کردن یان توندکردنی سزاکە، ئەگەر ماددەکانی یاسا رێگایان بەوەدا، هەندێکیش پێیان وایە کەباوەڕی قازی بەوەی دەقی یاسا ناکۆکە لەشەریعەتی ئیسلامدا، بۆی هەیە کاربکاتە سەربێلایەنییەکەی و پاڵی پێوەبنێت بۆئەوەی سزاکە توندتر بکات گەر هاتوو لەشەریعەتدا توندتربوو، یان سزاکە سووك بکات، ئەگەر هاتوو لەشەریعەتدا سووکتربوو، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، هۆکاری سێهەم دەچێتە پاڵ ماددەکانی یاساو وردەکارییەکانی مەسەلەکە، ئەویش باوەڕی تایبەتی و تاکەکەسی قازییە، ئەمەش بەسروشتی خۆی باوەڕێکە لەقازییەکەوە بۆ قازییەکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش وادەکات لەزۆرکاتدا جیاوازی لەحوکمەکاندا دروست بێت،وێڕای لێك چوونی وردەکارییەکان و بارودۆخی کێشەکە.

لەوانە کەسانێك هەبن، ئێستا ئەو قسانەی پێشتر یان،بەلاوە سادەو ئاسایی بێت، لەو روانگەیەوە کەپێیان وایە دیاردەیەکی کاتییە، یان بەواتایەکی وردتر، بەندەبە گومانی ناکۆکی، یان کەمێك لەو ناکۆکییەی ئێستا لەنێوان یاساو شەریعەتدا لەئارادایە، لەوانەیەکەسانێکیش هەبن زۆر گەشبین بن و پێیان وابێ، ئەم دیاردەیە بەرەو نەمان دەچێت، تەنها بەوەی شەریعەت لەوەدا پراکتیزە

www.pertwk.com



بکرێت کەجیاوازیی لەسەرە, ئەو جیٚبەجێکردنەی کەحاڵەتەکە چاك دەکات, بەلاٚم ئەوە تەنها وەهمە, یان وردتربڵێین ئەوپەڕی جیانەکردنەوەیە لەنێوان شەریعەتو فیقھ, چونکە حوکمەکانی شەریعەت بەتێپەڕبوونی رۆژگار گۆڕاوە بۆ فیقھ کە لەدەست چوار ئیمامەکەدا کۆبۆتەوەو هەمووان گەواهی زانستو ئاینیان بۆدەدەن, ئەوان بەزانستو ئیمانداریيان ئاستی ناکۆکییەکەیان تێپەڕاندووە, بەرەو جیاوازیی ئاینزاکان واتە (مەزهەبەکان)و ئەوانەی پاش خۆیان ناچارکردووە ناکۆك بن سەبارەت بەوەرگرتن لێیان, یان لاسایی کردنەوەیان, فەرموو ئەوەش کەدەیەوێت ئاگادار بێت, لەقەبارەی ئەو ناکۆکیو جیاوازیە, بابگەڕێتەوە بۆ فەتواکانی ئەبو حەنیفە سەبارەت بەمەی خواردنەوەو فەتواکانی ئیمام مالك, سەبارەت بەهەمان مەسەلە, دەبینیٚ یەکەمیان ئەو حەرامکردنە فراوان دەکات, بەشێوەیەك هەموو ئەوانە بگرێتەوە کەزۆری پیاو سەرخۆش بکات, ئیدی بەم شێوەیە دەگاتە حوکمێك کەناوەڕۆکەکەی ئەوەیە, کەئەگەر ویسترا لەسەر مەزهەبی مالکی سزای مەی خواردنەوە بدرێت, ئەوا قازی بەئاراستەی وردەکارییەکانی حوکمێکدا دەبات کەجیاوازو نەگونجاو دەبێت, ئەگەر هاتوو قازی خۆی لەسەر مەزهەبی حەنەفی بوو, بەپێچەوانەشەوە هەر راستە, ئیدی لەنێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا, ئەوەندەلێك چوون لەئارادایەکە حەنبەلی بوون یاشافیعی بوونی قازی پاساوی بۆدەهێنێتەوە, مەسەلەکەش هێندەی دیکە ئاڵۆز دەبێت, ئەگەر هاتوو قازی ویستی باوەڕەکەی خۆی بەسەر مەزهەبەکاندا زاڵبکاتو کاریان پێنەکاتو سزای مەی خواردنەوە رەت بکاتەوە, بەو پاساوەی کە ئەو سزایە پشتی بەقیاسێکی ئیمامی عەلی بەستووە, ئەوەش قیاسێکە هەندێك پێیان وایە, نابێت کاری پێبکرێت لەبواری سزادا, چونکە لەدەقەکانی قورئاندا, یان لەفەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەرداپاڵپشتێکی نییە.





کەواتە مەسەلەکە, مەسەلەی ئامانج نییە,بەڵکو مەسەلەی شێوازە, مەسەلەی جیٚبەجێکردنی شەریعەتو جیٚبەجێنەکردنی نییە هێندەی بریتییە لە میتۆدێك کەفراوان دەبێتو دێتەوەیەك, بەئەقڵ لێکدەدرێتەوە, دوور دەکەوێتەوەو هەستوسۆز پاڵی پێوەدەنێت, بیٚ ئەندازە نزیك دەکەوێتەوەنزیك کەوتنەوەکەش پرسیاری سەیر دەوروژێنێت, لەوانەشە ئەوە تێپەڕێنێت بەرەوکەوتنە نێو ئاستەنگێکی راستەقینەوە, بەڵگەشم بۆ ئەم قسانە, ئەوچیرۆکەیە کەلەژمارە (182)ی ڕۆژنامەی (النور)دا لەژێر ناونیشانی ((دادگای کەتنی بەنی سوەیف داوا لەسەرۆك دەکات, یاسایەك دەربکات بەمەبەستی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامو جیٚبەجێکردنی)). کەهەرسیٚ قازییەکە, لەپێشەکی وردەکاری حوکمەکەدا باسیان لەبڕگەیەك کردبوو, بەڕاستی تۆقاندمیو زارەترەکی کردم, دەقەکەی دەڵیٚ ((دادگا, لەداخو حەسرەتدا خۆی دەخواتەوە" کاتی قەڵەمەکەی ناچار کرد بەناوی وەفاوە, بۆ سوێندێکی ساختە کەخواردویەتیو بەناوی گوێڕایەڵییەکی هەڵە کەلەشوێنی خۆیدانییە بۆ فەرمانڕەواو حوکمڕان). ئەگەربڕگەی کۆتاییمان تێپەراند بەوپێیەی گوێڕایەڵی قازی بۆدەستوورو یاسا دەبێت نەك بۆ حاکمو فەرمانڕەوا, ئەوا بڕگەی یەکەم ئاماژەیەکیترسناکی لەدوایە, ئەگەر بێتو لەویژدانی قازیدا ئەوە بچەسپێت کە ئەو وەفایەی بۆ سوێندەکەی هەیەتی ساختەیە, ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی کەوتنو بەتاڵ بوونەوەی سوێندەکەی, چونکە لەو حاڵەتەدا دەبیٚ بەسوێندێکی ساختەوە گزی لێکراو, یان بەواتایەکی وردتر دەبیٚ بە سوێندێکی گەڕاوە, فەرهەنگەکانی زمانیش باشترین واتای ساختەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە, کەئەو چەمکە واتە (ساختە) بۆ وەسفی پارە (درهەم) بەکارهاتووەو هەرکاتێك پارەکە بۆ خاوەنەکەی گەڕابێتەوەو لێی وەرنەگیرابێت, مانای وابووە ئەوپارەیە ساختەیە, چونکە فێڵو گزی تێداکراوە, ولەبەر ئەوەی سوێندخواردن مەرجێکە بۆ وەرگرتنی پۆستی

www.pertwk.com



قازی، ئەوا گەڕاندنەوەی سوێندەکە بەدەست لەکارکێشانەوە. یان بەباوەڕی تەواو بەساختەیی گوێڕایەڵی بۆئەو سوێندە، وادەکات قازی مەرجێکی بنەڕەتی پڕکردنەوەی ئەوشوێنەی لەدەست بدات، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە وردەکارییەکانی حوکمی پێشوو وەك (دەست لەکارکێشانەوەیەکی نووسراو) لەقەڵەم بدرێت. لەلایەن هەرسێ قازییەکەوەو پێویستە ئەنجوومەنی باڵای دادگا، یان قەبوڵی بکات یان هەڵوێستێکی لەبارەوە وەربگرێت، هیچ پەندێکیش لەم مەسەلەیەدا نییە، بەوە لەقەڵەم بدرێت هیچ مەبەستێکی لەپشتەوە نییە، هەڵەیە، یان پێهەڵگرتنێکە هەستی ئاینی جۆش سەندووی لەپشتەوەبێت، چونکە نەسەهۆڵە لەوردەکارییەکانی حوکمدا قەبوڵە، نە بێمەبەستیش دەبێ لەقازیدا هەبێ، نەگۆڕەپانی دادگاش شوێنی باڵادەستی هەستو سۆزە. لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو پێزانینم بۆ هەستی ئاینی، پێزانینی قوڵم، بۆمیحرابی دادگا، وئەوپەڕی سەرسووڕمانم لەم دەست لەکارکێشانەوە کتوپڕە، بۆخۆموئەوسێ راوێژکارانەیش بەڕاستی دەست لەکارکێشانەوەیەکی سەیرە؟

## وەڵامی وەڵامێك[*]

رۆژنامەی (الشعب) وتارێکی هێمنی بڵاوکردنەوە بەشیکردنەوەیەکی بابەتیو دەستەواژەیەکی رەوانەوە بەناونیشانی (ئاخۆئەمە بانگەشەیە بۆ قەسابخانەی قازییەکان) کەتیایدا مامۆستا (مصطفى فرغلی الشقيري) سەرۆکی نوێنەرایەتی گشتی، وەڵامی وتارێکی منی داوەتەوە، بەناونیشانی (بەڕاستی دەست لەکارکێشانەوەیەکی سەیرە) لەرۆژنامەی (الاهرام)دا بڵاوم کردۆتەوەو تیایدا قسەم لەوردەکارییەکانی حوکمی دادگای کەتنی (بنی سویف) کردووە، کەلەلاپەڕەی یەکەمیدا بڵاوبۆتەوەو. لەوەدەدوێ، دەستەی دادگا کەلەسێ

[*] نێردراوە بۆ رۆژنامەی(الشعب)و بڵاونەکرایەوە.



دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

راوێژکار پێکهاتوون، خەمی ئەوە هەلاهەلای کردوون کەبەپێی دەقی حوکمێکی دانراوی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامدا، حوکم دەدەن، ئەو حوکمەش وەفایەکی ساختەیە بۆ ئەوسوێندەی قازییەکان خواردوویانە. ڕاگەیاندنی ئەم بۆ چوونەش کەلەجاڕی وردەکارییەکانی حوکمەکەدا بڵاوکراوەتەوە، وادەکات ئەو راوێژکارە بەڕێزانە، مەرجێکی بنەڕەتیی کارکردنیان لەوپۆستەدا لەدەست بدەنو بەدەست لەکارکێشانەوەیەکی نووسراو دەژمێردرێت کە پێویستە ئەنجوومەنی باڵای دادگا قەبوڵی بکات، یان بڕیارێکی لەبارەوە وەربگرێ..

وەك وەڵامێك بەرامبەر بەومەسەلانەی نووسەر وروژاندویەتی وەك تێبینی بەرامبەر بەوتارەکەیمن، رای خۆم لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە..

**یەکەم:** من دەست پێشخەریم نەکردووە لەبڵاوکردنەوەی وردەکارییەکانی ئەو حوکمەو قسەکردن لەبارەیەوە، چونکە رۆڵی من تەنها لەوەدا قەتیس بوو، لەبارەی ئەوەوە دوام کەرۆژنامەی (النور) بڵاوی کردبۆوەو پارچەی رۆژنامەکەشم لەگەڵ وتارەکەمدا نارد بۆ رۆژنامەی (الاهرام)، تاوەکو وەك دۆکیۆمێنتێك بچەسپێت، ولەبەرئەوەی رۆژنامەی (النور) رۆژنامەیەکی سیاسیی ئایینییە، ئەوا وردەکارییەکانیان وەك بەڵگەنامەیەکی خستبووە روو کەئیدانەی سیاسەتی دەوڵەت دەکات، وەك کەمتەرخەمییەك لەبەرامبەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامدا.. لەوانەیە ئێستا بەڕێز، نووسەری وتارەکە لەگەڵ مندا تێبینی ئەوەبکات بەم شێوەیە بڵاوکردنەوەکە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو وردەکارییانەی دادگا لەبواری نێوخۆی دادگادا دەربچن، بخرێنە نێو بواری قسەلێکردن لەنێو رای گشتیدا، بەتایبەت ئەگەر تێبینی ئەوەبکەین ئەو رۆژنامەیە ئەم وردەکارییانەی وەك راگەیاندنی هەڵوێست لەلایەن (دادگای میسر)ەوە، بەرامبەر بەمەسەلەی شەریعەتی ئیسلام بڵاوکردۆتەوە. ئەمە یەکەم جاریش نییە ئەو وردەکارییانە لەم

www.pertwk.com



ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا بڵاودەبنەوە, بەڵکو پێشتر چەند جاریکی دیکە ڕوویانداوەو گۆڕەپانی ڕای گشتی میسرییان تێپەڕاندووە بەرەو سەرجەم ڕای گشتی عەرەب, وەك ئەو حاڵەتەی لەیەکێك لەژمارەکانی ڕۆژنامەی (المسلمون)دا ڕویدا, کەلە (لندن) دەردەچێت.. هەربۆیە لێرەوە قسەکردنم بەرئەرك زانیو موناقەشەش مەسەلەیەك بوو کەلەئارادابوو. دەربڕینی تێڕوانینی بەرامبەریشم بەپێویست زانی.

**دووەم:** ئەو وتارەی لە (الاهرام)دا بڵاوبۆوە, هەوڵێکی من بوو بۆ پاراستنی پیرۆزیو شانوشکۆی دادگا, مەبەستیش لەنووسینی چاودێریکردنو پارێزگاری ئەو شانو شکۆیە بوو لەئاسەواری زیان بەخشی ئەو ڕووداوەی بڵاوکرایەوە, بۆ ڕای گشتیو خاوەنەکانی دەست پێشخەرییان نەکردوو بەدرۆیان نەخستەوە, کەمەبەستم ڕاگەیاندنی ساختەیی ئەوسوێندی دادوەرییەبووکە خواردویانە,و ئەگەر ئەم قسانە دەست لەکارکێشانەوە نەبێت چییە؟ ئاخۆ قازییەك چۆن لەخۆی رادەبینێت سەرکەوێتە سەر سەکۆی دادگا, دوای ئەوەی بەزمانی خۆی ئەوسوێندە بەتاڵ بکاتەوە کەخواردوویەتیو بەساختە لەقەڵەمی داوە, ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە نووسەری وەڵامەکەلەخۆی نەگرتووە وەڵاممان بداتەوە, بەوەندە وازیان هێناوە کەوتویەتی ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە (قەڵەمەکەی د. فەرەج فودە دروستی کردووەو لەقاڵبی داوە). وەك ئەوەی من ئەوقسانەم کردبێ, وەك ئەوەی ,من نەبووبێتم کەچاوپۆشیم لەهەندێك مەسەلەکردووە کە لەنێو وردەکارییەکەدا هاتووە, شایەنی لێدوانو ڕەخنەبووە, بەتایبەت دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە, لەوانە ئەو خاڵەی باس لەوەدەکات حاکمەکان وەك گوێڕایەڵییەك کەلەشوێنی خۆیدانییە بۆ سەرو خۆیان, ئەو حوکمانەیان داوە. خۆزگە کاکی نووسەری وەڵامەکە لەخۆی بگرێت, وەڵامی ئەوەم بداتەوە ئاخۆ ناوەڕۆكو ناواخنی ئەو گوێڕایەڵییە, سەبارەت بەبوونو شەرعیەتی" بەڵکو دەشێ ئەمەیەکەم





جاربێ لەمێژووی دادگای‌میسردا, قازییەك ئەوە ڕابگەیەنێت کەحوکمەکانی جۆرێکە لەگوێڕایەڵی بۆ سەروی خۆی, ئەوەش گوێڕایەڵییەکەکە وردەکارییە بڵاوکراوەکانی بێ‌ئەوەی‌هیچ پاڵپشتێکی دەستووریو یاسایی هەبێت بەکارهاتوون, ڕاستی مەسەلەکەش ئەوەیە, قەڵەمەکە گوێڕایەڵییەکی بێ‌جێی خاوەنەکانی کردووە, لەوەدا کە پێویست بووئەو مەسەلەیە, لەنێو چواردیواری دادگاکاندا قسەی لێبکرێت, بەڵام ئەو چوارچێوەیەی بەزاندوو گەیشتە نێو ڕای گشتی, لەسەرزمانی کەسانێك کەلایەنگیرییان لێدەکردو خستییانە خزمەتی ئامانجێکی سیاسییەوە, بەم شێوەیە پاساوو بەڵگەیان دایە دەست ئەوکەسانەی دژی مەسەلەکە بوون, لەوانەشە لەگەڵ نووسەری وەڵامەکەدا هاوڕابم, کەچاکتروابوو بڵاوکردنەوەکەی قەدەغەبکرێت, نەك ڕەخنەگرتن لێی دوای بڵاوکردنەوەی, وەك دەشزانین بایی خۆی تێدایە, کەمن لەهەندێکیان دواومو لەئاست هەندێکیشیاندا هیچم نەوتووە, چونکە پێم وابووە دەست لەکارکێشانەوەکە, هێندەی نەماوە قەبوڵ بکرێت, یان بەلای کەمەوە بگاتە شوێنی خۆیو چاوەڕوانی قازییەبەڕێزەکانم دەکرد, خۆیان بگەیەننە نێوگۆڕەپانی سیاسیوڕای گشتی, چونکە لەوێ گۆڕەپانێکی فراوانتریان چنگ دەکەوێت بۆخستنەڕووی بیروڕاکانیان, ئەوکات منیش بوارێکی فراوانترم بۆدەڕەخسێت, تا چاکتر گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەم.

**سێهەم:** نووسەری وتارەکە لەناونیشانەکەیدا دەپرسێت (ئاخۆ ئەمەبانگەشەیە بۆ قەسابخانەی قازییەکان). منیش لەوەڵامدا دەڵێم, نەخێر ئەوە بانگەشەیە بۆ ڕزگارکردنی قازییەکان لەقەسابخانە, ئاخۆ چ قەسابخانەیەك لەوەزیاتر بێت کەقازییەکان لەنێوان یاسایەك کەپشتیان بێ بەستووە لەڕەوشتو بەرگر ییان داواکانیانو لەنێوان فیقهێکی ئیسلامیدا کەخاوەنەکانی خۆیان لەسەری هاوڕاو جێگیر نەبوون, تووشی نائاسودەییو دڵەڕاوکێ بێن. ئاخۆ دەبێ قەسابخانە لەوە

www.pertwk.com



ناخۆشتر چی بێت کە ویژدانی هەندێ لەقازییەکان لەزمانیان جودابێتەوەو زمانیان حوکمێك بداتو ویژدانیان لای حوکمێکی دیکە بێت, ئاخۆ نەهامەتی لەوەزیاتر چی دەبێت, قازییەکان تەحەدای سوێندی دادگا بکەنو حوکم لەسەر ساختەیی ئەوسوێندە بدەنو باوەڕبوون بەشەرعیەتی ئەو سوێندە لەئەستۆی خۆیان بکەنەوە.

**چوارەم:** دەخوازم موناقەشەکردن سەبارەت بەم بابەتەدابخەم, وەك بەهەند هەڵگرتنێك بۆ ئەو ئاماژەیەی نووسەری وەڵامەکە کەوای بەچاك دەزانێت, مەسەلەی تایبەت بەدادگا لەنێو ئەنجوومەنو دەستەکانی خۆیاندا قسەی لەبارەوە بکرێت, بەوپێیە, من وتاریی یەکەمم کەلە (الاهرام)دا بڵاوم کردبۆوە بە ئاگادارکردنەوەیەك دەژمێرم کەئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادگام کردووەو ئەو وەڵامەش کە لەرۆژنامەی (الشعب)دا بڵاوبۆتەوە.. بە ئاگادارکردنەوەی دووەم لەقەڵەم دەدەم, تکام وایە ئەنجوومەنی باڵای دادگا بەیانێك لەم بارەیەوە رابگەیەنێتو ئەوە ئاشکرا بکات کەبابەتەکە لەگفتوگۆو لێکۆلینەوەدایە, بەتایبەت دوای ئەوەی کەوتەسەرزاری رای گشتیو جارێکی دیکە ئەوە دووپات دەکەمەوە کەلە وتاری یەکەمیشمدا وتبووم, سەری رێزو نەوازش بۆ پیرۆزیی دادگای دێرینی میسر دادەنەوێنم, وێڕای ئەوەش من بەچاوی شەهید لەقازییەکانی میسر دەڕوانم, چونکە بارێکیان لەسەر شانە لەتوانای بنیادەمدا نییە لە ماندووبونی فیکریو لەهەمان کاتدا داوای ئەوەیان لێدەکرێت بەهاو نەریتو نموونە باڵاکانی دادگای میسر بپارێزن, هەموو ئەوەش لەسایەی خراپترین باردۆخی مادیو مەعنەویدا, ئەوەش وادەکات شوێنو پێگەیان لەچاوی منو لەچاوی هەمواندا بگاتە ترۆپکی بەرزی, ئەمەش وەك پاشەکشە نادرکێنم, بەڵکو وەك پێداگرتن لەسەر ئەوەی پێشتر وتوومە, ئەمە موجامەلە نییە, بەڵکو راگەیاندنو سەلماندنی هەقێکە.





مەسەلەیەکی دیکە دەمێنێتەوە کەنووسەری وەڵامەکە وروژاندویەتی, لەدەرەوەی بابەتی دەست لەکار کێشانەوەکە, ئەویش مەبەستم وەڵامەکەیەتی, سەبارەت بەقسەکانم لەمەڕ پراکتیزەکردنی شەریعەتی ئیسلام, کاتێك وتوومە پیادەکردنی شەریعەت ناتوانێت دیاردەی جیاوازیو ناکۆکیلە حوکمەکاندا بسڕێتەوە, لەئاکامی ناکۆکی فەقیهەکان سەبارەت بەحەدەکان, جاچ لەلایەنی مەرجەکانی بێت یان پێویستیو سزاکە بێت, نووسەری وەڵامەکە رای خۆی سەبارەت بە سزای مەی خواردنەوە, لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت کردۆتەوە:

1. حەرام کردنی مەی سەرچاوەکەی قورئانە.
2. سزای مەی خواردنەوە, سەرچاوەکەی سوننەتەوە, سەنەدەکەشی فەرموودەی پێغەمبەرە (من شرب الخمر فأجلدوه, وأن عاد فأجلدوه).
3. بەفەتوای ئیمامی عەلی لەسەردەمی عومەردا سزای مەی خواردنەوە هەشتا جەڵدەبووە.
4. ئیمامی شافیعی دەڵێ چل جەڵدە.
5. لەمەوە روون دەبێتەوە, کەهیچ جیاوازیو دژایەتییەك لەحوکمەکاندا نییە..

وەڵامی منیش بۆ ئەو خاڵانە بریتیە لە:–

1. ئەوەی لە خاڵی سێهەمو چوارەمدا هاتووە، خاڵی پێنجەم بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە جیاوازیی سزاکە لەنێوان هەشتاو چلدا بەڵگەی ناکۆکی حوکمەکانە, نەك بەڵگە بێت بەپێچەوانەی مەسەلەکە.
2. راستە تەحریم لەقورئاندا هاتووە، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێك کەحەرام کرابێت، جێگای سزادان بێت، نموونەی ئەمەش، سووخواردنو خواردنی گۆشتی مردارەوەبووو گۆشتی بەرازو ...هتد، حەرام کراون، بەڵام حەددییان لەسەرنییە.

www.pertwk.com



3. ئەو فەرموودەیەی، باسی لێوەدەکات نەلە سەحیحی موسلیم و نەلە بوخاریدا نەهاتووە، بەڵکو لەسوننەنی نەساییدا هاتووە و لەسووننەنی ئەبو داودیشدا باس کراوە وەك فەرموودەیەکی لاواز، ئەمەش دەقەکەیەتی (من شرب الخمر فأجلدوه، ثم أن شرب فأجلدوه، ثم أن شرب فأجلدوه، ثم أن شرب فأقتلوه). لەپەراوێزی ئیمامی سندیدا کەبۆ سوننەنی نەسایی داناوە، دەڵێ فەرمان بەکوشتنەکە هەڵوەشایەوە، ئەمەش خۆی لاوازکردنی فەرموودەکەیە.

لەکۆتایشدا جارێکی دیکە سوپاس کردنی نووسەری وەڵامەکە بەئەرك دەزانم، چونکە بەزمانێکی بالاو بابەتییانە نووسیویەتی، ئەوەش وای لێکردوم کە وەڵام بدەمەوەو دیالۆگێك دروست کەم، چونکە لەم زەمانە خراپەی ئێمەدا ئەم تەرزە شێوازە دەگمەنە.. بۆیە سوپاس کردنی دووبارە دەکەمەوە.

## دۆو دۆشاو بۆمبا[*]

ئەمە هەڵوەستەیەکە لەگەڵخودداو هەوڵێکە بۆ داننان بەهەڵەدا, لەو روانگەیەوە کەدان بەهەڵەدا نان, یەکەم هەنگاوەکانی چارەسەرەکەیەتی,بیٚئەوەی هەڵوەستە لەئاست ئەوەدا بکەین کەکیٚ هەڵەکەی کردووەو چۆن کردوویەتی, بەڵکو بەوەی کەپێداگرین لەسەرئەوەی کەچارەسەرەکەی ئامانجمانەو ئێمە ئێستا هەموو لەبەرامبەر هەڵگەڕانەوەیەکی شارستانی و ئەگەرەکانی تیرۆردایین لەیەك سەبەتەدا, بەڵام سەبارەت بەراستییەکانی ئایین, ئەوا لەو باوەڕەدانیم هیچ کەسێکی خاوەن ئەقڵ بەرامبەری بگرێت, یان دەروونێکی باش رەتی کاتەوە, چونکە ئەوە لەدڵماندا لەشوێنێکی قایعدایەو زۆریش جیاوازە لەوانەی دەیبستین و دەیبینین و تووشمان دێت.

### هەڵەی یەکەم: شێوازی هەڵمەتەکانی راگەیاندن

[*] لە(اخبار اليوم)لە 1985/11/23دا بلاوکرایەوە.





جارێکی دیکە لەکۆتاییدا هەموو شتێك دامرکایەوە, پێشتر شەڕەقسەی گەرم و ناوونا تۆرە بوو, رۆژنامەکان رکابەری و پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد. لەهیرش کردنە سەر توندڕەویدا, هەموو هەراکەش هۆیەکەی رێپێوانەکەی شێخ (حافظ سلامة) بوو کەخۆی بەرێپێوانی سەوز وەسفی دەکرد, بەڵام نەیارەکانی بەسوور ناوزەدیان دەکرد, دواتر هەمووان لەسەرئەوە رێکەوتین کەنەسەوزە نەسوورە, بەڵکو رەنگاوڕەنگە, لەبەرامبەر ئەوکارەی شێخدا ڕاگەیاندنی میسری گەرموگوڕی و چالاکی تێکەوتبوو, سەلماندی پسپۆڕە لەدەرهێنانی هەڵمەتی راگەیاندندا, ئەو هەڵمەتانەش لەجۆرو شێوەی با و بۆران و زریانی (گلۆریا),[1] زۆر بەپڕتاو دێت, بەڵام دواتر دەنیشێتەوە, وەك هیچ رووینەدابێت, ئیدی دەنگی پێچەوانەوە بڵند دەبێتەوە, لەوانەیە هەر لەسەر هەمان سەکۆی راگەیاندنەوە بێت و دەکەونە وەسف کردنی ئەوانەی پێشتر بەتوندڕەو وەسفیان کردبوون, ئەمجارە دەڵێن ئەوانە خەڵکی نیاز باشن, بەڵام کەهەندێك جار بەرەو تیرۆرو ئاژاوەو زۆربەی جار دژی شەرعیەت راست دەبنەوە, هەڵەی ئێمەیە, نەك ئەوان خوا نەخواستە, کەموکورتی ئێمەیە کەنازانین بەرچاویان روون بکەینەوەو پێیان رابگەیەنین ئیسلام ئایینی لێبووردن و خۆشەویستییەو ئایینی مهرو دادپەروەرییە, نەك ئایینی توندو تیژی و تیرۆر.

ئەمەی پێشتر باسمان کرد لەئاکامی رووداوی رێپیوانەکەی شێخ سەلامە روویدا, پێشتریش لەئاکامی رووداوی سەکۆکەو رووداوی (الذهبي)و رووداوەکانی ئەسیوت ورووداوی هونەرکارییە سەربازیەکەدا روویدا, ئەمە بەردەوام روودەدا تائەو ساتەی بەئاگادێینەوە کەئێمە هەمان ئەوکارە دەکەین کەبنەماڵەی (بۆربۆن) لەفەڕەنسا کردیان, ئەوان هیچیان لەیاد نەدەچوو, رێك وەك ئێمە کاتێك هەمان هەڵەمان دووبارە دەکردەوە, ئەوان هیچ فێرنەبوون وەك

[1] رەشەبایەکی توند رۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگرێتەوە.

www.pertwk.com



ئاشکرایە, ئێمەش بەهەمان شێوە, هەمان هەڵوێستمان دووبارە کردەوە, بێ ئەوەی پەندو عیبرەت وەرگرین.

هەڵەکەش لەوەدایە, کەئێمە شێوازی هەڵمەتی راگەیاندن پەیڕەو دەکەین, ئەو هەڵمەتە دەنگ بڵندو گەرمە, کەلەڕووکاردا ئەمنیەو بەسروشتیش دەسەڵات ئامێزەو چەترەکەشی حکومەتییە, ئەو هەڵمەتەی لەپڕێکدا هەڵدەکاو لەپڕێکدا دادەمرکێتەوە,لەنێوان ئەو دووکت‌وپڕیەشدا" ئەوانەی بەشداری تێدا دەکەن بەنووسین‌و فیکر, لەباوەڕو راستگۆیی لەگەڵ خوددا ئەو کارە دەکەن‌و لەترسێکی راستەقینەوە لەچارەنووسی نیشتمان سەرچاوە دەگرێت, بەشێوەیەك بەشداران چون ئەندامی دەزگای (پۆلیسی فیکر) یان لێدێت‌و وتارەکانیان لە چاوانی خوێنەراندا زیاتر لەشکات‌و زمان لێدان دەچێت, وهەریەکەیان لەپێش چاوی رای گشتی وەك سیخوڕ یان لێدێت, ئەو سیخوڕانەی لەفلیمە میسرییە کۆنەکاندا بەرچاومان دەکەون, کە جارێك لای ستوونێکی کارەباوە دەوەستان‌و پاڵتۆیەکی زەردیان بەسەر شانیان دا داو رۆژنامەیەك بەدەستەوە دەگرن جگەرە بەلادەمەوەوەگرن‌و خۆیان بەلای خوێنەراندا لاردەکەنەوەو داوایان لێدەکەن بۆیان داگیرسێنن, ئەو وێنە خراپەش کە ئەونووسەرانەی پێ دەناسرێنەوە. گوناهی ئەوانی تێدانییە, بەڵکو هەموو گوناهەکە ئەوەیە لەگەرمەی هەڵمەتەکەی راگەیاندندا وتارەکانیان نووسیوە, ئەم شێوازەش شێوازێکە پێویستە کۆتایی پێبێت‌و شێوازی (هێڵی جێگیری راگەیاندن) شوێنی بگرێتەوە, ئەوشێوازەی پەیڕەو لەبیرێکی ئاشکراو ئاراستەیەکی بەردەوام دەکات‌و تۆن‌و ئاوازێکی جێگیری هەیەو لەگەڵ دەنگی بەرزدا, بەرز نابێتەوەو لەگەڵ بێدەنگیشدا کپ نابێت, لەچەپەوە رووناکاتە راست.

**هەڵەی دووەم: بەکێش کردن بەرەو دیالۆگی ئاینیی - ئاینیی**





پێویستە ئێمە دان بەوەدا بنێین کەلەبەرامبەر دیاردەیەکی ئاڵۆزداین, تیایدا دۆو دۆشاو بۆمباو خومپارە تێکەڵ بەیەکتر دەبن, بۆیە ئەرکی ئێمەیە کە دووشێوازی تەریب بەیەکتر بەرامبەری بوەستین, شێوازی یەکەم بریتییە لە (دابڕین‌و خۆبەدوور گرتن). مەبەستیشم لەدابڕین, جیاکردنەوەیە لەنێوان ئەوانەی شێوازی کاری سیاسییان لاپەسەندەو ئەوانەش کە رەتی دەکەنەوە. بەڵام مەبەستم لەخۆبەدوورگرتن, بەکێشکردنی ئەوانەیە کەئارەزووی کاری سیاسیی شەرعییان هەیە لەو مینبەرانەوە کەبۆیان دەستەبەر کراوەو لەرێگایەوە بەئازادییەکی تەواو مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن, بەڵام شێوازی دووەم بریتیە لە (جیاکردنەوەو رووبەڕووبونەوە), ئەمەش تایبەتە بەو گروپەی بەپشت بەستن بەبیرو ئەندێشە ڕەت دەکاتەوەو ئەوگروپەی بۆ رەت کردنەوە پەنا بۆ توندو تیژی دەبات" مەبەستیشم لەجیاکردنەوە جیاکردنەوەی ئەو دووگروپەیە, بەڵام مەبەستم لەرووبەڕوو بوونەوە, ئەوەیە کەوەڵامی توندوتیژی بەتوندوتیژی بێت‌و وەڵامی تیرۆر سەرکوت کردن بێت, نەك بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لێیان, بەڵکو بۆ پاراستنی کۆمەڵ لێیان, لەوباوەڕەشدانیم لەم رایەمدا سنوورم بەزاندبێ یا ناهەقیم کردبێ, چونکە سنووربەزاندن لێرەدا ئەوەیە کە هەمووان وەك یەك مامەڵە بکرێن, ناهەقیش ئەوەیە میانڕەو بەگوناهی توندڕەو مامەڵەبکەین‌و ئیمانداریش وەك تیرۆریست تەماشا بکەین.

لێرەدا, هەڵەیەکی گەورە دەکەین, ئەگەر مەسەلەکە بەسانایی وەربگرین‌و لەرووی فیکرییەوە بەقوڵی لێی نەڕوانین‌و, وەك ناکۆکیەك سەبارەت بەڕاستییەکانی ئایین وێنای بکەین. لەئاکامی ئەوەشدا خۆمان لەدیالۆگێکی (ئاینیی– ئاینیی)ەوە بگلێنین, چونکە ئیسلامی راستەقینە بە دیالۆگ‌و ئەقڵ بەدی دێت نەك بەتۆپ, بەژیان لەواقیعدا نەك خۆدزینەوە لێی,پێویستە ئامادەبین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵ, نەك بەجاهیلی لەقەڵەم دانی, بە گوفتارو

www.pertwk.com



کردار بەشداربین نەك گۆشەگیربین, ئیجتهاد بکەین, نەك مێشكو بیرمان كلۆم بدەین, بەرەو دواڕۆژ هەنگاوبنێن نەك بەدیار ڕابردووەوە فرمێسك بڕژین.

هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە کەسانێك پێشەوایەتیمان بکەن, بەرەو سەردەمی بۆشایی ئاسمان, پێشکەوتنو تەکنۆلۆژیا بەبیدعەو گومڕایی بزاننو بەچاوی بەکرێگیراوو نێردراوی زایۆنیزمو ئیمپریالیزم لەگەورە داهێنەرانو بیرمەندان بڕوانن, گوایە دەیانەوەیٚجیهان گومڕا بکەن, کەسانێك کەبەرەمل ایٚدان هەڵەو ڕاست لێك جودابکەنەوە, ئەوانەی لەڕێگای لێکدانەوەی خەونەوە پلان بۆدواڕۆژ دادەنێن, ئەوانەی لەوهەمووشارستانیەتەی رۆژئاوا چاویان تەنها بەرەڵاییو ئەیدز دەبینیٚ, لەهەموو ئەوانەش گرنگتر, ئەوانەی هەوڵی گەیشتنە دەسەڵاتو حوکمڕانی دەدەن, بەڵام تائێستا بەرنامەیەکی سیاسیان نییە, بتوانن بەهۆیەوە ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان یەکلایی بکەنەوە, هەر لە دەست نیشان کردنی حاکمەوە تابەگرفتی دیموکراسیو ژیانی پارتایەتی دەگات, سەیر لەوەدایە هەندێك خەڵکی هێمنو میانڕەویان تێدایە, ئەگەر پرسیاری بەرنامەی سیاسییان لێبکەیت, ورتەناکەن, وئەگەر پرسیاری مەسەلەیەکیشت لێکردن, یەکسەر فەتواکەیان حازرە, بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوەت لێکردن, ئاخۆ ئەم فەتوایە تاچەند یەکدەنگیو تەبایی لەسەرە, دووبارە قروقەپی لێدەکەنو لەژێر لێوەوە لەخوا دەپاڕێنەوە, بتخاتە سەر ڕێگای راستو نزای ئەوەت بۆدەکەن بڕوا لەدڵتدا جێگیربێت.

ئەمە بنەماو پلاتفۆرمی دیالۆگەکەیە، مەبەستیشم ئەوەیە بڵێم دیالۆگێکی سیاسیی تەواوە، ئامانجەکەش بەهەمان شێوە ئامانجێکی سیاسی بیٚ پێچو پەنایە، ئامرازەکەشیان, خۆگێل کردنو بەگشتی ناساندنی مەسەلەکانە, یان پەنابردنە بۆ توندوتیژی, چونکە بەرنامەیەکی سیاسیی روونو ئاشکرایان نییە، بۆیە پێویستە بەردەوام بەپرسیارکردن لەبەرنامە سیاسییەکەیان وەڵامیان





بدەینەوەو هەرگیز لەدووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارە بێزارنەبین، بەڵکو ئەمە خوایە ڕێیان نیشان بدات، ئەگەر هاتوو خۆیان لەپرسیارەکە دزییەوە بەگێڕانەوەت بۆ قورئان، وەڵامیان دەدەینەوەو دەڵێین قورئان لەدڵدایە، بەڵام وەك ئیمامی عەلی دەفەرمویٚ بەزمان نادویٚ، و ڕێگا لەناکۆکی ناگریٚ، چونکە لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا و لەسەردەمی ئیمامی عەلیدا موسڵمانان ناکۆکییان تێکەوت, لەکاتێکدا قورئان هەر هەبوو, بەڵکو ئاژاوەی هەرە گەورە کاتێك دەستی پێکرد کەداواکاری پەنابردن بۆ قورئان بەرزبۆوە, ئەوەش داواکارییەك بوو ئیمامی عەلی رەتی کردەوەو بەوە وەسفی کرد کەئەوە هەقێکە ویستێکی ناهەقی لەپاڵدایە, ئەمەش بۆ هۆیەکی ئاشکرای بیٚ تەمومژ دەگەڕێتەوە, ئەویش ئەوەیە خوای گەورە, ڕێکخستنی کاروباری ژیانی بۆ موسڵمانان خۆیان جێهێشتوە, تا بەئیجتهادی خۆیان رایی کەن, چونکە خۆی دەزانیٚ, ئەو لەهەمووان زاناترە. مەسەلەی وەها دێتە ئاراوە پێشتر روونەداوە" بارودۆخێك دێتە پێشیٚ پێشینان وێنەیان نەبینیوە, ئەمەش وا لەموسڵمانان دەکات بەسەر دوو گروپدا دابەش بن, یەکەمیان, زۆرینەن, ئەوانەن کەهەست بەبیٚ توانایی دەکەن, لەهەنگاونان شان بەشانی سەردەم, چ جای بتوانن ئیجتهاد لە کاروبارەکانیدا بکەن, ئیدی وایبۆ دەچن ڕێگای ئاسان ئەوەیە هەموو سیماکانی شارستانیەت کاول بکەن, تاوەکو کۆمەڵ وەك جاری جارانی سەردەمی پێشینانی لێبێتەوە, چی بەسەرئەواندا پراکتیزەبووە. ئێستاش هەرئەوە بێت, ولەنێوان خۆیان وناخی خۆیاندا وتەیەکی پێکەنین هێنەرو بەگریان هێن دووبارە دەکەنەوەو دەڵێن ئێمە ئەگەر بەهەنگاوەکانی سەردەم نەگەیشتین, بازەمەن بۆ دواوە بگێڕینەوە. گروپی دووەمیش, کەئەمانەکەمینەن, پێیان وایە, دەرگای ئیجتهاد هێشتا والآیەو فراوانەو پێویستە بەپێی داواو خواستی کۆمەڵی نویٚ, لەسەربنەمای باوەڕ ئیجتهاد بکەین, بەڵام زۆر بەداخەوە خەریکە گۆڕەپانەکە بۆ دەستەی یەکەم چۆڵ

www.pertwk.com



دەبێت، هێندە بەسە باس لەیاساکانی کاروباری شارستانی بکەین کەچ هەرایەکی نایەوە، ئەویاسایەی کە هەموومان دان بە حوکمی شەریعەتی ئیسلامدا دەنێین تیایدا،و چۆن لەماوەی دەساڵدا سێ یاسامان بینی، هەر یەکێکیان کۆمەڵێك هەرای نایەوەوکێشەی وروژاندو تائێستاش بەردەوامە، ئەوەش لەبەرئەوەی ئێمە زەمەنێکە ماڵئاواییمان لەئیجتهاد کردووە، بەوەندە وازمان هێناوە کەئیمامی مالیك وایوتو شافعی وایفەرموو ئەبو حەنیفەیان ئیبن حەنبەل ئەوەی بەچاك زانی یان رەتی کردەوە، کەپێم وانییە تەنها یەك موسڵمان هەبێت، ئەو چوار ئیمامە بەکەسانی دوور لەهەڵەو مەعسوم بزانێ، یان پێیوابێت حوکمەکانیان پیرۆزە یان دەگاتە پلەی بنەماکانی عەقیدە، ئەوان بنیادەم بوونو پیاوانی ئێمەش بنیادەمن، ئەوان لەئایندا قوڵ ببوونەوە، پیاوانی ئێمەش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەو چوار ئیمامە گەورەیە بۆ سەردەمی خۆیان ئیجتهادیان کردووە، بەڵام پیاوانی سەردەمی ئێمە وایان بەچاك زانیووە، ئەقڵی خۆیان بە بەراوردکردنی گوفتاری ئەو چوارەو حوکمەکانیانو ناکۆکیو تەباییەکانیان، ماندوو بکەن، نەك ئیجتهاد بکەن.

بەڵام فەتوادان بەجاهیل لەقەڵەم دانی کۆمەڵو بەکافرزانینی دەسەڵاتدارانو خوێن حەلاڵکردن زۆر ئاسانە،و میرەکان خۆبەخشن بۆی، هەرزەکارانیش بەرگریی لێدەکەن، لەگۆڕەپانەکەشدا سەرکردەکان بەپیرو گەنجو گەورەو بچووکەوە کێبرکێیانە، بەڵام گوێمان لەفەتوایەك نابێت لەکاروباری ژیاندا کەس خۆی لەقەرە نادات، ئەستەمەو هیچ بەرنامەیەکی سیاسی روونو ئاشکرا لەخۆی ناگرێت، یان سەرجەمی میتۆدێکی فیکری تەواوی لەبارەوە دەرناچێت..

ئەمە پرسیارەکەیەو پێویستە وەڵامی بدەنەوە..

**هەڵەی سێهەم: دەست بەرداریان بووینو دەست بەردارمان بوونە.**



لەهەولێکی تاکەکەسیدا، خۆم رووم کردە ئەوگەڕەکانەی کەدیاردەی توندڕەوییان تێدا چڕبۆتەوە، ئەوگەڕەکانەش دەکەونە ئەوپەڕی رۆژهەڵاتی قاهیرەو ئەو پەڕی رۆژئاوای، خۆزگەم دەخواست کەسەرەك وەزیرانی نوێش هاوشانم بوایە، تابەچاوی خۆی ئەوەی ببینیایە کەمن بینیمو تاوەکو قەناعەتی بەپێشنیارەکانم بهێنایە.

چڕییەکی زۆر دانیشتوان، رێژەیەکی زۆر لەگەنجان، خزمەتگوزاریی زۆر نزم، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە، گۆڕەپانێك یان یانەیەکی وەرزش یان کتێبخانەیەکی گشتی، باخچەیەکی بچکۆلە، کۆشکێکی مۆسیقا، مۆزەخانەیەکی هونەر،کۆڕێکی رۆشنبیری بەدیناکەیت، کەبەشێك لەم خزمەتگوزارییانە زۆرکەمی تێدەچێتو پێویستیش ناکات ئاستێکی بەرزی هەبێت.

بەچاوی خۆم لەگەڕەکە هەژارەکانی ئەمریکادا بینیومە، یارچە زەوییە خاڵییەکان تابەرزاییەکی زۆر بەتەل شورەی بۆدەکەنو گۆڕەپانەکەی رێکدەخەنو دوو ستوونی سەبەتەی تێدا دەچەقێننو توالێتێکی پاکی بۆ دروست دەکەن، ئیدی گەنج رووی تێدەکات، تۆبڵێی چەندی مەسرەف بێت ئەگەر لەزۆربەی پانتاییە خاڵییەکان هەمان کارکراو بەکرێیەکی کەم بەکرێدرا، بۆ ئەوەی لاوان چالاکییەکی وەرزشی تێدا مومارەسە بکەن" ئەی بۆچی ئەوانە لەباج نەبەخشین کەنهۆمی یەکەمی بیناکانیان دەکەن بەکتێبخانەی گشتیی بچووك، یان یانەیەکی بچووك کەمێزێکی تێنسو هەندێك یاریی خۆشی تێدابێت لەگەڵ تەلەفزیۆنێكو هەندێك کتێبی رۆشنبیری، ئاخۆ چەند لەسەرمان دەکەوێت ئەگەر ئەو زەوییانەی مولکی دەوڵەتن لەو گەڕەکانەدا. بکەینبەباخچەو چەند کورسییەکمان تیادا رێزکردوو، کۆشکەکانی موسیقامان لەپانتاییە سەوزەکانیدا دامەزراند، لەبری ئەوەی ببێت بەشوێنی کۆبوونەوەی خۆڵوپیسیو توالێتی بەر بەرەڵا، ئاخۆ چەندیتێدەچێت بۆ دەوڵەت، ئەگەر ئەنجوومەنی گەڕەکەکانو پارتەسیاسییەکان

www.pertwk.com



گوڕیان تێکەوت و چالاکبوون لەرێکخستنی پێشبڕکێ وەرزشی و روناکبیریەکان, لەنێوان گەڕەك و شەقامەکاندا. ئەی بۆچی هونەرمەندان لەبوارەکانی گۆرانی و نواندن و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی رووناکەنە ئەوگەڕەکانە, بۆ کردنەوەی پێشانگاکانیان و سازدانی ئاهەنگەکانیان, بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی وشیاریی کولتوری و هونەری تیایاندا.

پێویستەدان بەو راستیەدا بنێن, بەشێك لەو شکستە دەکەوێتە ئەستۆی قوتابخانەکان کەسەرکەوتوونین لەبینینی رۆڵی فێرکاری و پەروەردەیی خۆیاندا. بەحوکمی کۆمەڵێك هۆی کەڵەکەبوو بەسەریەکدا, ئێمەش لاوانمان پشت گوێ خستووە تابکەونە بەر رەحمەتی یەکێك لەم دوو ئەگەرە, یان لادان ولەرێ دەرچوون, یان توندڕەوی, بەلام ئەڵتەرناتیڤی دووەم هاندان و دەستخۆشیی باوك و دایکیشی لەگەڵدایە, بۆئەوەی لەئەڵتەرناتیڤی یەکەم بەدووربن, هەروەها پێویستە ئێمە هاوشانی ئەم چارەسەرە بەشەکییانە کە بۆئەم گەڕەکانە گرنگە لەشارە گەورەکاندا, بەهەمان شێوە دەبێ بەرەو گوندەکانیش هەنگاوبنێین, بەرپرسیارێتیەکی گەورەمان لەئەستۆدایە, هەرچەندە ماوەیەکی زۆرتریش دەخایەنێت, ئەرکەکەشمان ئەوەیە هیوایەك بەدواڕۆژ بەگەنجەکانمان ببەخشین و درك بەو راستییەبکەین کەئەو توندڕەوییەی لەهەندێك لەگەنجەکانماندا بەدی دەکەین, بەگشتی گوزارشتێکە لەداخرانی واقیعەکەو دەگمەنی هیواو ئومێد, هەروەها پێشکەش کردنی چەند چارەسەرێکی دیراسەکراوو واقعی, ئەگەر بەشێوەیەکی بەشەکیش بێت, لەبواری گرفتی نیشتەجێبووندا, دەشێ بڵێین هەنگاوێکە لەراستە رێگای هاندانی گەنج بۆ قەبوڵ کردنی کۆمەڵ, نەك رەتکردنەوەی بەتەکفیرو بەجاهیلی زانین, هەرهەنگاوێکیش لەبواری چوارچێوەی نرخ و کرێدا, لای خۆیەوە هەنگاوێکی بونیادنەرە بەئاراستەی قەبوڵکردنی ژیان لای گەنج, نەك راکردن لەژیان لەژێر ناوی شەهیدبوون یان کۆچکردن بۆلای خودا,





هەرهەنگاوێکیش لە پێناوی رەخساندنی کەش و هەوایەکی دیموکراسی زیاتر بەرفراوان, هەنگاوێکە بەئاراستەی چارەسەرو دڵنیاکردنەوەو زامنێکە بۆ کۆمەڵیش لەتەقینەوە, بێگومان قسەکردن لەم بوارەدا, لەوانەیە درێژەبکێشی و پەل وپۆی زۆری لێبێتەوە, بەجۆرێك کەبارودۆخی بلاوکردنەوە ڕێگای پێنادات, بەلام کورتییەکەی ئەوەیە, بەشێکی گەورە لەم دیاردەیە یان لەم گرفتە لەسنووری رەخساوو شیاوداشیاوی چارەسەرە.

ئەوەی باسمان کرد, وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد هەڵوەستەیەکە لەگەڵ خودداو هەوڵێکە بۆ داننان بەهەڵەدا, رێگایەکێشە رووەو چارەسەر, ئیجتهادێکیشە دەشێ راست دەرچێ و لەوانەشە راستی نەپێکێ, جیاکردنەوەی دۆودۆشاویشە, لەبۆمب و خومپارە..

## لەوانەیە تەنها ڕێکەوت بێت (*)

ئەگەر مامۆستا فەهمی هوەیدی ناوی نەهێنابام وپشتی بەچەندبڕگەیەك لەقسەکانم نەبەستایە کە لەکۆڕێکمدا وتبووم, گۆڤاری (فکر) رێکخستبوو وبلاویشی کردبۆوە, ئەرکی وەلامدانەوەم نەدەخستە ئەستۆی خۆم یا هەوڵی(چاککردن وراستکردنەوەی راستییەکان )م نەدەدا گەربشێ ئەم گوزارشتە روویەکی بەرامبەری ئەو کارانەی مامۆستا هوەیدی بێت کەلەوتاری(توند رەویی عەلمانی)دا کردوویەتی و لەرۆژنامەی(الاهرام)دا بلاوکراوەتەوە, مەبەستم لەوکارانە هەڵگێرانەوەی راستییەکانە, کەمترنا بەلام لەوانەیە زیاتر بێ!!

(*) نێردرا بۆ(الاهرام)و بلاونەکرایەوە, وزانیم کەرەوانەی لای مامۆستا هوەیدی کراوە بۆ وەلامدانەوەی , ئەویش لەرەفەی کتێبخانەکەیدا دایناوەو مافی خۆیەتی

www.pertwk.com



سەبارەت بەدەستگیرۆیی‌کردنیشم لەوەلآمدانەوەدا, کەلەهەندێك شوێندا تەنها ئاماژەیەك یاتیلە چاوێکە, ئەوا پەیوەستە بەوەی چەند جارێك لای خۆی روویداوە. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە,

یەکەمیان من دەقی وشەکانی ئەو لەدوا وتاریدا دەخوازمەوە (لەو باوەڕەدانیم کەبتوانم پشکداربم لەئاوەها دیالۆگێکدا بەو ئاستە) چونکە هەق روون وئاشکرایە وناهەقیش خوارو ناراستە خوێنەریش ئەقڵی هەیەو میسریش ویژدانی هەیە, دووەمیشیان تێڕوانینی من ودیدی منە بۆ مەسەلەو دۆزە گشتییەکان کەپێم وایە گەورەترە لەئاماژەیەکی چاوو, ئەویش لە خودی کەسەکان تەمەن درێژترە.

**ئێمە وتوندڕەویی:-**

لەوباوەڕەدانیم کەسێك هەبێت ناکۆك بێت, سەبارەت بەهەردوو چەمکی میانڕەویی وتوندڕەویی.. چونکە میانڕەویی کاتێك کۆتایی پێدێت کەوشە دەگۆڕێت بەگوللە وقەبوڵ کردنی یاساوشەرعیەت دەگۆڕێت بەدەرچوون لێی وڕێزگرتن لەیاسا دەگۆڕێت بەپێشێل کردنی یاسا, لەبەرامبەر ڕێکخراوگەلێکی وەك (الجهاد)و (التکفیر والهجرة) لەگەڵ کەسانی ناکۆکدا, بەخەنجەر دەئاخفن وکێشەو ناکۆکییەکانیش لەگەڵ نەیاراندا بەکوشتن نەك بەوشە چارەسەر دەکرێت, زۆر ئاسانە ئەمەبە توندڕەوی وەسف بکەین, بەلآم کارێکی قورس وبگرەئەستەمە بەو دۆزینەوە مەزنەی مامۆستاهوەیدی رازی بین کە بە (ڕێکخراوی جیهادی عەلمانی) ناوی دەبات, منیشی شەرەفمەند کردووە بەنووسینی ناوەکەم, لە لیستی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەدا, بۆ گاڵتەپێکردنیشیان ناوی لێناون(نۆ داناکە)و لە سەرەتای وتارەکەدا رایگەیاندووە ناوەکان لای خۆی دەپارێزێت, تاوەکو کەس ئیحراج نەکات و خواش فەرمانی پێکردوین کە رازگربین, بەلآم دواتر بەناوهێنانی حەوت کەس لەنۆکەسەکە, قسەکەی خۆی هەڵگێڕاوەتەوەو





ناوەکانیشی بەوتەی کەسەکان پشت ئەستوور کردووە, یەك لەدوای یەك ناوەکانیان بلآوکراوەتەوەو بریتین لە:

د.محەمەد نورفەرەحات/ / د.فوئاد زەکەریا/ د.فەرەج فودە/د.حەبیب جەنحانی(خەڵکی تونسە نەك مەغریب)/ د.یونان لەبیب رزق /لوتفی خولی /د.تاهر عەبدولحەکیم. منیش ئەوانەی بۆ زیاد دەکەم کەنووسەری وتارەکە ناوی نەبردوون, ئەوانیش د.وحید رەئفەت(جێگری سەرۆکی پارتی وەفد) /د.رەئوف عەباس(سەرۆکی بەشی مێژوو لەکۆلێجی ئادابی قاهیرە)یە, کاتێکیش ئەم ناوانە کۆدەبنەوە بۆ موناقەشەکردنی گرفتی توندڕەویی سیاسیی ئایینی, لەدیدی مامۆستا هوەیدیدا ئەم کارەدەبێتە تیرۆر وکۆبوونەوەکەشیان دەبێتە ڕیکخراوێکی هاوشێوەی ڕێکخراوی‌جیهاد لە توندڕەویدا و وەحید رەئفەت دەکەوێت شەڕەقسە لەگەڵ عومەرعەبدولڕەحماندا وفوئاد زکریا دەبێتە هاوشانی عەبدولسەلام فەرەج, ولوتفی خولی دەبێت بەشێخ سەماویەکی دیکە ونورجەنحانی‌و یونان‌و عبدالحکیم رەئوف‌و فەرەج فودەش دەبنە میری گروپەکانی جیهادی عەلمانی, کەبە راستی شایستەی ئەوەن بەتوندڕەو ناوبرێن, چونکە ئەوانە جگە لە وشە, ڕێگاییەکی دیکە شك نابەن, لەبیروڕاش بترازێ ڕێبازی دیکەیان نییە, لەمەنتیقیش بترازێ‌هیچ شێوازێکی دیکەیان نییە,لەشەرعیەتیش بەدەر چوار چێوەیەکی دیکەیان نیەو دیالۆگیش نەبێ ئامرازی دیکەیان نییە وتەنها دوارۆژ ئامانجیانە وجگەلەیەکێتی نیشتمانی ئاواتی دیکەیان نییە, لەقەڵەمیش زیاتر چەکی دیکەیان نییەولەویژدانی نیشتمانیش بترازێ‌پەی بەهیچ نەوایەك نابەن.

مامۆستا هوەیدی هەقی خۆیەتی بەتوندڕەو وەسفمان بکات وبەتیرۆریست ناومان ببات, چونکە ئێمە ئەوە رەت دەکەینەوە کەدەسەلآتێکی ئاینی حوکمڕانیمان بکات کەراو بۆچوونی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت, چونکە لەگۆشەنیگای خۆیەوە خۆی بەحەلاڵ دەزانێت ورای ئۆپۆزسیۆن وبەرهەڵستکاران

www.pertwk.com



بەر پەرچ بداتەوە بەپاساوی ئەوەی لەگەڵ ناوەڕۆکی زانراوی ئایندا ناکۆکە، هیچ بەلاشیەوە شەرم ونەنگە نەبێت کاتێك رۆژنامەیەکی ئیتاڵی پرسیارێکی ئاراستەکرد، سەبارەت بەڕاوبۆچوونی، دەربارەی لەسێدارەدانی بیٚگوناهان، بۆ وەڵامدانەوە پەیرەویی لەڕایەکی ئیمام خومەینی بکاتو بڵێت، چی تێدایە؟

ئەگەر بەراستی بیٚگوناه بن ئەوا ئەهلی بەهەشتن، ئەمە مەنتقێکە گاڵتەکەی جدییەو جدییەکەشی هەر جدییە، هەندێك بە ئیجتهادی تێدەگەن وئێمەش بەتاوانی دەزانین، کەسانێك بە ئیلهامی لەقەڵەم دەدەن وئێمەش بەمۆتەکەی دەزانین.

بە بۆچوونی مامۆستا هوەیدی ئێمە توندڕەوو تیرۆریسین، چونکە لە کاروباری سیاسەت و حوکمدا بۆ دەستوور دەگەڕێنەوە، نەك بۆ کتێبە ئاسمانییەکان، ئەمەش مانای رەتکردنەوەی ناگەیەنێت، خوانەکابەڵکو بەمەبەستی بالاٚکردن وبەرزکردنەوەیەتی وپاك راگرتنیەتی، نەبادا بۆ خزمەتی ویستە تایبەتییەکان بەکاربهێندرێت وببێت بەچەکێك، بۆ سەرخستنی دەسەلاٚتدارو پاساوێك بێت بۆ ویست و حەزەکان، لەوەش ئاسانتر نییە بۆ نموونەوەرگرتن، پەنا بۆ مێژوو بەرین یا نموونە لەواقیعی ئێستا هەڵێنجین، دوور نەڕۆین، ئەو پەیمانی ئاشتییەی کە هەندێکمان قەبوڵی دەکەن و هەندێکیشمان رەتی دەکەنەوە، بەلاٚم لەهەردوو حاڵەتەکەدا، ئێمە بەمەنتیق وئەقڵ ئەو کارەدەکەین وباوەڕو قەناعەتی تەواویشمان بەوراستیە هەیە کە رای ناکۆك و جیاواز ئیجتهادە، لەوانەیەراست بێت و لەوانەشە هەڵەبێت، بەلاٚم هەرگیز نیشتمانپەروەرێك لە خانەی نیشتمانپەروەری دەرناکات، ئەوە چ جای ئاینەکەی، یا هێندە بەسەچەندین ئیمامی گەورەو زاناو پیاوی ئاینی گەورەمان بینی کەیەکێکیان پشتی ئەوی دیکەی گرت وبۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ قورئان وسوننەت برا، بەلاٚم لەلایەنگرو نەیاریش، هیچ کامیان لەئاکامی ڕایەکەی نەترساو نەسڵەمییەوە، چونکە





لەدەوڵەتێکی مەدەنیدا دەژی کە رێگا بەجیاوازیی بیروڕا دەدات وفرە مینبەری وجۆراو جۆری ئیجتهادی بەلاوە ئاساییە، بەلاٚم ئەگەر گروپێك لەو ئیمامانە خۆیان حوکمیان بەدەست بێت، ئەوا گروپەکانی دیکە دەقوچێنن و رادەکەن، تاوەکو خۆیان وئاینەکەیان دەرباز بکەن وفەتواکەیان دەکێشنەوە، لەترسی ئەوەی نەبادا بەهەڵگەڕانەوە تۆمەتباربکرێن، یاتۆمەتی گەندەڵی وئاژاوەیان بدرێتەوە پاڵ.

لەوانەیە مامۆستا هوەیدی کە لایەنگری گێڕانەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئێراندا دوای گەڕانەوەی لەسەردانی ئەو ولاٚتە، کەمێك یادگارییەکانی خۆیمان بۆ باس بکات، (سەرەڕای ئەوەی لەجەنگدابوو لەگەڵ عێراقدا) لەمەڕ دەنگی ئۆپۆزسیۆن لەو ولاٚتەداو راستی مەسەلەی کوشتنی پەنجا هەزار بەرهەڵستکار، بەڵکوباسی ئەو پێشکەوتنە تەکنوٚلۆژییە مەزنەمان بۆ بکات کەخۆی لەبەکارهێنانی سرینگی کارەباییدا دەبینێتەوە کەبەمەبەستی لەسێدارەدانی بەرهەڵستکاران بەکاردێت، کە ئاژانسەکانی هەواڵ بەوێنەو دۆکیۆمێنتەوە دەیخەنە پێش چاومان، وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ خۆماندووکردنو کات بەفیڕۆدان، لەبەکارهێنانی شێوازی کۆنو بەسەرچووی کوشتنو لەسێدارەدان.

پێم وایە ئێمە هەموومان– هەرنۆ داناکە–لایەنگیری دەوڵەتی مەدەنین. بەواتایەکی دیکە لایەنگیری ئەوەین کەرەوشەکە، وەك ئێستا بمێنێتەوە لەبارەی فۆرمی حوکم یا هەڵبژاردن، لە نێوان ناسنامەی مەدەنیو ناسنامەی ئاینیدا، وەك خۆ بەدوور گرتنێك لەوەی باسم کرد کەئەوە بەشێکی کەم بوو و لەهەمانکاتدا لەترسی ئەوەی نەبادائاژاوەیەك بەرۆکی سەرتاپای نیشتمان بگرێتو جیاوازی بخاتە نێوان رۆڵەکانیەوەو تایەفەکانی لێك دابچڕێت. مامۆستا هوەیدی هەرچەندە هەوڵبدا بۆ بەدیار خستنی ئەندازەی لێبوردەیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانی ناموسڵماندا، چونکە رای ئەوانی دیکە، کەئەوان زۆرینەن لەوەلاٚمی مامۆستادا

www.pertwk.com



ئەوەیە هەڵەی کردووەو ئیجتهادی نەکردووە, یاخود لەپێکانی هەقیقەتدا هەڵەی کردووەو بەلای زۆروە دانی بەهەقدا نەناوە, لەوانەشە بەوپەڕی دڵنیاییەوە بزانێت بیروڕا جیاوازەکان لەگەڵ ئەودا بەهێزترو توندوتیژترو بەتواناترو کارامەترن, لەویش یەکانگیرترن‌و دەنگیشیان نێرترە. ماموستاش بەم قسانەی نیوەی ڕێگاکەیان بۆ خۆش دەکات, کاتێك گوێی خەڵکی ئامادە دەکات, بۆ قەبوڵکردنی دەوڵەتی دینی, بەلێکدانەوەی من لەدەرەوەی چوار چێوەی ئاینیشە, کاتێك مێشك بەقسەکردن لەمەڕ لێبوردەیی وسنگ فراوانی وچاکی‌و دادپەروەری, دەوڵەتی دینی‌سڕدەکرێت, کەئەوەمەسەلەیەکە بەدرێژایی سیازدە سەدە ڕووینەداوە, تەنها لەنیو سەدەدا نەبێت, یاوردەتر بڵێین لە نیوەی ئەو نیوسەدەیەدا بەرقەرار بووە.

## ڕەحمەت لە ئەبوحەنیفە:

پێم وایە دوای ئەو قسانەی کردم, مافی‌خۆمە ڕەحمەت بۆ ئەبوحەنیفە بنێرم‌و خۆم بخەمە شوێنی‌و مەجلیسەکەی ئەو لەمزگەوتداو, وتە بەناوبانگەی بڵێمەوە. کەدەڵێت( ئەبو حەنیفە بۆی هەیە قاچی لێ ڕاکێشێت) کاتێك من ئەوە دەخوێنمەوە کە کۆمەڵێك دانا, هەموشیان ناون سەنگ‌و قورسایی فیکری‌و سیاسی خۆیان هەیە لە چەپ‌و ڕاستیان‌و لەسیاسەتمدارو مێژوونوسیان, چ لەبواری فیکردا بێت یان خەبات, بەلأم لای ماموستا ناویان چەند پلەیەك بەرزدەبێتەوە لە پلیکانەی تیرۆردا کاتێك بەگروپی جیهاد یان تەکفیرو هیجرە بەراورد دەکرێن. چونکەئەوان واتە داناکان خاوەن ئەزموون‌و قاڵبوون, ئەو شوێنەی خۆیان بەمەبەست‌و کاروپلانی‌پێشتر وەرگرتووە, لەکاتێکدا ئەندامانی ڕێکخراوەکانی وەك ( التفکیر والهجرة) گەنجی خوێن گەرمن‌و بەهەڵە ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردووە.





## ئیسلامییەکان‌و ڕێکەوتە خۆشەکان

قسەکانم دوو خاڵی زۆرگرنگیان ماوە, یەکەمیان ئەوەیە ماموستا هوەیدی هەوڵی چەسپاندنی دەدات, لەبیرو مێشك‌و سەرزماندا, ئەوەش بەوتنەوەی دەستەواژەی (ئیسلامییەکان), کەئەم ناوە بە هەموو کەسێك دەبەخشێت قورئانێکی هەڵبڕی‌بێت, تەنانەت گەر لەناو ئەو قورئانەدا,خەنجەرێك یا دەمانچەیەکیشی حەشاردا بێت, یا ویستێکی سیاسی یا دنیایی لەپەنادا شاردبێتەوە, یان لەگەشتێکی زستان‌و هاویندا بازرگانی پێوەبکات, کە ئۆباڵ بەگەردنم ئەوە کارێکی یەکجار خراپە, یەکەم بۆ خودی ئیسلام, چونکە ئیسلام لەوە گەورەترە, دەنگی تیرۆر یا دەنگدانەوەیەکی ئاسۆ تەنگی بدرێتەپاڵ, دووەم بۆ ئێمە خراپە, چونکە نەماموستا هوەیدی‌و نەکەسی دیکە, ناتوانن هەندێك کەس بەئیسلامی وەسف بکەن‌و هەندێکیش لەو سیفەتە بێ‌بەری بکەن کەئێمەش لەوانەین, بەڵکو ئەوانە کەلەگەڵ بیروباوەڕەکانی ماموستادا تەبانین, سێهەمیش, چونکە هەمووان بەئێمە شەوە, ئیسلامین.

ئێستاخاڵی‌دووەم‌و کۆتایی دەمێنێت باسی بکەم, ئەوەش ئەو ڕێکەوتە خۆشانەیە کەتێبینی دەکەم وتارەکانی ماموستا هوەیدیان پڕکردۆتەوە, هەمووشیان ڕێکەوتی یەك کاتیان کردووە, بۆ ئەوەی ڕێبازێکی فیکری‌و کردارەکی ڕوون‌و ئاشکرا پێکبهێنین, ئەو ڕێکەوتنانەش بە سەردانەکەی ئێرانی دەست پێدەکەن, دواتر بانگەشەو داواکارییەکانی بۆ گێڕانەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا, دواتر ڕاگەیاندنی ئەوەی کەئێمە سەربەخۆییمان تەواونییەو ناکاملە, چونکە هێشتا شەریعەتی ئیسلاممان پراکتیزە نەکردووە, پاشان کەوتە جەخت کردنە سەر کتێبێکی بێ ناوی نووسەرێکی بێ‌ناو و ناوبانگ, بۆ ئەوەی کتێبەکە لەبێ‌بازاڕیی ڕزگار بکات‌و ئەستێرەیەکی دیکە لەئەستێرەکانی تیرۆر پاڵ پێوەبنێت بۆ سەرکەوتن‌و هاتنەپێش, دواتر بەرگرییە شاراوەکەی لەو گەنجە خوێن گەرم‌و هەڵەشانەی ڕێگایان هەڵەکردووە, دوای ئەوە هێرشە توندەکەی, بۆ

www.pertwk.com



سەر خەڵکە بەئەزموونە قاڵبووەکەی میسر کە خۆیان لەپەرێز ناوە, ئەوانەش هەموویان رێکەوتن, دەشێت بەمەبەست بێت و لەوانەشە وانە بێت, بەڵام بەراستی زەمەنێکی سەیرە, کە رۆژنامە نەتەوەییەکان تەژی بن لەرێکەوتی سەیر.

## لەگەڵ ئەوپەڕی لێبوردندا[*]

گەواهی دەدەم کەمن ساڵانێکی دوورو درێژە, رێك نەکەوتووە برگەیەکی کورتی پڕ لەهەڵەی مێژوویيم خوێندبێتەوە, وەك ئەو نووسینەی مامۆستای گەورە (فهمي الهويدي)م خوێندەوە لەوتارێکیدا بەناونیشانی (أنكار في الحاضروأهدار للماضي) کەئەمە دەتەقەکەیەتی.

((بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی دوای معاویە هاتن, خەڵکانی لێهاتووو دانا و توندبوون. مەروانی کوڕی حەکەم لەسایەی شورایەکی راستەقینەدا هەڵبژێردرا کەلەگۆنگرەیەکدا ئەنجام درا, خەڵکی خاوەن راوتەگبیری شام لەشارۆچکەی (الجابية) بەستیان وماوەی سی رۆژی خایاند, ئەوشارۆچکەیەش دەکەوتە نێوان ئوردون و دیمەشقەوە, ئەوەبوو لەوێدا تای تەرازووی مەروان بەسەر عەبدوڵلای کوڕی زوبێرو خالیدی کوڕی وەلیددا زاڵ بوو, ئەوکات مەروان گەورەو دەم سپی قوڕەیش بوو, لەهەمان کاتدا سەرگەورەی (بني أميە)ش بوو, ئەمە وێڕای ئەوەی بەلێهاتوویی و ئازایی و لەخوا ترسی بەناوبانگ بوو, سەرباری ئەوەش مەروان لەیەکەم چینی تابیعەکان بوو کە زانیارییەکان لەسەر دەستی هاوەڵان فێرببوو.

عەبدولمەلیکی کوڕی کە دوای خۆی بوو بە خەلیفە, لەرووی دادپەروەریەوە, وەك(أبن خلدون) باسی لێوەدەکات, کەسێکی زۆر مەزن بووە, جگەلەوەی یەکێك بووەلەزیرەکەکانی سەردەمی خۆی بەشێوەیەك ئیمام مالك لەکتێبی (الموطأ)دا, پاساوی بە کاروکردەوەی ئەو هێناوە تەوە, لەسەردەمی خەلیفە وەلیدی کوڕی

[*] ئەم بابەتەنێردرا بۆ(الاهرام)و بلاْونەکرایەوە, و خوێندنەوەی بابەتەکەم هۆکەی روون دەکاتەوە.





عەبدولمەلیکیشدا مەزنێتی دەوڵەتی ئیسلام بەدیارکەوت, وەك باسیش دەکرێت دوای خۆی خەلافەتی بەهیچ کام لە کوڕەکانی نەبەخشیوە, بەڵکوبە باشترین کەسی زەمانی خۆی سپاردووە, ئەویش عومەری کوڕی عەبدولعەزیزبووە, کە پێویست بەناساندنی ناکات.

لێرەدا نامانەوێ درێژەی پێبدەین و بەتانو پۆی ئەو کاروانە سەرکەوتووەدا بێینە خوارێ کەتاقۆناغی یەکەمی خەلافەتی عەباسی بەردەوام بوو)).

ئەم برگەیەی پێشوو پڕبوو لەم هەڵانەی لای خوارەوە!

**یەکەم:** مامۆستا هوەیدی باس لەوەدەکات, کە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك دوای خۆی خەلافەتی بەعومەری کوڕی عەبدولعەزیز سپاردووە, لە راستیشدا وەلید خەلافەتی بەسلێمانی کوڕی عەبدولمەلیکی برای سپاردووە لەسەر وەسێتی باوکیان (عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان)و حوکمی سلێمانیش دوای وەلید, ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگ و پازدە رۆژی خایاند.

**دووەم:** مامۆستا هوەیدی دەڵێت, خالیدی کوڕی وەلید ڕکابەری مەروانی کوڕی‌حەکەم و عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر بووە, کاتێك لەکۆنگرەی (الجابية) مەروان دەست نیشانکرا بۆ خەلافەت, کەچی لەراستیدا خالید چل ساڵ بەر لەومێژووە مردووە, بێگومان مامۆستا هوەیدیش لە گەلماندا هاوڕایە کە هەرگیز ناشێت روحیانەتی مردوو بەشداریی شورا بکات, چ جای ململانێ کردن لەسەر خەلافەت.

**سێهەم:** قسەکردن سەبارەت بەلێهاتوویی و لەخواترسی مەروان, قسەیەکە پێچەوانەی کۆدەنگی سەرچاوە مێژووییەکانە! بگەڕێوە بۆ( تەبەری وئیبن ئەسیرو مەسعودی) کەپێیان وایە ئەو هۆکاری هەڵەکانی عوسمان بووەو بەردەوام هەوڵەکانی ئیمام عەلی تێکداوە کە بۆ یەکخستن و چاککردنی نێوانی موسڵمانان و خەلیفەکەیان داویەتی, هەرئەویش خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگەیە کەکەمێك بەر لەکوژرانی عوسمان دەڵێت(( هاتوون دەتانەوێت, پاشایەتیەکەمان لەژێر چنگ

www.pertwk.com



دەربێنن,لیّمان دووركەونەوە)) ( الطبري_جزء3_ل397 ), پێدەچێت ئەوە یەکەم وتە بووبێت, خەلافەتی بەپاشایەتی وەسف کردبێت, هەر ئەوقسەیەش بوو بووە هۆی پەلەکردن لەکوژرانی سێهەم خەلیفەی راشیدین. باشتر وایە ئەوەش بەبیر مامۆستا هوەیدی بێنینەوە کەسەرچاوە مێژووییەکان لەسەری کۆکن, کەئەو تیرەی (طلحة بن عبيدالله)ی پیّ کوژرا تیری مەروان بوو,ئەو تەڵحەیەی موژدەی بەهەشتی پێدرابوو, هاوڕێیمەروانیش بوو لە سوپاکەی عائیشەدا, کەپێمان وایە ئەمە بەڵگەی پیاو چاکیو لەخواترسی مەروانە.

**چوارەم:** مامۆستا هوەیدی, رووداوی دەستنیشان کردنی مەروانی کوڕی حەکەم لە ( الجابية) دەخاتە قاڵبی شورای راستەقینەوەو روخساری دەرەوەی قسەکەش واپێشانی دەدات, مەسەلەکە هەڵبژاردن بووە لە نێوان مەروانو خالیدیکوڕی وەلیدو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر, سەبارەت بەخالیدی کوڕی وەلید, هەڵەکەمان راست کردەوە, کەلەراستیدا مەبەست لەخالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویەیەو مەسەلەکەش وەك مامۆستا ئاماژەی پێدەکات شورا نەبووە. بەڵکو پیلانێکی ئومەوییەکان بووە( عومەری کوڕی سعید ئەشدەق) رێکیخستووە دوای مردنی موعاویەی کوڕی یەزید( زیاتر پێدەچێت کوژرابێت). بەرامبەر بەپەیمانێکی مەروان کەوەك دووەم کەس دوای خالیدی کوڕی یەزید بکرێت بەخەلیفە, ئەوەش بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو کۆنترۆڵو هەژموونی ناوبراو بەسەرزۆربەی خاکی موسڵماناندا, وڵاتی( شام)ی لێدەرچێت, مەسعودییش لەکتێبەکەیدا (مروج الذهب, جزء 3,ل 95) وەسفی رووداوی دەست نیشان کردنی مەروان لە(الجابية) دەکاتو دەڵێت( وەك دەڵێن مروان یەکەم کەسە بەزۆرو بەزەبری شمشێر خەلافەتی وەرگرت, لەگەڵ ژمارەیەکی کەمدا کەهانیاندا بۆ ئەو مەسەلەیە, بەپێچەوانەی ئەوانەی پێش



دیالۆگێک لەمەڕ عەلمانیەت

خۆیەوە کەبەژمارەی زۆر دەستو پێوەندەوە بەدەستیان دەهێنا, مەروان نەبیّبەوشێوەیەی باسمان کرد بەدەستی هێنا).

کەواتە کوا شورا, کوا ئەوقسەیەی کەگوایە موسڵمانان ماوەی یەك مانگ لە(الجابية) لەئوردون مەسەلەکەیان بەهەموو دیوەکانیدا شەنو کەوکردووەو لەنێوان سیّکەسدا کەخۆیان کاندید کردووە( مەروان_ روحیانەتەکەی خالیدی کوڕی وەلیدوعەبدوڵڵا کوڕی زوبەیر) یەکێکیان هەڵبژاردووە, ئاسایشە ئەگەر خوێنەران لەوە ئاگاداربن, مەسەلەی شوراکەی( الجابية)بەچی گەیشت,ئەوە بوو پێنچ مانگ تێپەڕنەبووبوو, مەروان لەپەیمانەکەی خۆی پەشیمان بۆوە کەدابوویبە خالید کوڕی یەزیدو ئەشدەقیش لەدوای ئەو, بۆ ئەو مەبەستە (حەسانی کوڕی مالك)ی بانگ کردو بەچاوسوورکردنەوەو دەمشێرنکردن ناچاریکرد بەرامبەر خەڵك بوەستێتو داوایان لێبکات بەیعەت بەعەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بدەن, ئەوەبوو کەس سەرپێچی رایەکەی حەسانو داواکارییەکەی نەکرد( مروج الذهب للمسعودي_جزء5 ل97).

**پێنجەم:** ئەوە راست نییە, گوایە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك خەلافەتی دوای خۆی بەعومەری کوڕی عەبدولعەزیز سپاردبێت, بەڵکو سلێمان ئەو کارەی کردووە, هۆکاری ئەو سپاردنەش تەنها مەسەلەی دینداریو لەخواترسی نەبووە, بەڵکو وێڕای ئەو مەسەلەیە سیّ هۆکاری دیکەش هەن کە سەرچاوە مێژووییەکان باسیان لێوەدەکەن, یەکەمیان, بچووکیو کەم تەمەنی کوڕەکانی سلێمان بووە کەتوانای بەڕێوەبردنو لەئەستۆگرتنی حوکمیان نەبوو, دووەمیشیان, ئەوەیە وەلیدی برای سلێمانو خەلیفەی پێشوو, ویستبووی سەرپێچی لەوەسیەتەکەی باوکی بکات, خەلافەت بەسلێمان نەسپێریّو دوای خۆی کوڕەکەی لەشوێنی دابنیّ, بەڵام عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناڕەزایی دەربڕیبوو بەوکارە ڕازی نەبوو بوو, بۆیە وەلید لەژورێکی داخراودا زیندانی دەکاتو دەست بەرداری ئەوەش

www.pertwk.com



دەبێت، کوڕەکەی دوای خۆی بکات بەخەلیفە، سێهەم هۆکاریش ئەوەیە، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کەسێکی نامۆو دوور نەبوو لەخەلافەت بەشێوەیەك دانانی بەخەلیفە ببێتە کارێکی کتوپڕو مایەی سەرسووڕمان، چونکە عەبدولعەزیزی کوڕی مەروانی باوکی، جێنشینی عەبدولمەلیك بوو، ئەگەر بەرلە عەبدولمەلیك نەمردایە ئەوا بێگومان دەبووبەخەلیفەو دوای خۆشی عومەری کوڕی دەچووە شوێنەکەی‌و نەدەکەوتە دەست وەلید یان سلێمان، تەنها مەسەلەش کە لەپڕدابوو، ئەوەبوو عومەر لەکەسانی دیکەی بەنی ئومەیە چاکەکارترو راستربوو، لەخەلیفەکانی هاوشێوەی خۆشی لەخواترستر بوو، لەوانەیە هەرئەوەش بووبێت پاڵی بەسلێمانەوە نابێت، دوای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خەلافەت بەیەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك بسپێرێت. تاوەکو ئەوەش کەعومەر چاکی کردووە، جارێکی دیکە یەزید تێکی بداتەوەو تای تەرازوەکە هاوتابێت‌و تەرازوەکە راست بێتەوە، کەبەڕاستی بێ‌کەم‌و زیاد هەرئەوە روویدا.

**شەشەم:** لەوانەیە سەیرترین شت کە لەبڕگەی پێشوودا هاتبێت، قسەکانی مامۆستایە سەبارەت بەدادپەروەری عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان‌و زیرەکی‌و فەفیقهی لەئاینداو لەخواترسییەکەی (کەتەنانەت ئیمام مالیك پاساوی بەکردەوەی ئەو هێناوەتەوە لەکتێبی (الموطأ)دا، هەقە لێرەدا باس لەوەبکەم کەحەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی دەستە راستی عەبدولمەلیك بووە، ئەو حەجاجەی ئەوەندەی لەموسڵمانان کوشتبوو، سوپای فارس‌و ڕۆم هێندەیان نەکوشتبوو، یەکەم کەسیش بوو کەعبەی بەمەنجەنیق ئاگرباران کردو بەسەر ئەوانەشدا وێرانی کرد کەلەنێویدا بوون، بێ‌ئەوەی عەبدولمەلیك هیچی پێ‌بڵێت، بەڵکو دوا وەسێتی عەبدولمەلیك بۆ وەلیدی جێ‌نیشینی ئەوبوو کە حەجاج بهێڵێتەوەو رایبگرێت، ئەو کارە چاکانەش کەبۆ پاراستنی دەسەلاتی ئومەویەکان کردوویەتی بەهەند هەڵگرێت‌ولەبەرچاوی بێت.





هەروەها لەعەبدولمەلیك دەگێڕنەوە کەوا لەحەجی ساڵی 75 کۆچیدا لەسەر مینبەری پێغەمبەر خوتبەی داوەو وتویەتی(( بەخودا دوای ئەم پایەیەی ئێستام، هەر کەسێك داوای لەخوا ترسیم لێبکات، لەملی دەدەم)) بگەڕێوە بۆ کتێبی }(تأریخ الخلفاء)ی سیوتی{و کتێبی(البدایة والنهایة) (جزء9–مجلد5–ل67)ئیبن کەسیر.

سەرگوزشتەیەکی خۆشیش هەیە دەڵێ( کاتێك عەبدولمەلیك خەلافەتی درایە دەست، قورئانێکی لەنێو کۆشدا بوو، دایخست‌و وتی ئەمە لێك دابڕانی نێوان من‌و تۆیە)، لەبەر ئەوەی هێشتا لەباسکردنی زیرەکی‌و لەخواترسی عەبدولمەلیکداین، وەك لێی دەگێڕنەوە رێگای نەداوە باس لەعومەری کوڕی خەتاب‌و کارو کردارو سەرگوزشتەی بکرێت. چونکە بەبۆچوونی ئەو سەرگوزشتەی عومەر( تالاوەبۆ میران‌و تێکدان‌و گەندەڵکردنی رەعیەتیشە) سەرچاوەی پێشوو، ل17.

**حەوتەم:** لەوانەیە خوێنەر تێبینی ئەوەبکات کەمامۆستا هوەیدی لەپڕێکدا لەباسکردنی موعاویەوە بازیداوە بۆ باسی مەروانی کوڕی‌حەکەم، بەمەش یەزیدی کوڕی موعاویەی پەڕاندووە، ناوبراو ماوەی خەلافەتەکەی سێ ساڵ‌و هەشت مانگ‌و نیوی خایاندووە، لەکاتێکدا ماوەی حوکمڕانی مەروان لەهەشت مانگ‌و پێنج ڕۆژی تێپەڕی‌نەکردووە، ئەم کارەی مامۆستاش تەنها بۆ ئەوەیە خۆی لەباسکردنی رووداوی کوشتنی ئیمام حوسێن‌و روداوی(حرة) بەدووربگرێت کە سوپاکەی یەزید شاری مەدینەیان حەلاڵ کردو یەزید خۆی شیعرێکی بەسەردا هەڵدا، من لەبەر هەستی خوێنەران باسی ناکەم، هەروەها خوێنەر سەرنجی ئەوەش دەدات کە مامۆستا هوەیدی لەباسی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە. بازدەدات بۆ سەرەتای دەوڵەتی عەباسی‌و خۆی لەباسکردنی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك دەدزێتەوە. کەبەداخی عەشقی (حەبابە)ی کەنیزەکیەوە سەرینایەوە، هەروەها باسی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك ناکات کە (یەزیدی کوڕی عەلی کوڕی

www.pertwk.com



حوسێن)ی کوشتوو بەڕووتی لەخاچیدا, لەهەمانکاتدا باسی وەلیدی کوڕی یەزیدیش بەژێرلێوەوە دەکات وخۆی لەقەرەی نادات, ناوبراو خولیای ئەوە بووە تیر لە قورئانی پیرۆزبگرێت لەکاتی نیشان شکێنیدا, شیعریشی بەم کارەی دا هەڵداوە. چەندم بەلاوە خۆشە مامۆستا ئەو ئاواتەی بەجێ‌بێنێت‌و بەدرێژی باس لەوکاروانە سەرکەوتوو شکۆمەندە بکات. بەلاَم من بێ ئەوەی خۆی پێبزانێت پشتگیری دەکەم‌و دەڵێم بێ‌گومان موعاویەو عەبدولمەلیك‌و مەنسور, کەسانی مەزن بوون, بەلاَم نەبەپێودانگی ئایین‌و باوەڕ, بەڵکو بەپێودانگی دونیاو سیاسەت‌و حوکم, ئەمەش کرۆکی ناکۆکی‌و لێکنە گەیشتنمانە, لەکۆتاییدا هێندەم لەسەر دەمێنێ سوپاسی مامۆستا هوەیدی بکەم, چونکە وتارەکەی بواری ئەوەی پێداین, ئەو هەلاَنەی پێشوو راست بکەینەوەو قوڵبونەوەو شارەزایی مامۆستا هوەیدیش لە مێژووی رۆمانیدا ئاشکرا بکەین. هیوادارم ئەو هەلاَنە, هەڵەی چاپ بووبن, یا لەوانەیە سەرسمی ئەسپێکی رەسەن بوبێ, زۆر ئاساییەو هیچ کێشەنییە, چونکە لەسەروو هەموو زیرەکێکەوە زانایەك هەیە.

## یاسای وەکالەتی سیاسی(*)

ئەم نووسینە بەئەنقەست گاڵتەو جدیات تێکەڵ دەکات, خەمباری لەبەرگی دڵخۆشی‌و کەیفسازی دەپێچێت‌و ئەم قسانە ئاراستەی ژووری بازرگانی‌و دام‌و دەزگاکانی قەلاَچۆکردنی خۆدزینەوە لەباج کراوە, بە هیچ بارێك ئاراستەی ئەوانەنەکراوە کەکار لەسیاسەتدا دەکەن, لەهەمان کاتیشدا هەوڵێکی بچووکی منە بۆ بەشداریکردن لەچارەسەرکردنی گرفتی کەمی داهاتی دەوڵەت لەدراوە دەگمەنەکان. کرۆکی قسەکانیشم پێشنیازێکی دیاریکراوە, بەمەبەستی دەرکردنی یاسایەك بۆ رێکخستنی وەکالەتە سیاسییەکان, بەهەمان شێوەی یاسای

---

(*) نێردرا بۆ(الاهرام)و بلاَونەکراوەتەوە.





رێکخستنی وەکالەتە بازرگانییەکان, بەشێوەیەك ئەوەی کار لەسیاسەتدا دەکات‌و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێك لەدەوڵەتەکانی دەوروبەرمان هەیە, ناوی خۆی لەخشتەیەکی تایبەتدا تۆماربکات لەژێر ناونیشانی (وەکیلی سیاسی)و بەشێوەیەکی بەردەوام بڕی ئەو دەسکەوتانەش تۆمار بکات, کەلەو ولاَتە چنگی دەکەوێت بەو سیفەتەی(وەکیلی باوەڕپێکراوە), بێگومان ئەوکات واپێویست دەکات داهاتەکانی باجی لێ‌وەربگیرێت, وەك باجی داهات‌و باجی داهاتی گشتی, ودەستەواژەی( وەکیلی سیاسیی باوەڕپێکراوی فلاَن دەوڵەت) بخرێتە پێش ناوەکەیەوە لەکاتی نووسینی وتارەکانیدا.

ئەمە گرفت‌و کێشەی زۆرمان بۆ چارەسەر دەکات, خوێنەر بەرچاو ڕوون دەکات‌و لەوە ئاگاداری دەکات کە جۆرو پاڵنەرو هۆکاری ئەو وتارانەیان بۆ ئاشکرابێت کە دەنووسرێن, نەك خوێنەر بکەوێتە هەڵوێستی سەرسامییەوە, لەبەرامبەر راگەیاندنی یەکێك لەسیاسەتمەداران, سەبارەت بەبەگەڕخستنی هەوڵەکانی بۆ ڕێککەوتن‌و ئاشت بوونەوە لەگەڵ سوریا, بێ‌ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی تازە لەسوریا بەدی کرابێت, یان کەسێکی دیکە جاڕی ئەوە بدات ئامادەیی ئەوەی تێدایە, بکەوێتە نێوانەوە بۆ نەهێشتنی کێشەو گرفتەکان لەگەڵ کۆماری لیبیادا, بێ‌ئەوەی لیبیا هیچ نیازپاکییەك نیشان بدا, دەرکردنی ئەو میسرییانە نەبێت کەلەوێ کاردەکەن, یاخود جەمسەرێکی سیاسی دینی بەتازەترین مۆدیلی ئۆتۆمبیلەوە لەسعودیە بگەڕێتەوە, کەهیچ کێشەیەکی گومرکیشی نەبێت‌و بڵێت لەراهی خوا وەرم گرتووە, یان سەرۆکی یەکێك لە کۆمەڵە ئاینییەکان بڵێ‌پارەی دروستکردنی مزگەوتە گەورەکانم لە پارەی بەخشراوی موسڵمانانی کەنداو کۆکردۆتەوە, لەسەردانێکی کورت خایەندا کەداهاتێکی مەزنی لێکەوتۆتەوە.

www.pertwk.com



لەوانەیە کەسێك نارەزایی دەربڕێت سەبارەت بەو گرفتە هونەرییانەی رووبەڕووی ئەم یاسایە دەبنەوە, وەك باری یاسایی وەکیلەکە لە حاڵەتێکدا, وەکیلی چەند دەوڵەتێك بوو یاپەیوەندیی لەگەڵ چەند دەوڵەتێکداهەبوو, بەڕای من ئاسانکاری ئەرکێکی پێویستەو دەکرێ یاسا ڕێگە بەو حاڵەتە بدات بەمەرجێك ناوی سەرجەم ئەو دەوڵەتانە لەژێر ناوی ئەو وەکیلەدا بنووسرێت. ئاسایشە ئەگەر بێتو تەنها ئاماژە بەژمارەی بلیتی باجەکەی بکات وەك ئاسانکارییەك بۆ ئەوەی دەوڵەت هەقی خۆی وەربگرێت, لەوانەشە کەسێکی دیکە هەڵبداتێ سەبارەت بەمەسەلەی وەکالەتی ناوخۆ, بەو واتایەی کەسەرکردایەتیەکی پارتی وەفد وەك وەکیل لەبری ئیخوان موسلمین هەڵبداتێ لەسایەی ئەو هاوپەیمانێتیەی لەنێوانیاندایە, بەڕای من عیبرەت لەم مەسەلەیە بەمامەڵە دراوییەکە دەبێت گەر بوونی هەبوو. بەڕەچاوکردنی مامەڵە نەکردن بەدراوی ناوخۆ بەو پێیەی دەچێتە خانەی( خەرجی حەواڵەکراوەوە)و باج وەرگرتن تەنها بە دراوی دەگمەن بێت کەلەدەرەوە هاتووە.

ئەوەی باسکرا تەنها ئیجتهادێك بوو, دەشێ هەڵەبێت یا ڕاست, بەلاّم ئەگەر لەپراکتیزەکردنیشدا راستی نەپێکا, ئەوا مەبەستی پێکانی دڵی ئەو راستییە خەمناکەیە کە کەشوهەوای سیاسی ئێستامان تێایدا دەگوزەرێ, لەوانەیە هەندێك کەس ئەم وتارە بەجدی وەربگرن, بە ڕێنوێنی یاساییەکی هاوشێوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, لەوانەشە هەندێکی دیکە وەك بابەتێکی گاڵتەوگەپ وەریبگرن, ئەوکاتیش ئەو پەندەی بەسەردا دەچەسپێ کەدەڵێت (خراپترین بەلاّئەوەیە مرۆڤ بهێنینە پێکەنین) لەهەموو حاڵەتێکیشدا پەیامێکە هیوادارم گەیشتبێتە ئەو کەسەی‌من مەبەستمە.





## ئەبومەکارم و کەرەمی ڕەوشت.[*]

گۆڤاری (الاعتصام) وەك خووی هەمیشەیی, دوو وتاری زۆر توندی بلاّوکردۆتەوە لەوەلاّمی کتێبی (پێش ڕمان), کەتەژی کراوە لەدەستەواژە گەلێك هێندەی حەپەساوت دەکات, هێندە توڕەت ناکات و قینت هەڵناسێنێت و بەکۆمەڵە ناو و ناتۆرەیەك دژی من دەستی پێکردووە وەك (تیێ هەڵدراوی وەفد) (دوژمنی شەریعەت), ئەمانەش کۆمەڵە دەستەواژەیەکن بەڵگەی رەوشت بەرزیی ئەوانەن کەزۆر دەم لەشەریعەت دەدەن و بەهەندێك دەستەواژەی دیکە کۆتایی پێ هێناوە کەتیایدا دەڵێت (ئێستاشی لەگەڵدا بێ, رۆژگار نیازی ئەوانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کەهیچ پیرۆزییەکی ئاین نازانن و هیچ پاکییەکی فیکرو شەرەفی وشە درك پێ ناکەن) نووسەری ئەم وشانە, دەبێ بە مەنتیقی ناکۆکی و جیاوازی, وشەکانی بەشەرەف بێت, بیری پاك بێت, دکتۆر (محمدأبوالمکارم قندیل)ە.

نووسەری دوو وتارەکە, ئەو رۆژەم بەبیر دێنێتەوە ((کەخۆم لەبەندو باوی هەڵبژاردن دەدەم و چاوم بەهەڤالاّنی هاوبیرم دەکەوێت, ئومێدی جێبەجێکردنی شەریعەت دەخەنەلای سەرەوەی لیستی ئەوبیرانەی پەیڕەوی دەکەن)). بەداخەوە پێی رادەگەیەنم, من تائێستا نەچوومەتە نێو هیچ هەڵبژاردنێکەوە, لەم هەڵبژاردنەی دوایشدا نەچووبوومە ژێر ئالاّی هیچ پارتێکەوە, ئەوەبوو من لەرێکەوتی 26 کانونی دووەمی ساڵی 1984 وازم لەحیزبی وەفد هێناو دەستم لەکارکێشایەوە. دەست لەکارکێشانەوەکەشم هۆیەکانی‌روون کرابۆوەو بلاّویشم کردەوە, ئیدی وەسف کردنم بەدەرکراوو تێ هەڵدراوی وەفد کارێکی نەشیاوو ناراستە, چونکە کەسێك کەدەست لەکارکێشانەوە بنووسێت, ئەو دەرکەرە نەك دەرکراو, مەگەر مەسەلەکەتەنها نزمی و شەو دابەزینی زمان بێت.

[*] لە(الاعتصام)لەژمارە(6)لە کانوونی دووەمی 1986دا بلاّوکراوەتەوە.

www.pertwk.com



جارێکی دیکە کاکی نووسەر لەنووسینەکەیدا سەبارەت بەیارییەکە دەپرسێت: (بەڵێ بۆ قورئان‌و ئایین, نابۆ شمشێرو حوکمڕانی) ولێم دەپرسیٚ: (ئاخۆ بۆچی وشەی شمشێرم ترنجاندۆتە ئێرەوە). وەڵامی دەدەمەوەو دەڵێم, من بەوە وەڵامی ئەوانە دەدەمـەوە کـەدروشمی (ئیسـلام قورئـان‌و شمشـێرە) یـان بەرزکردۆتـەوە, ئـەوەش دروشمێکـە, بـرای نووسـەر زۆرچاك دەزانـیٚ کـە ئیخـوان موسـلمین, هـەر لەسـاڵی (1928)ەو بـەرزیان کردۆتـەوە, هەربۆیـە تۆمـەتی تێخزانـدنی شمشـێر, تۆمەتێکە بۆ خۆیـان‌و بەسـەرخۆیاندا دەیگێڕمـەوە, ئەوبڕگەیـەش کەلەسـەربەرگی کتێبەکـەدا هـاتووە, داواکارییەکـە بـۆ جیاکـاری نـەك تێکەڵ‌وپێکـەڵکردن, بـۆ دەرهێنان, نەك بەزۆر تێخزاندن, هـەروەها ئەوە بانگەوازێکە بۆ ئەوانەی کەپێیان وایە ئیسلام تەنها شمشێرێکی هەڵکێشراوە, ئەگەر ئەوەشیان پێنەکرا دەیگۆڕن بـەزمان درێـژی, بـەڵام لای مـن ئیسـلام لـەوە گـەورەترە, لەهەقیقەتیشـدا میهرەبـان ترە, بەسروشتیشی پایەدارترە..

نووســەری دوو وتارەکــە, لەبەرامبــەر دەســتەواژەیەکدا کــەمن نووســیومەو قەناعەتم پێیەتی, کەئایین بنەمایەکە لەبنەماکانی کۆمەڵ‌و لەهـەمان کاتـدا ئەوەشم ڕەت کردۆتەوە ئایین لـەکاروباری سیاسـەت‌و حوکمڕانی بگلنـدرێت, پێشم لەسـەر ئـەوە داگرتـووە ئێمـە (هـەموومان بـەختیارین بـەفێربوونی ئـایین لەخوێندگاکانـداو بەئایەتەکانی خوداکە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەخوێنەرێتەوەو بەئاهـەنگ گێڕان لـە بۆنـە ئاینیەکانـداو بـەڕێزگرتنی پیـاوانی ئـایین‌و سـەنگین کردنیـان)) ئیـدی نووسـەری ڕەخنـەگر, ئـەوەی هەڵگرتۆتـەوە, بەدابـەش کـاری‌و گاڵتـە پێکردنـەوە, بەمـەنتیقی (ئایـا بەبۆچوونی تـۆ, ئـایین هـەر ئەوەندەیەکـە بەئاهەنگـە ئاینییـەکان دڵخۆش بیت؟) (ئایابەراستی بەلاتەوە خۆشە, منداڵـەکانت فێری بنـەماکانی ئـایین بن؟).





ئەوەشی لەیادنەکردووە, پەلاری ئـەوەم تێبگرێت‌وبە (لێکۆڵـەری فەقیە بەڕێز فـەرەج فـودە) وەسـفم بکـات, دواتـر راسـت بۆتـەوە دەسـتەواژەکانی (حـوکم کـردن بـەمافی خـودایی‌و حـوکمی ئـایین‌و پیـاوانی ئـایین)ی ڕەت کردۆتـەوەو پـیٚ لەسـەر ئەوە دادەگرێت کەکۆمەڵی موسڵمانان لـە (زانایـانی ئـایین) بترازیٚ, هیچـی دیکـەی نـەزانیوە, ئـەو زانایانـەش هـەوڵی گەیشـتنە حـوکمڕانی نـادەن, یـان نایانـەوێت ولایــەت وەرگــرن, چــونکە ولایــەت وەك ئــەو دەڵــیٚ (ســەرەتاکەی ســەلامەتیە, ناوەڕاسـتەکەی لۆمـەو سەرزەنشـتەو کۆتاییەکەشـی شـەرمەزاری ڕۆژی قیامەتـە) ئەمـەش نەفەرموودەیـەو نەوتەیـەکی زۆر کاریگـەرە, بـەڵکو تـەنها دەسـتەواژەیەکی کێش‌و قافیە دارەو لەسەر وەزنی,

(ئەم بەر ئەوبەرە ناسکە دولبـەرە).!! بـەڵام دواتـر هەسـت بەقسـەکانی دەکات‌و بۆئەوەی دەرگاکە بەڕووی حوکمی ئیسلامی یان حوکم کـردن بەئیسـلام والأبکـات, دەڵـیٚ ((ئەمـە سـەبارەت بەوکەسـەی کەحـەزدەکات بۆمەبەسـت‌و ویسـتی خـۆی دەسەڵات وەرگرێت, نەك بەمەبەستی بەرقەرارکردن‌و دامەزرانـدنی دادپـەروەری))و هـەرخۆی چـەمك‌و تێگەیشـتنی بـۆ حـوکمی ئیسـلامی ڕوون دەکاتـەوەو دەڵـیٚ ((کۆدەنگی‌لەسـەر ئـەوەکراوە, کـەحوکمڕانی موسـڵمانان, بـۆ کەسـی بـەتوانابێت, کـەبتوانیٚ ئـەرك‌و لێپرسـراوێتیەکانی حـوکم رایـی بکـات بـەئارام گرتـوویی‌و لێکدانەوە, بەگەڕانەوە بۆ ڕێبازی خودا, بەرێنوێنی فیقهی زانایان لەرۆڵەکانی ئـەم ئۆمەتـە, لەهـەموو لایـەنێك لەلایەنـەکانی ژیـان))دا, لێـرەدا دەوەسـتم بـۆ ئـەوەی موناقەشـەیەکی (لێکۆڵـەری فەقیـە) بـەڕێز (محمـد قنـدیل) بکـەم‌و ئەمانـەی لای خوارەوە روون بکەمەوە:

**یەکـەم:** کتێبەکـە, هەرهـەمووی بریتییـە لەقسـەکردن سـەبارەت بـە سیاسـەت‌و دونیـا, نـەك قسـەکردن لـەئایین‌و بـاوەڕ, هـەروەها موناقەشـەی بیرۆکـەی جیاکردنەوەی ئایین لەکاروباری سیاسـەت‌و حوکم دەکات, بیٚ ئەوەی, مەبەستی

www.pertwk.com



جیاکردنەوەی بێت لەدەوڵەت و کاروباری ژیان, داواش لەلایەنی بەرامبەر دەکات, بەبەڵگەو مەنتیق, ئەوە ڕەت بکاتەوە..

**دووەم:** بەڵگەی پێویست و مەنتیقی بەرامبەر, ئەوەیە مادام ئێوە داوای دەوڵەتی دینی دەکەن, ئەوا پێویستە بەرنامەیەکی سیاسی لەو بارەیەوە پێشکەش بکەن, باس لەوردەکاریی بنەماکان و لق وپۆپەکان بکات, لەهەمان کاتیشدا, باس لەمەسەلە گشتییەکان بکات, وەك سیستمی حوکمڕانی و شێوازی دانانی حاکم و شێوازی لابردنی, ئەگەر لەرێ لایدا, ئەمەش کەپێم وانییە جەنابی زانا و فەقیە ئاگای لێبێت, یان هیچی لەبارەوە بزانێت. ئەگەر دەشزانێ ئەوا بەخێربێ و دەبێ روونکردنەوە بدات, ئێمەش لەسەرمانە وەڵامی بدەینەوە. بەقەبوڵ و بەچاك زانین, یان, بەڵام نامەوێ پێش ڕووداوەکان بکەوم..

**سێهەم:** باسمان لەهەقیقەتێکی ڕوون و ئاشکرا کرد, ئەویش ئەوەیە ئەزموونەکانی دەوڵەتانی دەوروبەرمان لەسعودیەو ئێران و پاکستان و سودانی سەردەمی (نومەیری) پشتگیری لەقسەکانی من دەکا, نەك قسەو داواکارییەکانی ئەو. بەڵام نموونەوبەڵگە هێنانەوەکەم بە ئەزموونی سۆدان زۆر روون و بەوردەکاری بوو, کەلایەنگرانی لەزانا بەڕێزەکانی لای خۆمان هات وهاواری زۆریان بۆکرد, کەبەناووبەدەق چەسپاندوومە, دەبا (قندیل)ی زانا, لەم خاڵەدا وەڵامم بداتەوە, کەوەڵامەکەش لەدوو ئەگەر تێپەڕ ناکات, یان ئەوەتا سەرجەم ئەم ئەزموونانە لەچوار چێوەی راستی ئیسلامدا دەرچوون و نایانگرێتە خۆ, یان ئەوەتا, هەموویان یان بەشێکیان, نموونەی راستیی دەوڵەتی ئیسلامین, هەموو وەڵامێکیش. وەڵامی خۆی هەیە..

**چوارەم:** مامۆستای بەڕێز رێبازێکی پەیڕەوکردووە, کەلەکتێبەکەمدا ئاگادارم کردۆتەوە لەبەکارنەهێنانی, ئەویش گێڕانەوەی هۆکاری هەموو گیروگرفتەکانمانە بۆ دوورکەوتنەوە لەجیٚبەجێکردنی شەریعەتی خودا, لەوەڵامی ئەوقسەیەشدا,





دەقێکی کتێبەکەی خۆمی بۆ دەنووسمەوە, کەتیایدا وتوومە ((ناشێت کاروباری سیاسی, بەم شێوەیەی ئێستا بەساکاری و سەرپێی و خراپی لەبەڵگەهێنانەوەدا وەربگیرێت و لێکبدرێتەوە چونکە دەشێت, ئەگەر هاتوو کەسێك چاکەیەکی توش هات بەڕزق وچاکەی لەقەڵەم بدەین , ئەگەر خراپەیەکیشان تووش هات ئەوا بەتاقی کردنەوەیەکی خودای لەقەڵەم بدەین, بەڵام هەرگیز ناشێت ئەم پێودانگ و حوکمانە بۆدەوڵەت و کاروباری سیاسەت بەکاری بهێنین, چونکە ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەو زەبەلاحە, چونکە لەوانەیە بەپێچەوانەوەبەسەر ئەوکەسەدا بشکێتەوە کەئەوقسەیە دەکات, هەرکەسێکیش ئارەزووبکات دەتوانێ لاپەڕەی رۆژنامەکان, هەڵادیوو بکات و نموونەی زۆری بەرچاو دەکەوێت سەبارەت بەوەی من باسمکرد, چونکە کەسێکی وەك من هەرگیز تێناگات, بۆچی دەبێ کەسێك دڵخۆش بێت بە کوژرانی سەرۆکی پێشوو, ئەو تیرۆرکردنە بەتۆڵەسەندنەوەیەکی خودا بزانێت و ئەوە فەرامۆش بکات کەدەشێ پرسیارێکی زۆر ئاسایی لێبکەن, لە رووکاردا ساویلکانەو لەناوەڕۆکدا بەبەڵگەوبیانووبێت, سەبارەت بە تێڕوانینی لەمەڕ تیرۆرکردنی خەلیفەکانی راشدین؟ یا ئەگەر بێتوشکستی ئێمە لەشەڕی ساڵی 1967دا نەفرەت و تووڕەیی یەزدان بێت, ئەی سەبارەت بەسەرکەوتنی ئیسرائیل دەڵێ چی؟ ئاخۆ ئەمیان ڕەزامەندیی خودایە؟

ئەی ئەگەر دابەزینی ئاستی بژێوی ژیان لەوڵاتی ئێمەدا, نەفرەتی خودا بێت لەبەرئەوەی دەست بەرداری شەرعی ئیسلام بوین, ئەی سەبارەت بەخۆش گوزەرانی و بەرزی ئاستی بژێویی وڵاتانی رۆژئاوا دەڵێ چی؟ لێرەدا دەتوانم درێژەی پێبدەم وکۆمەڵێك پرسیاربهێنمەوە, کەهیچ سوودێکی نیە, هێندە نەبێت سەرمان لەوە سووڕبمێنێت, بۆچی هێندە حوکمی بەپەلەبدرێت, بیٚگەڕانەوەبۆ ئەقڵ, چونکە مەرج نییە هەموو پێشهاتێکی خراپ, نەفرەت و تووڕەیی خودای لەدوا بێت, بەڵکو ئەوانە کۆمەڵە مەسەلەیەکن لێکدانەوەو شیکردنەوەیان زۆر

www.pertwk.com



ئاسانە، ئەگەر تاکەکەسێك یان گروپێك ئەنجامی بدەن‌و رووبەڕووبوو نەوەشی ئاسان دەبێت ئەوەش بە چارەسەری ئەقڵانی کارێکی ئاسانە، ئەگەر بێتو لەبنەماوە مەسەلەیەك هەبێت بەناوی رووبەڕووبونەوە، بێ ئەوەی هیچ لەباوەڕمان کەم یان زیادبکات وبێ ئەوەی بەپەنابردن بۆ ئاسانترین شێواز خۆمان لەگرفتەکان بدزینەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بیدەینە پاڵ ئیرادەو ویستی خودایی، کەپێویستە مل کەچی بین‌و گوێڕایەڵی توانای زاڵبوونی بین، بەسەر ئەم لێکدانەوانەدا، نموونەش لە (عام الرمادة)و(طاعون عمواس) هەیە، کەهەردووکیان لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دا روویان داوەو سەردەمی عومەریش سەردەمێك بووە، مایەی گومان نەبووە کەخودا غەزەب لەبەندە موسڵمانەکانی خۆی بگرێت. هەروەها بۆمان هەیە هەڵوەستەیەکی هێمانە لەگەڵ ئەوانەدا بکەین، کەهەمووجار هاواریان لێ بڵند دەبێت ئەگەربێتوو دووجاری زیانێك یان نەبوونیەك ببین‌و دەڵێن ئەوە سزای خوایە چونکە دەستمان لەشەریعەتەکەی بەرداوەو کاری پێناکەین، ئەو شەریعەتەی ئەگەر کاری پێبکەین زیانەکەمان بۆ دەگۆڕێت بەخێرو خۆشی‌و نەبوونیەکەمان دەکات بەهەبوونی‌و دەوڵەمەندی، ئەوەیان دەخەینەوە یاد، کەکاربەشەریعەت کردن لەباوەڕ بوون بەو شەریعەتەوە سەرچاوە دەگرێ، نەك بەمەبەستی پاڕانەوە بۆ دەوڵەمەندی‌و خۆشگوزەرانی، ئەوەی لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا روودەدات، زۆر ئاسانە بەوە لێکی بدەینەوە کە بەرئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکە لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بەکەم تەرخەمەمیکردن لەحوکمڕانیدا، یان لەگرتنەبەری باشترین رێگا، ئەوەش دوو مەسەلەیە دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان کارێکی ئاسانە، ئەگەر بەپێی کاروباری دونیا بیپێویت، بێ‌ئەوەی لەناختدا مەزنترین بەخششی ئایین لەبیربکەیت، ئەویش ویژدانە، بەکورتییەکەشی ئەمە مەسەلەیەکەو ئەوە مەسەلەیەکی ترە).

**دواوشەش کەئاراستەی لێکۆڵەری زانای بکەم ئەوەیە :**





کاکەت خۆت زۆر ماندووکردووە بەنووسینەوە،منیش خۆم ماندووکردووە بەوەڵام دانەوەوە،بێ ئەوەی بگەینەقسەیەکی هاوبەش، لەوانەیە هۆیەکەی ئەوە بێت کەمن پەنام بۆئەقڵ بردبێت، ئەوەش پەنابردنێکە بۆهەندێك کەس قورسەوبۆیان قوت نادرێ، چەندم حەزدەکرد هەوڵەکانی خۆت چڕبکەیتەوە بۆشتێك کەچاکەو بەرژەوەندیی ئیسلام‌و موسڵمانانی تێدایەو هەولتبدایە بەرنامەو پڕۆگرامێکی سیاسی بۆ ئەو دەوڵەتەدینیە بخەیتە روو کەلەمێشکی خۆتدا وێنات کردووە، یان دەستوورێکت دابڕشتایە کاروبارەکانی رێك بخات، یان بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕایتایە بۆ ناکۆکییە فیقهییەکان لەمەڕ بیرۆکەی (حاکم) لەئیسلامدا، ئاخۆ مەرجە قورەیشی بێت یان نا، یان سەبارەت بەشورا، ئاخۆ مەرجە یان نا،و کۆمەڵێکی دیکەلەو مەسەلانەی کەتۆو زۆری تریش خۆتانی لێدەدزنەوەو پەنابۆ هەڵبژاردنی ئاسان‌و سادە دەبەن، ئەوەش هەڵبژاردنی قسەوتنەوەو نەقڵە، نەك بەکارهێنانی ئەقڵ، تەکفیرە، نەك تەفکیر..

کاکی زانا بەبەڵگە بمگرە، ئەگەر ویستت‌و وەڵامی قسەکانی پێشترم بدەرەوە، ئەگەر دەتوانی خۆت بۆ قسەکانی داهاتووم ئامادەبکەو وەڵامی نموونەکانی مێژووی ئیسلامم بدەوە کەلەکتێبەکەمدا ناوم بردوون. لەباوەڕەدانیم نکۆڵیی لێبکەیت، بەڵام نووسەرانی رۆژنامەکە کەناونیشانی دوو وتارەکەیان هەڵبژاردووە، چەندوشەیەکی هێمنیان ئاراستە دەکەم:

ئەگەر مەسەلەکە دابەزینی ئاستی زمان‌و نزمی دەستەواژەو گوفتار بێت، ئەوا چاوەڕوانی پاداشتێك مەکەن لەکردەوە کانی خۆتان جیاوازبێت، ئەگەر مەسەلەکەش ئیسلامە، ئەوا من رایدەگەیەنم کەئیسلام ئێستاو پێش ئێوەو دوای ئێوەش، هەرئایینی لێبوردن دەبێت. هەر ئایینی خۆشەویستی‌و چاکەکاری دەبێت، ئەگەر مەسەلەکەش سیاسەتە، ئەوا دڵنیات دەکەمەوە خۆتان لەقەرەی گۆڕەپانێك داوە، هەرگیز سوارچاکی ئەوگۆڕەپانەنین‌وشارەزای شێوازەکانی نین،

www.pertwk.com



چ جای فەرهەنگەکەی, ئەگەر مەسەلەکەش, پێشخستنی کۆمەڵە, ئەوا خاتر جەم بەهەرگیز پێشکەوتن بەسیواك و چاو ڕشتن بەكل و هەڵگرتنی نوشتەی (حصن الحصین) و وتنەوەی قسەی پێشینەو وەزن و قافیە دارنابێت, چونکە پێویستییەکانی پێشکەوتن بریتین لەزانست, نەك دەروێشی, لەلێکۆڵینەوەی واقعی سەردەم نەك خۆدزینەوە لێی, لەکاروکردار نەك بخور سوتاندن, زۆر شتی دیکەش. لەوباوەڕەدام بوارێکم بۆدەرەخسێت رێنمایتان بکەم, بۆی رۆژێك لەرۆژان, مادام قسەکانتان پێکەوە گرێدراون و دیالۆگی ئێمەش بەردەوامەو لەخواداواکارم نەبڕێ و ئێوەش بخاتە سەر رێگای راست..

## ئازایەتیەك كەلەشوێنی خۆیدا نییە[*]

ئەمە قازییەکی ئازایە,[1] حەزدەکات پۆستەکەی خۆی بکات بەقوربانی, لەپێناوی بەرگری کردن لەمەسەلەیەك کەبەهەقی دەزانێت, خەڵکیش هەر یەکەو رێبازێکیان هەیە لەعەشقەکەیاندا, ساڵ ونێوێ بەرلەئێستا, لەوتارێکدا بەناونیشانی (بەراستی ئەمە دەست لەکارکێشانەوەیەکی سەیرە) رەخنەمان لێگرت, کاتێك سوێندخواردنی قازیەتییەکەی بەسوێندێکی ساختە لەقەڵەم دابوو لەوردەکارییەکانی حوکم کردندا. ئەوکات هەندێك کەس رەخنەیان لێگرتین, بەبیانووی ئەوەی دەستکاری دادگاو کارەکانی دەکەین, ئەوەیان پشت گوێ خست بوو, کەئێمە خۆمان لەقەرەی ئەو بابەتە دابوو کەبۆ خەڵك بلاوکرابۆوە بەئاشکراو ناخمانی لێوان لێوکردبوو لەسەرسووڕمان و سەراسیمە بوون, لەوانەیە رەخنەگران ئێستا پاساوێکمان بۆ بدۆزنەوە, کەئێستا باس لەدیاردەیەك دەکەین پێم وانییە لەمێژووی دادگای میسریدا پێشینەی هەبێت و هیوادارم دووبارەش نەبێتەوە, ئەوەبوو جەنابی قازی کەپێشتر باسمانکرد, وتارێکی لەرۆژنامەی

---

[*] ئەم بابەتە نێردرابۆ(الاهرام) و بلاونەکرایەوە.

[1] مەبەست راوێژکار مەحمود عەبدولحەمید غورابە.





(الاحرار)دا بلاوکردەوە" لەبەشی سەرەوەیدا ناوەکەی خۆی نوسیبوو, لەگەڵ پێشگری راوێژکارداو بەوێنەیەکی خۆشی رازاندبویەوە, ناونیشانی وتارەکەش بریتیبوو (عبود الزمر..منطلقا من الاسلام نناديك). وتارەکەش, زیاتر وتارێکی سۆزئامێزی بەکەف وکوڵە. کورتییەکەی ئەوەیە کە ئەو, واتە (عبود), بەشەرەفترین کەسە, ئاڵا هەڵگرە, ئەویش واتە جەنابی راوێژکار بەدڵ و بەگیان لەگەڵیدایە, لەوانەیە هەندێك لەبیرمەندان و سیاسەتەداران(عبود) بەتاوانبار بزانن, لەوانەشە هەندێکییان بەبێ گوناهی بزانن, بەڵام دیدوبینینی قازی زۆر جیاوازە, چونکە جیاکەرەوەی نێوان تاوان و بێ گوناهی لای قازی بریتی نیە لەتاڵە دەزوویەکی باریك, بەڵکو بریتییە لەبەربەستێکی سەخت, بریتییە لە حوکمدانێکی دادوەریی جێگیر,چونکە حوکمدان ناونیشانی هەقیقەتە, بەڵام ئەگەر هاتوو قازییەك. پێی وابوو (عبود) کەدووجار حوکمی هەتا هەتایی دراوە, بێ تاوانەو, بەڵکو لەوە زیاتریش پێی وابێت پاڵەوانەو شایەنی پشتگیری کردن و, لایەنگیری کردنەو بەسەرکردەیەکی بزانێت کەشایستەی ئەوەیە هەموو لەپشتیەوە بوەستن بەقازی و ئەوانەش کەلەگەڵیدان و داوای سەرکەوتن و خۆگری بۆبکەن, بەویژدانم وەك دەڵێن, ئەوە پشت شکێنە..جەنابی راوێژکار دەستەواژەیەکی لەنێو دێڕەکاندا تێهەڵکێش کردووە, تیایدا دەڵێت (ڕێزگرتنی حوکمی دادگا ئەرکێکی پێویستە, بەڵام شێوازی جێبەجێکردنەکەی ومیتۆدەکەی پێویستە ئیلتزامی پێوە نەکرێت و بگرەدەبێ بەری لێبگیرێت و تۆڵەی لێبکرێتەوە)چونکە ئێمە وەك دەبینین و خۆێنەریش لەگەڵماندا دەبینێ, جەنابی قازی رێزی لەحوکمەکانی دادگانەگرتووە, بەڵگەشمان, خودی دەستەواژەکانی نێو وتارەکەیە, چونکە بەبۆچوونی جەنابی قازی (عبود) (برایەکی موسڵمانە پیاوێکی تێکۆشەرە بۆئیسلام_شمشێرکی هەڵکێشراوە بۆ سەرملی دوژمنانی خودا) و شایستەی ئەوەیە قازی بەدەنگییەوە بچێت و بڵێت (ئێمە لەگەڵتداین, بۆ هەرچییەك

www.pertwk.com



کەلەسنگتدا پەنگدراوەو لەدڵدا جۆش دەدات، لەمێشکتدا دەبزوێ، هەست بەهەستەکانت دەکەین، بەگڕی تۆ دەسوتێین، هەست بەئەشکەنجەت دەکەین، گوێمان لەنرکە نرکتەو ئاگامان لەئازاری دڵتە،ئەم بانگەوازەت ئاراستەدەکەین، وێڕای باقو بریقی دەسەڵاتو پلەوپایە ) ئابەم شێوەیە، ئەوپیاوەی کەبەپیلانگێڕی، بۆ کوشتنی سەرۆکی پێشووو کەسانی دیکە تۆمەتبارکراوە، لەڕوداوی سەکۆکەداو دواتریش بەتۆمەتی کوشتنی (مرۆڤە تاغوتەکان) کەمەبەستی لەو ئەفسەرو پۆلیسانەیە لەبەیانی جەژندا لەئەسیوت کوژران، دەبێ بەسوارچاکێکی لێهاتوو، کەجەنابی قازی بەئاگری ئەشکەنجەی ئەوسوتاوە، ئەوەی ئەویش کردوویەتی ئاوەها وەسف ناکرێت، کەبەدەقی وشەکانی وتارەکە دەڵێ (شوێن هەڵگرە نەك بیدعە داهێنەر، موجاهیدە لەپێناوی خودا، ئەمربەچاکە دەکاتو نەهی لەخراپە دەکات، سەرزەنشتی میرو سەرکردەو لادەرو هەڵگەڕاوەکان دەکات)، مادام جەنابی قازی ئابەوشێوەیە دەیبینێت، ئاساییە هاوارێکی بۆبکات، دڵ دوو لەت بکات، تەنانەت هێندەی نەماوە وشەکان هەڵ لەرزن، رستەو دەستەواژەکان خەریکە، فرمێسکیان پێدا بێتەخوارەوە، تەنانەت قازی بەپێغەمبەری دەچۆینێیێتو موژدەی سەرکەوتنی بەسەر سوڵتاندا پێدەدات، لەگەڵ مندا ئەمەبخوێننەوە ((تۆ بەتەواوی لەسەر ڕێگای هەقی. بەخوا ئەگەر رۆژ بخەنەدەستی راستمو مانگ بخەنە سەردەستی چەپم، تاوازلەم کارەبهێنم، وازی لێناهێنمو دەست بەرداری نابم، یان سەرم دادەنێم لەپێناویدا). تۆ ئامێرێکی بێگیان نیتو لەدەزگاکانی خۆدۆڕاندندا لەنگەر ناگریت وەك ئەوان؟، تۆ بۆخۆت لەسەرپێی خۆت وەستاویو تەنها دروشمی خێزانەکەت یاگوندەکەت یان پارێزگاکەت نیت، بەڵکودروشمی بۆئیسلامو جیهاد، بۆ ئارامگریودان بەخۆداگرتن، شەریعەتی ئیسلامیش بەتۆو نموونەی وەك تۆوە رۆژێك لەرۆژان لەمیسردا دەچەسپێو شایەتی هێزی باوەڕت دەبێت، ئەوکات شەریعەت،



پراکتیزە دەکرێتو جێبەجێدەکرێت، بێگوێدانە سوڵتانو حاکم) ئیدی بەم شێوەیە توندوتیژی دەبێتە شەرەفمەندێتیو پیاوکوژی بەجیهاد لەقەڵەم دەدرێتو کاولکاری بە بەرگری دەژمێردرێت، لەسەردەستی ئەوان کەلەئیسلامی لێبوردەدا، جگە لەشمشێری هەڵکێشراوو گۆڕی هەڵکەندراو کفنی هەڵواسراو چاویان هیچیتر نابینێت، جەنابی ڕاوێژکار تەنانەت بچووکترین بوارمان بۆ ناهێڵێتەوە، تاهەست بە نیازپاکیی قسەکانی بکەین، یان نیازخراپییەك بەرامبەر بەوەی کەئیدانەکراوەو لەکۆتایی وتارەکەیدا بەدەقێکی راشکاوانە دەیدوێنێتو دەڵێ (باوەڕت هەبێ کەلەسەر دەستی شەرفمەندی وەك تۆ، بەئیزنی خوا ئەو قەسابخانانەی شەریعەت کۆتاییان دێت کەدوژمنانی خودا دایان مەزراندووە)).

سوبحانەڵا ، ئەوانەی حوکمی دادگایان بەسەردا دراوە، لەچاوی جەنابی قازیدا خەڵکی بەشەرەفن، دادوەرەکانیش دوژمنی خودان، قەسابخانەی شەریعەتیش ئەوناوەی پڕکردوو، چارەسەری ئەم هەموو کێشەیش لەدەستی عەبودو هاوڕێکانیدایە، چونکە ئەو شایستەی ئەوباوەڕەیە، بەدەستی راستی بۆمبو خۆمپارە وەشێندراوە، بەدەستی چەپیشی گوللە داباریوە، لەمێشکی ئەویشدا پلانی کوشتار داڕێژراوە، لەسەردەستی ئەویش خەڵکی بێتاوان کوژراوە، ئیدی جەنابی قازی بەلایەوە گرنگ نییە، دادگا تۆمەتباری کردووە، یان حوکمێکی یەکجارەکی بەسەردا دراوە، چونکە کابرا پیاوی شۆڕشەو وتارەکەی قازی، یان بڵێین بەیانەکەی_ فەرقیان نییە_ داوای زیاتری تێدایە لەپشتگیریی_ عبود_ داوای بۆ بومەلەرزەیەك دەکات، نەکەمترو نەزیاتر، کاتێك دەڵێت (رووەکەی دیکە ناخمانی پڕکردووە لەقینێکی هەڵچوو، ناخێك کە هەڵدەچێت، بومەلەرزەیەکی وێرانکەری رەش دژبەو دەسەڵاتە شازو دەگمەنە کەبەری ئاسمانی لێڵ کردووەو بەلای بەسەرا داباراندوینو گەندەڵی بلاوکردۆتەوە).

**<u>خوا باشترین پارێزەرە:</u>**

www.pertwk.com



خوا باشترین پارێزەرە لەوانەی کۆمەڵ پیرۆزترین پیرۆزی خۆی دەداتە دەستیان کەمیحرابی دادپەروەرییە، کەچی سووکایەتی بەحوکمەکانی دادگا دەکەن، تاوانباران بەبەشەرەف ناودەبەن و ڕێز لەکوشتنی بێتاوانان دەگرن، بێ‌پەنا وپێچ هاواری شۆڕش دەکەن، ئیدی هێندە بەسە لەوبڕگانەی خستمە پێش چاو، بەشی خۆی بەزیادەوە تێدایە، هێندەشی تێدایە کەبەشی من و خوێنەر بکات و پێویستی بەروون کردنەوە نەبێت، سەرجەمی وتەکانیشی ئاماژەیەکی ترسناکە، بۆپێشێل کردنێکی ترسناك" لەبوارێکی ترسناکدا کەئەوپەڕی ڕێزو هەیبەتی خۆی هەیە، حەزمان نەدەکرد خۆمان بەم بوارەدابکەین، وەك ڕێزو پێزانین و شکۆدارییەك بۆی، ئەگەر هەندێك حەزبە سەرکێشی نەکەن و هەڵچوونیان بەلاوە پەسەند نەبێت و ناچارمان نەکەن بەرگری بکەین، بەرگری لەخۆمان نا، چونکە لەمێژە خۆمان بەنیشتمان بەخشیوە، بەڵکو بەرگریی لەمیحرابێکی شکۆدار، ئەرکی زێوانەکانیەتی کەیاسا جێ‌بەجێبکەن، نەك خۆیان بخەنەژێر چنگی سزاکەیەوە..

## سەباحی کاڵاکە دەکرێت[*]

ڕۆژنامەی پارتی(الامة) کورتەیەکی‌کۆڕی هەفتانەی پارتەکەی بلاوکردبۆوە، بەناونیشانی دەمەتەقێیەکی گەرم لەگەڵ بانگهێشتکەری ئیسلامی (عبدالله السماوي). شێخ سەماوی قسەکانی خۆی بەوە دەست پێکردوو وتی( من بەشێك لەکاڵاکەم دەخەمەڕوو، جانازانم گونجاو دەبێت یا نا) سەماوی دەستی‌کرد بەخستنەرووی کاڵاکەی، بەپێناسەکردنی مەبەست لەکۆمەڵگە بەوەی کەکیانێکی مەعنەوییەو جیاوازی هەیە لەگەڵ‌کۆمەڵی(گورگ و ڕێوی و مار) و کاتێکیش ئەو دەڵێت کۆمەڵ جاهیلی و خوانەناسەیان خانەکە لە جەهالەتدا دەژی، مەبەستی

[*] نێردرا بۆ (الاحرار) وبلاونەکرایەوە.





خودی تاکەکەسەکان نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو ئالآیەیە کەهەڵکراوە، دوای ئەم دەستەواژەیە، ڕۆژنامەی (الامة) باسی لەوەکردووە، یەکێك لەئەندامانی پارتەکە پرسیاری ئەوەی لێکردووە ئاخۆ، تەنانەت ئەگەر لەحاڵەتێکدا ئەو دەسەڵاتدارە یا ئەو سوڵتانە نوێژکەرو ڕۆژوگریش بوو، دانی بەموسڵمانێتی خۆشیدا نا، شێخ سەماوی وەڵامی دایەوەو وتی، ئەگەر نوێژیش بکاو ڕۆژویش بگرێ‌و بیشڵێ من موسڵمانم ئەوا هەر جاهیلە، ئیدی ئەندامانی پارتی(الامة) پرسیاری واتای جاهلییەتیان لێکرد، وەڵامی دانەوە کەجاهلییەت لەجەهل و درك بەهەق نەکردنەوە وەرگیراوە، چونکە ئیمام(أبن تیمییە) وتویەتی ئەوەی لەهەق نەگات جاهیلە.

لەبەدوای یەکدا نەهاتنی لێدوان و گفتوگۆکەدا دیارە، کاڵاکە بەجاهیل تومەتبارکردنی سوڵتانیشی لەخۆگرتووەو مەسەلەی نوێژکردن و ڕۆژوگرتن و ڕاگەیاندنی موسڵمان بوونیشی بەئاشکرا هیچ شەفاعەتێکی بۆ نەکردووە لای شێخ.

لەوانەیە مەسەلەیەکی ئاسایی بێت، شێخ سەماوی کاڵاکەی خۆی هەڕاج بکات، بەڵکو زۆر مەنتیقیشە ئەوەی پێشوو وترا، ناوەڕۆکی کاڵاکەی شێخ سەماوی بێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج ڕاکێشانە، ئەو لێدوانەی مامۆستا( أحمدالصباحي) سەرۆکی پارتەکەیە سەبارەت بەو کاڵایە، کەبەدەق دەڵێ،(سوپاس بۆ خوا ئەمشەو، مەبەست و ویستی خۆمان چنگ کەوت).

ئەوەبوو لەبەیانی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی28/ تەمموزی/ 1984 ڕۆژنامەی (الاخبار) نووسیبوی. ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامی کۆتایی هات و ئیسلام تەنها باوەڕو شەریعەتە، فەلسەفەی ئیسلام گەیشتە( أبن رشد) و لەوێدا وەستا، ئەمشەوی رابردوو لەزاری شێخ سەماویەوە گوێ بیستی فەلسەفەیەکی ڕەسەن ودێرینی ئیسلام بووین، بەڵام چی دوای فەلسەفە دەمێنێتەوە؟ چی‌بکەین؟

www.pertwk.com



ئایاگوێمـان لەقسـەیەك بێـتو لەقسـەیەكی دیكـەدا ژیـان بگـوزەرێنین, چـونكە پێغەمبەر فەرموویەتی (هەركامێكتان خراپەیەكی بینی, بابەدەستی بیگۆڕێت یابە زمانویان بە دڵی) لەقسەكانی مامۆستا سەباحیدا دیارە كاڵاكەی شێخی بەدڵ بووەو كڕیویەتیو بگرە مەبەستی خۆی تێدا دیوەتەوە, لەوانەشە گرێبەستی كڕینەكە كۆمەڵێك دەق لەخۆبگرێت كە گرنگترینیان بریتییە لەوەی كۆمەڵ جاهیلییەو سوڵتان جاهیلەو هەموو ئەوانە خراپەو خراپەكارینو پێویستە بەزەبری هێز بگۆڕدرێن, واتە بەدەست, ئەگەر ئەوەش لەتوانادا نەبوو ئەوا بەئامرازی دیكەی لاوازتر, ئەو فەلسەفەیەی ئیسلامیش كەهەندێك پێیان وایە لە (أبن رشد) بەولاوە تێپەڕی نەكردووە, ئەوا ئەمجارە لای شێخ سەماوی مەبەست ویستی خۆیان چنگ كەوت.

زۆر بەتەنگ ئەوەوەبووم پیتێك لەو وشەبڵاوكراوانە نەگۆڕمو دەستكاری نەكەم, هەروەها بەتەنگ ئەوەوە بووم كەئاكامو دەرئەنجامەكانم رێك هاوتای دەقی ئەوقسانە بێت كەوتراون, بەهیچ شێوەیەكیش مەبەستم ئەوەنەبووە, حكومەتو دەسەڵات بەگژ خاوەنی ئەم وتانەدا بكەم, بەڵكو تەنها مەبەستم ئەوەبوو نموویەكی فیكری بخەمەپێش چاوی رای گشتی كەپێم وایە ئەو نموونەیە, ئەوپەڕی هەڵپەو ترسناكی لەیەك كاتدا لەخۆدەگرێت.

كارێكی زۆر ئاسانە, خۆمان لەگرفتەكانی هەڵئاوسانی ئابووریو پشتگیریی كاڵاوشمەكە پێویستەكانو گرفتی نیشتەجێبوونو فێركردنو گرفتی منداڵان, هتد بدزینەوەو پەنا بۆ هاوار كردن بەرینو, بڵێین كۆمەڵ لەجەهالەتدا دەژی, كارێكی زۆر ئاسانیشە, بۆ ئەوەی خۆمان لەداواكاریی بەشداربوون لەچارەسەری گرفتەكان بدزینەوە, بەوەی بانگەشە بۆ گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتوحوكم بكەین, لەرێگای بەكارهێنانی هێزەوە, زۆر ئاسانیشە سوڵتان بەجاهیل تۆمەتبار بكەین لەبری ئەوەی دەستی بۆ درێژ بكەین لە كاری باشداو لەئاست





هەڵەكانیشیدا دەنگی رەخنە هەڵبڕین. بەڵام پرسیاری هەرەقورس كەگومانم هەیە بەمێشكی مامۆستا سەباحیدا هاتبێت, لەكاتی كڕینی كاڵاكەی شێخدا ئەویش ئەوەیە, ئاخۆ دوای ئەمەچی دێت؟ واوتمان ئێمەش لەگەڵ ئەودا قەناعەتمان كرد كەكۆمەڵ لەجەهالەتدایەو رژێمەكەمان گۆڕیو دەسەڵاتەكەیمان نەهێشت, ئاخۆ دوای ئەوە چی؟, چی لەهەگبەی ئەوو فەیلەسوفەكەیدایە بۆ دووبارە بونیادنانەوە؟ تكام وایە ئەم پرسیارە پێشەكیو سەرەتاییەك بێت بۆ دیالۆگێك, كەتەنها باس لەمەسەلەگشتییەكان نەكەین, بەڵكو سەبارەت بەچارەسەرە واقعییەكان بكەوینە گفتوگۆ, ئەوكاتە بەختیارترینو ئاسوودەترین كەس دەبم, بەشداریی لەدیالۆگی نێوان فیكرو كاڵادا بكەم.

## ڕووداوەكانی ئەسیوتو ئاكامەكانی رووخان[*]

(ئەوانەی بۆ دواوە دەگەڕێنەوە, ئەوانەی شمشێر هەڵدەگرن, ئەوانەی خۆ بەگەورە دەزانن, ئەوانەی قسەی بێ سەروبەر دەكەن, ئەوانەی پیتێك دەخوێنن, ئەوانەی پیتێك ناخوێنن, ئەوانەی لەپێستی مەڕدان, ئەوانەی لەنا ئامادەیی شواندا شێرن, ئەوانەی لەكاتی خۆ دەربازكردندا پەلەدەكەن, ئەوانەی لەهەموو دۆڵێكدا وێڵن, ئەوانەی لەبەرامبەر هەڵگەڕانەوەدا, هەڵمەت بەرنو لەسایەی زۆرداریدا شكاون, ئەوانەی لەیاسا ڕێپێدراوەكان دەرچوون, ئەوانەی هیچ نایانگێڕێتەوە وشیاركردنەوەی رەعیەت نەبێت, ئەوانەی شمشێری شەرعیەت نەبێت هیچ نییە بیانگڕێتەوە شوێنی خۆیان, ئەوانەی توندی دەسەڵاتو دەسەڵاتی توندنەبێت هیچ نییە بمانپارێزێ لێیان,قسەكردنو دیالۆگ شوێنی ئەو ڕیٚو شوێنانە ناگرێتەوە, ئەگەر نا دەبێ فاتیحا بۆ میسر بخوێنینو دەستی لێ بشۆین).

---

[*] لەرۆژنامەی(روز الیوسف), لە1986/4/12دا بڵاوكرایەوە.

www.pertwk.com



ئەوانەم هیچ بەلاوە سەیرنییە کەئێستا لەئەسیوطو منیا, یان لەکۆلیجی پزیشکیی قاهیرە روودەدات, لەوە خراپتریش بەئاسایی دەزانم, چونکە من دەساڵە بەردەوام لەوە ئاگاداریان دەکەمەوە, لەکتێبو وتارو کۆڕو گوفتاردا, تەنها زەردەخەنەیەکیشم پێبڕاوە کەئەم دەستەواژانەم تێدا بەدی کردووە (تۆ مەسەلەکان گەورە دەکەیت. مەسەلەکە بەوشێوەیە ترسناك نییە, ئەوانە نیازییان باشە, ئەگەر بەخراپیش گوزارشتی لێبکەن) لەماوەی ئەو دەساڵەشدا (سادات) لەسەردەستی کۆمەڵێکی دیاریکراوی مێشك داخراو تیرۆرکرا. کەبۆیەکەم جار لەدەرگای تیرۆرکردنی ساداتەوە, خۆیان کوتایە نێو گۆڕەپانی سیاسەتەوە, دوای ئەوەش رووداوەکانی ئەسیوت ڕوویانداو دەیان کەس لەپۆلیس کوژراو هۆڵی دادگا بوو بوگۆڕەپانێك, دەنگی شێخ عومەر عەبدولڕەحمانی ئیمامیانی تێدا بڵند ببوو, کەوتبوە هەڕەشەو گوڕەشە لەهەمووان بێ جیاوازی, هەر لەسەرۆکی دادگاوە تا دەگاتە سەرۆکی حکومەت, دادگاییەکەش بەبێ گوناه دەرچوونی شێخی بەڕێزو ژمارەیەکی زۆری دیکە کۆتایی هات.هەر لەو ماوەیەدا, سەندیکای پارێزەران ئەندامێتی قازی دادگاییکردنەکەی (أسلامبولی)و هاوڕێکانی رەت کردەوە, بەبیانووی ئەوەی مافی تەواوی بەپارێزەرەکان نەداوە بەرگریی تەواوبکەن" ئەوەش کاتێك قازی رێگەی پێنەداون و ئەو گاڵتە جاڕییەی کۆتایی پێهێناوە کەمەبەستیان بووە سەرۆکی کۆچکردوو, بەلادانی سێکسی تۆمەتبار بکەن, بەڵام کەسێك نەبوو موناقەشەی ئەم مەسەلەیەبکاتو هەست بەوەبکات کەدەشێ چارەنووسی ئەم پیاوە ببێ بەپەندو عیبرەت بۆ کەسانی دیکە, ئیدی وەك من بەرگوێم کەوت, کابرا ناچار بوو لەدەرەوەی میسر بەدوای کارێکدا بگەڕێت, حکومەتیش لەسەلماندنی سنگ فراوانیی خۆیدا کەمتەرخەمی نەکرد کە ئامادەیە گورز دوای گورزی بەریکەوێتو دان بەخۆیدا بگرێت بەرامبەر بەلادان و دەرچوون لەیاساو شەرعیەت, ئەوە بوو بڕیاری دواخستنی دادگایی کردنی





کێشەی (الجهاد)ی‌دەر کرد کە دەوروبەری نەوەد کەسی تێدا تۆمەتبار کرابوو لەزینداندا. لەکاتێکدا بە(ئاشتبوونەوەی نێوان دەوڵەتو گروپەکان) لەقەڵەم درا, سوپاس بۆ خوا ئێستا زۆربەی ئەوانە, لەئەسیوت‌ومنیا سەرقاڵی ئاژاوە نانەوەن‌و رێبەرایەتی ئەو کارانە دەکەن کەئێمە بەشەرمێکەوە بەکارەساتی جەرگبڕ نێویان دەبەین, ئەگەر وەبیرهێنانەوە سوودی حکومەتی تێدایە ,ئەوا لێرەدا بەبیری ئەوو خوێنەرانیشی دێنمەوەو قسە لەوزنجیرە ئاکامانە دەکەم بەم ڕۆژەی گەیاندین, راگەیاندنیش ڕۆڵێکی بەرچاوو پێشەنگی بینی لە رێگە خۆشکردن بۆ ئەو تەقینەوانەی توندڕەویی کەئەمڕۆ گۆڕەپانی میسری بەخۆوەی دەبینێ, بۆ راستی ئەم قسانەش هێندە بەسە ئاماژە بەڕۆژنامەنوسێك بکەم کەتوندترین شەڕەقسەی لەگەڵدا کردم, کاتێك ئیدانەی رووداوەکەی شێخ مەحمود تەهای گەورەی ئیخوانە کۆمارییەکانی سودانم کرد, هەندێکی دیکەشیان ستوونە رۆژانە کەیان‌و وتارە هەفتانەکەیان بۆ گواستنەوەو وتنەوەی قسەکانی شێخی بەرێز تەرخان کردووە, مافی خۆشیەتی کەسێکی ئایین پەروەربێت یان سۆفی‌وموجتەهید بێت, بەلام خوێنەرانیش هەقی خۆیانە تاڵە مووەکەی موعاویە بدۆزنەوە, لەنێوان ڕاگەیاندنی سیاسی‌و پڕوپاگندەی ئاییندا.

بەلام بەربلاوترین رۆژنامە سندوقێکی رۆژانەو هەفتانەی جێگیری تەرخان کردووە, بۆیەکێك لەنووسەرەکانی, جارێك داوای گێڕانەوەی پەیوەندییەکان دەکات لەگەڵ ئێراندا, بێگویدانە هاوسۆزیی عەرەبی لەسەرئاستی جەماوەری‌و رەسمیدا لەگەڵ عیراقدا, جارێکی دیکە رایگەیاند ئێمە هێشتا سەربەخۆییمان وەدەست نەهێناوە, چونکە بەهۆی شەریعەتە بێگانەو هاوردەکانەوە داگیرکراوین, بەدەست هێنانی سەربەخۆییشمان پەیوەستە بەچەسپاندن‌و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامەوە, ئەمەش دەستەواژەیەکی ژیرانەترو رەوانترە, لەقسەکانی موحەمەد عەبدوسەلام فەرەج لەکتێبی (الفریضة الغائبة), کاتێك وتبووی ئێمە

www.pertwk.com



بەشەریعەتی یاسق داگیرکراوین, ئەوشەریعەتەی تەتەرو مەغۆلەکان پەیڕەوییان دەکرد, کاتێکیش ئامادەییم نیشاندا بۆ وەڵامدانەوەو موناقەشەکردن, لێپرسراوان عوزریان خواست کەناتوانن بڵاوی بکەنەوە.

**ئەمە سەبارەت بەڕاگەیاندن, ئەی سەبارەت بەئۆپۆزسیۆن؟**

ڕۆژنامەی(الاحرار) بۆتە ڕۆژنامەیەکی ئایینیو ململانێ لەگەڵ ڕۆژنامەی(النور)ی دەستە خوشکیدا دەکات. لەبانگەوازکردن بۆ هەڵگەڕانەوەی شارستانیو توندڕەوییو دەمارگیریی ئایینی, هێندە بەسە ئاماژە بەنووسینەکەی سەرنووسەری (الاحرار) بکەین, کەتیایدا لۆمەو سەرزەنشتێکی زۆری ڕۆژنامەی (الاخبار)ی کردبوو, لەبەرئەوەی هەواڵی کەوتنی حکومەتەکەی حەسەن تورابی لەسۆدان بڵاوکردبۆوە, بیانووشی بۆئەو لۆمەیە ئەوەیە مامۆستا (سعید سنبل)ی سەرنووسەری (الاخبار) مەسیحییە, ئەمە سەبارەت بە (الاحرار), بەڵام سەبارەت بە (الشعب) ئەوا کۆنە مارکسییەکییەکی, تازەتوندڕەوی ئایینی سەرنووسەریەتی, ئەمە پێی وایە میسر ڕزگاری نابێت, تەنها بەگۆڕینی بۆ دەوڵەتێکی دینی نەبێت, ڕۆژنامەی (الامة)ش کەناوبەناو دەردەچێت, ئەوا پسپۆڕیی وەرگرتووە لە بانگەشەکردن بۆ شەریعەتی ئیسلامی, حزبی (الوطني) فەرمانڕەواش وای بەچاك زانی گۆڕەپانەکە بێ بەشداری چۆڵ نەکات, ئەوەبوو لای خۆیەوە ڕۆژنامەی (اللواء الاسلامي) دەرکرد. بەئاشکرا ئاراستەی بەرەو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام هەنگاوی دەنا, وەك دەروازەیەك بۆ میسری ئیسلامی, لەدوا ژمارەیدا کۆڕێکی تەکفیرو هەڵگەڕانەوەی دکتۆر (یوسف أدریس)ی بۆ کۆمەڵێك زانای ئاینی بەرێز ڕێکخست. دواجار (وەفد)یش چووە پاڵیان,کاتێك ڕووداوەکەی (شەعبان)ی بەشێوەیەکی دوورلە ڕاستی بڵاوکردبۆوە, کاتێك بەم شێوەیە ئەو ڕووداوەی ئەسیوت وێنا دەکاتو دەڵێت (پۆلیسەکە پشت ملی شەعبانی گرتو دەمانچەکەی ئاراستەی سەریکردو گوللەکەی تەقاند,





مێشکی پژان), لەکاتێکدا ڕووداوەکە وەك لەڕۆژنامە قەومییەکاندا بڵاوکراوەتەوە, زۆر مەنتقیی تر دەردەکەوێتو زۆر جیاوازیشە لەو گێڕانەوەیەی پێشوو. چونکە پۆلیسەکەو هاوڕێکەی بەرسینگیان لەچوار کەس گرتووە کەسەرقاڵی هەڵواسینی بڵاوکراوە بوونە, بەمەبەستی ڕێگاپێنەدانیان, لەبەرامبەردا توندڕەوەکان بەچەقۆوە پەلاماریان داوە. لەئاکامیشدا پۆلیسەکە فیشەکێك دەتەقێنێتو سەری شەعبان دەپێکی, بەڵام ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکەی ئەسیوتن, مەسەلەی دەست درێژی کردن بەچەقۆ بەگاڵتەیەکی زۆر ناسك دەزانن, لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بەرامبەر یەکێك لەپۆلیسەکان.

ئەمەش سەبارەت بەبەرهەڵستکاران, ئەی سەبارەت بەدەوڵەت کەئەمەش ترسناکترە..

لەهەمان ڕووداوی (شەعبان)دا. فڕۆکەیەکیان ڕەوانەکرد بۆ فریاکەوتنی وەزیری خوێندنی باڵا گەشتەکەی بۆ شاری (المنصورة) پچڕاندو یەکسەر گەڕایەوە بۆ دڵنیابوون لەتەندروستی (شەعبان), هەواڵەکەش لەدەنگو باسەکاندا بڵاوکرایەوەو, لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە, پارێزگاری(الجیزة)ش, بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕای گشتی ڕایگەیاند کە مەلهاکانی شەقامی (هرم) دەگوازرێنەوە بۆ (خرابة) لەدەوروبەری شاری(6 ئۆکتۆبەر). پارێزگاری شاری (أسوان)یش بەخۆبادانەوە باسی لە هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەیەکی گەشتیاری دەکرد, بەهۆی ئەوەی کە هۆڵی قوماری تێدایە, ڕێگا بەمیسریەکانیش نادرێت. بچنە ئەو هۆڵەوە, چونکە قومار کارو کردەوەی شەیتانە, وێڕای ئەوەی نەبادا گەشتیارەکان تووشی ئاژاوەو گوناهی لەخودا یاخی بوون بێن, (مجلس الشعب)یش چەندین دانیشتنی دوورو درێژی ئەنجامدا بۆ موناقەشەکردنو دەرکردنی یاسای بەرپەرچدەرەوە. بۆ بەر سینگ گرتن لەبەهائیەکانو ئەوانەی ئیدعای پێغەمبەرایەتی دەکەنو ئەوانەش خاوەنی بیری

www.pertwk.com



تێکدەرانــەن, رۆژنامــەی (الاخبــار)یــش بڵاوکردنــەوەی تابلۆکــانی (بیکــار)ی هونەرمەنـدی راگـرت, بیـانووی ئەوانـەش کـە داوای لەسـێدارەدانی بەهائیییـەکان دەکەن, ئەوەیەگوایە بەهائی وەك ئەوانەی باوەڕییان پێیەتی, پێیان وایە, ئاینێکی ئاسمانی نییە. تاوەکو وەك موسڵمان دانی پێدا بنێن, ئەمەش بیانوویەکە ئەگەر بهاتایـە وڵاتـانی ئـەوروپای رۆژئـاوا کاریـان پێبکردایـە, کەهـەموویان دەوڵـەتی مەسـیحین, ئـەوا موسـڵمانەکان سـەرلەنوێ دووچـاری دادگاکـانی پشـکنین دەبوونەوە.

لـەئاکامی هـەموو ئەوانـەی کەلەپێشتردا باسم کـرد, زۆرم بـەلاوە ئاسایی بـوو ئـەوەم خوێنـدەوە, خوێنـدکارێکی ئیسـلامی لـەکۆلیجی بازرگـانی ئەسـیوت سەرکەوتۆتە سەر سەکۆکەو دەستی هـەڵبڕیوەو زرمـەی لـەبناگوێی مامۆستاکەی هێناوە, بێ ئەوەی زانکۆ ورتـەی لێوەبێت, بەهیچ شێوەیەك نـە حەپەسام کاتێك خوێندمـەوە. مـیری کۆمـەڵی ئیسـلامی لەدانوسـتاندایە لەگـەڵ سـەرۆکی زانکـۆدا سـەبارەت بەداخسـتن‌و کردنـەوەی زانکـۆ" زۆر بەلامـەوە ئاسایی‌بوو کاتێك گروپـە ئیسلامییەکان کەوتنە جموجوڵ بۆ بۆڕدانی مۆتەکەی دکتۆری چاونەترس (هاشم فوأد) کاتێك هەوڵـەکانی زۆر مانـدووی کردبوون کەدەیویست کۆلێجی پزیشکیی قـاهیرە بکـات بـەکۆلێجێکی بـەڕێز, بـەڵام ئەوکاتـە بەلامـەوە سـەیر بـوو کـەداوایان لێکـردم لەسـەر رووپـەڕی رۆژنامـەکان وەڵامـی ئـەو خوێندکارانـەی سـەر بەگروپـە ئیسـلامییەکان بدەمـەوە کـە بانگەشـەی جاهلیـەتی کۆمـەڵ‌و لـەئایین دەرچـوونی دەکەن, چونکە زۆرم لەوبارەیەوە نووسیووە, بەرلـەمنیش مامۆستا گـەلێکی بـەڕێز وەڵامیان دانەوتەوەو بەبەڵگەوە قسەکانیان رەت کردوونەتـەوە, بەنموونـە, (سعید العشـماوي) راوێـژکارو مامۆسـتا (حسـین أمـین) بەلامـەوە سـەیربوو, چـونکە ئـەم داواکارییە بڕێکی زۆری رۆمانسییەتی تێدایـە, چونکە مەسـەلەکە تـەنها گفتۆگۆو دیالۆگ نییە, چەندمان دیالۆگ ئەنجام داو ئەوان هەرگوێی خۆییان لێکەڕکرد.





**مەسەلەکە زۆر مەترسیدار ترە..**

مەسـەلەی شـان‌و شـکۆی دەوڵەتـە..ودەسـەڵاتی یاسـاو دەسـەڵاتی سیسـتمی گشتییە..

هەیبەت‌و دەسەڵات‌و سوڵتانیش لەرێگای سەربازەوە بەدەست نایەت, هێندەی بەقەناعەت پێهێنانی گشتی بەرقـەرار دەبێت, ئـەم مەسـەلەیە وەك قەناعـەت هـاتنی خەڵکییە بە بەهای دراو, کە جگەلە پارچە کاغەزێکی بێ نرخ زیاتر, چیدی نییە..

لـەوڵاتانی پێشـکەوتوودا, هەسـت بـە هەیبـەت‌و دەسـەڵات دەکـەیت لەهـەموو هەنگاوێکتـداو لەهـەموو هەڵس‌وکەوتێکـدا, بـێ ئـەوەی پۆلیسـێك بـەدی بکـەیت یایاسـایەکی کتـوپڕو عـورفی بەسـەر سـەرتەوە بێت. ئەگـەر هـاتوو ئـەو هەیبەتـە لـەرزی, یـان ئـەو دەسـەڵاتە شل بـوو, یـان لاوازیـی تێکـەوت, ئیـدی هـەموو شـتێك لەدەست دەچێت.

ئەمـەش رێـك مەبەسـتی گروپـە ئیسـلامییەکانە لـەم جموجۆڵانـەی دواییانـدا, رێگام پێبدەن.بپرسم.. چی روودەدات ئەگەر سەد خوێنـدکار لـە زانکـۆی ئەسیوت یان هەزار خوێندکار بەگشتی لەخوێندن دەربکرێن, ئەگەر هاتوو گوێڕایەڵی نیزانم نـەبوون یـا پـەیڕەوییان لـە نەریتـەکانی زانکۆ نـەکرد..بگـرە چـی روودەدات ئەگـەر یاسای عورفی لەئەسیوت پراکتیزەبکرێت‌و لادەران لەشـەرعیەت‌و یاسا بـەزمانی خۆیـان مامەڵـەیان لەگەڵدا بکرێت, مامەڵـەی لـە یاسـا لادەریـان لەگەڵـدا بکرێـت, ئەگـەر چەقۆیان هەڵکێشـا, رەشاشـیان ئاراسـتە بکـەیت, رەشاشـیان هـەڵگرت, بـە تانك‌و زرێپۆش بەرامبـەریان بوەستیت, لەیاسا لایانـدا. لەزینـدانیان قـایم بکـەیت لەشوێنی ئەوانـەی یاسـا پێشـیل دەکەن‌و بەیاسـا مامەڵـەیان لەگەڵدا بکرێت, چی روودەدات ئەگــەر لــۆبی تونـدڕەوی راگەیانـدنی ئـایینی, مۆڵــەتێکی کراوەیــان پێبــدرێت بەمووچــەکە شــیانەوەو لــەدەرەوەی رۆژنامەقەومییــەکان ئــازادی نووسـینیان بـۆ بەراقـەربکرێت. لەرۆژنامـەو گۆڤـارە ئاینیەکانـدا کەلـەدەرەوەی

www.pertwk.com



میســرەوە تــەمویل دەکــرێن, پانتاییــەکی فــراوان هەیــە بــۆ ئیجتهــادە کانیــان, لەرۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆنیشدا, پێگەیەکی گونجاو بۆ نووسین‌و قەوارەیان هەیە, بەڵام رۆژنامەکانی دەوڵەت ببێت بەگۆڕەپان بۆیان, بۆ رووخاندنی دەوڵەت, یان دام‌و دەزگاکانی میللەت ببێت بە پێگە, بۆ گورز وەشاندن لەهەر هەلێك بۆ پێشکەوتنی میللەت‌و گەیشتنی بەکاروانی سەردەم‌و شارستانیەت, ئەوا هەرگیز پێم وانییە هیچ کەسێکی ئاقڵ ئەمە بەشیاو بزانێت, یان هیچ کەسێکی لێپرسراو ئەم مەسەلەیە بەگەن بکات, و ئەگەر بێتو ئەوەی عومەر عەبدولڕەحمان دەیکات, کە لە شارێکەوە دەچێت بۆ شارێکی دیکەو ئاژاوە دەنێتەوە, بانگەواز بۆ توندو تیژی دەکات. هەست‌وسۆزی دەمارگیری دەوروژێنێت, گەنجی تازە پێگەیشتوو هاندەدا جیهاد بکەن دژی شارستانیەت‌و ئاراستەیان دەکات بۆ هەڵگێڕانەوەی سیستمی فەرمانڕەوایی لەرێگای بەکارهێنانی هێزەوە, ئەگەر راستە ئەم کارانە دەکەوێتە ژێر یاسای یەکێتی نیشتمانیەوەو یاسای کت‌وپڕی دەیگرێتەوە, بۆچی ئەو یاسایانەی بەسەردا پراکتیزە ناکرێت‌و نایگرێتەوە, لێرەدا هیچ بیانوویەکی ئازادی‌و دیموکراسی بوونی نییە, چونکە ئەگەر مەبەستیەتی کاری شەرعی بکات, ئەوا پێویستە پارتێك پێکەوە بنێت, یان بچێتە ریزی پارتێکەوە. بەڵام ئەوەی کەوەك پەپوولە هات‌و چۆبکات‌و وەك زەردەواڵە پێوەبدات‌ووەك چەکوش کاولکاری بکات, ئەوا هەرگیز پێم وانیە هیچ نیشتمانپەروەرێك لایەنگیری یان قەبوڵی بکات یان تەحەمولی ئەو کارانە بکات.

سەبارەت بەپارتی (الوطني) فەرمانڕەواش, ئەوا بڕێکی زۆر لەبەر پرسیارێتی دەکەوێتە سەرشان, هێندەی بەسە کەنائامادەگییەکی بەرچاوی هەیە, لەگۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوەی فیکری‌و میللی ئەو رەوتانە هەرەشەلە بوونی خۆی دەکەن, ئەگەر درك بەهەموو مەسەلەکەش ناکابادەست بەرداری هەمووی نەبێت, بەلای کەمەوە دەبێ ئەندامەکانی خۆی لە (مجلس الشعب)و کادیرەکانی راگەیاندنی





ناچار بکات, موزایەدە لەسەر مەسەلەی شەریعەت‌و دەوڵەتی دینی نەکەن, ئەگەر پابەندبوون ئەوە لایەنی کەمی ئەرکی پارتایەتیان بەجێ گەیاندووە, بەڵام ئەگەر بەردەوام بوون لەموزایەدە کردن, ئەوا لەشوێنەکانیان لەپارتەکەدا لایان بەرێت‌و ئازادیان بکات. وەك بەزەیی هاتنەوەیەك بە خۆیان‌و بەپارتەکەو بەگەل‌و دوا رۆژیش.

ئەمەی باسمکرد جگە لەدەروازە یەك بۆ ویستەکانی گەلی میسر چیدی‌نییە, کەدەیانەوێت هەیبەت‌و شکۆی دەوڵەت‌و دەسەڵاتی یاسا بگەڕێتەوە, ئەمەش پێشێل کردنی دیموکراسی‌و لادان نییە, لەپرەنسیپەکانی ئازادی, بەڵکو پێچەوانەکەی راستە, چونکە ئەوانەی لەیاساو نیزام لادەدەن, بەتوندی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت, تەنانەت لەدیموکراسیترین وڵاتیشدا, ئیدی دەوڵەت کاری بەوەنییە, ئاخۆ ئەو دروشمەی بەرزی کردۆتەوە راستەیان هەڵەیە, بەڵکو ئەو کاری بەوە هەیەکە, ئەوە تاوانبارە لەئاستی شەرعیەتدا, لەمەشدا ئاڵاسوورەکان‌و مافیا هاوشانن لەئیتالیاو لە ئەڵمانیای رۆژئاواش (بادر مانیهۆف)و سوپای سوور لەژاپۆن‌و گروپە ئاینییەکان لەمیسرو بەتایبەت لەئەسیوتدا .

## پێت دەڵێم بۆکوێ؟[*]

مامۆستا(صلاح أبو إسماعیل) بۆ ماوەی دوو هەفتە لەسەر یەك, لەژێر ناونیشانی(بۆکوێ دکتۆر فەرەج فودە) لەرۆژنامەی (الاحرار)دا کەوتە نووسین, کەپێی‌وابوو وەڵام دانەوەی من‌و لێدانیشمە لەهەمان کاتدا, مەبەستیشی هاندانی خوێنەرانە, چونکە ئەو پیاوە والەکتێبەکەم (قبل السقوط ) گەیشتووەکە بانگەوازێکە بۆ بەرهەڵداکردنی داوێن پیسی, بۆیە بەسوپاسەوە داوام لێدەکات کەناموسی خۆشم بەرهەڵدابکەم؟ ئەگەر واش نەکەم ئەوا من کەسێکی

[*] ئەم بابەتەلە رۆژنامەی(الاحرار)لە 1987/9/22دا بڵاوکرایەوە.

www.pertwk.com



خۆپەرستم؟ ئەگەر واش بکەم ئەوا من کەسێکم خۆم لەکەدارکردووە؟ لەوانەیە لەگەڵ خوێنەردا راشکاوانە بدوێم کەمن چەند بەزۆری پێشبینی رەخنەو بریندارکردنو تەنانەت چاوەڕوانی دەست درێژیشم دەکرد, بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم مەسەلەکە بگاتە ئەوئاستەی باسمکرد, کەبەدەق لەوتارەکەی ئەوپیاوە چاکەکارو بەڕێزەدا هاتووە. ئەمەش کەدەیخەمە بەرچاوی خوێنەرو ئەودەکەم بەناوبژیوان, بێئەوەی دابەزم بۆ ئاستی وەڵامدانەوەی ئەوقسانە.

دوای وەڵام دانەوەو لەکەدارکردنەکە, تەنها مەسەلەی هاندانەکە دەمێنێتەوە کەبەلای منەوە مەسەلەیەکی سانایە, چونکە پێم وانییە من بتوانم بترسم تەنانەت گەر بشمەوێت بترسم, یائەوەتا ناخی من ئامادەباشی ترسی تێدابێت, تەنانەت گەر هەوڵیشم دا, چونکە بانگەشەکارانی هەقو راستی_هەقی کۆمەڵ لەدواڕۆژێکی باشتر داو باوەڕداران بەخوداو بەنیشتمان کەهیچ هەوڵێکیان بۆ پۆستو ویستو مەبەست نییە, لەوشەی هەقدا ترسیان لەلۆمەی هیچ لۆمەکارێك نییەو هەرگیز قسەی سەرزارەکیو بازرگانی لە بانگەوازەکەیان خافڵیان ناکات.

ئەگەر قسەکانیشم بەسەرزەنشتی ئەوپیاوە دەست پێکردبێ, چونکە خۆی لە قەرەی نامووس داوە, ئەوا خوێنەر مافی خۆیەتی ئەڵتەر ناتیڤی ئەو زمانەی پێشکەش بکەم, کاتێك دۆسیەی خەباتە شەرەفمەندانەکەی ئەوپیاوەی بیردەخەمەوە, وەك بەتەنگەوە هاتنێکی من کە چاکەو پیاوەتی بخرێتە پاڵ خاوەنەکانیو هەوڵێکیشە لای منەوە, بەمەبەستی چەسپاندنو جێگیرکردنی بەهاکانی دیالۆگێکی سیاسی پاك, لەدەروونی ئەم نەوانەی تازە پێدەگەن, چونکە کابرا خەباتی سیاسیی خۆی لەسەرەتاوە, بەچوونە نێو ریزەکانی (ئیخوان موسلمین) دەستپێکرد, بەڵام هێندەی پێنەچوو بۆی دەرکەوت, ئەوانە دەستەیەکی لەئایین لادەرن, بۆیە نامەیەکی بۆ سەرۆك (جەمال عەبدولناسر) نارد, رۆژنامەی (المصور) ژمارە (3110)دا بە ئیمزای خۆیەوە بڵاویکردەوە لەرێکەوتی





27/نیسانی/1975, ئەوکاتیش نێوبراو نەگیرابوو, نەلەژێر ئەشکەنجەدابوو تابوترێت لەژێر فشاردا نووسیویەتی, بەڵکو پشتگیریو پاڵپشتییەکەی بۆ شۆڕشو هێرش کردنەکەی بۆسەر دوژمنانی شۆڕش, تەنها لەپێناوی ئیسلامدا بووە. لەوەش خۆشتر نییە کەچەند بڕگەیەك لەونامەیە بڵاوبکەینەوە, تاوەکو هەموان بەخوێندنەوەی دڵخۆش بنو تازەپێگەیشتوانیش فێربنو بزانن گوێڕایەڵی بۆ نیشتمانو شۆڕشی تەمموزی پیرۆز چۆن دەبێتو رەخنە لەخۆگرتن لەخود لەبەرامبەر هەڵەیەکدا چۆن دەبێت, کاتێك دەڵێت (لەژیانمدا لەسەر هیچ شتێك پەشیمان نەبووم بەئەندازەی پەشیمانی لەوەی رۆژێك لەڕۆژان یەکێك بووم لەئەندامانی ئەو دەستە سەرلێشواو وگومڕایە) یاخود ئەو وەفاو ئەمەکە دەگمەنەو ئەو گوێڕایەڵییە سوپاسگوزارە بۆ شۆڕشی (پیرۆز) یا کەعبەی موجاهیدان, وەك خۆی ناوی دەبات, کاتێك دەڵێت (کارەکەم وەك مامۆستایەك لەبازنەی لەدڵا جێگرکردنی بیروباوەڕەکانی شۆڕشدا دەخولێتەوە).

لەوانەیە ئەم نامەیەی پێشوو, لایەنێکی مەزنی توانای ئەوپیاوە لە گۆڕینی هەڵوێستەکانیدا دەربخات, کاتێك راستیو هەقی بۆ ڕوون دەبێتەوە, ئەمەش هەڵوێستێکە کەسیاسەت پاساوی بۆ دەکاتو خۆپارێزیو خۆ بەدورگرتنیش شەفاعەتی بۆ دەکات, دانایشی لێکدانەوەی بۆ دەکات, ئەوەی وای لێکردووە بەرگی ئەزهەری دابماڵێتو بەرگی مۆدێرنو هاوچەرخ بپۆشێت, وەك هەڵخەتاندنو فریودانێکی زۆرداران و شاردنەوەی نیازونیەتە راستەکانی, ئەوەبوو فێڵو تەڵەکەکەی بەسەر پیاوانی دەسەڵاتدا تێپەڕی, بەتایبەتی کاتێك بینیان کابرا ئەندامێکی چالاکی دەستەی (نووسەرانە)ەو دواتر لە رێزەکانی (الاتحاد القومی) دایەو پاشان چووە رێزی (الاتحاد الاشتراکي العربي), بەڵام لەدڵودەروونداا هەرخۆشەویستی ئیسلامو باوەڕ ڕاست بوو, بەشێوەیەك کەقەڵەم (قەڵەمەکەی من) توانای وەسف کردنی نییەو زمان (زمانی کابرا) لەئاستیدا

www.pertwk.com



گۆناکاو توانای گوزارشتی نییە, کاتێکیش خودا مۆڵەتیدا, سەرکردەیەکی باوەڕداری وەك ئەنوەر سادات حوکمڕانی میسربکات, کابرا چووەوە قاوغەکەی جارانیو هەمان بەرگی پێشووی بۆ شێوەو زمانی, جارێکی دیکە بەهەمان باری جارانیدا گوزراشتی دەکرد, پارتی میسریش بەئەندامێتی شێخو بەرگری کردنی لەئیسلام رازایەوە, ئیدی کابرا بەردەوام بوو لەبەرزکردنەوەی ئالآی جیهادی ئیسلامی لەپارتی میسردا, تائەوکاتەی خوا ئیسلامی بە کارکردنی ناوبراو لەریزی پارتی (وفد)دا پایەدارکرد, بەشێوەیەك پێی لێهەڵگرتبوو کەلەوتارێکیدا لەماڵی سەرۆکی پارتەکە بەسەرۆکی ڕاگەیاندبووکە دڵی ئیسلامو چرای ئایینە, بەڵام دواترکەلە (وەفد)دەرکرا لەرۆژنامەی (النور)دا, سەرۆکی وەفدی بەدرۆزن وەسف کرد, لە هەردوو هەڵوێستەکەیشدا لەباوەڕێکی جێگیرو چەسپاوو بڕوایەکی پتەوی ناخیەوە مامەڵەی دەکرد, کەوایلێکرد بروسکەیەك بنێرێت بۆ پارتی نیشتمانیو داوای ئەندامێتیان لێبکات, ئەوبروسکەیەش لەرۆژنامەی (مایو) دابەزی, بەڵام دواتر رۆژنامەکان هەواڵی ڕەتکردنەوەی داواکەیان بڵاوکردەوە کەپارتی نیشتمانی بەئەندامی خۆی قەبوڵی نەکردووە, بەڵام هەرکۆڵی نەداو ساردنەبۆوە, کاروانەکەی خۆی درێژەپێدا وەك جێگیری سکرتێری پارتی (الاحرار).

ئەو مێژووە پڕ لەخەباتو سەربەرزییە, من جورئەتی رەت کردنەوەو ژێرلێو نانیم نییە, ناتوانم بێ نرخیبکەمو لەبەهاکەی کەم بکەمەوە, دوژمنایەتیو ناکۆکیش وام لێناکات باسی نەکەم, چونکە ئەوە مێژووییەکە شایستەی ئەوەیە بەتەرازووی زێڕ بیپێوینو بیکەین بەنموونەی ڕژدیو شێلگیری مرۆڤ, لەسەر بیروباوەڕەکەیو وەك بالآترین پلەکانی دان بەخۆداگرتن لەسەر بیروباوەڕ لەقەڵەمی بدەین, ئەوە مێژووییە کەکابرا هاوشانی کردووە بەمێژووی پێغەمبەر, کاتێك خۆی نیشانی هۆزە کافرەکان دەداولێیان نزیك دەکەوتەوە, لێرەدا داوای





لێبوردنی لێدەکەم, کەمێك پێیدا دەچمەوە, ئەو لەکوێو پێغەمبەر لەکوێ؟ هۆزەکان لەکوێو ئەم پارتانەی ئێستا لەکوێ. هیوادارم بەویژدان بووبم لەگەڵ ئەوپیاوە بەرلەوەی وەڵامی بدەمەوە, یاڕەخنە لەنووسینەکانی بگرم.

## فەرەج فودەو زایۆنیزم

لەژێر ئەم ناونیشانەدا (صلاح أبو إسماعيل) کەوتۆتە بڵاوکردنەوەو پێیوابووە, ئەمە سیخورمەیەکی بەئازارە ئاراستەی منی دەکات, بە تایبەت لەزیاتر لەوتارێکی نوێدا دووبارەی کردۆتەوە, کاتێك باسی لەوەکردووە کە هەرگیز گوێی لەو شەیەکیسەرزەنشتی من نەبووە, دژبە زایۆنی.

مامۆستا سەلآح مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن لەئیسرائیل, جگە لەهەڵوێستێکی سیاسی چیدی نییە, لەوانەیە بەدۆستو دراوسێیەکی ئاشتیخوازی خۆتی لەقەڵەم بدەیت, ئەگەر باوەڕت بە ئاشتی هەبێت, لەوانەشە بەچاوی دوژمنێکی دەرەکی لێی بڕوانی, ئەگەر هاتوو پەیماننامەت رەت کردەوە, لەهەموو حاڵەتێکیشدا ئیسرائیل دۆستێکی دەرەکییە, ئەگەر تەبابوو لەگەڵتدا. یان دوژمنێکی دەرکییە ئەگەر دوژمنایەتی کردیت, لەخراپترین رەوشیشدا دەتوانیت سنووری بەڕوودا دابخەیت یائەوەتا ئاپۆرەی سوپای بەڕوودا کۆبکەیتەوە, بەڵام بێگومان کاتێك مەترسی لەناوخۆی ریزەکانتەوە رووبەڕووت دەبێتەوە, ئەوکاتە رووبەڕووی هەڵوێستێکی ئەستەم تر دەبیتەوە, کاتێك دەبینێت دوژمنەکەت لەنێو ریزەکانی خۆتدایە, بەئاژاوە نانەوە بەرامبەر بەیەکگرتن دەوەستێتو رابردووشی بەگژ سبەینێتدا دەکات, بیروڕاش بەشمشێر , وبیرکردنەوەش بەتەکفیر وەڵام دەداتەوە. مامەڵەشی لەئاست ئەقڵدا پەنابردنە بۆ وتنەوەو کای کۆن بەباکردن, هەڵوێستیشی لەئاست ئیجتهاددا, نەزۆکی بیرو هزرە.

www.pertwk.com



## پرۆگرامی ئیسلامی

نازانم ئەوەی مامۆستا سەلاّح باسی دەكات, وەك پرۆگرامو بەرنامەی سیاسیی ئیسلامی, ئایا تەنها ئیجتهادێكی تایبەتی خۆیەتی كەوام لێبكات داوای لێخۆشبوونی بۆ بكەم, یا ئەوەتا ئەمە بەرنامەی پارتەكەیەتی كەخۆی پۆستی جێگری سەرۆكەكەی بەدەستەوەیە, تاوەكو لەگەلّ بەرنامەی راگەیاندراوی ئەو پارتەدا بەراوردی بكەم, یائەوەتا راگەیاندنێكە لای ئەوەوە سەبارەت بەخالّەكانی رێكەوتن و لێكگەیشتن, لەنێوان ئاراستەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییەكاندا (كەپێم وایە مەبەستی ئەم مەسەلەیەیە) تائەوكات منیش دەستی لیّ بشۆم. كەدەبینم ئەوە رادەگەیەنێت (ئەگەر هاتوو سوو خواردن پێویستی بوو, ئەوا پێویستی قەدەغەكراوو حەرامەكانی حەلاّلّ دەكات, بۆیەپێویستە لەسەر ئەم بنەمایە مامەلّە بكەین) ئەوەش كەمن هەرگیز لەوباوەڕەدانیم رۆژێك لەرۆژان جێگای رێكەوتن یاكۆدەنگی بووبێت, یائەوەتا بەرنامەكەی سەبارەت بەكشتوكالّ تەنها بریتی بێت لەگەڕانەوە بۆ (أصحاب الجنتين) لەسورەتی (الكهف), یا هەوالّی (أصحاب الجنة) لەسورەتی (القلم)دا. سەبارەت بە بەرنامەی سیاسیش, بۆ بواری پیشەسازی, تەنها ئەم دەستەواژانە بكەین بەسەر مەشق كەدەلّێت (ئەگەر رەوشتی ئیسلامی لەئارادابوو كەبتوانین بەهۆیەوە سەرمان لەپیشەیەك دەربچێت و بەهۆیەوە چاودێریی خوایەكەمان بكەین و خۆمان لەفێلّ و گزیو زیان گەیاندن بەبەرژەوەندیی گشتی بەدوور بگرین). یان لەئاست ئیجتهاد كردن لەبواری دانانی پێشەوای ئیمامدا بێتواناییان تێدا دەربكەوێت, كەمەبەست هەلّبژاردنی حوكمڕانەو پێی وابێت لەگەلّ پێشنێوێژی كردندا, وەك یەك وان و لەیەك ئاستدان, كەئەمەیان خۆی لەخۆیدا كورتهێنانێكی مەزنە لەئیجتهاددا. حەزناكەم بیگێڕمەوە بۆ ئیجتهادی هەندێك لەفەقیهەكانی ئیسلام كە هەندێك مەرجیان خستۆتە نێو مەرجەكانی ئیمامو پێشنیوێژەوە, پێم وانییە یاشێخ نەیخوێنبێتەوە





یاخوێندبێتیەوەو پێی ڕازی بووبێت, یەكێك لەو مەرجانە ئەوەیە ژنەكەی لەهەموویان جوانتربێت و لەبەر ئەوەی شەرع شەرمی بۆنییە, ئەوا هەندێك لەوفەقیهانە پێیان وایە, ئەگەر هاتوو لەهەموو مەرجەكاندا, وەك یەك و هاوشان بوون, ئەوا واباشە ئەوەی زەكەری لەهەمویان كورت ترە ئەو بكرێت بەپێشنوێژ.★[*]

لێرەدا هێندەمان بۆ دەكرێت داخ بۆ ئەوئیسلامە مەزنە بخۆین كەپیاو گەلێك نادۆزێتەوە بەرگری لێبكەن. بەلاّم زۆر بەئاسانی كەسانێك پەیدا دەبن خراپەی دەرهەق بكەن.

لێرەدا بەكارێكی خراپی نازانم نموونەیەكی پێبدەم, سەبارەت بەنەزۆكی و كورت بینی ئیجتهادەكەی كە پێشتر ئاگادارم كردبۆوە, پیّ لەسەرئەم مەسەلەیە دا نەگرێت, چونكە ئاكامەكەی باش نییە, لەوەدا كە خۆشگوزەرانی پەیوەست دەكات بەباوەڕو رەزامەندی یەزدانەوە, بەلاّم ترس و برسێتی بە كوفرو بەرەلاّیی و یاخی بوون لەخودا دەبەستێتەوە, واتە ڕەت كردنەوەی ئیسلام وەك دین و دەولّەت, لێرەدا هەقی خۆمە پرسی (عام الرمادة) و (طاعون عمواس)ی لێبكەم كەئەمانە لەسەردەمی عومەری كوڕی خەتابدا روویانداوە, دەشیّ لەرووی پاراستنی كەرامەت و خۆشەویستییەوە, لەبری ئەو وەلاّم بدەمەوەو بلّێم ئاخۆ ئەمە قین و نەفرەتی خودا بوونە لەعومەر؟ دەشیّ پرسیاری شكستەكەی خۆشمانی لێبكەم لەسالّی 1967, ئاخۆ ئەمەش خوا غەزەبی لێگرتبووین, چونكە ئیسلاممان قەبولّ نەبوو, وەك دین و دەولّەت, لەبەرامبەرشیدا رەزامەندی خودابوو لەئیسرائیل چونكە..

[*] بڕوانە(بدعه العصب المژهبی)یمحەمەد عبدعەباس/لاپەڕە, 193 هەروەها بڕوانە(المسلمون العلويون فى مواجهه التجنى)ی ئەحمەد عەلی حەسەن.لاپەڕە 19

www.pertwk.com



لێرەدا داوای لێبوردن دەکەمو درێژەی پێنادەم. ئەگەر ئەمەی ئێستا تێیدا دەژین لەنەبوونیو برسێتی غەزەبو نەفرەتی خوادابێت ئاخۆ ئاستی ژیان لەئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتدا لەئاکامی ڕەزامەندی خودا لێیانو پەیڕەوکردنی شەرعی ڕاستەقینەی خودا بەرزبۆتەوە؟

شەرم بکە، کابرا کاروباری ئاین بەم ئەندازەیە ئاسان نییەو بەرنامەی ئیسلامیش بەم ئاستە تەنكو سەرپێی نییە، گوێ لەمن بگرە من ڕێنماییکەرێکی ئەمینم بۆتۆ، خۆت ماندووبکەو بیربکەرەوە، ئەگەر توانات نەبوو پرسو ڕاوێژبکە، چونکە ئێمە ئەوەت لێقەبوڵ دەکەین خراپە بەرامبەر بەخۆت بکەیت. ئەگەر بەرامبەر بە ئێمەش کردت ئەوا لێت دەبوورین، بەڵام خراپە بەرامبەر بەئیسلام بکەیت، ئەوا نەکەس بەمەڕازییە، نەکەسیش لێت قەبوڵ دەکات.

## کابرا تۆبە بکە

هەنگاوەکانت نەرم کەو پێیەکانت سووك دابنێ، پێم وانییە ناخی ئەم خاکەی میسر، جگە لەجەستەی ئەوشەهیدانە، شتێکی دیکەی تێدابێت کەبوونە قوربانیی داکۆکیکردن لەخاکەکەییو شارستانیەتو یەکێتی ڕۆڵەکانی.

داوای لێبوردن لەخودا بکە بالێت خۆش بێت، چونکە تۆ موسڵمانێکت بەکافر لەقەڵەم داوە، ئەمەش گوناهێکی مەزنە، بەڵام میهرەبانی یەزدان فراوانە. شوێنی تۆو شوێنی هەمووانی تێدادەبێتەوە، ئەوە ئەگەر تۆ بەیەکی بەهەقت کردبێت، نیازت چاك بێت مەبەستت پاك بێت.

شەرم بکە کابرا، بۆ درۆ لەگەڵ خەڵکدا دەکەیتو دەڵێیت کەگوایە ڕووبەڕووی من بوویتەوەو لەیانەی ئەندامانی دەستەی وانەبێژانی زانکۆی قاهیرە دامنت ڕەش داگەڕاندووە، تۆ خۆت یەکەم کەسیت، چاك ئەوە دەزانیت کەئەوە محازەرەی تۆبوو، نەك مونازەرەی نێوان منوتۆ. ئامادەبوونیش تیایدا لەمەنتیقی ڕووبەڕووبوونەوەو ئازایەتیدا مایەی سوپاسگوزاریبوو، هەرچەندە من جگە لەدوو خولەك زیاتر بۆم نەبوو لەقسەکانتدا هەڵبدەمی، بەڵام ئامادەبووان چەندان جار هێندەی ئەوماوەیە چەپڵەیان بۆ لێدام. کۆڕگێڕو ئامادەبووانیش زیندوونو گەواهیدەدەن.



بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم (قبل السقوط)و سەرلەنوێ بیخوێنەوە، بەڵام بەچاوێك کەتێکەڵی لەنێوان مەنتیقو دوژمنایەتی من ناکات، چونکە ئەوە کتێبێکی بەسوودەوبەر لەتۆ (45) هەزار کەس خوێندویانەتەوە، بێئەوەی هیچ کامیان لەگەڵ تۆدا هاوڕابن، دەیان هێندەی ئەو ژمارەیەش بەبڵاوکراوەییلە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا خوێندویانەتەوە، وەریش گێڕدراوەتە سەرزمانی ئینگلیزی، ئینگلیزی زمانەکانیش بەهۆی ئەوکتێبەوە ناوی تۆیان بەرگوێ کەوتووە، لەوانەشە بەهۆی ئەوکتێبەوە ناوو ناوبانگت لەنێویاندا پەیداکردبێت، بەڵێنت دەدەمێ کەشتێکی وەهای تێدابەدی بکەیت، ئەو سەرگەرمیوکەفوکوڵەت دامرکێنیتەوەو مەنتیقەکەشت بۆ ڕاست بکاتەوە.

**وەڵامیشت دەدەمەوە، بۆکوێ؟**

سەبارەت بەپرسیارەکەشت لەناونیشانی هەردوو وتارەکەتدا (بۆ کوێ دکتۆر فەرەج فودە)؟.

**ئەوا وەڵامت دەدەمەوە.**

بەرەو ئەوشوێنەی تیایدا موزایەدەچیو دەست درێژکەران بۆ سەربیرمەندو شرەفمەندانمان ڕەش داگەڕێنم، کەراستییەکانی ئایین دزێو دەکەن، بەمەنتیق ڕووبەڕوویان دەبمەوە، تۆ چوزانیت مەنتیق چییە؟ ئەوەی کەلێی رادەکەن، دەشزانن ئەوە هەقە، بەخوا دەزانن، ئەویش چاوی تێبڕیون، ئەوانیش کەیلی بوون، لای گەلیش ئەو ڕاستگۆترە، ئەوانیش لای میللەت.

## گروپە ئاینیەکانو نەخۆشییە دەروونییەکان

www.pertwk.com



پێویستەدان بەو راستیەدا بنێین نەخۆشییە دەرونییەکان تائەندازەیەکی زۆر لەکۆمەڵگای میسرییدا پەرەی سەندووە, لەئاکامی جەنگەکان و قەیرانەکانی بژێوی و گوزەران و رووداوە سیاسییە توندو تیژە یەك لەدوای یەکەکان, پێشم وانییە زیدەرەوی بکەم, ئەگەر بڵێم بەشێکی زۆری دیاردەی توندوتیژی ئایینی سیاسی, بۆ هۆیەکی جەوهەری دیاریکراو دەگەڕێتەوە, ئەویش نەخۆشییە دەرونییەکانە, بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم, ئەم رووداوو بیرو رایانەیە کەبۆ خوێنەرانی دەگێڕمەوە, لەکۆتایی وتارەکەشدا حوکمدان بۆ ئەوان جێ دەهێڵم.

**گۆڕین و چۆڵکردن( التحلية والتخلية )**

یەکەم شت کەدەیخەمە بەرچاوی خوێنەران, ئەو دیالۆگەیە لەنێوان دووجەمسەر لە جەمسەرەکانی رەوتی سیاسیی ئاینیدا ڕوویداو یەکێك لەڕۆژنامە حزبیە ئاینییەکان لەدوو ژمارەی یەك لەدوای یەکدا بڵاوی‌کردەوەو رای جەمسەری یەکەم ئەوە بوو کەپێویستە گروپە ئاینییەکان نەچنەپاڵ پارتە سیاسییەکان, بە پاساوی ئەوەی کەدەبێت گۆڕین بکەوێتە پێش چۆڵکردنەوە, بەلام رای جەمسەری دووەم بەپێویستی دەزانی کەئەو چوونە پاڵە, روبدات تاوەکوچۆڵکردن لەتوانادابێت و بتوانرێت گۆڕین ئەنجامبدرێت.

سەبارەت بەدەستەواژەی( گۆڕین و چۆڵکردن), ئەوا ئەم دەستەواژەیە دەدرێتە پاڵ ئیمام خومەینی و گوێزراوەتە بۆ میسر لەرێگای(زەبری پارەوپول)ەوە, سەبارەت بەوشەی (گۆڕین)(التحلية) مەبەستمان گۆڕینی کۆمەڵە بۆ دەوڵەتی دینی, بەلام وشەی( چۆڵکردن)(التخلية) ئەوا مەبەستیان چۆڵکردن و بەتاڵ کردنی کۆمەڵە لەهێزی شەیتان, ئەو پارتەی هەموو رەوت و باڵە سیاسییەکان لەخۆدەگرێت حزبی خودا نەبێت, ئەو حزبەش بەڕای ئەوان, تەنها یەك فیرقەی دەربازبووە لەکۆی حەفتاوسێ فیرقە کەهەمووومان دەگرێتەوە, پێویستیش ناکات





ئەوە بەخوێنەران بڵێم, هەریەك لەدوو جەمسەرەکە, پێیان وابوو خۆیان لەسەرەوەی ئەوفیرقە دەربازبووەن.

بەچاو پۆشین لەچانسی هەریەك لەدووڕایەکە لەگەمژەیی ونەفامی, خوێنەر تێبینی ئەوەدەکات, رەعیەت, کەلایەنی سەرەکییە لەبابەتەکەدا کەیائەوەتا دەگۆڕدرێت یا چۆڵ دەکرێت, واتە کۆمەڵگای لێچۆڵ دەکرێت, بەتەواوی لەدەمەتەقێکە ونەو بوونی نییەو دەستی لێ شۆردراوە, تەنها ئەوەندی بۆ هەیە گوێ رایەڵ بێت, بۆ هەرکام لەو دوو جەمسەرەی سەرکەوتوو دەبێت, ئەگەر هاتوو جەمسەری یەکەم سەرکەوتوو بوو, ئەوا پێویستە رەعیەت بگۆڕێ, بەلام ئەگەر هاتوو لایەنی دووەم سەرکەوتوو بوو, ئەوا هەرهێندەت لەسەرە کە دەست بەردار بێت و گوێڕایەڵی چۆڵکردن بێت.

توخوا ئەمە ناو دەنێن چی؟ ئایا ناوی نانێیت دابڕان لەرەعیەت, یا بەمانایەکی وردتر دابڕان و کەرتبوون لەکۆمەڵگا.

توخوا ئەمە ئەرك و لێپرسراوێتی کێیە؟ ئاخۆ ئەرکی سەرشانی دەوڵەت نییە, کەپێویستە لەسەری, نەخۆشخانەی دەروونی بۆ ئەو جەمسەرە دابین بکات.

**گەشتوگوزاریی ناوخۆ:-**

لەبەر ئەوەی گەشتیارەکان لەگەڵخۆیاندا بیدعەمان بۆ دەهێنن و شارستانێتی خراپەکار یمان بۆ دەگوێزنەوەو بڕێکی زۆر لەدۆلارو مارك و فڕەنك دەخەنە سەر داهاتی دەوڵەت کەپێشتر سەلەفی سالح(پێشینەی چاك) ئەم ناوانەیان نەبیستووەو لەدرهەم و دینار بترازێت, هەموو شتێکی دیکەی لەوبابەتە بیدعەیەو هەموو بیدعەیەکیش سەر لێشێواوی و گومڕاییەو هەموو گومڕاییەکیش جێگای ئاگرە, بۆیە گروپە ئیسلامییەکان ئەمجارە بەبانگەوازی دژایەتی و رەت کردنەوەی گەشتوگوزارەوە لێمان قوتبوونەوە. بەکرداریش یەکەمجار لەپارێزگاری (منیا) کەوتنە بەردباران کردنی گەشتیارەکان و هەوڵی ناشیرکردن و شێواندنی شاجوانە

www.pertwk.com



کانیاندا بەرژاندنی تێزاب, لەلایەکی دیکەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن لەهاوولاتیان کەبەمەستی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی( شم النسیم)(ئەم جەژنە دەکەوێتە سەرەتای بەهارو لەشێوەی جەژنی نەورۆزدایە) لە(منیاو ئەسیوت) کۆبوونەوە, پاشان هێرشێکی چڕوپڕیان دەست پێکرد لەراگەیاندنەکان و پەرلەماندا دژی گوندی گەشتیاری (مەجاویش) کەگوندێکی بەبڕەو سەرکەوتووە لەسەرکەناری دەریای سوور وداوایان لەسەرۆك کۆمار دەکرد, بەسەر دانیشتوانەکەیدا کاولی بکات, چونکە دەزانیٚ بەوکارە دەوڵەت لەداهاتێکی سالانە بیٚبەش دەبێت کەلەیەك ملیار دۆلار زیاترە,ئەمەش دەبێتەهۆی قەیرانی ئابووری و لەوانەیە برسێتی و قات و قڕیشی بەدوادا بێت, ئەوەبوو دروشمێکی خۆشیان بەرزکردبۆوە کەناوە رۆکەکەی گوزارشتی لە وەدەکرد, هەروەکوخۆیان دەڵێن( ئازادو سەربەست لەبرسانابمرێت, دەم بۆمەمکی خۆی نابات) دەکرد لێرەدا کەباس لەئازادو سەربەست دەکات مەبەستی میسرە, بەلام لێکچواندنەکە لەفەرهەنگی ئەواندا باوە, چونکە لای ئەوان ژن پەیوەستە بەفتنەو ئاژاوەوە گەر بزەیەکی کرد ئەوا فریودانە, ئەگەر پێکەنی ئەوا بەرەلایی و بیٚڕەوشتییە, گەر رووشی دەرخست ئەوا سفوورە, گەر گۆرانیشی وت ئەوا دەچێتە قالبی وروژاندنەوە, ئەگەر قسەشیکرد ئەوە, ئەمجارە دەچێتە خانەی قسەی نەرم و نیان و پیاو لەدین دەردەکات و دونیای لیٚ شێلودەکات, لەگفتوگۆو دەمەتەقێیەکی خۆشمدا لەگەڵ ئەندامی یەکێك لەوگروپانەدا, پرسیاری ئەڵتەرناتیڤی گەشت و گوزارم لێکرد, ئەویش بەم قسانە وەلامی دامەوە کەبەبیٚکەم وزۆر بۆ خوێنەری دەنووسمەوە!

(چی پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بیر لەگەشت و گوزار بکاتەوە, بێگومان ئەوە دڵتەنگی و خەمۆکییە, ئەگەر دڵتەنگیش بوون پێویستە سەردانی گۆڕوگۆڕستان بکەن, هەرکاتێك موسڵمان و باوەڕدار هەستی بەدڵتەنگی کرد ئەوا تەنها هێندەی لەسەرە کەڕوبکاتە گۆڕستان لەوێدا پەندو عیبرەت هەیە گەشتیاری باوەڕداری و ئیمان لەویٚ هەیە, پەنابەخوا بەدڵفراوانی و خۆشحالی و ژیان دۆستییەوە دەگەڕێتەوە. ئەمە بواری یەکەمی گەشت و گوزاری ناوخۆیە, بەلام بواری دووەم پێویستی بەوەیە کەبەر لەروون کردنەوەی دان بەو راستییەدا بنێین, شارستانیەتی رۆژئاوا بیدعەی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا , خۆمان و خوداشی لەبیر بردوینەتەوە و وای لێکردوین دەست بەرداری خوو نەریتە مەزنەکانمان بین وفێری هەڵس و کەوت و خوونەریتی رۆژئاوابین و وابەستەی بەهاو نەریتە گەندەڵەکانی ئەوان بین. برای بەخشندەو بەڕێز لەگەڵ مندا لەخانووماڵەکانمان بڕوانە کەخراپترین شتی رۆژئاوای تێدا بەرجەستە کراوەو بۆ گوێزراوەتە, تەماشاکە, چی هەیە ئێمە دەیزانین و سەلەفی سالح نەیان زانیوەوپەیڕەویان نەکردووە, تەماشای ئاودەستەکان بکە,کەپێت وایە خێرو بەرەکەتە, کەچیبە پێچەوانەوە بەلایە, چ بەلایەك, بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە ئەو هەموو پارەیەیە دەوڵەت لەئاوە ڕۆکاندا سەرفی دەکات و بەملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێت وزۆر لەداهاتی ئەو گەشت و گوزارە زۆرترە تۆباسی دەکەیت.

چونکە خۆخاڵی کردنەوە, جگە لەپاشە کەوتکردن لەسەر ئاستی تاکەکەس و دەوڵەت, لەهەمان کاتدا وەرزشێك و گەشتیارییەکی رۆژانەشە, چونکە تۆکاتێك بەرەو ئەو چۆلاییە دەڕۆیت کە پێویستە دورو دابڕاوبێت, کاتێك مەبەستت خۆخاڵیکردنەوەیەو بەئاڕاستەی راست و رەوانیش دادەنیشیت و بەشێوەیەکی راستیش خۆت خاڵی دەکەویتەوە, ئەوا تۆ لەچون و هاتندا وەرزش دەکەیت, ئەگەر بەتەنها بویت ئەوا بۆ جەستەو تەندروسیت باشە, ئەگەر بەکۆمەڵیش بوون, ئەوا لەگەڵیاندا دەئاخفیت و دەروونت تەندروست دەبێت(گەشت و گوزاریش چەند خۆشە, کاتێك دروستی جەستەو دەروونیی لەگەڵدابێت) .

www.pertwk.com







خوێنەری بەڕێز, ئەمە ناو دەنێیت چی و(سەردانی گۆڕو خۆخاڵیکردنەوە لەچۆڵەوانی) دەچێتە ژێر چ بەندێك لەبەندەکانی گەشت و گوزارەوە.

ئەمە ئەرك و لێپرسراوێتی کێیە؟ ئاخۆ ئەرکی سەرشانی دەوڵەت نییە کەپێویستە شێتخانەی گونجاویان بۆ دەستەبەر بکات, بەمەرجێك دیوار بەدیوار بێت لەگەڵ گۆڕستاندا لەلایەکەوەو هاوشانی چۆڵەوانیش بێت لەلاکەی دیکەوە, هەروەها پێویستە دەوڵەت چاودێرو پزیشکی دەرونیی پێویستیان بۆ دابین بکات کەهاوشانیان بنوبیان گەیەننە گۆڕستان و دەستیان بگرن بۆ چۆڵەوانی, تاوەکو خۆیان خالّی بکەنەوە بەڕیتم و شێوازی خۆیان و لەوێووە بەلەش ساغی و چالاکی بگەڕینەوە, دڵخۆش و کەیف ساز, لەش سووك دوای ئەوەی بەبارگرانی چووبوون, بێ دەنگ دوای ئەوەی بەهەڵەوەڕی و زۆربڵیی ی روویان کردبووە چۆڵەوانی, ئیدی لەوسەرەوە بەوپەڕی کرانەوە بەڕوو ژیان و دونیادا بگەڕێنەوە کەپێشتر بەرووی ناخی خۆیاندا داخرابوون و ئامێز بۆ کۆمەڵ بکەنەوە دوای ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان تێدانەما..!!

ئەوەی باس کرا تەنها نموونەیەکەو خستنە رووی شێوازێکی بیرکردنەوەیە کە هێندەی مایەی بەزەییە, هێندە مایەی پێکەنین نییەو بانگەشەیەکیشە بۆ دەوڵەت کەلەبودجەی خۆی بڕێك درامەت پاشەکەوت بکات بشێت بۆ دامەزراندنی چارەسەرگەی دەروونی, کە بەشداری دەکات, لەچارەسەرکردنی گرفتی توندڕەوی سیاسی ئایینی, کەلەبەشێکیدا, جۆرێکە لە (شیزۆ ڤیرینیا)(*)*

(*) تاهەندێ کەس واوێنانەکەن کەمن لەخۆمەوە قسەدەکەم, رۆژنامەی(النور) لەرۆژی 19ی تشرینی دووەمی 1986دا, وتەکەی مامۆستا جەودەت محەمەدی بلاّوکردەوە:((ئاودەستی رۆژئاوایی– تەوالێت– مەترسیی تەندروستی و شەرعی هەیە, چونکە شیمانەی ئەوەی لێدەکرێت کەتووشی نەخۆشی پێست ببین سەرەرای ئەوەی دانیشتنێکی سروشتی نییە بۆ خۆخاڵیکردنەوە))